هەڵبژاردەیەک لە

# مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسی



هەڵبژاردنی : شێرکۆ هەژار

٢٠٢١

## ناوەرۆک


زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسی لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی پازدە ٩-٥١

سەرەتا : زمانی فەرەنسی ٩؛ سەدەکانی ناوەندی ١٤؛ گۆرانیی کردارانی مەزن ١٥ ( گۆرانیی رۆلا ١٥، گۆرانیی ئووۆ دو بۆردۆ ٢٩)؛ رۆمانی مەلحەمی٣٠( ئارثەرشا ٣١، تریستا و ئیزۆلدە٣٤)؛ شیعری وەعز و پەروەردە٤٢/ شیعری‌عیرفانی٤٣؛ شیعری ساتیر و قسەی خۆش و لیبەرتین٤٤؛ شیعری لیریک (و فرانسوا ڤییۆ) ٤٥؛ لا پلێیاد (پێروو)/ ئاکادیمیای یاریی گوڵان ٤٨؛ شانۆ ٥٠؛ پەخشان ٥١ .

ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی شازدە، سەدەی رینێسانس ٥٣-٨٤

رینێسانس٥٥؛ مارگێریت شاژنی ناڤارێ٥٧/هێپتامێرۆن٥٨؛ کلێما مارۆ ٦١؛ پەخشان٦٦؛ مانیفێستۆی شۆڕشی رینێسانسی فەرەنسی، شیعر،" لا پلێیاد ( پێروو )ی نوێ و پییێر دو رۆنسار٦٧؛ شانۆ٧٥؛ فرانسوا رابلێ ٧٧؛ میشێل دو مۆنتێنیە/ گوتاران٨٣ .

ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی حەڤدە، سەدەی مەرکەزییەت ٨٥-١١٨

سەدەی حەڤدە٨٧؛ شیعر: مالێرب ٨٩؛ ماتورا رێنیێ ٩١؛ نیکۆلا بوالۆ دیسپرێیۆ٩٢؛ ژان دو لا فۆنتێن٩٣؛ شانۆ : پییێر کۆرنێی ٩٧؛ راسین ٩٩؛ مۆلیێر ١٠١؛ پەخشان : لوی گێز دو بالزاک ١٠٨؛ مۆرالیستەکان : بلێز پاسکال ١٠٨؛ فرانسوا دو لا رۆشفوکۆ ١٠٨؛ ژان دو لا برووێر١٠٩؛ نووسەرانی ئاینی : ژاک بێنیەن بۆسوێ ١٠٩؛ لوی بۆردالو١٠٩؛ ژان باتیست ماسیۆ ١٠٩؛ فرانسوا فێنیلۆ ١١٠؛ نامەی ئەدەبی : ماری دو رابوتا – شانتال١١٠؛ نووسینی بیرەوەری: ژان فرانسوا پۆلگۆندی١١٠؛لوی دو روڤرێ دوکی‌سان-سیمۆن١١٠؛ رۆمانسی‌ئاریستۆکراتی :١- ئۆنۆرێ دورفێ١١١؛ ٢- دو گۆمبێرڤیل ١١٤؛ ٣- لا کالپرینێد ١١٥؛ ٤- مادلێن دو سکودێری١١٥؛ کاردانەوەی واقیعییەت : ٥- شارل سۆرێل ١١٦؛ ٦- پۆل سکارۆن١١٦؛٧- ئانتوان فورتێر١١٧؛ ٨- مادام دو لا فاییێت١١٧؛لیبەرتین ١١٨.

ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی هەژدە، سەدەی رۆشنگەرایی و شۆڕش ١١٩-١٦٦

ریخۆشکەران بۆ شۆڕش١٢١: فۆنتونێل١٢٢؛ مۆنتیسکیو١٢٤؛ ڤۆلتێر١٢٦؛ دیدرۆ١٣٣؛ ژانژاک رووسۆ١٣٦؛ نووسەرانی دی١٤٤: ژۆرژ- لوی لوکلێر، کۆنت دو بوفۆ١٤٤؛ لوک دو کلاپییێ مارکی دو ڤۆڤینار١٤٤؛ ژان فرانسوا مارمۆنتێل ١٤٥؛ ژان فرانسوا دو لار١٤٥؛ شیعر : ژان باپتیست رووسۆ ١٤٦؛ لوی راسین ١٤٧؛ نیکۆلا ژۆزێف لورا ژیلبێر١٤٧؛{ژان فرانسوا دو سان-لامبێر؛ ژان ئانتوان رووش؛ ژاک دولیل؛ ژان باپتیست - لوی گرێسێ؛ ژان- پییێر کلاری دو فلۆریا}١٤٨؛ ئاندرێ شینییێ١٤٩؛ پرۆسپێر ژۆلیۆ دو کرێبییۆ ١٥٢؛ ماریڤۆ١٥٤؛ پییێر بۆمارشێ ١٥٧؛ درام، شانۆی چینی ناوەند : ١٥٨؛ میشێل ژان سودێن١٦١؛ لوی سیباستیە مێرسیێ١٦١؛ رۆمان : ئالا رینێ لوساژ١٦٢؛ پرێڤۆ١٦٢؛ بێرناردا دو سان- پییێر١٦٣؛ لیبەرتین١٦٥؛ دو ساد ١٦٦.

ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی نۆزدە، سەدەی رۆمانتیک و واقیعییەت ١٦٧-٢٦٨

نیوەی یەکەم : ١٦٩-٢٣٠

رۆمانتیک ١٦٩؛ مادام ژێرمەن دو ستال١٧٢( و کۆنستا ١٧٣)؛ شاتۆبریان ١٧٤؛ سانت بوڤ ١٧٨؛ شیعر ١٨١: ئالفۆنس دو لامارتین ١٨٢؛ ڤیکتۆر هوگۆ ١٨٩؛ ڤینیی ١٩٥؛ موسێ٢٠٢؛ گۆتیێ ٢٠٦؛ بێرانژێ ٢١٠؛ ئالیکساندر دوما٢١١؛ مێریمێ ٢١٥؛ ژۆرژ ساند ٢١٧؛ بالزاک ٢٢٠؛ ستاندال ٢٢٣؛ نووسەرانی دی٢٢٥؛ شانۆ : دو لاڤینیێ٢٢٩، پۆنسار٢٢٩؛ سکریب٢٣٠؛ باربیێ٢٣٠؛ بریزۆ٢٣٠ .

نیوەی دووەم : ٢٣١-٢٦٨

واقیعییەت ٢٣١، رینا ٢٣٢؛ تێن ٢٣٣؛ برونیتێر٢٣٤؛ ئێنیکا ٢٣٤؛ شیعر : بۆدلێر ٢٣٥؛ بانڤیل ٢٣٨؛ پارناسییەکان ٢٣٩ : لیزل ٢٤٠؛ ئێریدیا ٢٤٠؛ پرودۆم ٢٤١؛ کۆپێ ٢٤٢؛ سیلڤێستر٢٤٣؛ کازالیس٢٤٣؛ ماندێس ٢٤٤؛ رەمزییەکان ٢٤٥ : مالارمێ ٢٢٤٦؛ ڤێرلێن ٢٤٨؛ رامبۆ٢٤٨؛ شاعیرانی تری ئەو سەردەمە : ریشوپا ٢٥١؛ ساما ٢٥١؛ رینیێ ٢٥٢؛

مۆرێیاس٢٥٢؛ ژام٢٥٢؛ بووشۆر ٢٥٢؛ شانۆ: ئالیکساندر دوما-ی کوڕ٢٥٣؛ئۆژیێ٢٥٤؛
لابیش٢٥٥؛ پایلێرۆن٢٥٥؛ ساردوو٢٥٦؛ بێک ( شانۆی تەبیعی) ٢٥٦؛ تیاتر لیبر٢٥٧؛
دو بۆمبێ ٢٥٧؛ ڕۆستا ٢٥٧؛ ڕۆمان : ریئالیزم (واقیعییەت) لە دوای بالزاک : شانفلۆری
٢٥٨؛ فلۆبێر٢٥٨؛ ئێدمۆن و ژول گۆنکوور٢٥٩؛ ناتورالیزم : زۆلا ٢٦٠؛ گی دو مۆپاسا
٢٦١؛ فابر٢٦٣؛ ویزما ٢٦٣؛ دۆدێ ٢٦٣؛ فوییێ ٢٦٤؛ فرۆمانتا ٢٦٤؛ بورژێ ٢٦٤؛
ئاناتۆل فرانس٢٦٥؛ پیێر لۆتی٢٦٦؛ ژول ڤێرن٢٦٧؛ توریێ٢٦٧؛ مۆریس بارێس٢٦٧؛
لیبەرتین ٢٦٨ .

ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی بیستەم، سەدەی سوریالیزم و وجوودییەت ٢٦٩-٣٠٠
لە سەردەمی جوانەوە تا دوو شەڕی جیهانی ٢٧١؛ پۆل ڤالێری٢٧٣؛ مارسێل پرووست
٢٧٥؛ ڕۆما ڕۆلا ٢٧٧؛ مارسێل ئێمێ ٢٧٨؛ ئانری شاریێر ٢٨١؛ سوریالیزم ٢٨٣؛
گیوم ئاپۆلینێر٢٨٣؛ ژان کۆکتۆ ٢٨٤؛ ئاندرێ ژید ٢٨٥؛ مالرۆ ٢٨٦؛ سێلین ٢٨٧؛
وجوودییەت/ ئێکزیستانسیالیزم ٢٨٨؛ ژان- پۆل سارتر ٢٨٩؛ سیمۆن دو بوڤوار٢٩٢؛
ئالبێر کامو ٢٩٤؛ ژاک پریڤێر ٢٩٦؛ فرانسواز ساگان ٢٩٩؛ سێزێر ٣٠١ .

# زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسی لە سەرەتاوە
# تا کۆتایی سەدەی پازدە

ئـەم وڵاتەی کە ئێستا ناوی " فەرەنسا "یە، لە سەدەی پێنجی پێش زاینەوە، بە هۆی عەشـیرەتانی " گۆل Gaul"ی کە لێی ژیاون، پێی گوتراوە وڵاتی " گالیا " .

عەشیرەتانی گۆل وەکو بریتۆنەکانی بریتانیا، کێڵتی بوون . (بۆ کێڵتی بڕوانە : فەسڵی" شتێک لە مێژووی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیس" لە ئەم کتێبەمدا : مەڵۆیەک لە خەرمانی ئەدەبیات) .

گالیا ساڵی ١٢١ی پێشزاین بە رەسمی بوو بە ستانێکی رۆمانی و، زمانی لە " کێڵتی"یەوە بوو بە هەمان زمانی" لاتین"ی رۆما .

لاتینی رەسمیی دەوڵـەت، بە نـەمانی دەسـەڵاتی مەرکـەزیی رۆما، شـوێنی خـۆی دا بە لاتینێکی نـاوچەیی کە خەڵک قسەیان پێ دەکرد و گوێیان بە رێزمان و هیچی سـتانداری پێشووی نەدەدا : لاتینی " ڤولگار"( واتە : رەشـایی خـەڵک، خـەڵکی رەمەکی)؛ هەر مەڵبەندە و زمانێکی خـۆی پـەرە پێدەدا، تا لە دواییدا بە دوا شـێوە نەتەوایەتییەکانی ئێستایان گەیشتن، زمانە رۆمانسـەکان : فەرەنسی و ئیسپانی و پۆرتوگالی و کاتالانی و ئیتالی و رۆمانی( و باسی" ئۆکسیتانی" دەکەین).

سەدەی پێنجەم، فرانکییەکان ( کە ئەڵمان بوون : فەرەنگ، إفرنج، لەدواییدا ناوی" فەرەنسا "ش لەوە) گالیا( فەرەنسا)یان گرت و تەئسیرێکی زۆریان بەسەر وشەکانی زمانەکانی گالیادا هەبوو ( بەڵام نەک رێزمان) . لە نەتیجەدا، دوو شێوەی جیاوازی لاتینە ڤولگارەکە لە فەرەنسا بوون بە دوو زمانی سەرەکیی ئەو وڵاتە، دوو شێوازی لاتین کە بە دوو زمان ناوبران :

زمانی ئۆک langue d’oc ( ئۆکسیتان، و لقێکی ئەوە : پرۆڤینسال occitan, provençal) لە لە باشوور و، زمانی ئویل langue d’oïl لە بەشی سەرووی وڵات .

ئەوە زۆر سەیرە کە لە سەدەکانی ناوەندیدا وا بووە وایان بە زمان گوتووە : زمانی بەڵێ، با، ئا . " ئۆک" واتە : بەڵێ . ئویل بە هەمان شێوە، بە شێوازێک کە " بەڵێ" بە تەنیا نەگوتراوە، دەبوو راناوی لەگەڵ بگوترایە : بەڵێ من، بەڵێ ئێوە ... ئیدی . وی ( بەڵێ) + ئیل ( ئەو) = ئویل .

دەبینین" دانتێ"ی ئیتالیاش( لە نووسینێکی لاتینیدا) بە زمانی ئیتالیی خـۆی گوتووە : زمانی سي

si، کە بە ئیتالی هـەمان شـتە ( واتە : بەڵێ)، ( هەر وەک ویستبێتیان بڵێن : زمانی ئێمە ئەوەیە، ئەوە بەڵێ، غەیری ئەوە نا!) .

دیارە هەرتک زمانەکەش ( ئۆک و ئویل) شێوازانی جیاوازیان هەبوون، لەبەرئەوەیە دەبینیت لە سەر نوسخەیەکی"گۆرانیی رۆلا" نووسراوە: وەرگێران لە گاسکۆنی(شێوازی مەڵبەندیگاسکۆ-نیی ئۆکسیتانیی باشوور) بۆ ئۆکسیتانی( لێرەدا مەبەست : بۆ ستانداری ئۆک) .

ئۆکسیتانی(زمانی ئۆک) زۆر لە ئیتالی و ئیسپانی نیزیکە ."ئویل"یش چەندینشێوازی هەبوون : نۆرماندی، پیکاردی، بورگوندی، ئیل دو فرانس .




دوای ئەوە کە دوا پادشای فرانکییەکان ( لویی پێنجەم) ٢١ی پێنجی ٩٨٧ لەسەر ئەسپەکەی گلا و مرد، " هیوو کاپێ Hugh Capet " رۆژی ٣ی تەمووز/ژووئیەی ٩٨٧، بوو بە " دوک" و،

ئیتر پادشایی وڵات بوو بە هی نەژادی ئەو(بۆربۆن لقێکی ئەو ماڵە بوو، پادشای ئێستای "ئیسپا-نیاش لە نەژادی ئەوە)، شاری"پاریس"ی ستانی" ئیل دو فرانس île de France "ی باکووری کرد بە پایتەخت .

" ئیل دو فرانس" واتە : دوڕگەی فەرەنسا( لە لاتین : Francia فرانکیا = وڵاتی فرانکییەکان)، دوور نیە بەهۆی ئەوە کە کەوتووەتە نێوان چەند رووبارێک(سێن و مانر و ئواز) ئەو ناوەی لێ نرابێت، وەک " جزیرە"ی نێوان دیجلە و فوراتی لای ئێمە، یا چونکە کەوتووەتە نێوان کۆشکی پادشا و کلیسای سەرەکی ( کاتێدرال ) .




ئیل دو فرانس ( بە رەنگی سپی )

لەوەوە، زمانی پاریس لەدواییدا بوو بە بناغەی زمانیفەرەنسیی ئەمڕۆ، هەرچەندە ئەوەش کاتی ویست تا بەوە گەیشت، لە سەدەی چاردە و تەنانەت پازدەشەوە ئەوجا بەتەواوی دەکرێت باس لە ستانداردێکی زمانی فەرەنسی بکرێت .

تەبیعی، هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی چارەنووسی زمانی دیارکردووە .

(٢)

زمانی ئۆک (ی باشووری فەرەنسا)، یا ئویل (ی باکووری فەرەنسا)، یا " ئانگلۆ – نۆرمان" :

ئـەو فەرەنسییەی کە سـاڵی ١٠٦٦ بە رەسمی لەگەڵ پادشای فـەرەنسیی" نۆرماندی" دا( ویلیەم) پەڕیوەتەوە ئینگلستان و لەوێ بووە بە فەرمانڕەوا(بۆ ئەوە بڕوانە سەرچاوەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا : شتێک لە مێژووی ...)، ماڵی پادشا و ئـاریستۆکراتی ئینگلیس تا کۆتایی سـەدەی چاردە ئیتر هەر ئەو " ئانگلۆ- نۆرمان"ـە فەرەنسییەیان گوتووە و نووسیوە، تا هێنریی چوارەم سـاڵی ١٣٩٩سوێندی بە ئینگلیسی خواردووە و، هێنریی پێنجەم دوای ئەو کەوتووەتەوە سەر نووسینی بە ئینگلیسی . لە کۆتایی سەدەی پازدەدا ئەوجا فەرەنسی چیتر لە بریتانیا زمانی رەسمیی یـەکـەم نـەما و بوو بە زمانی دووەم . شـاعیرانێکیش لە بـریتانیا بە ئـەو فـەرەنسـییە شیعریان گـوتووە، بەرهەمێکی فەرەنسیی زۆر بە " ئانگلۆ- نۆرمان" باڵێکی مێژووی ئـەدەبیاتی فەرەنسی پێکـدە- هێنێت .

ئـەو هـەمووە شـێوازە فەرەنسییانە، کە " پێش" گـەیشتنە قۆناغی دروستبوونی زمانی فەرەنسیی ستـاندار بە " زمان"ی سـەربـەخۆ نـاوبراون، ئێستاش وەکو ئـەوسا بە هەر یـەکەیان هـەر دەڵێن " زمان " : زمانی ئۆک، زمانی ئویل، زمانی ئانگلۆ- نۆرمان، تـەنانەت زمانی پـرۆڤانـس ( کە پێوەندیی بە " ئۆک"ـە) و، بە ستاندارەکەی ئێستاش هەر دەڵێن زمانی فەرەنسی .




خوێندگەیەکی باشووری فەرەنسا، لەسەر دیواری نووسراوە :

Parlez Français    Soyez Propres

واتە : بە فەرەنسی قسەبکەن  پاک بن

ئەوجا، ئەو زمانانەی پێش هاتنی ئەم ستاندارەش ئێستا لەناونەچوون .




ناوی شەقامێک لە شاری " تولووز"ی باشووری فەرەنسا

لەسەرەوە بە فەرەنسی و لە خوارەوەی بە ئۆکسیتانی نووسراوە .

" ئۆکسیتانی" وا دەبێت دەبینین ئێستا لە "گوگل "، لە "ویکیپیدیا"دا بە ناوی زمانێکی سەربەخۆ بەکاردێت (هەر وەک لە پاڵ زمانیعارەبیدا " اللغة المصرية"شیان هەیە) . بەڵام دیارە هەرچی بە ئۆکسیتانی و ئویل و ئانگلۆ- نۆرمان نووسراوە، هەمووی بە بەشێک لە " مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسی" دەخوێنین، ئەوانە سامانی نەتەوایەتیی زمانی" فەرەنسی"ین .

خۆ ئێمەش، دوای ئەوە کە دەوڵەت و زمانی ستانداری خۆمان دەبن، ئەوسا کە گوتمان"کوردی" مەبەستمان لە ستاندارەکەمان دەبێت، بەڵام ئەوە هیچ لە کوردیبوونی بەرهەمینەتەوایەتیی پێش ئەوەمان( شیعری خانی و مەولەوی و پیرەمێرد و وەفایی و ... ئیدی)، لە کوردیبوونی شێوازە- کانمان، چ کۆن چ نوێ، کەم ناکاتەوە . ستاندارەکەمان و شێوازەکانمان لە پاڵ یەک دەمێننەوە و یەکتر دەوڵەمەند دەکەن .

زمانیستاندار، زمانی دەوڵەت و حکومەت و لە رێگەی خوێندن و ئیدارە و کارەوە، وەک بڵێیت بەنی تەسبیحی هۆنینەوەی نەتەوەیە؛ بەڵام شێوازەکان بۆ ئەوساش، لە پاڵ ستاندارەکەدا، هەر زیندوو و زۆر گرنگ دەمێننەوە، چونکە ئەوە ئیتر تەبیعەتی ژیانە .

سەدەی یازدە و دوازدە، هەرتک : فیۆدالیزم و کلیسا لە ئەوروپا بەهێز بوون، خوێندنی رەسمی لە روانگەی کلیساوە بوو . هەرچەندە ئەدەبیاتی نەجیبزادان زۆرتر هەر باسی شەڕ و شۆری نێوان خۆیان یا خۆیان و پادشا بوون، بەڵام وادەبوو عونسوری دڵداری و خۆشەویستیشیان تێدا دەبوو .

سەدەی١٣، بە سەدەی زێڕینی سەدەکانی ناوەندی ناودەبرێت : " تۆماس ئاکویناس"ی فەیلەسووفی ئیتالی١٢٢٥-١٢٧٤کە دوو جار بوو بە مامۆستای زانکۆی پاریس؛ لویی نۆیەم١٢١٤-١٢٧٠کە ئەیووبییەکان لە حەملەیخاچپەرستاندا گرتیان و دوایی ئازادیان کرد؛ تەریقەتیدەرویشیی"Mendicants"(سواڵکەرەکان)و، بیناکردنی ئەوەندە کلیسا-یان . لە کۆتاییەکانیدا یەکەم سەرەتاکانیهومانیزم و، تارماییەکی دەوریداهاتووی چینی ناوەند سەری هەڵدەهێنا، بەڵام سەدەی چاردە کە " شەڕی سەد ساڵە" تێدا دەستی پێکرد (١٣٣٧-١٤٥٣، ١١٦ساڵ و ئەوەندە مانگ شەڕ لەسەر پادشاییفەرەنسا) زیانیزۆری لە ژیانی ئەوروپا و پێشکەوتنی دا .

سەدەی پازدە، لویی یازدە (١٤٢٣-١٤٨٣) توانی دەسەڵاتی مەرکەزیی خۆی (دەوڵەت) بە سەر نەجیبزادەکاندا بسەپێنێت و، تا دەهات دەنگی چینی ناوەند بەرزتر دەبۆوە و، ئەوەی نەجیبزادان کزتر دەبوو .

## گۆرانیی کردارانی مەزن Chanson de Geste

گۆرانی لێرەدا مەبەست لە بەیت یا شیعری‌شاعیرانێک بووە کە بەئەسڵ بۆ ئەوەیان داناوە خۆیان بۆ خەڵکی بڵێن، نەک بۆ نووسین و بڵاوبوونەوە. بە زمانی ئویل(ی باکوور) بە شاعیرەکە خۆی گوتراوە : " تروڤێر trouvère "، بە زمانی" ئۆک"ی ئەندالوسیا پێی‌گوتراوە : " تروبادوور Troubadour". بۆ ئەسڵی وشەکە بیروڕای جیاواز هەن، هێندێک دەڵێن دەبێت لە" ترۆپاس"ی لاتینەوە هاتبێت ( واتە : دانەر) کە ئەویش ئەسڵی لە یونانییە؛ هەشن دەڵێن دەبێت لە " طرب" یا " ضرب"ی‌عارەبییەوە( لێدان) هاتبێت، مەبەست لێدانی ئامێرێکی مووسیقی لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکەدا ( بشڕوانە باسی " کانتار دێ خێستا " لەم کتێبەی مندا : هەڵبژاردەیەک لە مێژووی ئەدەبیاتی ئیسپانی)؛ یا لە لایەن شایەرانێکەوە کە پێیان‌گوتراوە : ژۆنگلێر jongleur (بازیگەر- بەڵام بە هێندێک نەریتی : وەک تەنافباز و شتی وەها، یا تەنانەت : تەڕدەست و لوتی ...) .
تروبادوور یا ژۆنگلێر، ئەو گۆرانییانەیان لە کۆشک و سەرا و قەڵای نەجیبزادان پێشکەش کردوون، کە باسی کردارانی مەزن ( ژێست، لە لاتین : گێستا gesta )ی گەورەپیاوان بوون، کردارە مەزنەکانیش ئیتر هەر شەڕ و کوشتن و بڕین بوون .
کەواتە، سەرەتای ئەدەبیاتی فەرەنسی، بە شیعری گۆرانییەکانی ژێست دەستپێ‌دەکات . لەوانە : " گۆرانیی رۆلا" هەرە بەناوبانگ بووە، کە بە یەکەم پارچەی ئەدەبیاتی فەرەنسی دانراوە .

### گۆرانیی رۆلا La Chanson de Roland

پێشەکییەک بۆ زەمینەی مێژوویی :
" الکامل في التاريخ"ی"عزالدين إبن‌الأثير"(١١٦٠-١٢٣٣)ی مێژوونووسی کوردی ئیسلامی، وێ‌دەچێت گرنگترین سەرچاوەی‌ئەوروپاییەکان بێت بۆ باسی رووداوانی ریشەی‌ئیلهامی دانانی ئەم گۆرانییە . من سەیری ئەو سەرچاوەیەم کرد، بەڵام ئەوەی بۆ ئەوەم تێدا دیتەوە ( لە بەرگی سێیەمی دوا چاپیدا)، هەر بەشێکی باسەکە بوو . وادیارە مامۆستایانێکی میسری لە سەرچاوەی پترەوە باسەکەیان تەواو کردووە، بەڵام وێ‌دەچێت کە هێندێکیان بە هۆی تەعەسوبی نەتەوەیی و

ئیسلامییانەوە بە تەواوی گوێیان بە ئەمانەتیمێژوونووسی نەدابێت(لە شوێنیخۆیدا باسیدەکەم).
ڕووداوەکان بەمجۆرە بوون :
عەباسییەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی ئەمەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێنا، بەڵام دەستیان بە ئەندەلوس ( ئیسپانیا و پۆرتوگال) نەدەگەیشت . والییەکانی ئەندەلوس کە بێ مەرکەز و بێ سەر مانەوە، هەر کامەیان بە کردار بوو بە پادشای ئیدارەکەی خۆی . یەکێک لە پاشماوەی ئەمەوییە-کان(عبدالرحمن الداخل) هەوڵی دا ئەندەلوس لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆبکاتەوە و دەوڵەتی دووەمی ئەمەوی لەوێ دابمەزرێنێت . هێندێک والی ملیان بۆ دا و، هێندێک نەیاندا . لەوانەی کە ملیان بۆ نەدا : " سليمان بن يقظان الكلبي الأعرابي"( والیی برشلونة و جرندە = بارثێلۆنا و خیرۆنا)، بە چوونی خۆی بۆ پایتەختی شارلمان ( ئێکس Aix، ئێستا : " ئاخن"ی ئەڵمانیا ) یا لە ڕێگەی شاندێکەوە(سەرچاوەکان لەوەدا جیاوازن) تکای لە شارلمان کرد کە : وا من و"الحسين بن يحيى الأنصاري"(والیی سرقسطة = ثاراگۆثا) و،" أبو ثور"( والیی وشکا = ئوێسکا) دەمانەوێت بێینە ژێر ئاڵای تۆ، تەشریف بهێنە و لە " عبدالرحمن الداخل"مان بپارێزە و، ڕێگەی " ڕۆنسێڤال"ی چیاکانی پیرانێ لە وڵاتی باسک ( کە سەر بە سرقسطة ی الحسين بوو) بە ڕەسمی پێشکەشتان بێت ( کە دەیانزانی شارلمان ئەو ڕێگایەی پێوەندیی نێوان فەرەنسا و ئیسپانیای زۆر مەبەست بوو) .
بەڵام مەگەر چوونە ژێر ئاڵای شارلمان چۆن بە بێ بوونە مەسیحی دەکرێت ؟
حەتمەن دەبێت، هەر وەک ئەوە بە ڕوونی لە گۆرانییەکەدا هەیە، بەڵێنی ئەوەشیان پێدابێت کە ببن بە مەسیحی، دە من ئەوەم لە سەرچاوە عارەبی و ئیسلامییەکاندا نەدیتووە .
" سليمان " بەوە شارلمانی تووشکرد . شارلمان بە پێنجهەزار لە باشترین شەڕکەرانییەوە و بە باشترین چەکی کە ئەوسا هەبوون، لەشکری کردە دوو بەش و، لە دوو ڕێگاوە چووە ئیسپانیا . شارلمان چووە برشلونە و، پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کرا، ئەوجا چووە "سرقسطة"، بەڵام "الحسين" دەروازەی شاری بۆ نەکردەوە ( کە پتر لە تەفسیرێک هەڵدەگرێت)، شارلمان بە " سليمان"ی گوت : ئەمە یانی چی ؟ ئێوە گاڵتەم پێدەکەن ؟ سليمان گوتی : من بڵێم چی، کابرا

پەشیمان بووەتەوە .

شارلمان مانگێک شاری ئابلۆقە دا و، هێشتا بۆی‌نەگیرابوو کە دەنگوباسی یاخیبوونی بریتۆنییە-کانی لە باکووری‌فەرەنسا بۆ هات و، خۆی ناچار دیت بڕوات بچێت ئەوە دابمرکێنێتەوە . وازی لە ئابلۆقە هێنا و فەرمانی دا " سلیمان"یان بە زنجیر بەستەوە و لەگەڵ خۆیان برد و ڕۆیشتن .

بـەڵام وەک دەڵێن " دەرچوون لە حـەمام وەک چوونە حەمام نیە"، شارلمانیش خۆی دەیزانی کە بـاسک چاوەڕێی گـەڕانەوەی دەکەن، لەجیاتی ئەوە کە عـەقڵی لەگەڵ ئەوانەدا بەکار بهێنێت، بە ملهوڕی هەموو شوورە و قەڵاکانی پانپلۆنای وێرانکرد و، باسکەکانی بەوە ئەوەندەی‌دی تووڕە کرد . شارلمان بەهۆی ترسی زۆری لەوانە، هەزار شەڕکەری ( بە گوێرەی ئـەم گۆرانییە : بە فەرماندەیی ڕۆلا ) کرد بە هێزی پاراستنی پشتی چوارهەزارەکەی تر بە فـەرماندەیی خۆی، وا دیارە چـونکە تاکتیکی شـەڕی باسـکەکان وەهابووە، بە شـەڕی پـارتیزانی لە پشـتەوە پەلاماری لەشکرەکانیان داوە . باسکەکان توانیان ئەو هەزار کەسەی دواوە لە چوار هەزارەکەی پێشەوە دابڕن و تاقیان لێ ببڕن! کە هەموو سەرچاوەکان دەڵێن : هەر هـەزاریان کوشتن و تـاقە یـەک شەڕکەریان لێ دەرنەچوو، کە یەکێک لەوانە دیارە فەرماندەکەیان بوو( کە وا لێرەدا بە" ڕۆلا " ناوی دەبەن) . باسک بەو سـەرکەوتنەیان تـاقە شـکستێکی شـارلمانیان لە ژیانیدا بۆ تـۆمار کرد، ئـەوەشی بەهۆی ڕێککەوتنی لەگەڵ مسوڵمانان بۆ داگیرکردنی خاکی ئەوان بەسەر خۆی هێنا .

سەرچاوەی عارەب دەڵێن کە دوو کوڕی" سلیمان" چوون لەو شـەڕەدا بـەشـدار بوون و بـاوکی خۆیان بە شەڕ ڕزگار کرد، کە من ئەوە بە قسەیەکی زۆر سەیر دەبینم . ئەگەر ئەو " سلیمان"ـە بەڕاستی لەو شـەڕەدا ڕزگار بـووبێت، ئـەوا مەگەر بیر هـەر بۆ ئـەوە بچێت، کە زیندانییەکانی شـارلمان لای ئـەو هـەزار کەسـەی دواوەی بـوون و، ئـەوانە کـەوتوونەتە دەست باسـکەکانەوە، باسـک هەر شـەڕکەرەکانیان کوشتوون و، ئەو زیندانییەشیان یا هەر بە خۆڕایی ئـازاد کردووە، یا لە بـەرانبەر پـارەیەکی بـاشدا داویانەتەوە بە کـوڕەکانی . نـازانم ئـەگـەر هێندێک عـارەب یا ئـامازیغی هەلی ڕاوڕووتێکیان لەوێ بۆ ڕەخسـابێت، بـەڵام ئـەگەر واش‌بووبێت ئەوا لە وردە-کارییەکانی نـا- گرنگی ڕووداوان بوون . وەکو ئـەوەش کە سـەرچاوەی ڕۆژئـاوایی هـەن دەڵێن

ئەفسەرێکی نیزیکی شارلمان لە شارلمان تۆرابوو و چووبووە وڵاتی باسک و لەوێ باسکەکانی هان دەدا . من ئـەمەش وەکو ئـەوە دەبینم کە رۆژێک کەسـانێکی عـارەبی عیراقی کە لە دەسـتی رژیمیبەغدا پەنایان بە کوردستان بردبێت، بکرێنە هۆیشەڕی نێوان کورد و حکومەتیعیراق، بنووسرێت : ئەو عارەبانە چوون کوردیان بۆ شۆڕش هان دا!

کێ کەی " گۆرانیی رۆلا"ی نووسیوە ؟

کاتێک کە چاپخانە لە ئەڵمانیا داهێنرا و، کەوتە فەرەنساوە،فەرەنسییەکان ویستیان کتێبە دەستخە- تەکانیان چاپ بکەن، دیتیان دەسـتخەت لە سـەدەی نـۆیەمەوە تا بەتایبەتی سـەدەی دوازدە (هاتنی کاغـەز بۆ ئـەوروپا ) و ئـەوجا چالاکییەکی زۆری سـەدەی چاردە لە مێـژووویاندا هـەبوون . لە دەستخەتەکان - جگە لە یەکێکیان- لە یەک دانەوە تا ئەوپەڕەکەی پـەنجا دانە هەبوون، بـەڵام ئەو یـەکە سەد دانەی لێ هەبووە، کە بەدەگمەن دووی بە تەواوی وەکو یەک بوون، ئەو یـەکە بریتی بوو لە " گۆرانیی رۆلا " . روون بوو کە ئەوە لە چەند سـەدەی رابردوودا زۆر باوی هـەبووە . لەوانە، زۆرتر نوسـخەیەک کە ئێستاش لە کتێبخانەی " بۆدلیەن Bodlian"ی ئۆکسفۆرد هەیە، بە ستاندار دانرا . ئەوە چاپکرا ( ١٤٧٠ لە پاریس) و، دیارە لە چاپەکانی دواتردا چەند جاریش دەستکاریی هێندێک وشـەی کـراوە ( بە نموونە بـەشـێک لە نـاوی " ماهـوون "ی تێدا کراوە بە محەمەد) . چوارهەزارو دوو دێڕ شیعری دە بڕگەییە و، نـاوێک لە کۆتاییەکەیدا نووسـراوە : " تورۆلد، یا تورۆلدوس Turoldus "، دەڵێن رەنـگە ئـەوە ناوی نووسـەری بـووبێت . رەنـگە دەوری سـاڵی ١٠٤٠ نووسـرابێت و پـەیتا- پـەیتا دەستکاری کرابێت( زۆرتری ساڵی ١٠٩٨) و تا چەند ساڵێکی سەدەی دوازدەش ( تا ١١١٥ یا پتریش) .

من لە " هـەڵبژاردەیەک لە ئـەدەبیاتی ئیسپانی"دا بـاسی " کانتار ذێ خێستا "م کـردووە کە لە Chanson de geste ی فەرەنسی وەرگیراوە و، لەوێـدا گـۆرانییی" السید "ی ئیسـپانییەکانم بە نموونەی شـاکاری ئەو کانتارانە باس کردووە ( کە لە نێوان ساڵانی ١١٤٠ و١٢٠٧دا دانراوە)؛ دە ئەم " گۆرانیی رۆلا"یەش وا کەمێک پێش ئەو" السید "ە، شاکاری Chanson de geste ی

فەرەنسا بووە، سەرەتای شیعری فەرەنسیی سەدەکانی ناوەندی کە نەتەوایەتیی فەرەنسا شانازیی پێوە دەکات و، بە پێچەوانەی " السید "ەکەی ئیسپانیی دوای ئەو ( کە زۆرتر هەر بە خۆی و پادشایانی هەڵدەڵێت)، ئەم گۆرانیی رۆلایە پەیتا- پەیتا بە قارەمانیی " فرانکییەکان" هەڵدەڵێت کە ئیتر لە چاپدا هەر دەیکەن بە " فەرەنسییە قارەمانەکان " .

ناوەرۆکی گۆرانیی رۆلا :

گۆرانییەکە، بە رووحی سەردەمی نووسینی دانراوە، نەک بە هەوڵی گەڕانەوە بۆ رووحی سەردەمی شارلمان خۆی . بە زمانێکی سادە و راستەوخۆ تێدا، دەکرێت کەسانێک تەئسیری خوێندنەوەی هۆمێرۆس بە سەر دانەریدا ببینن . تابلۆی مەلحەمەیی (حەماسە)ی تێدا دەبینین : بە رۆژی نیوەڕۆ دنیا تاریک و تووش دەبێت؛ یا : رۆلا کە دەمرێت، رووی لە ئیسپانیا بە سەر شەپیوورەکەیدا دەکەوێت و، دەیەوێت دەستی راستی روو لە ئاسمان بۆ خودا بەرز بکاتەوە .

لایەنی ئاینی، موعجیزات و چۆن فریشتەکان دێنە خوار بۆ بردنی رووحی کوژراوان بۆ بەهەشت، قسەکردنی جبریل بۆ شارلمان تێدا سەرنج رادەکێشن .

سەرەتای گۆرانییەکە، بە وەرگێراوی زمانی فەرەنسیی ئەمڕۆ، بەمجۆرەیە :

Charles le roi. notre grand empereur.
Sept ans entiers est resté en Espagne :
Jusqu'à la mer, il a conquis la haute terre.

شارل-ی پادشا، ئیمپراتۆری مەزنمان
حەوت ساڵی رەبەق لە ئیسپانیا مایەوە
تا بە دەریا دەگات (هەموو) وڵاتی بەرزی گرت .

حەوت ساڵی چی ؟ شارل ساڵی ٧٧٧ کە هێشتا ئیمپراتۆر نەبوو، چووە باکووری ئیسپانیا نەک هەرە باشوور، رەنگە حەوت مانگیش لێ نەمابێتەوە، ٧٧٨ گەڕایەوە فەرەنسا .

ئەگەر لە روانگەی مێژووەوە لێ بنۆڕین، تـەنیا ئەوەندەی تێدا دەبینینەوە کە : شـارلمان جارێـک چووەتە ئیسپانیا و هێندێک شەڕی کردوون و لە کشانەوەیدا بەشێکی دواوەی لەشکرەکەی لەناو- دراوە، ئیتر تـەواو . تـەنانەت تاریخی ئـەوانەش و ناوی ئەو کەسانەی شەڕی لەگەڵ کردوون و هیچ شتێکی تریشی لە مێژوو تێدا نیە، بە هیچ جۆرێک ناوی قەومی " باسک"ی هەر تێدا نیە و، شەڕەکانی تەنیا بریتی بوون لە شەڕی مەسیحیی ئیمانداران بە فـەرماندەیی" شـارل"ی پـادشا لە دژی مسوڵمانان، کە بە " کافرانی بتپەرست" ناویان دەبات . ئایا لە سـەرەتای نووسـینیشیدا وەها بووە یا لە دەستکارییەکانی دواتردا بۆ گونجاندنی لەگەڵ حەملەکانیخاچپەرستاندا وای لێ بەسەر هێنراوە و، هـەر ئەوەش ئەوەندەی لای مەسیحییان خۆشـەویست کردووە ؟ وێدەچێت ئـەمەی دواییان بێت، حـەتمەن سـاڵی ١٠٩٨ دەسـتکاری کراوە، ئـەوە دیارە حـەقیقەتێکە . شیعرەکە - بە پێچەوانەی ئیلیاس و ئۆدیسسێ - بە تەواوی لە مێژوو داڕنراوە، هیچی لە مێژوو- جگە لەو چەند دێرە کەمەی باس کرا- تێدا نیە . گۆرانییەکە، چیرۆکی رووداوەکان بەمجۆرە دەگێڕێتەوە :

شارلمان،" قرطبة= کۆردۆڤا"ی وێران و تاڵان کرد و ویستی بچێت هەموو کافرە بتپەرستەکانی تابیع بە ماهوون و " تێرڤاگا "ی گـەورە خـودایان کە نوێژ بۆ ئاپۆلۆ دەکەن! بکاتە مەسیحی یان ئەگەر نەبن بە مەسیحی سەریان ببڕێت .*

" مارسیلی"ی بتپەرستی لەعنەتی، پادشای ئاراگۆنا، بە گوێرەی نـەخشەیەک بۆ رزگـاربوون لە

--------------------------------------------------------

* لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەندی ئەوروپادا، وا بووە ناوی پێغەمبەری مسوڵمانان بە" ماهوون" و، نـاوی خـوداکەیان بە " تێرماگانت " بـاسکراوە، نموونەی ئـەم شـیعرە ئینگلیسـییەی سـەدەی پازدەی " Syr Guy of Warwick سێر گای ئۆف وۆریک " کە دەڵێت :

سوڵتانی مسوڵمانان گوتی :

So help me, Mahoune, of might,
And Termagant, my god so bright.

←

هێرشی شارلمان، ژیرترین کەسێکی نیزیکی خۆی( بلۆنکاندرا Blancandrin *) بە ئـەم پەیا-
مەوە نارده خزمەتی کە : ئێوە ئەزیەتی هاتنە لای ئێمە مەکێشن، دیارییەکانمان لێ قەبوول بکەن
و بڕۆنەوە فەرەنسا، ئێمە بە دیاریی زۆرترەوە لە خزمەتتاندا دەبین ( لیستێکی دوور و درێژ :
باری چوارسەد ئێستر زێر و ئـەوەندە ئـەسپ و باز و شێر و تاژی و ورچ و ... چی و چی)،
ئێمە خـۆمان لە فـلانە بـۆنـەی مەسیحیدا دێینە خـزمەتتان لەوێ و دەبین بە مەسیحی و لە ژێر
فەرمانتاندا دەبین .

کاتێک پادشا پرسی : چۆن بڕوا بە بەڵێنتان بکەم ؟ وەڵامەکە بریتی بوو لەمە : ئەمەتا دە یا پازدە
یا بیست لە ئەولادی خۆمان، کە یەکێکیان کوڕی خۆمە، بە بارمتە دەدەین بە ئێوە، بیانبەن .

مارسیلی و بتپەرستەکانی، حەتمەن درۆیان دەکرد و، بۆ دوورخستنەوەی شارلمان لە هێرش بۆ
سەریان، بڕیاریان دابوو کە ئەو فێڵە بکەن و لە پێناوی ئەوەدا ئەو ئەولادەی خۆشیان بەوجۆرە
بە قوربان بکەن .

شارلمان راوێژکارانی کۆکردنەوە و بیروڕای پرسین : ئێوە دەڵێن چی ؟

لێرەدا " رۆلا "ی برازای گوتی : پادشا، تۆ پێشتر دوو نـەجیبزادەت بە نامەوە بۆ ناردن، ئـەوان
هەرتک نـامەبەریان کوشتن، ئەوانە جێگەی بڕوا نین، تەنیا دەبێت بە شمشیر لەگەڵیان بدوێین .

بـەڵام " گانێلۆ"ی زڕباوکی " رۆلا "، کە زۆر رقی لە زڕکوڕەکەی بـوو، گوتی : بـا لە پێشـدا
کەسێکمان بچێت قسـەیان لەگەڵ بکات، لە نیزیـکەوە لێیان تێبگەین؛ ئـەگـەر شتێک بە بێ شـەڕ
پێکبێت، شەڕ پێویست نابێت .

-----------------------------------------------------------

← وشـەی تێرماگانت بە مانای " بێحەیا و دڕ و نـاپەسند " لە پتر لە کارێکی شـکسپیردا هەیە،
بـەڵام وا بە مانای ئەوە کە خودای مسوڵمانان ناوی - لە جیاتی ألله - " تێرماگانت"ـە، لە سـەدەی
سێزدەوە و تا سەدەی‌حەڤدە لە ئینگلستان و لە فەرەنساش زۆر باوی هەبووە . لێرە لە فەرەنسییە-
کەدا بووە بە " تێرڤاگا Tervagant"!

* هەرچەندە ئەم ناوە رەنگە ئیسپانی بێت،بەڵام من لێرەدا ناوەکان بە شێوەی‌فەرەنسی وەردەگرم .

بڕیار درا : گانێلۆ لەگەڵ بلۆنکاندرا ی نوێنەری مارسیلیدا بڕوات و لە حەقیقەت بکۆڵێتەوە و بێتەوە ئاگاداریان بکاتەوە .
بلۆنکاندرای زیرەک بە قسەی لە ڕێگادا زۆر لە گانێلۆ تێگەیشت، زانی کە گانێلۆ زۆر ڕقی لە ڕۆلایە . چوونە لای مارسیلی و، گانێلۆ پەیامی شارلمانی پێ گەیاند : ببە بە مەسیحی تا ئەوسا بتکەین بە حاکمی نیوەی ئیسپانیا، ئەگەر نەشبیت ئەوا دەتگرین و دەتبەینە پایتەخت، سووک و ریسوات دەکەین و دەتکوژین، هەڵبژێرە!
مارسیلی سەرەتا بەوە زۆر تووڕە بوو، بەڵام دوای ئەوە گانێلۆی بردە لایەکەوە و بە هۆی ڕقی زۆری گانێلۆ لە ڕۆلا توانی گانێلۆ بکات بە پیاوی خۆی و نەخشەیەک بەمجۆرە دانرا کە :
مارسیلی ئێستا زێڕ و زیوێکی زۆر بۆ شارلمان بنێرێت، بیست پیاویش بە بارمتە و، بڵێت کە بە زوویی دەچێتە خزمەت شارلمان و بوونی بە مەسیحی رادەگەیەنێت. گانێلۆ قەناعەت بە شارلمان بکات کە بگەڕێتەوە فەرەنسا و، دڵنیا بێت کە " ڕۆلا"( لەگەڵ" ئۆلیڤێر"دا) فەرماندەیی بەشی دواوەی لەشکریشارلمان بکات و، کە بەو دەربەندەی وڵاتی باسکەکاندا ڕۆیشتنەوە، سەد هەزار سەرباز لە چوارسەدهەزار سەربازی لەشکری مارسیلی بە سەر ئەو بیست هەزار سەربازەدا بدەن کە لە ژێر فەرماندەیی ڕۆلادا دەبن . بە یەکەم هێرش زۆریان ماندوو دەکەن، ئەوجا دیسان هێرشی تر بکەنە سەریان و، بیریان لای ئەوە بێت کە زوو ڕۆلا بکوژن، بەڵام بەهەرحاڵ ڕۆلا لە هەموو بارێکدا هەر ناکرێت خۆیان لەبەر بگرێت . گانێلۆ گوتی : ئەگەر ڕۆلا بکوژرێت، بەوە دەستەڕاستی شارلمان دەبڕدرێت و، ئیدی تاقەتی شەڕی ئێوەی نامێنێت .
گانێلۆ بە باری ٧٠٠ وشتر زێڕ و زیو و بیست پیاوی بارمتە گەڕایەوە و، بە شارلمانی گوت : تەواو، کلیلی " ئاراگۆنا "م بۆ هێناویت، مارسیلی مانگێکی پێ ناچێت دەگاتە خزمەتت، خۆی مەسیحییە و، چوارسەد هەزار پیاوی کە نەیانویست لەگەڵیدا ببن بە مەسیحی، بەجێیان‌هێشت و ڕۆیشتن، من بە چاویخۆم دیتم چۆن گەرداوێکی دەریا هەموویانی نقومکرد و خنکاند، یەکێکیان لێ زیندوو نەمایەوە . ئیتر شارلمان شاد بوو، شەیپووریان لێدان و لەشکر بۆ گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا وەڕێکەت .

هەزار شـەیپووری کافرانیش بۆ شەڕ لێدران؛ دوای ئەوە کە ئێستر و وڵاخی تریان خستنە لاوە و هەموو سواری ئەسپی چاکی مەیدانی شەڕ بوون، ریز بە دووی ریزدا، بە ئاڵای سپی و شین و سوور وەڕێکەوتن . دەنگی شەیپوور و بریسکانەوەی چەکەکانیان دنیایان پڕ کرد و، گەیشتنە بەر گوێ و چاوی هێزەکەی رۆلا . ئۆلیڤێر، چەند جار تـکای لە رۆلا کرد کە بە شـەیپوورەکەی ئیشارەت بە شارلمان بگەیەنێت تا بگەڕێتەوە و فریا بکەوێت، بـەڵام رۆلا ئەوەی پێ عـەیب بوو و، گوتی : نا، ئۆلیڤێر، من بە ئەم " دوریندال Durendal "ـەی خۆم (ناوی شمشیرەکەی کە لە شارلمانی وەرگرتبوو) رووبەڕووی دوژمن دەبمەوە و، ئەگەر کوژرام و شمشیرە خوێناوییەکەم کەوتە دەست شەڕکەری دوای خۆم، ئەوسا دەتوانێت بڵێت ئەمە هی پیاوێکی بەڕێز بووە .

شـارلمان کەوتبووە خاکی فەرەنساوە و، دەگریا، چـونکە خـەونی خـراپی دیتبوو کە بە خیانەتی گانێلۆ تـەفسیر دەکرا و، دڵی لای رۆلای برازا و هەڤاڵەکانی بوو . رۆلا و ئۆلیڤێر و هەڤاڵانیان کە فەرماندەیی بیستهەزار سەربازەکەی هێزی دواییني لەشکریان دەکرد، هێشتا لەسەر خاکی ئیسپانیا بوون . ئـۆلیڤێری هەڤاڵی رۆلا، بە رۆلای گوت : گانێلۆی خاین وای کرد کە تۆ ببیت بە فەرماندەی ئەم هێزەی دواوە، تۆ دەبینیت و دەبیسیت کە چ شەڕی قورس چاوەڕێمان دەکات .

رۆلا گوتی : هـەرچی بێت ئـۆلیڤێر، گانێلۆ زڕبابمە، قسـەی پێ مەڵێ، ئێمە مەسـیحین و لە سەر هەقین و کافران نـاهەقن؛ تا کەمێک دواتر گوتی : راست دەکەیت ئۆلیڤێر، گانێلۆی خاین ئێمەی فرۆشتووە .

سەرۆکی مەترانانیش توریا Turpin، کە لەگەڵیاندا بوو، بانگی لە شەڕکەران کرد ئیعتیراف بە گوناهان بکەن و داوای بەزەیی لە خودا بکەن، ئەویش لای خۆیەوە پێداویستییئاینیی بەخشینیان ( مەراسیمی مەسیحی) بەجێدەهێنێت .

شەڕی زۆر خوێناوی روودەدات، لە بەرەی مارسیلی ناوی‌سەیری چەندین پادشایانی شوێنانێک دێن، بە ئەسپی زۆر دەگمەن و چەک و چۆڵی زێڕ و زینی بە گەوهەر رازاوە و ... ئیدی .

ئـافریقاییەکیشیان تێدا لە بەرچاوە : مالکیا Malquiant ی کوڕی مالکوود malcud شا . بـەڵام ئەوەی لە هەموویان پتر سەرنجی من رادەکێشێت " ڤالدابرا Valdabrun" ناوێکە، کە دەڵێت :

ئەوە "مارسیلی شا" ی بە شۆڕەسواری نەجیب ڕاگەیاندووە و، چۆن بە خیانەت لە قودس چیی- کردووە و، پەرستگای وێران کردووە و چۆن چوارسەد کەشتیی شەڕ (گالێ)ی هەن و ... زۆر بە گرنگی باس دەکات .

لە لای ڕۆلاشەوە، دیارە ڕۆلا خۆی بە سەر ئەسپەکەیەوە ( ڤییانتیف Veillantif) و، ئۆلیڤێر و دوازدە گەورە جەنەڕاڵی پادشا و .... سەرۆکی مەترانان تورپا Turpin دەورێکی زۆر گرنگ دەبینێت . تورپا بە سواری ئەسپەکەیەوە کە هی گرۆسای Grosssaille شا بووە و، سەرمەتران لە دانیمارک ئەو شایەی کوشتووە و وا ئەسپەکەشی بۆخۆی بردووە؛ لە مەیدانی شەڕدا، زۆر ئازایانە شەڕ دەکات و، شەڕکەران هان دەدات لە پێناوی دینەکەیان چاک شەڕ بکەن و ئەگەر بکوژرێن ئەوا دەچنە بەهەشت . ناوی زۆر نەجیبزادان تێدا دێن، کە زۆریان دەکوژرێن .

چارەنووس ڕوون بوو، بەرەو سەرکەوتنی دوژمن و شکستی فەرەنسییەکان دەڕۆیشت . لێرەدا ئۆلیڤێر گلەیی لە ڕۆلا کرد : من پێم گوتیت بە شەیپوور پادشا ئاگادار بکەیتەوە کە بگەڕێتەوە، بەڵام غرووری شەخسیی تۆ قەبووڵی نەکرد و وا لە سەر حیسابی چارەنووسی لەشکر تەواو دەبێت . ڕۆلا دیتی کە ئۆلیڤێر ڕاست دەکات، ئیدی شەیپوور( یا کەڵەشاخ)ی بە دەمییەوە نا و، بە هەموو هێزی تێیتووڕاند، پادشا و لەشکرەکەی لە ٣٠ فەرسەخەوە گوێیان لێبوو کە وا ڕۆلا داوا دەکات فریای بکەون .



دوک نێیم Naimes بە شارلمانی گوت : پادشا، دەبیسیت چۆن رۆلا داوا دەکات فریای بکەوین .
گانێلۆی خاین گوتی : فریای چی و شتی چی ؟ ئەوە دەنگی شەیپووری کەیف و خۆ رانانە، تۆ پیر و خەرەفاویت، لە هیچ ناگەیت . بەوجۆرە ماوەیەک رۆیشتن، بەڵام سەربازان تێگەیشتن کە رۆلا لە تەنگانەدایە و هەموو بە خوڕ گریان .
رۆلا بە شەیپوورلێدانی زۆر ماندوو بوو، لیک لە دەمی دەهات و خوێن لە ناوچەوانی و، هیچ نەتیجەی نەدەدیت ." دوک نێیم " دیسان شارلمانی ئاگادار کردەوە کە دەبێت بگەڕێنەوە . ئەوجا شارلمان تێگەیشت چۆن گانێلۆ خیانەتی پێکردوون و ئێستاش نایەوێت فریای رۆلا بکەون، ئیدی فەرمانی دا کە گانێلۆ بگرن و بیدەنە دەست سەرۆکی چێشتلێنەران لە مەتبەخ . گرتیان و سەد کەس لە مەتبەخ بە شەق و زللە کەوتنە سەری و ریش و سمێڵیان رنییەوە! و سواری وڵاخێکی باریان کرد .
لەوبەینەدا، چەند هەڤاڵی رۆلا بە دەستی مارسیلی کوژران، ئۆلیڤێر، ئەوجا تورپا .
رۆلا ئەو دەستەی مارسیلیی کە شمشیری دەگرت پەڕاند و، مارسیلی رایکرد . مارگانیس Marganiceی مامی مارسیلی، کە فەرمانڕەوای قرطاجە و ئێتیۆپیا و کوێ و کوێ تری ئافریقا بوو، بە لەشکری شەڕکەرانی پێست رەشی لووت زل و گوارە لەگوێ هێرشیان دەهێنا...
مارگانیس لە پشتەوە ئۆلیڤێری بەر شمشیر دا و ئۆلیڤێر کوشتی بەڵام ئۆلیڤێریش دوای هێندێک بە برینی کارییەوە مرد . ئەوجا تورپا کوژرا . ئەسپەکەی رۆلا خراپ بریندار بوو و، ئیدی رۆلا پیادە و زۆر شەکەت و ماندوو بوو، لە دواییدا لە ژێر دارێکدا بەسەر " فیل"دا ( شەیپوورە-کەی، کە لە کەڵبەی فیل بوو و وایان پێدەگوت) روو لە ئیسپانیا کەوت و گیانی لەدەست دا .
لەشکری شارلمان گەڕایەوە و، لەبەر لاشەی کوژراوان بە زەحمەت رێگای بۆ دەکرایەوە .
ئەو فریشتەیەی کە زۆر جار قسەی لەگەڵ شارلمان کردبوو، بە شارلمانی گوت : هەر ئێستا هێرش بەرە سەر دوژمن، مەوەستە، خودا لەگەڵتە . شارلمان دوژمنی راو نا و شکاندی، دوژمن بەرەو ساراگۆسا رایانکرد، زۆریان لە رووباردا خنکان و زۆریان لە مەیدانی شەڕدا کوژران، لەشکری شارلمان دەستکەوتی زۆری هەبوو .

شــارلمان بڕیاری دا شەوەکە پشوو بدەن، خەوت و، جبریل بە فەرمانیخودا پاسەوانیی لێ کرد .
شارلمان زۆر خەونی سەیری دیتن .
ئـەمیری بتپەرسـتەکان، حـەڤدە پـادشا لەدوویەوە دەڕۆیشتن، لە کەشتییەوە دابـەزییە سەر بـەژ و خۆی گەیاندە لای مارسیلی، کە کوڕی کوژرابوو و دەستی راستی لە شەڕدا پەڕیبوو و ژنەکەی ( شاژن Bramimonde برامیمۆند) بۆی دەگریا .
شــارلمان کەوتە گـەڕان لە لاشەی رۆلا، دیتییەوە و شینێکی زۆری بۆ کـرد و لە دواییدا لەگەڵ کـوژراوەکانی تری لەشـکریدا هـەمـوو وێکڕا لە یـەک گـۆڕدا نێژران و، مـەراسیمی ئـاینی بـۆ ناشتنیان بەجێهێنران؛ دوای ئەوە کە دڵی رۆلا و ئۆلیڤێر و تورپا (سـەرمەتران)یان لە لاشـەیان دەرهێنان و لە پەڕۆیەکی ئاوریشمیانەوە پێچان و، بە جیا خستیاننە دیزەیەکی لە بەردی مەڕمەڕ، ئەوانیش نێژران .
ئەمجارەیان شەڕی گەورە لەگەڵ ئەمیردا رووی‌دەدا . شارلمان، جگە لە فەرەنسییەکان، شەڕکە-رانی لە چەند قەومی تریش لە لەشکریدا بوون : باڤاری و فلاندەری و ... ئیدی .
لەشـکری ئـەمیریش، جگە لە قـەومەکەی خـۆی، تـۆرلو Torleu شـای فـارس و پـادشای لیسـیا Lycien( لوکیا ) و رەشی ئافریقایی و تورک و کەنعانی و ... ئیدیی وێڕا بوون .
شارلمان بەلادا دەهات، تا جبریل هات و پێیگوت : ئەوە چیە پادشا ؟
ئیدی ورەی پـادشا بـەرز بۆوە . لەشکری شـارلمان، بە ویسـتی خـودا، سەرکەوت و، لەشکری دوژمنیان تێیتـەقاند و رایـکرد . لەشـکری شـارلمان بەدوویانەوە، نەوەستا تا گەیشتە نـاو شاری " ثـاراگۆثـا " و، کەوتە سەر شـکاندنی بتەکانی ئەو بتپەرستانە لە مزگەوتەکان و کەنیشتەکان و لەناودانی هـەموو سەرچاوەکانی گومڕایی . ئـەمیر و ئەوانەی شەڕیان بۆ کرد کوژران، ئەوەی نـەیویست ببێت بە مـەسیحی، لە سێدارە درا یا سـووتێنرا یا بـەر شمشێر درا . سـەد هـەزار یا پتریان بوون بە مەسیحی . تەنیا شاژن برامیمۆند،کە نەشبوو بە مەسیحی و نەشکوژرا، شارلمان گوتی: لەگەڵخۆمانی دەبەین، تاکو بە خۆشەویستی بیکەین بە مەسیحی . ئیتر شارلمان گەڕایەوە فەرەنسا .

شـارلمان لە ئێکس Aix ( ئێستا " ئاخن"ی ئـەڵمانیا)، گـەورەپیاوانی مەڵبەندەکانی قـەڵەمڕەویـی بانگ کردن تا بڕیار لەسەر چارەنووسی " گانێلۆ" بدەن .
گانێلۆ، سي لە کەسوکار و خزمانیخۆی لە پەنایەوە، گوتی : من تۆڵەیخۆم لە رۆلا کردووەتەوە بەڵێ، چونکە نـاهەقیی لەگەڵ کردووم، بـەڵام خیانەتم نەکردووە ." پینابێل Pinabel"ی خزمی هـەوڵی دا کە ببیەخشـن، گوتی : پـادشا، خۆ تـازە رۆلامان بۆ نـایەتەوە، گانێلۆ کـارێکی خـراپی کردووە بەڵێ، بەڵام دڵسۆزی تۆیە و، بۆ خاتری ئەو هەمووە ساڵانەی کە شەڕی بۆ کردوویت و ئێستاش دەیەوێت دڵسۆزت بێت و شەڕت بۆ بکات، ببیەخشە .
پادشا بە بیستنی ئەوە زۆر دڵتەنگ بوو و گوتی : هەی خاینینە!
" تیری Thierry" گوتی : پادشا، خـاین دەبێت سزای خۆی وەربگرێت، تا ببێت بە عیبرەت و، کەس پێیوانەبێت دەتوانێت خیانەت بکات و هەر وا خۆی پێ با بدات .
قسـەیەک لەم و قسـەیەک لەو . بـڕیار درا هـەرتک پینابێل و تیری، زرێیان بپۆشـن و سـواری ئـەسپیان ببن و بە شـەڕ سـاغی بکەنەوە . چوونە مێرگێکی کەنار شار، دوو سوار کەوتنە گیانی یەکتر، " تیری " بریندار بوو بەڵام ئەو " پینابێل "ی کوشت .
بڕیار درا هەر سي(٣٠) خزمی گانێلۆ بە پەتک ئیعدام بکرێن . گانێلۆش دەست و لاقی بە پەتک لە چوار ئەسپان بەستران و ئەسپ تاو دران و بەوجۆرە کۆتایی بە ژیانی هێنرا .
ئـەوجا پـادشا شـاژنی ئاراگۆنای خستە بـەردەمی گـەورەی مەتـرانان کە بە رەسـمی مەراسـیمی بوونی بە مەسیحی بەجێبهێنن، چونکە لەو بەینەدا ئیمانی بە دینی مەسـیحی هێنابوو و، ناوی لە " برامیمۆند"ەوە بوو بە " ژولیانا Juliana" .
شەو هات و، شارل ویستی لە ژوورەکەیدا بحەسێتەوە، بەڵام

Saint Gabriel descend vers lui et, de la part de Dieu, vient lui dire :

« Charles, Charles, rassemble toutes les armées de ton empire :

« A marches forcées , va dans la terre de Bire ,

« Va secourir le roi Vivien dans Imphe,
« Dans cette cité dont les païens font le siège ,
« Et où les chrétiens t'appellent à grands cris. »
L'Empereur voudrait bien n'y pas aller :
« Dieu! s'écrie-t-il, que ma vie est peineuse! »
Il pleure de ses yeux, il tire sa barbe blanche...

---

Ici s'arrête la Geste que chante Touroude .

جبریلی پیرۆز بۆی نازل بوو و، بە پەیامی لە خوداوە، پێی گوت :
شارل، شارل، هەموو لەشکرەکانی ئیمپراتۆرییەکەت کۆبکەرەوە
بە ئاژۆتنێکی بەهێز، برۆ بۆ وڵاتی بیرBire
برۆ پادشای ڤیڤیا Vivien لە ئیمف Imphe رزگار بکە
لەو شارەی کە بتپەرستان ئابڵۆقەیان داوە
و مەسیحییەکان لەوێوە هاوارت لێ دەکەن .
ئیمپراتۆر، کە حەزی دەکرد نەچێتە ئەوێ
گریا و گوتی : خودایا! چ ژیانێکی سەختم هەیە!
چاوی بە گریان، ریشە سپییەکەی خۆی راکێشا ...

---

لێرە کۆتایی دێت (دەوەستێت) بەیتی کە " تورود Touroude " بە گۆرانی دەیڵێت .

## گۆرانیی ئووۆ دو بۆردۆ La Chanson de Huon de Bordeaux

دوو سەدەیەک دوای ئەو گۆرانییەی رۆلا، گۆرانیی"ئووۆ دو بۆردۆ"، کە دەبێت لە نێوان١٢١٦ و ١٢٦٨دا دانرابێت، پتر لە دە هەزار دێری شیعری لە هەمان بابەتی ئەوەی رۆلا، زۆر بەناو-بانگ بووە . شەش گۆرانیی تری بە دوو خۆیدا هێناون و شتێکیش بە ناوی پێشەکییەک بۆی . چیرۆکی شیعرەکە هەمان بە دەوری شارلمانەوە دەسووڕێتەوە، چۆن کوڕەکەی شارلمان بە دەستی" ئووۆ"ی نەجیبزادە دەکوژرێت، بە بێ ئەوە کە " ئووۆ" زانیبێتی ئەوە کوڕی شارلمانە، ئەوەش بەهۆی پیلانێکی " ئامەرۆ"ی خزمی " گانێلۆ"ی خاین ( هەمان ئەوەی گۆرانیی رۆلا)، ئەوجا کە بۆ بەخشینی لەلایەن شارلمانەوە دەبێت بچێتە سەر ئەمیری بابل، لە جەنگەڵێکی سەر رێگەیدا، پادشای پەرییانیجەنگەڵ( ئۆبێرۆ Oberon) دەبینێت و، ئۆبێرۆ چ دەورێک دەبینێت . ئەوە دەوری ساڵی ١٥٤٠وەرگێردراوەتە سەر ئینگلیسی و، شکسپیر کە ساڵی ١٥٩٥ " خەونی شەوێکیناوەڕاستیهاوین"ی نووسیوە، تەئسیری ئەوەی بەسەرەوە تێدا دیارە، لەوێشداOberon پادشای پەرییانی جەنگەڵ لە دەوری ئاتێنایە .

## رۆمانی مەلحەمی Romans Épiques

رۆمانی مەلحەمی‌ی سەدەکانی ناوەندی، بەوە لە گۆرانیی کردارانی مەزن (شانسۆ دو ژێست) جیا دەکرێتەوە، کە سەد لە سەد بەرهەمی خەیاڵە و، دوور لە هەر کەسێک و رووداوێکی مێژووە و، رۆمانتیکی ئەڤین تێدا زۆر لەبەرچاوە . ئەو دوو نموونەیەی گۆرانیی کردارانی مەزن کە باسکران، زۆر شتی" نا- واقیعی"یان تێدا بوون بەڵێ، بەڵام شارلمان و شەڕی لەگەڵ مسوڵمانانادا دە ناوەندی باسدا بووە، کە هەم شارلمان لە مێژوودا هەبووە و هەم شەڕی لەگەڵ مسوڵمانانادا لە ئیسپانیا، گۆرانیەکە خەیاڵی لەوە هۆنیوەتەوە، بەڵام رۆمانە مەلحەمییەکانی " ئارثەر"بە دەوری پادشایەکی خەیاڵییەوە دەسووڕێنەوە کە ناوی دەکەن بە ئارثەر( یا ئارتوس) و، پادشایەکی وەها لە مێژوودا نەبووە .

ئەوجا کە باس هاتە سەر شارلمان و ئارثەر، کات و شوێنی خۆیەتی ئاماژە بە دێڕێک لە شیعر- ێکی شاعیری فەرەنسی " ژان بۆدێل Jean Bodel " (دەوری ١١٦٥-١٢١٠) بکەین، کە لە شوێنێکی" گۆرانیی ساکسۆنەکان La Chanson des Saisnes" یدا گوتوویە :

Ne sont que III matièrs à nul homme atandant
De France et de Bretaigne et de Rome la grant.

جگە لە سێ شت نین بۆ مرۆڤ کە گوێیان پێ بدات
ئەوەی فەرەنسا و ئەوەی بریتانیا و ئەوەی رۆمای مەزن .

ئەوەی فەرەنسا زۆرتر بە دەوری شارلمان و شەڕی نێوان لەشکری مەسیحی و مسوڵمانانەوە دەسووڕێتەوە، ئەوەی بریتانیا بە دەوری پادشایانی مێژووی بریتانیا و بەڵام زۆرتر ئەفسانەکانی بە دەوری " ئارثەر" ی پادشای ئەفسانەییەوە دەسووڕێتەوە، ئەوەی رۆماش ئیتر باسی چیرۆکی کلاسیکی رۆمانییە .

لەو دێرە شیعرەوە، ئەو زاراوەیەی " matièrs de Bretaigne شتی بریتانیا " کەوتووەتە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسیشەوە .

لە ئەدەبیاتدا، وێناچێت ئەو دەریای مانشەی نێوان فەرەنسا و ئینگلیس بە کردار سنوورێکی لە نێوانیاندا دروست کردبووبێت . هەرتکلا کێڵتی بوون، کەواتە ئەفسانەکانی کێڵتی بەرهەمی هەرتک لا بوون، رەنگە زۆرتر بەرهەمی فەرەنسییەکان بووبن بەڵام لە باسی بریتانیادا!

ئەوجا هەرتکیان بوون بە لاتین، دوو ستانی لە هەمان - بە قسەی ژان بۆدێل - رۆمای مەزن .

ئەوجا سەردەمێک زمانی فەرەنسی پەڕیوەتەوە بریتانیا و، بووە بە زمانی هەر تکلا .

ئێستا، کاتێک ئەدەبیاتی ئینگلیس دەخوێنیت، ئەو هەمووە ئەفسانەیەی" کینگ ئارثەر"ی وێڵشی کێڵتی دەخوێنیتەوە، ناوەکان تێدا بە هەر تک زمان ( کە هێندێکیان لەوەدا وادەبێت جیاوازییەکی کەمیان دەبێت)دەبینیت، دەڵێیت باشە ئەسڵەکە هی کامەیانە ؟ دە من بەدەگمەن تووشیچیرۆکێکی کینگ ئارثەر بووم کە ئینگلیسییەکەی وەرگێڕانی ئەسڵێکی فەرەنسیی فەرەنسا نەبێت .

## ئارثەرشا Le Roi Arthur (King Arthur)

خەیاڵی کێڵتی، پادشایەکیئەفسانەییی بە ناوی ئارثەر(یا ئارتوس) دروستکردووە، کە لە سەدەی پێنجەم و شەشەمدا ویستبێتی پێش بە هاتنی ساکسۆنەکان بۆ بریتانیا بگرێت . چیرۆکی زۆر، بە هەزاران دێڕی شیعری ئەدەبیاتی فەرەنسی باسی ئەو پادشایە و خێزان و کەسوکاری و کردارا-نێکی سەیری شۆڕەسوارانێکی سەیری بەدەورییەوە دەکەن :

شۆڕەسواری عارەبانەکە Le Chevalier de la Charette - چیرۆکی لانسلۆ Lancelot و گوینیێڤر Guenièvre ی شاژن ( کە " لانسلۆ" بەگوێرەی ئەوە نێوانی عیشقیی لەگەڵ گوینیێڤر Guenièvre خانمی شاژندا، ژنی ئارثەر هەبووە)؛ شۆڕەسواری لیۆن Le Chevalier du Lion کە چیرۆکی ئەڤینی ئیڤا Yvain ( سێر گاواین - شۆڕەسواری برازای ئارثەر) و زۆری دی .

رەنگە " کریتیان دو تروا Chrétien de Troyes (بە نووسینی ئێستا) " گرنگترین شاعیر

( تروڤێر) و نووسەری ی فەرەنسیی نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەی ئەدەبیاتی " ئارثەری" بووبێت : " پێرسیڤال یا : کۆنتی دەفر(ی پیرۆز) Perceval ou Le Conte du Graal "ی ڕەنگە دەوری ساڵی ١١٨٠؟ دانابێت، تێدا باسی دەفرێکی ( گەورەی) پیرۆز دەکات، کە " پێرسیڤال"ی شۆڕەسوار دوو کیژی جوان و کوڕیک دەبینێت، کیژەکان دەفرێکی گەورەیان پێیە و کوڕەکەش ڕمبێکی خوێناوی . پێرسیڤال، بەهۆی ئەوە کە ئامۆژگاریکرابوو زۆر نەڵێت، ناپرسێت ئەوانە چین، دوایی تێدەگات کە هەڵەی کردووە، دەبوو بیپرسیبایە، دەردەکەوێت کە ئەو دەفرە لە خزمەتی باوکیدایە، چونکە هەر بەیانیی دوای ئەوە دەبینێت باوکی چاکبووەتەوە ... ئیدی پرسیارەکە هەر نەکرا و وەڵامیش دیارە نەزانرا، تا " دو تروا" مرد و نەزانرا ئەگەر بە تەمای تەواوکردنی چیرۆک بووبێت و کۆتاییەکەی چۆن لە سەردا بووبێت . پتر لە هەوڵێکی تەواوکردنی چیرۆکەکەی دراوە . شاعیرێکی تری فەرەنسی ( ڕۆبێر دو بۆرۆن Robert de Boron، سەدەی١٢-١٣) ئەو دەفرەی ناو ناوە " دەفری پیرۆز"، کە گوایە مەسیح لە دوا شیوی ئێوارەی لەگەڵ مریدەکانیدا شەرابی تێدا خواردبێتەوە و دوای ئەوە دەفرەکە کەوتووەتە ئینگلستان و نەزانراوە کەوتووەتە کوێ، تا " ئارثەر"ی پادشا بەدوویدا گەڕاوە . لە چیرۆکە ئارثەرییەکاندا کورسییەک بۆ ئەو کەسە بەتاڵ هێڵراوەتەوە کە گوایا دەفرەکە Holy Grail دەدۆزێتەوە ...




ئارثەرشا و شۆڕەسوارەکانی بە دەوری مێزی بازنەییەوە کۆبوونەتەوە،
دەفری شەرابی پیرۆزیش لە سەر ناوەڕاستی مێزەکە دانراوە .

بەشێک لە چیرۆکێکی ئارثەری بە نموونە :

ئێستری بێ لغاو، La mule sans frein

یا : La Demoiselle à la mule خانمۆڵەی ئێسترەکە

خـانمێک بە ئێسترێکی بێ لغاوەوە دێتە کـۆڕی ئـارثـەر شـا و دەڵێت : کێ لغاوی ئێسترەکەم بۆ بدۆزێتەوە، من خۆمی پێشکەش دەکەم . سەرەتا سێر کێی دەڵێت : من دەچم دەیبینمەوە . دەچێت . ئێستر بە هەر جەنگەڵێکدا دەڕوات شێر و پڵنگ لە خزمەتیدا دەچەمێنەوە! و سێر کێی Sir Kay بەوە سەلامەت دەردەچێت . ئەوجا دەچێتە دۆلێک پڕە لە مار، لەوێش سەلامەت دەردەچێت، مار ڕێز و سـڵاویان لە خزمەت ئێستری بێ لغاوی خـانمدا هەیە . تا دەگاتە پـردێکی زۆر تەسک و ناوێرێت لێیبپەڕیتەوە... دەگەڕێتەوە . ئەمجارە" گۆڤا "ی شۆڕەسوار(سێر گاواین) دەڵێت : من! (فەرەنسییەکە : گۆڤا Gauvain، لای ئینگلیس : سێر گاواین Sir Gawain) .
گاواین لە هـەموو کۆسپەکان تێدەپەڕێت، لە پردیش دەپـەڕێتەوە و تـەنانەت لە زەوییەکی پڕ لە سنگی داکوتراو و تەپڵەسەرێکیش کە وەکو کارگ لەو زەوییەوە سەریدەرهێناوە. دوایی دەچێتە قەڵایەکەوە، زەلامێکی رەشی تووکن لە قەڵادا پێیدەڵێت : سەرم بپەڕێنە و بـڕۆ و سبەی وەرەوە تا ئەوسا منیش سەری تۆ بپەڕێنم! گاواین سـەری دەپـەڕێنێت و دەڕوات و سـبەی دێتەوە، زەلام ( کە سەری ئەویش وەکو سەری گاواین مۆبیلە! کەی بیەوێت دەیخاتەوە سەر شانی) دەڵێت : ئـافەرم کە هاتیتەوە، خاوەنی بەڵێنی خۆتیت، من سەرت نـابڕم ( ئێ بڵێ ئەوە سەریشت بڕی، بە چی دەچێت مادام ئێوە سەرەکانتان هەمیشە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی!) ...

بەشێک لە چیرۆکێکی دیکەی ئارثەری :

سوارە و شمشێر Le Chevalier à l'épée

... سێر گاواین چووە قەڵاکەوە و پیاوی خاوەن قەڵا گوتی : ئیلان و بیلان دەبێت لەگەڵ کچەکە-

مدا پێکەوە لە یەک جێگادا بنوون و هیچیش نەکەن، دەبینیت کچەکەم رووت و قووتە و، منیش ئەو هەمووە شەمانەم بە دەورەوە هەڵکردوون و نایانکوژێنمەوە نەوەکا لە تاریکیدا دەست بۆ کچەکەم ببەیت! کچیش پێی‌دەڵێت: وەرە لام درێژ بە،بەڵام ئەگەر دەستم بۆ ببەیت ئەو شمشیرەی کە هەڵاوەسراوە دەکەوێتە سەرت و وەکو ئەوانەی پێش‌خۆت سەری خۆت بە فەتەرات دەدەیت . سێر گاواین وەکو مامۆستا حوزنی موکریانی " داماو" دەبێت : هەوڵ بدات بیکات دەکوژرێت، نەیکات شۆڕەسوارەکان گاڵتەی پێ دەکەن و چیدی بە پیاوی نازانن، چۆن پیاو شەو لەگەڵ کچێکی رووت و قووتی وا جواندا دەنوێت و هیچی‌لەگەڵ ناکات و هەر وا خەویشی لێ‌دەکەوێت، ئەوە چ پیاوێکی تەڕەماشە ؟

دوور و درێژ ... چیرۆک بە دوای چیرۆکدا بە هەزاران دێری شیعری فەرەنسی بۆ ئەو چیرۆکانەی ئارثەر و شۆڕەسوارانی کۆڕەکەی بە دەوری مێزی بازنەییەوە ... هیچ وێ‌ناچێت قەت لە شوێنێک کۆتاییان بێت .

## تریستا و ئیزو (ئیزۆلدە) Tristan et Iseut

" کریتیان دو تروا"ی کە باسکرا( ١١٤٠-١١٩٠، خەڵکی " تروا"ی باکووری فەرەنسا)، دەبێت یەکەم کەسێک بووبێت چیرۆکێکی دڵدارییی کە رەنگە لە سەدەی ٧-٨ ـەوە هەبووبێت، لە بارەی دڵداریی نێوان جەوانێکی بریتانی و ئامۆژنە ئیرلەندییەکەی، بە شیعر هۆنیبێتەوە، کە " ئارثەر"یشی تێوەگلاندووە، بەڵام شیعرەکەی لەناوچووە . ئەو چیرۆکەی کە ئێستا بە شیعر بە دەستەوەیە، دەوری ٣٣٠٠ دێر شیعری" تومای ئینگلستان"(یا : توما دو بریتانی، کە زانیاریی لە بارەی ئەسڵ و فەسڵییەوە نیە)، لە نێوان ساڵانی ١١٦٠-١١٦٥دا دایناوە، بە زمانێکی نێوان ئانگلۆ- نۆرمان و شێوازێکی باکووری فەرەنسایە . یەکی تریش،"بێروول -Béroul"ی‌شاعیری فەرەنسی دەوری ساڵی ١١٧٠( نەزانراوە خەڵکی کوێ بووە) بە دەوری ٤٥٠٠ دێری شیعر دایناوە . کورتەیەکی چیرۆکەکە بەگوێرەی شیعری ئەو دووانە(هەرچەندە بۆ تەواوی چیرۆکەکە

هەمیشە ئاماژە بە نوسخەیەکی پەخشانی نەرویجیی" Tristan og Isolde "ی سەدەیسێزدەی چیرۆکەکە دەکرێت :

تریستا Tristan ( یا : تریسترام ...ئیدی)ی نـەجیبزادە، دوای سەرکەوتنی لە شەڕدا، " Isolde ئیزۆلدە( یا ئیزو Isuelt ... ئیدی) خانمی کەژ"ی لە ئیرلـەنداوە بۆ مامی خـۆی،" مارک" شای " کۆرنوۆل Cornwall "( هەرە باشووری بریتانیا ) بە بووک دەهێنێت ( لە سەردەمی شەڕ و شۆری نێوان ئیرلەندا و کۆرنوۆڵدا ) .

ئیـزۆلـدە خـانم، دەرمـانێکی پێیە، کە دایـکی بـۆی دروسـت کـردووە تا خـۆی و مێـردەکـەی لێی بخۆنەوە . دەرمان هەرکەس بیخواتەوە، هەستی عیشق و ئارەزووی زۆر دەبزوێت . بە گوێرەی نوسخەیەک، دەرمانەکە هەر بۆ ماوەیەک(سێ‌ساڵ) کاری خۆی دەکات، بە گوێرەی نوسخەکەی بێرووڵ

“ á toujour dans la vie et dans la mort ”

بۆ هەمیشە لە ژیاندا و لە مەرگدا



تریستا و ئیزۆلدە - تابلۆیەکی ١٩١٢ی جۆن دەنکن John Duncan ی سکۆتلەندی

ئیدی ئـەگەر بە هەڵە بووبێت یان هەرچی، ئیزولدە خانم و تریستا لە ڕێگا، لە سەر کەشتی، لەوە دەخۆنەوە، ئیتر گەرم دەبن، خۆیان پێ ڕاناگیرێت و عیشق دەکەن .

دوای ئەوەش کە بووک دەگات، مام بە برازاکەی دەڵێت ژنەکەی بۆ فێری ئـوسـوولـی هەستان و دانیشتنی نـەجیبزادان بکات . برازاش وا دەکات، ئـامۆژنی فێری ئـوسوولـی ژیـانی ماڵی پـادشا دەکات، بەڵام لە پاڵدا درێژەش بە پێوەندیی عیشقی جنسیی خۆی دەدات .

خـەڵک بەوە دەزانن و، بە پـادشا دەڵێن کە ئەوە قەبووڵ نـەکات و، پادشاش باسی لەگەڵ برازای دەکاتەوە :

من بـووکم لای تۆ دەهێڵمەوە تا فێری ئوسووڵی نـەجیبزادانی بکەیت، ئەوە ژنی منە ڕۆڵە، نـەک هی تۆ ...

بەڵێ گەورەم، مامە گیان خۆ... هەر جارە بە درۆیەکی خۆی و یەکی ئەوەی ئیزولدە خانمی کەژ دەیبەنە سەر و بە ئارەزووی خۆیان دەکەن .

بە هەرحاڵ، لە دواییدا، مام، برازای دەبەخشێت بەو مەرجە کە ئیدی کۆتایی بەو نێوانەی لەگەڵ ئامۆژنی خۆیدا بهێنێت، دووربکەوێتەوە، بچێتە شوێنێکی تر و، ژنێک بۆخۆی پەیدا کات .

تریستا دەڕوات و، کە تازە بە " ئیزولدە"یـەوە گـرتـووە، دەچێت خـانمێکی دی بە هـەمان نـاوی ئیزۆلدە دەهێنێت، بەڵام ئەمجارەیان" ئیزۆلدەی" دەست سپی Aux Mains Blanches"، بەڵام چونکە لەو دەرمانەی خـەسووی مامی خـواردووەتەوە، ئیدی بەوە ئـارەزووی بۆ ئیزۆلدەی کەژ La Blonde" کۆتایی نایەت .

جارێک تیرێکیژەهراوی لە شەڕدا تریستا دەپێکێت و لە جێگەدا دەکەوێت، کەشتییەک دەنێرێت بچن " ئیزۆلدە"ی کەژی بۆ بهێنن . بە کەشتیوان دەڵێت : ئـەگەر ئیزۆلدەی کەژ لەگەڵت هات و هێنات، ئاڵایەکی سپی هەڵکە، ئەگەر نەشهات ئاڵای ڕەش هەڵکە . ژنەکەی تریستا ( دەستسپی) کە لەو کەینوبەینە ئاگادار دەبێت،ڕۆژێک بە درۆ بە مێردی دەڵێت: وا کەشتییەکە دەگەڕێتەوە،لە دوورەوە دیارە کە ئاڵایەکی ڕەشی هەڵکردووە، دەبێت چ باس بێت پیاوەکە،بۆچی وایکردبێت ؟

ئیدی تریستا کە ئەوە دەبیسێت لەداخانا دەمرێت و، کاتێک ئیزۆلدەیکەژ دەگات و دەبینێت تریستا

مردووه . ئەویش لە پەنای ئەڤینداری دەکەوێت و دەمرێت .

تیۆریی جیاواز لە بارەی ئـەسڵ و فـەسڵی ئـەو چیرۆکە نـووسـراون : ئیـرلـەندا، کـۆرنـوۆڵ، یا تـەنانـەت " ویس و رامین "ی " گرگانی"! کە خـاچپـەرسـتـەکان لە حـەملەکانیان لە رۆژهـەڵاتی نـاوەڕاستەوە هێنابێتیان، گـەیاندبێتیانـەتە فـەرەنســا و، بووبێتە سـەرچاوەی ئیلهامـی چیرۆکەکە . بـەڵام حەتمەن چیرۆکی ئارثەرەی کێڵتی زۆر هەن کە لە ژێر تـەئسیری ئەمەدا دانراون و، من ئەسڵ و فەسڵی زۆر بە کێڵتی دەبینم .

## لێی " گوڵە یاس/ پەنجەی خانم"ی ماریەی دو فرانس

## Le Lai du Chèvrefeuille - Marie de France

وشـەی " لێ lai "، رەنـگە بە ئـەسڵ ئــەڵمانی یا ئیـرلـەندی بێت، بە هـەمان واتای Chanson گۆرانی ی فەرەنسی، بە چیرۆکێکی بە شیعر گـوتراوە، بـەڵام کە ئـەوپەڕەکەی بڵێین لە دەورو-بەری یـەک هـەزار دێڕ تێنـەپەڕێت، " گۆرانی"یەکی کـورت و بـاسی شـتی لەوەی " گـۆرانیی کردارانی مەزن" کەمتر، چیرۆکێکی کورت لە بارەی ئـەڤین و شۆڕەسواری و دەوری پـەرییان ( رووحی کێڵتی) ." لێ " هەرە بەناوبانگەکانی فەرەنسی، رەنگە ئەوانەی خـانمێک بن کە ناوی " ماری" بووە(١١٦٠-١٢١٥)، لە سەردەمی پادشایی هێنریی دووەم لە ئینگلستان بووە و لەوێ ناوی" ماریەی فەرەنسا Marie de France" ی بۆخۆی هەڵبژاردووە ( نازانین ناویماڵەوەی چی بووە) . ئەوەشی لە شیعرێکیدا(بە ئانگلۆ- نۆرمان) دەبینین :

Marie ai num, si sui de France

ناوم ماری و خەڵکی فەرەنسام

رەنگە تەئسیری بەسەر"کریتیان دو تروا "دا هەبووبێت . لە مێژووی ئەدەبیاتدا بە یەکەم خانمی شاعیری فەرەنسی دانراوە .

ماری خانم، دوازدە " لێ lai " و ١٠٢چیرۆکی لەسەر زمانی حەیوانان بە شیعر داناون، رەنگە

هێندێک شتی ئاینی و وەرگێڕانیشی لە لاتین هەبووبن .

یەکێک لە "لیَ"یەکانی، چیرۆکی" تریسترام و ئیزۆلدە "یە، کە بە شێوەیەکیخۆی بە ١١٨دێڕی شیعر هۆنیوەتەوە و ناوی ناوە : لیَی گولە یاس/ پەنجەی خانم

Le Lai du Chèvrefeuille (Chèvrefoil)

تێدا دەڵێت :

"مارک"ی پادشای کۆرنوۆل، " تریسترام"ی برازای لە سەر پێوەندیی ناشەرعیی عیشقی، لە وڵاتەکەی دەرکرد و، ناردییەوە وێلزی باشوور . تریستا ساڵێک لە دووریی ئەڤین ناڵاندی .

ئەوجا رۆژێک بیستی کە مامی ئاهەنگێک بە بۆنەیەکی ئاینی (Pentecôte پەنجا رۆژەی دەرچوونی مەسیح لە گۆڕەکەی) لە" تینتاجەل Tintagel"ی وڵاتەکەی رێكدەخات ( ئەو شوێنە لە چیرۆکی ئارثەریشدا هەیە) و کە شاژنیش ( دڵبەری تریسترام) لەو ئاهەنگەدا دەبێت .

تریسترام لە رۆژی ئاهەنگەکەدا، چووە دارستانی دەوروبەری شوێنی ئەو ئاهەنگە . چڵێکی لە دار فندق(بندق)ێک بڕی، ناوی خۆی (یا ئیشارەتێکی خۆی) لە سەر کۆڵی و زانی ئەگەر دڵبەر ئەو چڵە فندقە بڕدراوە بە ئەو ئیشارەتەی بە سەرییەوە ببینێت دەزانێت کە ئەو لەوێیە، پێشتر بەو جۆرە لە ژوانگەدا یەکتریان دیتبۆوە . بۆچی چڵە داری فندق ؟ چونکە گولە یاس یا پەنجەی خانم لە داری فندق دەهاڵێت و توند دە باوەشی دەگرێت و، هەر کام لەو دووانە ئەگەر لەوەکەی تر جیا بکرێتەوە، هەرتکیان دەمرن، چونکە ئیتر بە بێ یەکتر هەڵناکەن، هەمان رۆژ دەمرن، دەیەوێت پێیبڵێت ئێمەش وەهاین، بە بێ یەکتر ناژین :

Ne vus sanz mei, ne mei sanz vus!

نە تۆ بە بێ من، نە من بە بێ تۆ!

بە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی ئەمڕۆی شیعرەکە :

Ni toi sans moi, ni moi sans toi!

نی توا سا(ن) موا، نی موا سا(ن) توا!



گوڵی Chèvrefeuille گوڵە یاس/ پەنجەی خانم لە داری فندقێک هاڵاوە

شاژن، کە دەبوو بە هەمان دارستاندا بڕوات، بە یاوەرانی گوت کە بوەستن تا پشوویەک بدەن و هێندێک لەو دەوروبەرە بحەسێتەوە . شاژن دڵی لای چڵە داری فندق بوو کە وەک جاری جاران بە دڵبەری بگەیەنێت . گەڕا و، چڵی دیتەوە و، دڵداری کە لە پەنایەکەوە چاوەڕێی دەکرد .
یەکتریان گرتەوە و بە یەکتر شادبوونەوە . پێکەوە دادەنیشن و قسان دەکەن . شاژن پێیدەڵێت کە مامی تریسترام دڵی باشە بەڵام خەڵک وازی لێ ناهێنن، ... ئیدی بە گریان لێک جیابوونەوە .
تریسترام گەڕایەوە زێدی تا لەوێ چاوەڕێ بکات کەی مامی لەدووی دەنێرێت .

ماری خانم دەڵێت : ئەو چیرۆکە لە نووسینی تریسترام خۆی بووە، کە شاعیر بووە و ئەوەی لە سەر داوای شاژن ( ئیزۆلدە خانم) نووسیوە .
چیرۆکەکە بە زۆر شێوەیتر لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا هاتووەتەوە : دارێکی شیلان لە سەر گۆڕی تریستا دەڕوێت و دەگاتە گۆڕی ئیزۆلدە، هەرچەندە مارک شا دەیبڕێتەوە بەڵام بێهوودە، دیسان وەکو خۆی لێدێتەوە و دەگاتەوە گۆڕی ئیزۆلدەی لە پەنای . چیرۆکی تر : دار شیلانی سەر گۆڕی تریستا و گوڵەباخی کە لە سەر گۆڕی ئیزۆلدە رواوە لە یەکتر دەهاڵێن ( دەست دەکەنە ملی یەکترەوە) . لە چیرۆکی تردا : گوینیێڤر خانم ( ژنی ئارثەرشا) و لانسلۆ دەچنە سەر گۆڕی

ئیزۆلده و تریستا . هێندێک چیرۆک باسی ئـەولادی ئیزۆلده و تریستا دەکەن، ناویان چی بووه و چییان کردووه ... ئیدی .



لانسلۆ و گوینیێڤر دەچنە سەر گۆڕێ تریستا و ئیزۆلده

تابلۆیەکی ١٨١٤ی ئۆژێنی سێرڤیێر Eugénie Servière ی فەرەنسی

ئەمەش وەک هەموو کلاسیکەکانی ئەوروپا، لە دنیای هونەردا دەبینین، هەر بەنموونە :

ئۆپێرای" ڤاگنەر"،لە نێوان ١٨٥٧-١٨٥٩دا داینا و یەکەمجار ١٨٦٥ لەسەر شانۆ پێشکەشکرا؛ تـابلۆکانی " ئـۆبـری بێردلی Aubrey Beardsley " لە ژیانی کورتیدا ١٨٧٢-١٨٩٨)؛" دین جۆرجەریز Dean Georgaris " ی ئەمریکایی بە سیناریۆیەکی زۆر زیرەکانە سـاڵی ٢٠٠٦ فیلمێکیخۆی لێ دروستکردووه، کە پتر لە نوسخەیەکی ئەسڵی بە زەوقی خۆی تێدا کۆ کردوو-نەتەوە .

لێیەکی تری ماری دو فرانس : " دوو ئـەڤیندارەکە Les Deux Amants " ( باسی دڵسـۆزیی شـۆڕەسـوار بۆ خانمە دۆستەکەی)؛ یەکی تر: " ئێلیدوک Eliduc "(ی شۆڕەسواری نەجیبزادە،

ژنـەکەی چـەنـدی قـوربـانـی بۆ دا و ئـەو چەند بێ وەفـا بـوو، بـەڵام لە دواییدا پـەشـیمان بـۆوە)؛ یەکی تر : " لانڤال Lanval " ( چۆن پـەرییەک حـەز لە شـۆڕەسـوارێکی نـەجیبزادە دەکات و سوارەکە دەباتە وڵاتەکەی خۆی کە لە " دوڕگەی ئاڤالۆن"ـە) .

لە شیعرە مەلحەمییەکانی تری سەدەکانی ناوەندی :

" ڕۆمانی ئیسکەندەر Roman d’Alexandre" باسێکی خەیاڵیی ژیان و مەرگی ئیسکەندەری مەکەدۆنییە، کە " لامبێر لو تۆر Lambert le Tort" نووسیویە و، " ئـالیکسـاندر دو بێرنـێ Alexandre de Bernay " پێداهاتووەتەوە، هەرتـک هی سـەدەی دوازدەن، وەزنی شـیعرەکە دواتر سەرنجی ڕاکێشاوە کە دوازدە بڕگەییە( نەک هەشت یا دە بڕگەیی کە پێشتر بوون) و بەوە بە ناوی وەزنی ئالیکساندری ناو براوە .

دەرسی پەروەردە کردن بە شیعر، دیارە لە روانگەی کلیساوە و، بە زۆر رەمز . بەناوبانگترین نموونەی :

" رۆمانی گوڵەباخ Roman de la Rose"، کە وا دانرابوو وەرگێرانی یەکەم کاری " چۆسەر Chauser "ی ئینگلیس بووبێت (ئێستا گومانی لێدەکرێت ئەو وەریگێرابێت). " گیوم دو لۆری Guillaume de Lorris"(رەنگە١٢٠٠- ١٢٣٨ ژیابێت) نیوەی نووسیوە و گەیشتووەتە دێڕی چوار هەزارو٥٨ و، مەرگ مەودای تەواوکردنی نەداوە . چل ساڵێک دوای مەرگی، شاعیرێکی تری فەرەنسی ( و وەرگێڕیش) بە ناوی " ژان دو مەنگ Jean de Mueng "( رەنگە ١٢٤٠-١٣٠٥ ژیابێت) لای خۆیەوە و بە زەوقی جیاوازی خۆی تەواوی کردووە و بەوە بووە بە ٢٢ هەزار و ٦٨ دێڕ (هەشت برگەیی) .

تا سەدەی شازدەش هەر زۆر باوی هەبووە، ئاریستۆکرات حەزیان لە بەشی یەکەمە کۆنەکە کردووە و، خەڵکی دی بەشی دووەمیان بە دڵ بووە .

یەکەمەکە لە رووی ئەدەبییەوە بەرزترە، بەڵام دووەمەکە لە ژیانی چینی خواروو نیزیکە و میزاجی رووکردنە کۆتایی فەرهەنگی سەدەکانی ناوەندیی تێدا دەبینرێت .

شاعیر بە بەکارهێنانی رەمزێک کە ئەوسا زۆر باو بووە، بە " خەون" دەستپێدەکات، ( وەک کە لە ئینگلستانیش دەبینین "چۆسەر" " خەونی دوک خانم"ی نووسیوە) :

لە خەونیدا، لە باخچەیەک، لە بەیانیی رۆژێکی مانگی می/ مایس ( کە وا دیارە ئەو مانگە لە خەونەکانی زۆر لە شاعیرانی ئاریستۆکراتی سەدەکانی ناوەندیدا بووە)، ئۆیزیوس ( تەنبەڵی) خانم بە کۆشکی Déduit (کەیف)ی ئاشنا دەکات . لەوێ خانمانێک : Doux Regard نیگای شیرین، Richesse سامان، Jolyvet شۆخ و شەنگی، Courteoise بە ئەدەبی، Franchise بە ئیمتیاز، Jeimesse جەوانی ؟ هەموویان دەوریان داوە، دەیبەنە گوڵەباخزارێک، لە خونچە-یەک نیزیکدەبێتەوە کە لێیبکاتەوە، بەڵام ئەوەندە پاسەوانی بەدەورەوە پاسداریی لێ دەکەن : Honte فەزیحەت، Peur ترس، Danger خەتەر و... ئیدی .

بێمنەت لەوانە و بە ئـامۆژگاریی " Dame Raison عـەقڵ خانم"یش، خونچەکە ماچ دەکات .
" Jalousie غیرە یا ئێرەیی"، " Malebouche بوختان" هۆشـیار دەکـاتەوە و ئــەم دەرگای
" Bel-Accueil بەخێربێن"ی کۆشکی لێ دادەخات . ئیدی شاعیر خەم دایدەگرێت و، دەکەوێتە
دنیای خەیاڵەوە و لەگەڵ خۆیدا دەدوێت ... لێرە بەشی یەکەمی یەکەم شاعیر کۆتایی دێت .
بـەشی دووەمی، سـەرەتا دەیەوێت باسەکە گرێبداتەوە، بـەڵام دوای ئـەوە بە زوویـی لە موحیتی
ئاینی و میسالیات و ئەو شتانە دوور دەکەوێتەوە و، تـەنانەت گیانی" ساتیر"یشی بەرانبەر ئەوانە
تێدایە، کە هەمووی هەر لەژێر پەردەی هەمان ناونیشانی پەروەردە و خوێندندا ریزکراوە .

## شیعری عیرفانی

لێرەدا دەکرێت ئـاماژەیەک بە " مارگێریت پۆرێت Marguerite Porete " خانم بکرێت کە
جۆرێک مەنسووری حەلاج بووە، سـاڵی ١٢٩٥ کتێبێکی داناوە، شیعر و پـەخشان تێکەڵ، کە
ناوی ناوە :

Le Mirouer des simples âmes anéanties et qui
seulement demeurent en vouloir et désir d'amour

ئاوێنەی رووحە سادە لەناودراوەکان کە تەنیا لە ویست و
ئارەزووی ئەڤیندا دەمێننەوە .

بەڵام کلیسا و پادشا پێیان قەبووڵ نەکراوە و، ساڵی ١٣١٠ خۆی و کتێبەکەیان لە پاریس
سووتاندوون .

ئـەو جۆرە شیعرانە، لە نیوەی دووەمی سـەدەی دوازدەوە، لە ئـەدەبیاتی ئـەوروپاییدا زۆر باویان هـەبووە . باشترین و بەناوبانگترین نموونەی ئەوە بریتیە لە کۆمەڵە چیرۆکی شـیعری " ڕێـوی رینارد" (یا : رینارت ... بە چەندین شێوە نووسراوە)، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەوە و بێپسان تا ئەمڕۆ لە ئەوروپادا زۆر باوی هەبووە و هەیە . چۆن ڕێوی بە زیرەکیی خۆی لەگەڵ ئەو هـەمووە حـەیوانانەی تر( هەر کامە و بە رەمزی شتێک : پـادشا، ئـاریستۆکرات، کـەشـەی ساختەچی ... ئیدی) هەڵدەسـووڕێت . تـەنانەت فەرەنسیی کە بە ڕێوییان دەگوت : " گوپیل"، بە تەئسیری ناوی ڕێویی ئەو چیرۆکە ( رینارد) وازیان لە وشـەی ڕێویی خۆیان هێنا و ئیدی هـەر بە" ڕێوی"یان گوت :"Renarde رینارد"!(بۆ مێیینەکەی)، یا رینارRenard( بۆ نێرینەکەی) . ڕێوی رینارد بووەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ داڕشتنی بەرهەمی ئەو هـەمووە نووسـەر و شاعیر و هونەرمەندانەی ئـەوروپا، مووسـیقا و فیلم و تـەلەڤزیۆن و ئـەدەبیاتی منداڵان و ... تـەنانـەت لە سەدەی بیستەمدا بۆ پڕۆپاگەندەی سیاسیش بەکارهێنرا( نازییەکی بەلجیکی لە بەرهەمێکیدا ساڵی ١٩٣٧ " رینارد ی ڕێوی"یەکەی خۆی بە " جوو" پێشکەش کرد) .

دەوری١٥٠ چیرۆکێکیش، زۆر جار بە شیعر، بە ناوی Fabliaux لە ساڵانی ١١٥٠ -١٣٤٠دا نووسراون، زۆرتر فەزیحەتی جنسی دەگێڕنەوە، هێندێکیان ترووبادوورەکان گوتوویانن .

هێندێکیان لە "دێکامیرۆن"ی بۆکاچۆ و، لە " چیرۆکەکانی کانتەربەری"ی چۆسەردا دەبینینەوە، شـاعیران و نووسـەرانی تریش ئـەوانەیان وەرگرتوون، بە نموونە Garin چیرۆکێکی بە شیعر هـەبووە کە دەڵێت نـاوگەڵی ژنێک هەموو شتی بۆ مێردەکەی دەگێڕایەوە( چ پیاوانێکی غـەریبی تێچوون!) و، دیدیرۆ سەدەی ١٨ئەوەی بە چیرۆک داڕشتووەتەوە . دەڵێن ڕەنگە ئەو چیرۆکانە بە ئـەسڵ لە یـونانەوە هاتبن، یا خـاچپەرستەکان لە حـەملەکانیاندا لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاستیانەوە هێنابن و، وەریانگێڕابنە سەر فـەرەنسی و یا لاسـایان کـردبنەوە . روتـەبوف و فیلیپ دو ریـمی و گۆتییێ لو لوLe Leu و چەند ناوێکی تری دانەرانی ئەوانە لە سەرچاوەکاندا هەن .

# شیعری لیریک

شیعری دڵداری و شەڕ زۆرتر لە باشوور، لە کاتێکدا کە لە باکوور زۆرتر شیعری گێڕانەوەی چیرۆک باو بوو .

شیعری دڵداریی ترووڤێران، کە هێندێکیان لە نەجیبزادان بوون و، وا بووە بە کۆشکی نەجیبزا- داندا گەڕاون، یا وا بووە یەکێکیان هەر لە دیوەخانی یەک نەجیبزادەدا ماوەتەوە، وەک ئەوەی کە چوار ساڵ هەر لە دیوەخانی کۆنتی پرۆڤانس، یا لای کۆنتی تولووز ماوەتەوە و Lo gai saber( زانیاریی شاد یا جوان - وایان بە شیعریان گوتووە) پێشکەشکردووە . " Thibaut IV تیبۆی چوارەم" ی کۆنتی شامپانیا ( ١٢٥٣مردووە) رەنگە شیعری نموونەی باشترین شیعری زەریف و بەڕێزی ئەڤین amour courtois ی سەردەمی بووبێت .

ناوی دەوری ٣٥٠ شاعیرێک لەوانە لە سەرچاوەکاندا دەبینین، کە بەشی زۆرتری بەرهەمیان ون بووە . یەکێک لەوانەی بەتایبەتی سەرنج رادەکێشێت، لەوانی تر جیاوازە، باسی بەدبەختیی خۆی دەکات و بە ساتیر دەکەوێتە دنیای شتی واقیعی ژیان، ناوی" روتیبۆف Rutebeuf "بووە (١٢٨٠ مردووە) .

دوو سەدە دوای خۆی ئەوجا کەسێک بە ناوی " فرانسوا ڤیێۆ" بوو بە میراتگری و لە سەر ڕێبازی رۆیشت .

فرانسوا ڤیێۆ François Villon

( دەڵێن بە فەرەنسیی سەردەمی خۆی گوتراوە : ڤیلۆ) ١٤٣١-١٤٦٥؟

بەڵام بەفرەکانی پار لەکوێن ؟ Mais ou sont les neiges d’antan ?

ئەوە تەرجیعبەندی شیعرێکییەتی بە ناوی " بالادی خانمانێکی رابردوو"

کە لە دیوانی " وەسیەت"ی ١٤٦١یدایە .

Ballade des dames du temps jadis- Le Testament.

Dictes moy ou n’en quel pays
Est Folra le belle Romaine
Archipiades, ne Thais,
Qui fut sa cousine germaine,
Echo parlant quant bruyt on maine
Dessus riviere ou sus estan ,
Qui beaulté ot trop plus qu’humaine.
Mais ou sont les neiges d’antan ?

پێمبڵێ، لە چ وڵاتێکە
فلۆرا، ڕۆمانیی جوان
ئارکیپیادا، و تاییس
کە یەکەم ئامۆزای بوو؛
ئێکۆ، دەدوا کاتێک کەسێک زەنای دەنایەوە
لەسەر ڕووبار یا سەر گۆلاو
کە جوانیی زێدە لەوەی مرۆڤ زۆرتر بوو
بەڵام بەفرەکانی پار لە کوێن ؟ *

---

*ئەو تەرجیعبەندەی فرانسوا ڤییۆ سەرنجیزۆری دنیای شیعر و مووسیقا و ئۆپێرای ڕاکێشاوە : ڕۆزێتیی ئینگلیس، دیبوسیی فەرەنسی و ... ئیدی .

بێرتۆلد برێشت و کورت ڤایلی ئەڵمان : Wo sind die Tränen von gestern abend ?

Wo ist der Schnee vom vergangenen Jahr ?

لەکوێن فرمێسکەکانی دوێنێ ئێوارە ؟
لەکوێیە بەفرەکەی پار ؟

لە لێکۆڵینەوەکانی عیبـارەتـی " ? ubi sunt" ی لاتیندا ( واتە : لـەکوێـن ؟ -) زۆر ئـاماژە بـەو شیعرەی فرانسوا ڤییۆ دەکرێت، کە ئەو"لە کوێن ؟ ? ubi sunt "ـە لاتینە لە ئەدەبیاتیکلاسـیکی ئەوروپاییدا شوێنێکی تایبەتی هەیە، لە زۆر شیعر و تـەنانەت باسی کتێبی ئاینیشدا وەبیرهاتووە-تەوە، نموونەی لە "چوارینەکانی خەیام" یش بۆ دەهێننەوە .

هەرچەندە ڤییۆ (ناوی خێزانیی ئەو پیاوەی کە بەخێوی کردووە) لە زانکۆی پاریس خوێندوویە و ماستەری ئەدەبیاتی وەرگرتووە، بـەڵام بە دزی کردن و شەڕ و کوشتن و چوونە زیندان و ماوە-یەک سووڕانەوەی بێ ماڵ و حاڵ ناسراوە، تەنانەت بە ئیعدام حوکم دراوە و حوکمەکەیان بەجێ نـەهێناوە . کەس نـازانێت چـۆن ژیـانی لە تـەمەنی ٣٥( یا ٣٢) سـاڵیدا کـۆتایی هاتووە . بۆ ئەوە پرۆفیسۆرێکێ فەرەنسیی بەراوردی ئەدەبیات( بۆنێر Bonner ) دەڵێت :

" کێ چووزانێت لە کوێ مردووە، رەنگە لە سەر حەسـیرێک لە مەیخانەیەکی هـەرزان کەوتبێت، یا لە زیندانێکی شێداردا کۆتایی هاتبێت، یا لە شەڕێک لەگەڵ سەرسەرییەکی وەکو خۆیدا لە شەقامێکی تـاریکدا کوژرابێت، یا - وەک کە خۆی چاوەڕوانیی دەکرد - لە شارۆچکەیەکی فەرەنسا لە سێدارە درابێت . رەنگە قەت نەزانرێت . "

فرانسوا ڤییۆ لە سەدەی خۆیدا، سەدەی پازدە، لە شاعیرانی تری سەردەمی جیاواز بوو .
شیعری

فەرەنسیی سەدەی پازدە، لە واقیع دوور و، زۆر وەکو شیعری عارەبی سـەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە " البیان و البدیع"!ی خۆیدا خنکابوو .

لەو سـەدەیەدا، مەگەر هەر ناوی شـاعیرێکی تریش بۆ مێژووی ئـەدەبیات گرنگ بێت، ئـەویش " ژان مارۆJean Marot"(١٤٦٣- دەوری١٥٢٦؟)،کە یەکێک لە کارمەندانی ماڵی فرانسیسی یـەکەم بوو، هەرچەندە ئەویش لەو ئەهلی بەیان و بەدیعە rhétoriqueurs ی رابردوو دادەنـرا، بـەڵام تەئسیری بە سەر کوڕەکەی خۆیدا ( کلێما مارۆ Clément Marot ) هـەبوو، کە ئەویش بوو بە شاعیر و شوێنی باوکی لە ماڵی پادشادا گرتەوە و، لە رینێسانسیفەرەنسیدا شوێنی دیاری هەبوو .

# La Pléiade (پێروو) لا پلێیاد

## Acadèmia dels Jocs Flòrals ئاكاديمياى يارىى گوڵان

بڵێین" ئەگەر" پیرەمێرد و شێخ نووری شێخساڵح و هەردی و گۆران و هێمن و سوارە و قەدری جان، ئەو حەوت شاعیرە، یا بە دەستکارییەکەوە کێی دیکەیان تێدا بوایە یا نەبوایە، هەر حەوت یەکیانبگرتایە، دەکرا چ ناوێکیان لەخۆیان بنایە ؟

حەوت شاعیری سەدەی سێی پێشزاین، لە ئیسکەندەریەی میسر یەکیان گرتووە و ناویان بووە بە " پێرووی ئالیکساندری" . پێروو ( ئەستێرەکانی کۆ، سورەییا) ناوی شەش ئەستێرەی روونە وێڕای وردە تۆزێکی وەک ئەستێران بە دەوریانەوە، دیارە مرۆڤ هەمیشە سەرنجی داون و، ئەفسانەشی لەبارەیانەوە بە بیردا هاتوون .

ساڵی ١٣٢٣ حەوت شاعیری پیاو( تروو‌پادوور) و حەوتی ژنیش لە باشووری فەرەنسا یەکیان-گرت و جۆرە ئاکادیمییەکیان بۆ خزمەتی هونەری شیعریان پێکهێنا : " کۆنسیستۆریی حەوت تروو‌پادوور"، دوای ئەوە بوو بە " کۆنسیستۆریی زانیاریی جوان Consistori del Gay Saber( وایان بە شیعر دەگوت) و، خانمێک بە ناوی " Clémence Isaure کلێمانس ئیزۆر" بە دامەزرێنەری ( یا زیندووکەرەوەی) ئەوە چووەتە مێژووەوە . بە زوویی بەوانە دەگوترا " لا پلێیاد La Pléiade، واتە " پێروو" .




پێروو

پێروو، رۆژی ٣ی ٥ی ١٣٢٤ یـەکەم خەڵاتی باشترین شیعری پێشکەش بە شـاعیرێکی کـرد : شکڵی وەنەوشـەیەک لە زێڕ؛ خەڵاتی تریش : گوڵی تر لە زێر یا زیو، ئیتر بەهۆی ئەو خـەڵاتا-نـەوە، نـاوی کۆنسیستۆرییەکەش بوو بە : ئـاکـادیمیای یاریـی گوڵان Acadèmia dels Jocs Flòrals . ئـاکادیمیا، دوای ئەوە، زۆر پـەرەی سـەند و گـۆڕانی تێکەوت، بـەڵام هـەر مایەوە : " ڤیکتۆر هوگۆ" و " شاتوبریان" و زۆرانی دی ئەندامی ئەو ئاکادیمیایە بوون و خەڵاتی گوڵیان وەرگرتووە . ئێستاش کە ئێستایە ئەو ئاکادیمیایە هەر بەو ناوە لە فەرەنسا ماوە .



تابلۆیەکی خەیاڵیی کلێمانس ئیزۆر

کاری"ژول ژۆزێف لوفێڤر"ی فەرەنسی

.Jules Joseph Lefebvre

(١٨٣٦-١٩١١ )



وێنەی خەڵاتێک لە خەڵاتەکانی

" ئاکادیمیای یاریی گوڵان "

شـانۆی فەرەنسی، وەکو ئـەوەی هـەموو ئـەورووپا، لە شـانۆگەریی کلیسـاوە سەری هەڵێناوە . لە سـەدەی یازدەوە، کەشە لە میحرابی کلیسادا شانۆی مەسیحی drame liturgique یان گێڕاوە . کە زۆرتـر هـەر بە زمانی لاتین بـووە، بـەڵام بە زمانی فـەرەنسیی شـوێنەکەشیان تێدا هـەبـووە؛ ئەوجا ئەوە لە کلیساوە چووەتە دەرەوە و، خەڵکی تری غەیری کەشەی تێدا بوون و، ئیتر باسـە-کانیش لە قەفەسی کلیسا دەرچوون .

یـەکەم دراماى کە لە ئەدەبیاتی فەرەنسی پێ‌دەزانرێت، درامایەکی سەدەی دوازدە ( رەنگە نێوان ١١٥٠-١١٧٠) : نوێنەریی ئادەم La Représentation d’Adam، باسێکی دەرکـردنی ئـادەم لە بەهەشت و هابیل و قابیل و ئەو شتانە، کە بازیگەران بە فەرەنسی قسەیان کردووە و هێندێک شتی لاتینیشی تێکەوتووە . ئەوە بە پردێکی پەڕینەوە دادەنرێت لە شانۆی مەراسیمیدینیی کلیسا-کانەوە بۆ قۆناغی شانۆی mystère( شتی نهێنی یا ناڕوون ) کە لێرەدا بە دەوری " موعجیزە"-کانی تەورات و ئینجیلدا دەسووڕێتەوە . هـەرچـەندە شیعری " ژان دارک " و " وێـرانکـردنی ترۆی" ی" ژاک میلێ Jacques Milet "(١٤٢٥-١٤٦٦)ی سەدەی پازدە، پـەرەسەندنی شانۆ لەو رووەوە پیشان دەدات کە ناوەرۆک لە جەغزی ئەدەبیاتی هەر ئاینیی پەتی پتر دەڕوات .

بـەشـێک لەو شـانـۆیانە هـەر بە نـاوی " مـوعـجیـزات miracles " بـوون بـەڵام بـاسـی کـاری موعجیزەی مەریەمی عەزرا یا یەکێک لە ئەولیا " لە ژیانی خەڵکدا " دەکەن . بەشێکیش پەندی ئەخلاقی " moralité" بوون .

پەرەسەندنی پەخشان لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا، ئەوەندەی شیعر بە خێرایی دە کاردا نەبووە .
سەرەتا کەشە و رەبەن کەوتوونەتە سەر نووسینی تۆمارەکانیان بە پەخشان، ئەوجا زۆرتر هەر نووسینی مێژوو دەبینین : ڤیللاهاردوا Villehardouin (١١٦٤؟- ١٢١٣) باسی ڕووداوانێکی چوارەم حەملەیخاچپەرستانی کە تێدا بەشدار بووە کردووە، ئەوە دەبێت یەکەم کەسێک بووبێت بە نووسینی پەخشانی ناسرابێت: Conquête de Constantinople گرتنی کۆنستانتینۆپۆل .
رەنگە ژان دو ژوانڤیل Jean de Joinville ( دەوری ١٢٢٤-١٣١٧)ی کە بەشداری حەملەی حەوتەمی خاچپەرستان بوو و، نیزیکی لویی نۆیەمی پادشای فەرەنسا بوو، بە " مێژووی سانت لوی"ی، گرنگترین مێژوونووسی ئەو سەردەمە بێت. ئەوجا" ژان فرواسار Jean Froissart" (١٣٣٧-١٤١٠؟) کە Chroniques ( تۆماری ڕووداوان، تاریخان)ی سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ مێژووی " شەڕی سەد ساڵە" ( لە سەر پادشایی فەرەنسا )، هەرچەندە قیمەتی ئەدەبی و لێنۆڕینی بە چاوی ئەدەبیاتی شۆڕەسوارانی ئازا تێدا لە تۆماری وردی مێژوو پتر بێت، حەتمەن پترە، ئەدەبیاتی زۆر ئاریستوکراتییە، رەنگە جۆرێک زمانی شەرەفنامەی هەبێت، نەک ئەولیا چەلەبی . رەنگە کۆمین Commines(١٤٤٧- دەوری١٥١١) لە شێوەی ئەولیاچەلەبی نیزیکتر و یا باشتریش بێت . ژان فرواسار بە مێژوونووسی سەدەکانی ناوەندی دادەنرێت، لە کاتێکدا کە کۆمین بە یەکەم مێژوونووسی سەردەمی نوێ(ی دوای ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەندی) دادەنرێت. .
لە دەرەوەی مێژوو و تۆماری ڕووداوان، بە دەگمەن پەخشانێک لە سەدەکانی ناوەندی دەبینین کە سەرنج رابکێشێت . لە کۆتایی سەدەی دوازدە یا سەرەتای سێزدە چیرۆکێکیخەیاڵیی پەخشان و شیعری " ئۆکاسا و نیکۆلێت Aucassin et Nicolette" هەیە، کە نازانین کێ نووسیویە، چیرۆکی ئەڤینە، کە سەرنج رادەکێشێت .
لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەندیدا ئەوجا شتێک بە ناوی ئەدەبیاتی پەخشانی خەیاڵ(دەرەوەی مێژوو...) پەیدا دەبێت، کە ئەویش سەرەتا هەر چیرۆکی کورت و، گێرانەوەی ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە پێشتر بە شیعر هەبوون . لەوەدا " ئانتوان دو لا سال Antoine de La Sale"

(١٣٩٨-١٤٦١)" Les Quinze Jojes du Mariage پازدە ژن و مێردی"( زەماوەند کـردن، بوونە هاوسەر)ی دەدرێتە پاڵ، کە ساتیرێکیقورسە لەبارەی ژنان و، هێندێک بەرهەمیتریش .

بۆ باسی " ئێلۆییز و ئابێلار" ی سەدەی یازدە - دوازدە بڕوانە : پـەراوێزی داوێنی لاپەڕەکانی ١٣٦-١٣٩ی ئەم کتێبە .

# ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی شازدە

## سەدەی رینێسانس

کـاتێک فرانسیس-ی یەکەم ساڵی ١٥١٥ بوو بە پادشای فەرەنسا، وڵاتەکەی هێشتا لە فەرهەنگی سـەدەکانی نـاوەندیدا بوو و، کاتێک ٣٢ سـاڵ دوای ئەوە مرد، کۆمەڵگەیەکی تـری لە دوو خۆی جێهێشت، کە زۆر جیاواز بوو : ئەدەبیات و خوێندەواری و هونەر و زەوق بەگشتی لە سەر- دەمیئەودا لە قەفەسیکلیسا و سەدەکانیناوەندی دەرچووبوون و تێکەڵ بە مرۆڤ و دنیا ببوون .
هەرچەندە پادشای پێش ئەو (لوی-ی دوازدە) و ئەوەی پێشتریش ( شارل-ی هەشتەم ) خۆیان لە ئیتالیا ببوون، هیچ لە ژێر تەئسیری رینێسانسیئیتالیدا نەببوون، بەڵام ئەم پادشایە (وەکو دایکی) شەیدای هونەر و ئەدەبیات بوو، زۆر لە ژێر تەئسیری ئەو رینێسانسەی ئیتالیادا بوو و زۆری لە ئیتالیا هەر ئەستاند : هێنانی " لیۆناردۆ دا ڤینچی" تا ئیدی لە فەرەنسا بژیت، هەر نموونەیەکە لە خەڵوارێک لەو مەیدانەدا . دا ڤینچی " مۆنا لیزا"کەی ( فەرەنسی پێیدەڵێن لا ژۆکۆند) کە هێشتا تـەواو نـەببوو، لە سەر داوای فرانسیس لەگەڵ خۆی بـردە فـەرەنسـا و لەوێ تـەواویکـرد و، تا کـۆتایی ژیانی هەر لە فەرەنسا مایەوە و ئێستاش گـۆڕەکەی لە فەرەنسایە . هـەرچەندە دا ڤینچی بەرهەمی کەمی لە فەرەنسا هەبوو، بـەڵام ئـەوە بەهـۆی کۆچی دوایی بوو کە تـەنیا سێ سـاڵێک دوای ئەو چوونەی بۆ فەرەنسا بوو .
بۆ زەمینەی ئەو گـۆڕانە، دەکرێت ئاماژە بە چەند شتێک بکەین کە رێگەیان بۆ گـۆڕینی ژیان و بیری کۆمەڵگەی فەرەنسی خۆشکرد و، " رینێسانس"یشیان گەشاندەوە :
پـاشەکشەی دەسەڵاتی فیۆدالان : هەرچەندە دەسەڵاتی تـەواوی مەرکەزیی پادشا تا سەدەی١٧ش (سەردەمیکاردینال ریشێلیوRichelieu ) بۆ فەرەنسا پێکـنەهات، بەڵام شەڕیسەدساڵە(١٣٣٧ -١٤٥٣) زۆر لە توانا و سامان و دەسەڵاتی فیۆدالانی دابوو و، لویی یازدە دوای ئەوە (پادشایی ١٤٦١- ١٤٨٣) توانیبووی یەکێتیی وڵات و هەیبەتی دەرباری پادشا بە رادەیەکیباش بسەپێنێت و، ئێستا لە سـەردەمی فرانسیسدا ئیدی دیـوان بـریتی بوو لە دیـوانی پـادشا و، نـەجیبزادەکان لە جیاتی بیناکردنی قەڵایقایم، دەیانویست بە کۆشکیجوان و رازاوەیان لەسەر شۆپی ماڵی پادشای وڵات بڕۆن . لێرەدا دەورێکی مەرکەزی دەکەوتە کۆشکی پادشاوە و، پادشاش لێرەدا وا شەیدای

رینێسانس بوو .

چاپخانە : ساڵی ١٤٧٠ چاپخانە کەوتبووە فەرەنساوە و کۆمەڵگەیەکی نوێی دروستدەکرد . دەستخەتەکان چاپ دەکران و، خەڵک بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوە بۆ زانیاری و فێربوون چیتر منەتیان بە دەستخەتەکانی کلیسا نەبوو، دەچوون کتێبی چاپکراویان لە دووکان دەکڕی . هەر هەیبەتێکی کە کلیسا لە سایەی سەرچاوە و زانیاریی نووسراوەوە هەیبووبێت، ئێستا بەر چەرخی چاپخانە دەکەوت و، لە نێوان دووکاندار و خەڵکی نێو بازاڕدا دەهات و دەچوو .

رووحی لێکۆڵینەوە و ئاسۆی بیر و خەیاڵ لەو رێگەیەوە لە موحیتێکی هەراوتردا مەودای هەناسەدانی پتریان هەبوو .

پێوەندیی بە ئەدەبیاتیکلاسیک : هەرچەندە، وەک گوترا پێشتر شارل-ی هەشتەم لە ژێرتەئسیری رینێسانس نەبوو، بەڵام بە چوونی بۆ ئیتالیا ( و بوونی بە پادشای ناپۆلی) تێکەڵ بە دنیای ئیتالیا ببوو و، لەو رێگەیەوە خوێندنی ئەدەبیاتی " کلاسیک " لای ئەوانەی بە دەوروبەرییەوە باوی پەیدا کردبوو و، وا ئێستاش هەلی چاپ و بڵاوبوونەوەی هەبوو، کە ئەوەش دیارە تەئسیری بۆ رینێسانس هەبوو ( کە رینێسانس باسی لەدایکبوونەوەی رووحی ئەدەبیاتی کلاسیک بوو) .

نیوەی دووەمی سەدەی شازدە، شەڕ و هەرای ئایینیی دیت و، مێژووی پرۆتیستانتی لە فەرەنسا بە شێوەیەکی لەوەی ئینگلستان جیاواز رۆیشت،" کالڤینیزم "یش کە سەرەتا بە بەشێک لە گۆڕان دەدیترا، بە زوویی ئەویش بە شێوەی دۆگمایەک لە بەرچاوی خەڵکێک دەکەوت و، رووحی بەراورد و هەڵسەنگاندن و رەخنە دەگەشایەوە .

جگە لە فرانسیس-ی یەکەم خۆی، خوشکەکەشی دەورێکی زۆری لە پێشخستنی ئەدەبیات و رینێسانسدا هەبوو .

## مارگێریت شاژنی ناڤاررێ (١٤٩٢-١٥٤٩)، هێپتامێرۆن -٥٧-

## Marguerite de Valois-Angoulêm, l'Heptaméron



رەسمێکی راستەقینەی مارگێریت شاژنی ناڤاررێ

کە دەڵێن دەبێت ژان کلووێ Jean Clouet ساڵی ١٥٣٠ کێشابێتی

مارگێریت دو ڤۆلوا- ئانگولێم Marguerite de Volois-Angoulême (١٤٩٢-١٥٤٩)، خوشکی فرانسیس-ی یەکەم و، لە ١٥١٦ ەوە مارگێریت شاژنی ناڤاررێ یا ناڤاررا (کە هێنریی دووەمی پادشای ناڤاررێ مێردی دووەمی بوو لە دوای مەرگی مێردی یەکەمی)، وەکو دایکی، ژنێکی زۆر بەشەخسیەت و بە تەئسیر و خوێندەوار و هۆگری فکر و هونەر و ئەدەبیات بوو . مارگێریت کەسانی پێشکەوتنخواز و خاوەنهەستیگۆڕانخوازیی بە دەوریخۆیەوە کۆ دەکردنە- وە، بە تایبەتی سکرتێرێکی بە ناوی " بۆناڤانتوور دو پێریێ Bonaventure des Périers " (١٥٠٠-١٥٤٤) تەئسیرێکی زۆری هەبوو .

مارگێریت خۆی شاعیر و، بە شیعری عیرفانی ناسرابوو، کە لەوەدا لە دنیای شیعری سەدەکانی ناوەندا بوو، بەڵام کتێبێکیشی دوای ژیانی خۆی بۆ بڵاوکرایەوە کە بە تەواوی لاساکردنەوەی " دێکامێرۆن"ی " بۆکاچۆ" ی رینێسانسی ئیتالی بوو :

## هێپتامێرۆن l'Heptaméron

بە ڕێبازی" دێکامێرۆن"(دە رۆژ)ی کە " بۆکاچۆ"ی ئیتالی لە نێوان ساڵانی ١٣٤٩ و ١٣٥٣دا دایناوە، سەد چیرۆکی تێدا کۆکردوونەتەوە، زۆری لە دنیای سێکس و فەزیحەتانی کلیسا و ئەو شتانەی کە رابردوویان ریسوا دەکرد و، بەوە " رینێسانس"ی ئیتالیی پێشکەشدەکرد ( بڕوانە فەسڵی : " دێکامێرۆن"ی بۆکاچۆ، لە ئەم کتێبەی مندا : لە دنیای دانتێ و دەوروبەری و ... )؛ " مارگێریت شاژنی ناڤارڕێ "ش کەوتووەتە سەر نووسینی کتێبێکی لەو بابەتە : پێنج خانم و پێنج پیاو، بە هۆی لافاوی رووبارەوە، رێگەی گەڕانەوەیان لێ دەبڕێت . ناچار، دەبێت چاوەڕێ بکەن تا پردێکی کە دروستدەکرێت تەواو ببێت و، بۆ ئەوە کە لەو چاوەڕێکردنەدا بێتاقەت نەبن، یەکێکیان پێشنیار دەکات کتێبی پیرۆز ( تەورات و ئینجیل) بخوێننەوە، بەڵام ئەوانی دی دەڵێن کە ئەوان هێشتا جەوانن و با کاتەکەیان بە شتی خۆشترەوە بەسەربەرن، ئیدی بڕیار دەدەن هەر رۆژە هەر یەکێک لەو دە کەسە چیرۆکێک بڵێت . بەوجۆرە دەگەنە دووەم چیرۆکی رۆژی هەشتەم و، ئیدی مەرگ ناهێڵێت مارگێریت خانم تەواوی بکات .

نۆ ساڵێک دوای مەرگی، ئەو ٧٢ چیرۆکەی چاپ و بڵاو دەبنەوە و، کەسێک دوایی ئەو ناوەی " هێپتامێرۆن"( واتە حەوت رۆژ)ی بۆ هەڵدەبژێرێت، کە دیارە لاساکردنەوەی " دێکامێرۆن" ( دە رۆژ)ەکەی بۆکاچۆیە .

هەرچەندە شیعری عیرفانیی مارگێریت خانمی شاژن، لەسەر رێبازی شیعری سەدەکانی ناوەند-ییە، بەڵام ئەم کتێبە، وەک دەبینین، لە دنیای بۆکاچۆی رینێسانسدایە .

هەر لە چیرۆکییەکەمەوە، باسی هەوەسبازییخانمێکە، ژنی پرۆکتۆرێکی کلیسا، نێوانیعیشقیی لەگەڵ مەترانێکدا دەستپێدەکات، ئەوجا لەگەڵ ئەفسەرێکدا، ئەوجا لە هەمووی وەڕەز دەبێت و مێردەکەی هاندەدات ئەفسەرەکە بکوژێت، ژنی ئەفسەری کوژراو مێردی خانمەکە دەبەخشێت، لەبەرئەوە ئیعدامی ناکەن بەڵام تا کۆتایی ژیانی بە سزای سەوڵلێدان ( کە ئەوسا هەبوو) حوکم دەدرێت . ژن کە رزگاری بووە لە مێردی، پتریش شووڵی لێ هەڵدەکێشێت ... بەڵام ژیانی زۆر ناخۆش کۆتایی دێت .

شتێک لەو چیرۆکانەدا سەرنجی ڕاکێشام، شتێک کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە :
پیاوێک کە ژنەکەی نێوانی جنسیی لەگەڵ غەیری خۆیدا هەبێت، پێیدەگوترێت : شاخدار !
مارگێریت خانم دەڵێت کە ئەو چیرۆکانەی هەمووی واقیعی بوون، ڕوویانداوە، ئەو قسەیەی وای لە توژێنەران کردووە هەوڵبدەن بزانن ئەوانەی گوایە چیرۆکەکان دەڵێن وا بوون مەبەست لە کێ بووبن، زۆر لەو ڕووەوە نووسراوە . دە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا وەک ئەوەیە کە بیەوێت پێمانبڵێت بە دەگمەن پیاوێک هەبووە شاخدار نەبووبێت :
پادشا دڵی چووە ژنینەجیبزادەیەک، چوو سازیکرد و پێکەوە کەوتنە ڕابواردن . مێردی ژنەکە پێیزانی و چوو بە ژنی پادشای گوت و گوتی : هیچ لە جنسی تۆڵەکردنەوە خۆشتر نیە، بۆچی ئێمەش تۆڵەیان لێ نەکەینەوە و بیکەین ؟ شاژن بەوە وروووژا و لەگەڵیدا کرد .
ڕۆژێک پادشا لە ماڵی نەجیبزادەکە سەری ئاسکێکی بە دوو شاخیدرێژەوە دیت کە بە دیوارەوە بوو، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی : وەڵڵا تەواو لە شوێنی خۆیەتی، واتە لە ماڵی شاخدارە(کە وا ژنەکەی دەکرد). مێردی ژنەکە بەو پێکەنین و قسەیەیپادشای زانی، چوو لەسەر سەری ئاسکە شاخدارەکەی ئەمەی بە ئیتالی نووسی :

Io porto le corna, ciascun lo vede, Ma tal le porta che no lo crede

من شاخم هەیە، هەرکەسێک دەیبینێت، بەڵام کەسێک هەیەتی و پێی نازانێت
( پێی وا نیە کە هەیەتی، نازانێت کە منیش ژنەکەی ئەو دەکەم و ئەویش وەکو من شاخدارە) .

پادشا خوێندییەوە و پێکەنی، تەبیعی تێیگەیشت بەڵام هەر وەک هیچ نەبووبێت . نەجیبزادەکەش دەیزانی کە خەڵک دەیانزانی شاخدارە و، منداڵان لە ڕێگا لە پشتییەوە ئیشارەتی دوو شاخیان دەکرد، بەڵام نەک هەر باکی پێ نەبوو بگرە شاخەکانی خۆی وەک تاجی پادشا دەدیت! پادشاش لە کەیفی خۆیدا بوو و تاسەر هەر کام لەگەڵ ژنی ئەوەکەی تریدا دەکرد، بە یەکتریان دەزانی و هیچ کێشەیەکیان نەبوو .

جگە لە شاژن خۆی، سکرتێر و یاوەرێکیشی بە ناوی"**دێپێریێ Des Periers**" بە نووسەری کۆمەڵێک چیرۆکیجنسی ناسراوە : ئەو کچەی نەیدەویست مێرد بە هیچ پیاوێکی بە گەڵ و گون بکات!، چۆن کچە دێهاتییەکە هاتە لای پیاوی گەورەی کلیسا و چۆن سکرتێرەکەشی ئەو کچەی کرد ... یەک دنیا لەو چیرۆکانە .



## کلێما مارۆ Clément Marot (١٤٩٦-١٥٤٤)

کلێما مارۆ، لە باشووری فەرەنسا لەدایکبوو، لە پاریس خوێندی، ژان مارۆی باوکی ( خەڵکی باکووری فەرەنسا ) کە شاعیر بوو، بۆ ئەوەی پەروەردە دەکرد کە ببێت بە شاعیر و، بوو بە شاعیر . سەرەتا لە سەر هەمان ڕێبازی شیعری سەدەکانیناوەندی باوکی بوو، دوای ئەوە وازی لەوە هێنا و بوو بە شاعیرێکی رینێسانس .

لە هەڵێکدا، وازی لە خوێندنی قانوون هێنا و وەکو باوکی تێکەڵ بە ماڵی فەرمانڕەوایان بوو، دوایی بوو بە یەکێک لە نیزیکانی مارگێریت خانم (دواتر شاژنی ناڤارڕێ) و، وەکو باوکی زۆر وە بەر دڵی برای شاژن ( فرانسیس-ی یەکەم)یش کەوت و زۆر لێی نیزیک بوو، تەنانەت لە هێرشی بۆ سەر ئیتالیادا لەگەڵیدا بوو . کاتێک پادشا لەو شەڕەیدا بە دیل گیرا، سەرچاوە هەن دەڵێن کە ئەویشی لەگەڵدا گیراوە، بەڵام سەرچاوەی تر هەن دەڵێن توانیویە بخەلەسێت و خۆی بگەیەنێتەوە پاریس .

لە پاریس، بە شەڕەشیعری لەگەڵ " فرانسوا دو ساگۆ"یەکدا( کە نوێنەری سۆربۆن بوو)، دنیای ئەدەبییپاریس بوون بە دوو دەستە : مارۆتیک و ساگۆنتیک. مارۆ کێشەی زۆری لەگەڵکلیسای کاتۆلیکدا هەبوو و، زیندان و سەرێشەیزۆری دیت و جارێک ئەگەر مارگێریتخانم لە ڕێگەی پیاوێکی کلیساوە فریای نەکەوتبا، هەر نیزیک بوو سەری تێدا بچێت .

مارۆ، بەرهەمی"فرانسوا ڤیێۆ"ی چاپ و بڵاوکردەوە؛ چەند لە مەزامیری داودی کتێبیپیرۆزی کردن بە شیعری فەرەنسی ( جارێک ٣٠ دانەیان و جارێکی تر پەنجایان لێ چاپ بوون ) و، ئەوە کلیسای کاتۆلیکی (کە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی لە لاتینەوە قەبووڵ نەدەکرد) بە رادەیەک تووڕە کرد کە ئیدی ماڵی پادشاش نەیدەتوانی هیچی بۆ بکات، ناچار رایکرد و، چووە نیزیکی کالڤن لە سویسرا. کالڤن کەیفی بەو گۆرانییانە دەهات، ئیتر لەوساوە، گوتنی ئەوانە(و مەزامیری تریش) بە گۆرانی کەوتووەتە کلیسای پرۆتیستانتەکانەوە .

بەڵام مارۆ لە"کالڤن"یش نائۆمێد بوو و لێی دوورکەوتەوە . بەوجۆرە ژیانێکی زۆر نائارام و پڕ لە کێشە و زیندان و دەردی سەری هەبوو، تا ساڵی ١٥٤٤ لە تورینۆ( ئیتالیا) کۆتایی هات و،

لەسەر ئەرکی سەفیری فەرەنسا لە رۆما هەر لە کاتێدرال ( کلیسای سەرەکی)ی تورینۆ نێژرا .
ئەمە شیعرێکییەتی، لەسەر هەوایەکی زۆر سووک و گونجانی خۆشی وشەکانی بۆ گۆرانی :
پاغی ڤیل ژۆلی مێلانکۆلی دیسی ئەنیتالی ...

Dedans Paris, Ville jolie
Un jour passant mélancolie
Je pris alliance nouvelle
A la plus gaie damoiselle
Qui soit d'ici en Italie .

D'honnêteté elle est saisie,
Et crois selon ma fantaisie
Qu'iln'en est guére de plus belle
Dedans Paris .

Je ne vous la nommerai mie
Sinon que c'est ma grand amie
Car l'alliance se fit telle,
Par un doux baiser, que j'eus delle,
Sans penser aucune infamie
Dedans Paris .

له پاریس، ئەو شارە جوانە
دەڕۆیشتم رۆژێ بە شێواوی
یارێکی نوێم بۆ خۆ گرت
جوانترین کیژێک کە هەبێت
لێرەوە و تا بە ئیتالیا .

وێنەی پاکی و راستی
و بە خەیاڵی خۆم پێم وایە
بە دەگمەن کەس لەو جوانتر هەبێت
لە پاریس .

ناوی ئازیزەکەمتان پێ ناڵێم
جگە لەوەندە کە ئەڤینی گەورەمە
چونکە دۆستایەتییەکە گرێدرا
بە ماچێکی شیرین، کە لێم سەند
بێ ئەوە بیر لە هیچ ریسواییەک بکەمەوە
لە پاریس .

بۆچی ناوی ئازیزەکەیمان پێ ناڵێت ؟ کەسانێک گوتوویانە کە مەبەستی لە شاژن " مارگێریت" بووە، " مارگێریت"ی ماچ کردووە و، نەدەکرا بیڵێت .
نازانین شاژنی بەو جۆرە ( بە ناوی یارێکی نوێ) ماچکردووە یان نا، بەڵام ئەگەر شەوێک لە شەوانی نیوەی یەکەمی سەدەی شازدە لە شاری " لیۆن"ی فەرەنسا بووینایە و پرسیاری " کلێما

مارۆ"ی شـاعیرمان بـکردایە، بمانویستایە بیبینین، لەوانەبوو بیانگوتایە هـەها هـەر ئێستا چـووە سـالۆنی پـەتکـفرۆشـە جـوانەکە، بڕۆن لەوێ بیبینن . وایان بە " لویز لابێ Louise Labé " خانمە جـوانەکەی ماڵی پـەتکـفرۆشـان دەگوت ( بە دروستکردن و فرۆشتنی پـەتک دەوڵەمەند ببوون) . پەتکـفرۆشە جوانەکە ٢٨ ساڵ لە کلێما جەوانتر بوو . ئەوجا ئەگەر بچووینایە، دەکرا جگە لە لویز خانمی شاعیر و کلێما مارۆی شاعیری میوانی، ئەم شاعیرانەشمان لەوێ بدیتنایە : موریس سێڤ Murice Scève ی هـەڤاڵی کلێما مارۆ؛ پێنج سـاڵ لە کلێما جەوانتر و " پێرنێت دو گییێ Pernette Du Guillet خانمی شـاگردی مۆریس سێڤ، نـۆزدە ساڵ لە سێڤ جەوانتر و لە چیرۆکی عیشقێکدا لەگەڵ"سێڤ"ی مامۆستایدا و، بۆ داخی گرانی سێڤ نەیدەتوانی مێردی پێبکات چونکە مێردی‌هەبوو و مێردێکی‌باشیش بوو؛ کلۆد دو تێلما Claude de Taillement پێنج سـاڵ لە سێڤ جەوانتر و، پۆنتوس دو تیار Pontus de Tyard سـێ سـاڵ لە لویـز خـانم بەتەمەنتر و ... ئیتریش .

دەکرا جوانی پەتکـفرۆش یا پەتکـفرۆشی جوان La Belle Cordière (Cordière = پەتک- دروستکەر) بە زەردەیەکی زیـرەکانە کە هـەرکەسە لای وا بوایە بۆ ئـەوە، گوتبای من بە تـەمام سبەی بە سەفەرێک لێتان دووربکەومەوە، بەڵام بۆ ئەم دوا شەوەی پێش ڕۆیشتنم پێمخۆشە گوێم لە شیعرتان بێت . ئەوسا کلێما مارۆ لە شوێنیخۆی هەڵبستایە، یا بێ‌هەستانیش، جا بۆ هەستێت ؟ هیچ، هەر وا بە دانیشتنەوە! چاوی بڕیبایەتە چاوی پەتکـفرۆش و ئەم شیعرەی خۆی بگوتایە :

Du partement d'Anne

Où allez-vous, Anne ? que je le sache,
Et m'enseignez avant que de partir
Comme ferai, afin que mon oeil cache
Le dur regret du coeur triste et martyr.

Je sais comment ; point ne faut m'avertir
Vous le prendrez, ce coeur, je le vous livre ;

L'emporterez pour le rendre délivre
Du deuil qu'aurait loin de vous en ce lieu ;
Et pour autant qu'on ne peut sans coeur vivre
Me laisserez le vôtre, et puis adieu.

بۆ رۆیشتنی ئان

بۆ کوێ دەچن، ئان ؟   تا بزانم
پێش ئەوە بڕۆن، پێمبڵێن چۆن
چی بکەم بۆ ئەوە کە چاوم بشارێتەوە
داخی گرانی دڵی خەمبار و پێکراو .
خۆ دەشزانم چۆن، چ پێویست ناکات پێمبڵێن
ئێوە ئەم دڵەم دەبەن، من خۆم دەتاندەمێ
ببیەن تا رزگاری بێت
لەو خەمەی کە لێرە لە دووری ئێوە دەیگرێت؛
بەوە کە مرۆڤ ناتوانێت بە بێ دڵ بژیت
دە تۆش دڵی خۆتم بدەیە و، ئیدی خوات لەگەڵ بێت .

پێشکەوتنی پـەخشان تا سـەدەی پازدەش زۆر سست بوو . سەدەی شازدە بە هۆی چەند شتێکەوە گورج بوو: دەمەتەقێی نێوان کاتۆلیکان و پرۆتیستانتان، کە هەر لایە دەیویست- لە جیاتی لاتین- بە گـوتار بە زمانی فەرەنسی روو بکاتە خەڵک؛ وەرگێڕان لە لاتینەوە بۆ فـەرەنسی دەکـران و، ئـەوە خوێندنەوەی بۆ خەڵک هاسانتر بوو و، فەرەنسی لێرەدا بۆ گرنگیی بۆ خوێندەواری، جێی یونانی و لاتینی دەگرتەوە . بەنموونە : ژاک ئامیۆ Jaques Amyotی وەرگێڕ(١٥١٣-١٥٩٣) "ژیانی ناوداران"ی"پلوتارخ"ی وەرگێڕایە سەر فەرەنسی(سێر تۆماس نۆرث ئەو فەرەنسییەی وەرگێڕایە سەر ئینگلیسی و " شـکسپیر" بۆ بـەرهەمی خـۆی کـەڵکی لەو وەرگێڕانە ئینگلیسـییە وەرگرت) . زۆرتـر پرۆتیستانت مەبەستیان بوو بە گوتاری زۆر(ی دیارە بە فـەرەنسی) روو لە جـەماوەر بکەن، ئـەوان سـەرەتا بە گیانێکی دیموکـراتانە روویان لە خـەڵک دەکـرد . بە گشـتی نووسین رووی لە چینیناوەند(بۆرژوا) بوو، لە کاتێکدا کە شیعر زۆرتر هەر لە دنیای ئاریستۆ- کراتاندا دەمایەوە .

## مانیفێستۆی شۆڕشی رینێسانسی فەرەنسی

## شیعر

### " لا پلێیاد"( پێروو)ی نوێ و پییێر دو رۆنسار

پییێر دو رۆنسار Pierre de Ronsard ساڵی ١٥٢٤ لە شوێنێکی " لـوار" ( ستانێکیهاوسێی ئەوەی پـاریس) لەدایکببوو . لە خزمەتی دەرباری دوک و دوای ئەویش کاربەدەستانی گەورەدا بوو و بە تـەمای وەزیفەی چـاک بوو، بـەڵام لە تەمەنی ١٩ سـاڵیدا بە تـەواوی کەڕ بوو . ئیدی لەوساوە حـەوت ساڵ لای ژان دۆرا(Jean Dorat (Daurat خەریکی خوێندنی یونانی و لاتین بوو . دۆرا سەرۆکی مامۆستایانی کۆلیجێکی گرنگ بوو کە سەدەی پێش ئەوە بە ناوی دامەزر-ێنەرەکەی " نیکۆلا کۆکیرێ Nicolas Coqueret " دامەزرابوو( ئێستا بـەشێکی سۆربـۆنـە)، دوو شـاعیری گەورەش لەوێ دەیانخوێند : ژواکیم دو بێلێ Joachim du Bellay و ئەم پییێر دو رۆنسارەش .

دوای ئـەوە، کەسـانێکی تـریش بۆ خـوێندن روویان لەوێ کرد : رێمی بێلـۆ Rémi Belleau، ئێتیەن ژۆدێل Étienne Jodelle، پۆنتوس دو تیار Pontus de Tyard . ئـەوانە لێکـکۆبوو-نەوە و، سەرەتا پێیاندەگوتن"لا بریگاد La Brigade"(تیپ)، ئەوجا دوای ئەوە کە ژان ئانتوان دو بێی Jean-Antoine de Baïf شیان رەگەڵکەوت، بە ژان دۆرای مامۆستایانەوە دەبوون بە حەوت کەس و، پێشتر ناوی" لا پلێیاد" (پێروو) بۆ کۆمەڵی حەوت شـاعیران بەکارهاتبوو، ئیتر ئەوانیش ناوی خۆیان نا " لا پلێیاد" .

هـەرچەندە شـارل-ی نـۆیەم لە دیـوەخانی خـۆیدا زۆر رێـزی لە دو رۆنسار دەگرت، بـەڵام ئیتر دوای مەرگی پادشا، لە دێرێک گۆشەگیر بوو، تا کۆچیدوایی لە ١٥٨٥.

سـاڵی ١٥٤٩-١٥٥٠ " ژواکیم دو بێلێ Joachim du Bellay " " مانیفێستۆ"ی شۆڕشی بـەم ناونیشانە بڵاوکردەوە : " بەرگری لێکردن و روونکردنەوەی زمانی فەرەنسی - ١٥٤٩

" La Défense et illustration de la langue française 1549 "

مانیفێسـتۆ هێرشـێکی زۆری کـردووەتـە سـەر ئـەوانەی خـۆ بـە وشـەی رەقـی لاتیـن و یـونـانی

دەبەستنەوە و، بە کەم دەڕواننە وشەی زمانی کە گەلی فەرەنسا قسەی پێدەکات . دەڵێت :

بۆ وشە و زاراوە، کەڵک وەرگرتن لە وشە و زاراوەی لاتین و یونانی بەجێیخۆی، بـەڵام کە ئێمە دەمانەوێت زمانی فەرەنسی بـگەیەنینە ئـاستی یـونانی و لاتین، دەبێت بە چەندین شێوە دەوڵەمەندی بکەین، بە وەرگرتنی وشە و زاراوە لە فەرەنسییکۆن، لە شـێوازە جیاوازەکانی زمانی فـەرەنسی، لە وشـە و زاراوەی کە هـونـەرمەندان و زانایان لە کارەکانیاندا بەکاریاندەهێنن .

بۆ شیعر : quels genres de poèmes doit élire le poèt françois

دەبێت شاعیری فەرەنسی چ جۆرە شیعرێک هەڵبژێرێت

دەبێت بەتەواوی واز بهێنێت لە " رۆندۆ" و بالاد" و" ڤیرلێ"، سـێ شێوەی شیعری کە بە ئـوسـووڵ و قانوونی دیارکراو، بە تەرجیعبەندێک، لە نێوان سـەدەی سێزدە و پـازدەدا بە شێوەیەک بـاو بوون ( کە هێندێک لەوانە لە سەدەکانی دواتردا بە شێوەی تر سـەر هـەڵدەهێننەوە) و " گۆرانیی شـاهانی" ( جۆرێک شیعری بـالاد بـەڵام بە قـانوونی پێنج جار یـازدە دێڕ بە قـافیەیەکی دیـارکراو یا حـەوت جـار یـازدە دێڕ بە قـافیەیەکی تری دیـار کراو ... ئیدی) ... واز لەو épiceries یە بهێنن ( ئـەدویەی عەتتار، زەردەچێوە و بیبار و ئەو شتانە؛ لێرەدا واتە : شتی بێقیمەت).

لەوێدا بەنموونە ( بە رێنووسی ئەوسا) دەخوێنینەوە :

… choysi moy quelque un de ces beaux vieux Romans Françoys, comme un Lancelot or Tristan, ou autres; et en fey renaitre au monde une admirable Iliad, et laborieuse Enéide

یەکێک لەو رۆمانە فەرەنسییە کۆنە جوانانەم بۆ هەڵبژێرە، وەک لانسلۆیەک (ی ئارثەری) یا تریستا، یا ئیدی و، با " ئیلیاد"ێکی لەبەردڵان و شاکارێکی " ئێنیاد" لە دنیادا لەدایکببێتەوە .

هـەرچەندە ئەوە لێرەدا لاسـاکردنەوەی کاری کەسانێکی کۆنـی هاندەدا و، دیارە لاساکردنەوە و

خەلاقیەت دوو شتی جیاوازن، بەڵام ئەگەر بە عەفەویەت بوو بێت یان هەرچۆن، بەوە کە ئەوانە رووحی" فەرەنسێتی "یان زۆر بووە، وەک لە مانیفێستۆکەدا دەبینین وێرای باسی شکۆی شاعیر، دەڵێت :

… immortelle gloir, honneur de la France

شکۆی نەمر (ی شاعیر)، شەرافەتی فەرەنسا

ئەوا لە هەموو بارێکدا، رووحێکی فەرەنسی تا دەهات لەو شیعرانەدا پتر دیار دەبوو .

کاتێک یەکەم بەرگی دیوانی دو رۆنسار ساڵی١٥٥٠بە ناوی Odes(شیعری گۆرانی) دەرچوو، بۆ خەڵک نوێ بوو، پێیڕانەهاتبوون، ئیدی خەڵکێک دژی بوون، بەڵام ئەوە لە ناو شاعیرانی هاودەمیدا بە یەکەم هەنگاوی گرنگ لە مەیدانی شیعری نوێدا سەیر دەکرا و بە"دو رۆنسار"یان دەگوت : میری شاعیران .




ئەم لەوحە ئێستا لە زانکۆی سۆربۆن بە دیواری بینایەتێکەوەیە، لەسەری نووسراوە :
لێرە بوو کۆلیجی کۆکیرێ کە ژواکیم دو بێلێ " بەرگری لێکردن و روونکردنەوەی زمانی فەرەنسی"ی نووسی و لەگەڵ پییێر دو رۆنساردا دەرسیان لای دۆرا خوێند .

شیعرێکی " ژواکیم دو بێلێ " (١٥٢٢-١٥٦٠)، کە لە کاتی شەنکردنی خەڵەدا لەگەڵ بایەکان دەدوێت، وەک کە لە ئەفسانەکاندا زۆرن و ناویان پێوەندییان بە خودایانێکەوە هەیە، رووی شیعری لە " پۆلێک لە بایان " دەکات :

D’un vanneur de blé aux vents

A vous, troupe légère,
Qui d'aile passagère
Par le monde volez,
Et d'un sifflant murmure
L'ombrageuse verdure
Doucement ébranlez,

J'offre ces violettes,
Ces lis et ces fleurettes,
Et ces roses ici,
Ces vermeillettes roses,
Tout fraîchement écloses,
Et ces oeillets aussi.

De votre douce haleine
Éventez cette plaine,
Éventez ce séjour,
Cependant que j'ahanne
A mon blé que je vanne
A la chaleur du jour.

لە شەنكەرێكی گەنمەوە بۆ بایان

بۆ ئێوە، ئەی پۆلی لەشسووكان
كە بە باڵی ڕێبواری
بە دنیادا دەفڕن
و بە ورتەیەكی بە سرتە سرت
سەوزایی بە سێبەر
بە نەرمی دەلەرێنن

پێشكەشتان دەكەم ئەم وەنەوشانە
ئەم لیلوپەڕ و گوڵە وردیلانە
و ئەم گوڵەباخانەش لێرە
گوڵەباخی ئاڵ
هەموو تازە پشكوتوون
ها ئەم گوڵە مێخەكەش

بە هەناسەی نەرمی خۆتان
ئەم دەشتە باوەشێن كەن
باوەشێن كەن ئەم هەوارگەیە
لە كاتیكدا كە  من بە رەنج هەناسە دەدەم
بەسەر ئەو گەنمەمدا كە شەنیدەكەم
لە گەرمای رۆژدا .

ئەمەش شیعرێکی" پییێر دو رۆنسار" (١٥٢٤-١٥٨٥)، پارچەیەک لە شیعرەکانی " سۆنێتان بۆ هێلێن "ی ١٥٧٨ی، کە وادیارە تێدا وەسیەتێکی دڵسۆزانە بۆ خۆشـەویستی دەکات کە لە جیاتی خەمی مەرگی ئـەو و نقومبوون لە رابردوودا، هەر لەحزەیە لە لەحزەکانی ئەوسای پیریی خۆی بژیت :

**Quand vous serez bien vieille**

Quand vous serez bien vieille, au soir, à la chandelle,
Assise auprès du feu, dévidant et filant,
Direz, chantant mes vers, en vous émerveillant :
Ronsard me célébrait du temps que j'étais belle.

Lors, vous n'aurez servante oyant telle nouvelle,
Déjà sous le labeur à demi sommeillant,
Qui au bruit de mon nom ne s'aille réveillant,
Bénissant votre nom de louange immortelle.

Je serai sous la terre et fantôme sans os :
Par les ombres myrteux je prendrai mon repos :
Vous serez au foyer une vieille accroupie,

Regrettant mon amour et votre fier dédain.
Vivez, si m'en croyez, n'attendez à demain :
Cueillez dès aujourd'hui les roses de la vie.

**كە تەواو پیر دەبێت**

كە تەواو پیر دەبیت، ئێوارە، لەبەر رووناكیی شەمێک
لە پەنای ئاگر دادەنیشیت، خەریكی رستن و هەڵكردن دەبیت،
شیعرەكانم ، لە بەرخۆتەوە، بە سەرسامی، بە گۆرانی دەڵێیت :
رۆنسار، رۆژگارێک كە جوان بووم، پێیەهەڵدەگوتم .

كە ئەوسا ئیتر كارەكەرێكت نابێت ئەوەی بەر گوێ كەوێت
هەشبێت، وا ماندووی كار و نیوە خەوتووە
بیستنی ناوی من لێت هیچ وە ئاگای ناهێنێت
تا هەستێت و بێكۆتایی پێت هەڵبلێت .

من لە ژێر گڵ دەبم و رووحێكی بێ ئێسک
لە بەر سێبەری گوڵە مۆرتكان وەردەكەوم
تۆ پیرێكی پشتكووڕ لە پەنا ئاگردان،
دە خەمی یادی ئەڤینی من و فیز و بێباكییەكەی خۆتدا .

بژی، بڕوام پێبكە، چاوەڕێی سبەینێ مەكە
گوڵەباخەكانی ئەمڕۆی ژیان بچنە .

---

شیعرێكی ئینگلیسی لە ژێر تەئسیری ئەوەدا :
" ویلیەم بەتلەر ییتس"ی ئیرلەندیی شاعیری ئینگلیسی ١٨٦٥-١٩٣٩، چوار جار - بێ هوودە - داوا لە" مۆد گۆن"خانم دەكات مێردی پێ بكات، خانم نایەوێت و، مێرد بە كەسێكی تر دەكات . دوای جیابوونەوە لە مێردی، لەگەڵ شاعیردا دەگەنەوە یەكتر، بەڵام دوای چی ؟ هەر وەک ←

لە دەرەوەی ئەو ناوانەی لا پلێیادی کە باسکران، شاعیرێکیفەرەنسیی تریش بە هەمان رێبازی دو رۆنسار و هەڤالانی " لە رووی شـکڵەوە"، نیوەی دووەمی سەدەی شازدە و سەدەی حەڤدەش ئێجگار زۆر بەناوبانگ بوو، بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە، بە پێچەوانەی ئەوان زۆر ئاینی بوو : دو بارتاس Guillaume de Salluste Du Bartas ( ١٥٤٤-١٥٩٠)، کە تـەئسیری بە سەر شاعیرانێکی فەرەنسی و ئینگلیس و تەنانەت ئەڵمانیشدا هەبووە .

شـاعیرێکی تـری فـەرەنسیی ناوداری ئەو سەردەمە : Théodore-Agrippa d’Aubigné دۆبینیێ ( ١٥٥٢-١٦٣٠)، کێشـەی مـەزهەبیی بـاوکی پـرۆتیسـتانتی بە میرات بـەرکـەوتووە و درێژەی پێداوە . کۆتایی ژیانی پڕ لە کێشە و چەرمەسەری لە سویسرا بووە .

---

→ بیانەوێت بە شێوەیەک بە زۆر رێک بکەون، کە دیارە سەر ناگرێت ...

ئەم ژیانە کورتە دەکرێت بە دەست دڵەوە چەندە ئاڵۆز ببێت!

وا دیارە کاتێک مۆد خانم مێردی کردووە، ییتس ئەم شیعرەی داناوە :

**William Butler Yeats**

**When You Are Old**

When you are old and grey and full of sleep,
And nodding by the fire, take down this book,
And slowly read, and dream of the soft look
Your eyes had once, and of their shadows deep;

How many loved your moments of glad grace,
And loved your beauty with love false or true,
But one man loved the pilgrim soul in you,
And loved the sorrows of your changing face;

And bending down beside the glowing bars,
Murmur, a little sadly, how Love fled
And paced upon the mountains overhead
And hid his face amid a crowd of stars.

←

" پێروو" داوای گۆڕینی تیاتری دەکرد : واز لە درامای کە تا ئەوسا باو بوو بهێنن : " سۆتـی" (بە ئەسڵ لە ئاهەنگی کارناڤاڵەوە هاتبوو : کەسێک بە عەبایەک و کڵاوێکی بە شکڵی دوو گوێی کەرەوە لە سەر شانۆ خەڵکی وەپێکەنین دەخست)، فارس ( جۆرێک فشقیاتی بێ نـاوەرۆک هەر بو وەپێکەنین خستن)، مۆرالتێ ( شتی رەمزیی پـەندی ئەخلاقی)، باسی موعجیزات و باسانێکی

-----------------------------------------------------

← **ویلیەم بەتلەر ییتس**

**کە پیر دەبیت**

کە پیر دەبیت، سەرت سپی و، ئەوەندە خەواڵوویت
لای ئاگردان وەنەوز دەدەیت، ئەم کتێبە بێنە
لەسەرەخۆ بیخوێنەوە و، بە خەون ببینە : جارێک
چاوت چ نەرمیان دەنۆڕی و سێبەریان چ قووڵ

چەند کەس شەیدای جوانیی شادت بوون
ئەڤینداری راستی جوانیت بوون، یا ناڕاست
بەڵام یەک پیاو شەیدای رووحی رەوەندی تۆ بوو
و خەمگینیی گۆڕانی رووی تۆی خۆشدەویست

سەرت داخە، لە پەنا شیشی سوورەوەبووی ئاگردانت
ببۆڵێنە، هێندێک خەمبار، ئەڤین چۆن رۆیشت
بەسەر ئەو شاخانەوە لەوسەرەوە، ئاوا بوو و
رووی خۆی لە ناو ئاپۆڕەی ئەستێراندا شاردەوە .

تەورات و ئینجیل .

لە نیوەی یەکەمی سەدەی‌شازدەوە، وەرگێرانی درامای یونانی و لاتین هەبوون، کە خوێندکارانی زانکۆ لەسەر شانۆ پێشکەشیان دەکردن .

" قوربانیی ئیبراهیم Abraham Sacrifiant"(١٥٤٧) ی" Théodore du Bèze تیۆدۆر دو بێز"( یا : بێزا )ی نووسەر و زانا و شاگرد و جێگرەوەی کالڤن ( لە جنێڤ) بە یەکەم درامای فەرەنسی دادەنرێت(پێشتر یا بە لاتین بوون یا کەسێک بێ تێکستی نووسراو لەسەر شانۆ بووە) .

بەڵام ئەوەی بناغەی درامای نوێی تراژیدیی فەرەنسیی سەردەمی خۆی و بۆ سێ سەدەی دوای خۆی دانا بریتی بوو لە " ئێتیەن ژۆدێل Étienne Jodelle " (١٥٣٢-١٥٧٣)ی شاعیر و درامانووس : چەند تراژیدیی سێنێکایی : کلیۆپاترای گیراو ١٥٥٢، دیدۆ(ی قرطاجە) کە خۆی دەکوژێت( ١٥٥٥؟)؛ " کۆمێدیی ئوژێن Eugène"یش (١٥٥٢)، بەڵام کەمتر گرنگ و ئەو تەئسیرەی بۆ دوای سەردەمی خۆی نەبوو .

بە دووی ئەودا، Robert Garnier رۆبێر گارنیە ( ١٥٤٤-١٥٩٠) ی شاعیر و درامانووس، کە هێشتا خوێندکار بوو(١٥٦٥) خەڵاتی " ئاکادیمیی یاریی گوڵان"ی وەرگرت .

ئەوجا " پییێر دو لاریڤێ Pierre de Larivey"ی لە باوکێکی ئیتالی، کە عونسوری"intrigue دەهۆ" ی کۆمێدیی ئیتالی‌ی خستە کۆمێدیی فەرەنسییەوە ( بە نموونەی " کۆمێدیی ئینتریگ " لە ئەدەبیاتی ئینگلیسدا : The Comedy of Errors ی شکسپیر) .

## فرانسوا رابلێ François Rabelais (١٤٨٣یا١٤٩٤-١٥٥٣)   -٧٧-



رابلێ، ئەمە بە رەسمێکی راستەقینەی دادەنرێت

رابلێ، سەرەتای کارەکانی ژیانی، بوو بە کەشەیەکی فرانسیسکانی، بەڵام زۆرتر بیر و هەستی لای ئەدەبیاتیکلاسیکییونانی بوو، بەتایبەتی دیارە چەندە لە ژێر تەئسیری کۆمێدیای ئاریستۆفا-نێس و ساتیری لوسیان‌دا بووە . کەشە و کاهینانی تری کلیسا بە خێسەیەکەوە لێیان‌دەڕوانی، هەر وەک بیانەوێت بڵێن : هاها بەخوا دیارە ئەوە هۆگری دنیای بتپەرستانە . ئیتر کە فرانسیسکانی، دوای گوتارێکی ئێرازموس لە بارەی ئینجیلی یونانی، زمانی یونانییان هەر لای خۆیان قەدەغە کرد، رابلێ وازی لێ هێنان و، ماوەیەک لە دێرێک بوو .

رابلێ، هەر رۆژە لە دڵی خۆیدا پتر دەیدیت کە بە هەڵە خۆی خستبووە دنیای خەڵکێکی ئەحمەق و بێمێشکەوە . لە نەتیجەدا، هەر وازی لە کەشەیەتی هێنا و، وێڕای خوێندنی زمانناسی و قانوون، حەواسی زۆر لای خوێندنی بژیشکی بوو و، بوو بە بژیشکێکی زۆر چاک و بە مامۆستای بژیشکی، ناوی بەوە دەرکرد . بەڵام لەو بەینەشدا بە ئەوەندە کاتێکی کە لە کارەکانی بۆی دەمایەوە، هێندێکی لە کتێبێکی دەنووسی . تا، بە شێوەیەکی پچڕ- پچڕ بە دڵنیایی چوار بەرگی لێ نووسی و، دوای ژیانیخۆی بەرگی پێنجەمیش دەرچوو بەڵام قسەی لەسەر هەیە ئایا نووسینی خۆی بووە یا چی .

رابلێ، لەسەر نووسینی، بەهۆی رۆشنبیرییەوە، تووشی چەرمەسەری و چەوسانەوەی زۆر بوو و، " ژان دو بێلێ" (ئامۆزایەکی شاعیری ناوداری رینێسانس ژواکیم دو بێلێ) کە کاردینال بوو زۆر یـارمەتیی دا تا بە تـاوانی کافر بوون سەری تێدا نـەچێت . فرانسیس-ی یـەکەمی پادشاش، پشتیگرت، بەڵام دوای مەرگی فرانسیس دیسان گلۆڵەی کەوتە لێژی، تەنانەت فرۆشتنی بەرگی چوارەمی کتێبەکەی قەدەغە کرا .

بـەرگی یەکەمی کتێبەکەی، لە جیاتی ناوی ئاشکرای خۆی، بە ناوی Alcofribas Nasier کە ئاناگرامی ناوەکەی خۆیەتی( شوێنی پیتەکانی ناوەکەی گۆڕیوە)، سـاڵی ١٥٣٢ بە ئەم نـاونیشانە دوورودرێژە بڵاوکردەوە :

Les horribles et épouvantables faits et prouesses du très renommé géant Pantagruel, Roi des Dispodes, fils du Grand Géant Gargantua.

کار و کردارە ترسناک و تۆقێنەرەکانی فیلەتەنی بەناوبانگ پانتاگروێل، پادشای دیسپۆدەکان، کوڕی فیلەتەنی گەورە گارگانتوا .

بەرگی دووەم ( بە ناوی روون و ئاشکرای خۆی)ساڵی ١٥٣٤ بەم ناونیشانە دەرچوو :

Gargantua ( La vie très horrifique du grand Gargantua, père de Pantagruel, fils de Grandgousier) -

گارگانتوا ( ژیانی زۆر ترسناکی گارگانتوای گەورە، باوکی پانتاگروێل، کوڕی گراندگوزییێ ) .

کاهینانی کلیسـا و دێر، کە دیتیان ئەو کتێبانە چ سـاتیری تیژی دژی ئەوان بوون، دیارە زۆریان پێ تـووڕە بوون، سۆربۆن ١٥٤٣ و کلیسای کاتۆلیکی رۆماش ١٥٤٥ بە رەسمی مەحکوومیان کردن .

ئەوجا : Le tiers livre des faicts et dicts héroïques du bon Pantagruel -

کتێبی سێیەمی کرداران و قسەی قارەمانانەی پانتاگروێلی چاک -١٥٤٦ .

چوارەم :

Le quart livre des faicts et dicts héroïques du bon Pantagruel -

کتێبی چوارەمی کرداران و قسەی قارەمانانەی پانتاگروێلی چاک - ١٥٥٢ ( کە فرۆشتنی قەدەغە کرا، ئەوە ساڵی پێش کۆچی دوایی بوو ) .

یازدە ساڵ دوای کۆچی دوایی، شتێکیش بە ئەم ناونیشانە دەرچوو :

Le cinquiesme et dernier livre des faicts et dicts héroïques du bon Pantagruel -

کتێبی پێنجەم و دوایینی کرداران و قسەی قارەمانانەی پانتاگروێلی چاک - ١٥٦٤ ( کە زۆر قسەی لەسەر هەیە، ئایا هەمووی یا چەندی راستە نووسینی خۆی بووە ؟ ) .

کاتێک من ئەو کتێبە گەورەیە سەیر دەکەم، هەر یەکەم فەسڵی یەکەم بەرگی دەبینم کە ٥٨ بەشە، وا هەست دەکەم کە وا چوومەتە ناو ئەشکەوتێکی جادووگەران، وەک سیلڤادۆر دالی کێشابێتی، دەرچوونی لێ نیە، هەمووشت و هەموو کەسی تێدایە، لە سوقراتەوە تا ئەو هەمووە ئەفسانەیەی یونان و رۆمان و تا بە هەرچی لە کتێباندا هەبووە، بەڵام هیچیشی وەکو کە هەبووە نیە .
یەک دنیا رەمزی سوریالیی ساتیر کە ئێجگار زۆر سامناک و، هێندێک جار چەپەڵ و هێندێک جار پیرۆز کە قێز لە فەرهەنگی چینایەتی و دروستکردنی ئاینان و خودایانی سەر زەوی دەکاتەوە : نەژادی فیلەتەنان(لە فۆلکلۆری فەرەنسی): "خۆ ئێمە چووزانین ئەسڵی نەژادی ئەوانە چی بووە، دەکرێت چەرچی بووبن و ئێستا پادشا و کاردینال و چی و چی بن و، دەشکرێت چەرچییەکی ئەمڕۆ لە نەژادی پادشایەک بێت ".
فیلەتەن هەر دەخۆن و دەخۆنەوە، دیارە دەمیان بۆ زۆرخواردن زۆر زلە، تەنانەت لە قۆناغێکدا

کەسێک دەچێت چەند مانگێک لە دەمی یەکێکیاندا دەگەڕێت تا بزانێت لە دنیای دەمیدا چ باسە . ژنی فیلەتەن، یازدە مانگ دووگیان دەبێت ئەوجا لە ئاهەنگی کۆڕی خواردنەوەدا کوڕ لەدایک-دەبێت، بەڵام نەک وەکو منداڵی تر، چونکە دایک ریخۆڵەی زۆری خواردووە، منداڵ لە گوێی چەپیدایکییەوە دەردەچێت. کوڕ(گارگانتوا)، هەر کە سەری لە گوێ دەردەهێنێت هاوار دەکات : خواردنەوە خواردنەوە ...

تا تەمەنی پێنج ساڵی هەر دەخوا و دەخواتەوە و دەخەوێت و هیچی تر .



گارگانتوا بە خەیاڵی" گوستاف دۆرێ "ی فەرەنسی(١٨٣٢-١٨٨٣)

بۆ خوێندن، کە وێ ناچێت بتوانێت باش فێر ببێت، تا پتر دەخوێنێت بێعەقڵتر دەبێت، باوکی لە دواییدا دەینێرێتە پاریس .

پانتاگروێل لە پاریس شادە، بەڵام باوکی لە دووی دەنێرێت کە بگەڕێتەوە لای خۆی، چونکە پیکرۆشۆلPicrocholle (واتە: زەرداوە تاڵ)شای دیسپۆدییەکان چووەتە سەر شاری ئامۆرۆت ( پایتەختی" یوتۆپیا "ی تۆماس مۆر- ١٥١٦) . گارگانتوا بە فێڵ و دەهۆ و هێز و بە میزکردن ئامۆرۆت رزگار دەکات و، ئەمجارە ئەو دەچێتە سەر شارەکانی دوژمن و بە زمان پەلاماریان دەدات ... ئەو شەڕوشۆرە لەسەرچی ؟ کۆڵێک تورەهاتی نێوان پادشایان، کە بەوە یەکێک لە هەزاران وشە و زاراوەی کە ئەم کتێبە خستوونییەتە زمانی فەرەنسییەوە دەبینین : guerre picrocholine ( شەڕی پیکرۆکۆلی)، شەڕێک لە سەر شتێکی نادیار، یا لە سەر شتێکی بێ-قیمەت .

ژنی گارگانتوا، بەسەر بوونی کوڕەکەیەوە(پانتاگرویل) دەمرێت . گارگانتواش دوایی کوڕەکەی بۆ خوێندن دەنێرێتە پاریس، تا لەوێ قانوون و بژیشکی بخوێنێت . لە پاریس لەگەڵ "Panurge پانورژ"دا دەبن بە هەڤاڵ .

دوو هەڤاڵ باسی ژنهێنانی پانورژ دەکەن، واز لە عەییاشی بهێنێت و ژن بهێنێت یان نا .

پانورژ بڕیار دەدات بچێت پرس بە " شووشەی پیرۆز" بکەن : Bacbuk بەقبووق ( بە عیبری واتە : شووشە، بوتڵ) . گەشت بە دەریادا بۆ چوونە لای " شووشەی پیرۆز" دەستپێدەکات، ئیتر لێرەدا، بەرگی پێنجەم، چیرۆکی دوور و درێژی وەک ئەوانەی " لوسیان"ی کە بە ساتیر لاسای هۆمێرۆس دەکاتەوە دەبینین، دەگەنە فلانە زەوی و کەشتییەکان بە تەقەیتۆپ پێشوازییان لێ دەکەن و پانورژ خۆی پیس دەکات .

لە بەرگی پێنجەمدا : لە فلانە دوڕگە باڵندەکان نەریتی پەیژەی کلیسای کاتۆلیکیان هەیە؛ خەڵکی فلانە دوڕگە قەڵەون و پێستی خۆیان دەبڕن تا چەوریی لێ دەرچێت؛ لە فلانە دوڕگە پشیلەی بە کەوڵی قانوون دەیانگرن و تا مەتەڵ هەڵنەهێنن بەریان نادەن؛ لە فلانە دوڕگە پارێزەرانی قانوو-نی بە دەعوای کە لەکەیەوە نەبڕاونەتەوە خەریکن؛ دوڕگەی شاژنیی هەوەس، دێری بە فرە-لەرزی جنسی و فیل و دێو و درنج ... تا دەگەنە ئەو شوێنەی شووشەی پیرۆز، کە شووشە هەر یەک شت دەڵێت : " trinc ترینک "، ئیتر دوای خواردنەوەی دەقی نووسینێکی شلە ( ئاو) لە کتێبی تەفسیر، پانورژ بڕیار دەدات کە دەبێت بە زووترین کات ژن بهێنێت .



شووشەی پیرۆز کە دەڵێت : ترینک!

کتێب لە ڕووی زمانەوە، لافاوێکە لە مێژووی زمانیفەرەنسیدا، یا تۆ بڵێ بوومەلەرزەیەکە . کە دەڵێن شـکسپیر ١٧٠٠ وشەی خۆی خستووەتە زمانی ئینگلیسییەوە، ئەوا بۆ ڕابلێ باسی ژمارەی ئێجگار زۆر پتری وشـە دەکرێت کە ئـەو خستبنییە زمـانی فـەرەنسییەوە، کە هێندێکیان لەوەوە کەوتوونەتە زمانانی تریشەوە، بەنموونە : " ئەنسیکلۆپێدی" . خـەڵکێک پێش ئـەو enkyklios paideia ی یونانییان بە " ئینسکلۆپێدی"( یا شتێکی وەها) گوتووە، ئـەو ئەویشی وەکو هەزاران وشـەی تر بەو شـێوەیەی کە لە دەمی خـەڵکی بیستووە، خستووەتە نـووسـینییەوە، تۆ بـڵێ لەوەدا وەکو چارلز دیکنزی دواتریئینگلیسی کردووە بەڵام ئەوەی ڕابلێ بە جۆرێک بوون کە بوون بە بەشێک لە زمانی ستانداری نووسین . تەنانەت هێندێک وشەی زۆر ئاسایی، بە هۆی ئەم کتێبەی ئەوەوە شوێنێکیتایبەتیان لای فەرەنسییەکان گرتووە، بەنموونە : بۆ خواردنەوە! بۆخواردنەوە! À boire! À boire! ( هاواری گارگانتوا کاتێک لەدایک بوو ) .

ڤۆلتێر کتێبەکە بە " وەعزێک لە دژی دین " باسدەکات . تـەبیعەتی سـوریالیی کتێبەکە، بە ئەو هـەمووە وێنە سـەیرانەوە، زمانە سـەیرەوە، وەک من بە ئەشکەوتی جادووگەرانی دەبینم، بەشی زۆر کتێبان تـەفسیر هـەڵدەگرێت . حـەتمەن لە ڕیزی یـەکەم ڕۆمانەکانی مرۆڤە لە سەرتاسەری مێژوودا . ئـەگەر کەسێک هەبێت بڵێت : لە نێوان دۆنکیخۆتێ (دۆنکیشۆت) و کارێکی شکسپیر و ئەم کتێبەدا، من ئەم کتێبە بە بەرزترین بەرهەمی ئەدەبیاتی مرۆڤ دادەنێم، من هیچ پێم سـەیر نابێت، هەڵبژاردن لێرەدا زۆر هاسان نیە .

## میشێل دو مۆنتێنیه (١٥٣٣-١٥٩٢)، گوتاران

Michel de Montaigne, Essais



میشێل دو مۆنتێنیه

نـووسینی" گوتار، مەقال"ی فەرەنسی بە قەڵەمی دو مۆنتێنیه، نووسەری گەورەی فەرەنسی، بۆ جاری‌یەکەم بە لقێکی تەواو سەربەخۆ و گرنگ لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا ناسرا .

دو مۆنتێنیه، دوای خوێندنی‌قانوون، ماوەیەک لە دەستگای دادوەری وەزیفەی هەبووە، بەلام هیچ پێی شاد نەبووە. ساڵانێک خۆی لە کۆشکەکەیدا، کە دەوڵەمەند بووە، گۆشەگیرکردووە و زۆری خوێندووەتەوە و بیری کردووەتەوە و لێکۆڵیوەتەوە .

هەڤاڵەتیی لەگەڵ" ئێتیەن دو لا بۆیێتی Étienne de la Boétie "ی نووسەردا(١٥٣٠-١٥٦٣) زۆر بەناوبانگ بووە، دو مۆنتێنیه ئێجگار زۆری خۆش‌ویستووە .

دو مۆنتێنیه هەر بۆ زەوقی‌خۆی، بە ئەوپەڕی عەفەویەت، دوور لە خۆ بەستنەوە بە هەر شتێک جگە لەوەی کە خۆی بیری بۆچووە، نووسیویە . شەخسیەتی خۆی بە ئـەمانەت خۆی دەربڕیوە، ویستوویە وەڵامی ئەو پرسیارەی‌خۆی بداتەوە : من چی دەزانم ؟ ?Que sçay-je . دو مۆنتێنیه ١٠٧گوتاری نووسیون و بە سێ بەرگی کتێب بە ناوی" گوتاران Essais" بڵاوی‌کردوونەتەوە،

بەرگی یەکەم و دووەم ساڵی١٥٨٠ و سێیەکەمە ١٥٨٨." گوتاران"ی درێژ و کورت و بابەتانی جیاواز، بەنموونە :

خەڵک بە رێگەی جیاواز دەگەنە هەمان ئامانج، لەبارەی خەم و خەمباری، عاتیفەمان بۆ لە خۆمان ئـەولاتر دەبات، نیاز قازیی کـردارمانە، لە بارەی درۆزنان، مەراسیمی قسەکردن لەگەڵ شازادان، لە بارەی ترس، مرۆڤی مرۆڤخۆر، خەیاڵ، تـەنیایی، بۆن، کتێب، خەو، هەڤاڵەتی، توورەیی، هەمووشتێک وەرزی خۆی هەیە ...

ئەو گوتارانە تـەئسیری زۆریان بە سەر زۆر لە نووسەراندا هەبووە : ڤۆلتێر، رووسۆ، مارکس، هیوم، داروین، نیتچە و چـەندانی تـر . " فرانسیس بێکەن Francis Bacon "ی فـەیلەسـووفی ئینگلیس هەوڵێکی لاساکردنەوەی داوە، ئەویش"گوتاران Essays"ێکیخۆی نووسیوە(١٥٩٦). گوتاران، بەتایبەتی زۆر سەرنجی فرۆید و هۆگرانی سایکۆلۆجی و پەروەردەی راکێشاوە :

بەنموونە، رەخنەی هەم لە کەرەستەی خوێندن و هەم لە شێوەی پێخوێندن هەبوون :

لەبەرکردنی ئەوەی دە کتێبدا بوو و، دانانی ئەوە بە حەقیقەت چونکە کتێب وا دەڵێت و، نـەخستنە بـەرپرسیار و ... شێوەکانی خوێندنی سـەردەمی بە گشتی قـەبووڵ نـەبوون . ویستوویە کە دەرس لە پرسیاری خوێندکارەوە دەست پێبکات، ئەوجا گوێ لە بەڵگەی خوێندکار بگیرێـت و، خـوێندکاران لە قسـە و لێکۆڵینەوەی خۆیان فێر ببن، نـەک هەر ئەوە کە وەک تووتی قسەی کتێب لەبەر بکەن .

# ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی حەڤدە

## سەدەی مەرکەزییەت

سەدەی حەڤدە، کۆڕی بە ناوی" سالۆن"ی ئەدەبی، لە زۆر گۆشە و کەناری پاریس هەبوون، هەر دەستەیە، یا هەرکەسە بە شێوەی خۆی تێدا چالاک بوو . لەوانە، خانمێک بە ناوی " مادلێن دو سکودێریScudéry"(١٦٠٧-١٧٠١)، کە براکەشی(ژۆرژ)نووسەر بوو و سەرەتا شتی بە ناوی براکەی بڵاودەکردەوە،١٦٤٠سالۆنی ئەدەبییخۆی(کۆمەڵەی شەممە La Société du Samedi) کردەوە . خانمێکی تر:"کاترین دو ڤیڤۆن Catherine de Vivone"ی فەرەنسی(١٥٨٨-١٦٥٥، بە ئەسڵ ئیتالی)، ژنی مارکیزی"رامبوویێ Rambouillet"(شوێنێکی سەرووی پاریس)، زۆر دیار بوو، کە چوو لە هوتێلێکی پاریس، هوتێل Pisan، سالۆنی خۆی دامەزراند و، شاعیران و نووسەرانی زۆر دەچوونە سالۆنەکەی و باسی زمان و ئەدەبیاتیان تێدا دەکرد. ئیتر هوتێلیش ناوی هەر بوو بە هوتێلی رامبوویێ. خانمێکی تر: مادام دۆلنوا d’Aulnoy(١٦٥٠یا١٦٥١- ١٧٠٥). ئەوانە بە ناوی" هێژایی، بەنرخی Préciosité "یەکان دەناسران، کە وشەی زۆر - وەک بڵێیت - تەمتەراق و قەڵەمی و ئەو شتانەیان زۆر دادەتاشی تا دەربکەون چەند گرنگن ( دوایی مۆلیێر دەبینین چۆن گاڵتەیان پێ دەکات)، بەڵام هێندێک وشە و زاراوەش لە قامووسی فەرەنسیدا تووش دەبین کە بۆ سەرچاوەکەی بەنموونە دەڵێت : لە سالۆنی مادام رامبوویێ .

کاردینالێکی بلیمەتی ریشیلیو( ئارما ژان دو پلێسی)، سەرەکوەزیرانی" لویی سێزدە "ی پادشای ئەوسای فەرەنسا، کە دەیزانی چۆن"مەرکەزییەت"ی دەسەڵاتی پادشا لە فەرەنسا بسەپێنێت،ساڵی ١٦٣٥ بۆ ئیحتیواکردنی ئەو دەنگە جیاوازانە و بەستنەوەیان بە یەک دەسەڵاتی مەرکەزیی بڕیار لەبارەی زمان و ئەدەبیات،" ئاکادیمی فەرەنسی"ی دامەزراند( بە پێشنیاری شاعیرێک کە دیارە ئیتر دەبێت بە ئەندامێکی گرنگی : " François Le Metel De Boisrobert فرانسوا لو میتێل دو بوارۆبێر" (١٥٩٢-١٦٦٢) . " ریشیلیو Richelieu "( بۆ کورتکردنەوە) ساڵی پێش ئەوە (١٦٣٤) پێنج شاعیری بۆ داهێنانی شانۆی " پاکیزەیی، فەزیلەت " کۆکردنەوە ( Les Cinq Auteurs پێنج دانەرەکان) : ئەم"بوارۆبێر"ە و چوارەکەی تر: رۆترووRotrou (گرنگترینیان)، تۆما ( برای پییێر) کۆرنێی Corneille، کۆلتێ Colletet، (کلۆد) دو لێستوال de L’Estoile .

لێدانی دەســەڵاتی فیۆداڵان و هــەوڵی ســەپــاندنی مەرکەزییەت لە فەرەنسـا، وەک پێشتر گـوترا، لە سەردەمی فرانسیس-ی یەکەمەوە لەبەرچاو بوو، بەڵام ئەوە لە سەردەمی لویی سێزدە و ریشیلوی سەرەکـوەزیرانیدا بوو کە هەنگاوی زۆر گەورەی نا .

ریشیلو ساڵی١٦٤٢ مرد و، لەسەر راسپاردە و وەسیەتی خۆی، کاردینال"مازارین Mazarin"ی ئیتالی(بە شێوە فەرەنسییەکەی : مازارا) شوێنیگرتەوە .

بـەڵام لویی سێزدەش ساڵی دوای ئەوە (١٦٤٣) مرد و، کوڕە تەمەن پێنج ساڵەکەی، لویی چاردە، بوو بە پادشا و، " ئان" خانمی دایکی بوو بە هەڵسووڕێنەری حکومەت تا کوڕەکەی تـەمەنی بوو بە ١٦ ساڵ و جڵەوی حوکمی گرتە دەست . مازارین لەوبەینەدا و تا کۆتایی ژیانی (١٦٦١) هەر سەرەکـوەزیران مایەوە .

دایکی زۆر بە شەخسیەت، کە تـەنانەت توانی وەسیەتی مێردی هەڵبوەشێنێت (بەگوێرەی وەسیەت دەبوو " هەیئەتێک بە سەرۆکایەتیی ژنەکەی " کاروباری دەوڵەت هـەڵبسووڕێنێت تا کوڕ گـەورە دەبێت، بـەڵام " ئان" خانم هەر خۆی بەتـەنیا بە بێ ئەو هەیئەتە حوکمی گرتە دەست)، کـوڕەکەی بۆ حوکمێکی مەرکەزیی موتڵەق پەروەردە کرد و، کوڕ ســەد لە سەد وای لێهات . لویی چاردە، سەرەتا بە یارمەتیی مازارین، ئەوجا دوای مردنی ئەویش و تا کۆتایی ژیانی خۆی لە ١٧١٥ هەر " شا-هەتاو Roi-Soleil"ی موتڵەقی بێ چەند و چۆن بوو .

ساڵی ١٦٩٤ " قـامووسی ئـاکادیمیی فـەرەنسی Dictionnaire de l'Académie française " دانرا، کە شـێوەی رێنووسـی فەرەنسیی دیارکرد و، هەر ئـەوە مایەوە، کە بەهۆی ئـەوەوە هـەموو نووسینی فەرەنسیی لەوساوە بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە .

مەرکەزییەت، ئیتر ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی هەڵوەژارد، لە ئوتوو دا، یـەک فۆرمی دایێ، کە " کلاسیـسیزم"( کلاسیکـپەروەری) تێدا پـادشای ئـەدەبیات بوو و، ئـەوە شـان بە شـانی بـارۆک دەڕۆیشت .

## فرانسوا دو مالێرب François de Malherbe (١٥٥٥-١٦٢٨)

مالێرب، ساڵی ١٥٥٥ لە شوێنێکی مەڵبەندی نۆرماندیی فەرەنسا، لە ماڵێکی دەوڵەمەند، کە لافی نەجیبزادەییان لێدەدا و بە زەحمەت بۆیان دەسەلما، هاتە دنیا . دوای خوێندنی قانوون و هێندێک کاری سکرتێری، ویستی بە شاعیر بناسرێت. بە شیعری پێهەڵگوتن و بەخێرهێنان و سەرەخۆشی ناوێکی لای دەسەڵاتداران و ناوداران پەیدا کرد .

مالێرب( بۆ کورتکردنەوە وای پێدەڵێین) کەسێک بوو، ئەگەر ریشیلیو بیویستایە شاعیرێک بۆ دەوڵەت دابتاشێت، حەتمەن وەکو ئەوی دادەتاشی : وای بە حاڵی ئەوەی تۆزێک لە " قانوون" لایبدایە؛ شیعریش، وەکو کاری پۆلیس، یاسا و رێسای‌هەبوون! دەبوو لایەنی قانوونیی سنووری رێزمان و ئەسڵ و فەسڵی هەر وشەیە ( نەک ئەوە بە قاچاغ لە ئیتالیاوە هاتبێت) و دەستووری کێش و قافیەی کلاسیکی بەرێزی شایانی جەنابی شیعر رەچاوبگیرایە . وەک بڵێیت بە گۆپاڵێک کەوتە سەر گیانی رینێسانسی کە یاریی بە وشە دەکرد و وشەی نوێی پێداویستی شیعری دادەهێنا . شیعر لای مالێرب تەکنیک بوو، رێزمان بوو و، تەکنیک و رێزمان شوێنیان بۆ جادووی جادوو-گەر نەبوو . ئای، خۆ شیعر شاری بێ دەروازە نیە!

مالێرب، بە رێبازی‌خۆی، شاعیرێکی ناودار و زۆر بە تەئسیر بوو، ئەو داماڵینەی شیعر لە دنیای رینێسانسی پێش‌خۆی و، داهێنانەوەی کلاسیک بەو جۆرە، تا دوو- سێ سەدە لە شیعری فەرەنسیدا مایەوە .

بۆ نموونەی شیعری، مالێرب ساڵی١٥٩٢شیعرێکی بۆ دڵدانەوەی‌هەڤاڵێکی(کلێیۆفۆ Cléophon) نووسیوە، کاتێک کچێکی ئەو هەڤاڵەی بەناوی" رۆزێت"(گوڵەباخی بچکۆلە) مردووە، تێدا دەڵێت کە " رۆزێت - گوڵەباخی بچکۆلە " نەدەکرا لە " رۆز - گوڵەباخ " پتر بژیایە :

Et ne pouvait, Rosette, êtr mieux que les rose
Qui ne vivent qu’un jour.

و نەدەکرا، رۆزێت، لەو رۆژانە باشتر بوایە
کە لە رۆژێک پتر ناژین .

(ماوەیەک قسەیەکهەبووە کە گوایا مالێرب نووسیبێتی"رۆزێل"و،چاپکار بە هەڵە بە"رۆزێت"ی وەرگرتبێت، بەڵام لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە ئەو قسەیە راست نەبووە) .

ساڵی ١٥٩٨ " مارگێریت"ێک، کیژۆڵەی تەمەن پێنج ساڵ مردووە، مالێرب شیعرێکی بۆ باوکی کچەکە(دو پێریێ du Périer) داناوە، تێدا دەیەوێت دڵیبداتەوە : خەمت دو پێریێ تا ئەبەدە ئیدی؟ ... ئەوجا گریمان دوعات قەبووڵ بووبا و کچەکەت ژیابا تا دەبوو بە ژنێکی پیری سەرسپی، ئەوجا چی ؟ ئەوسا ئارامگەی دوایی لەسەری سووکتر دەبوو و کەمتر هەستی بە تۆزی مەرگ و بە کرمەکانی کفن دەکرد ؟ حیکمەت لە قەبووڵکردنی قەدەردایە ...

ئەمەش کە هەر لەو شیعرەی پێشوویەوە دێت :

Mais elle était du monde ,où les plus belles choses
Ont le pire destin,
Et rose elle a vécu ce que vivent les roses,
L'espace d'un matin.

بەڵام خۆ ئەویش ئیتر هی ئەم دنیایە بوو، کە جوانترین شتەکانی
خراپترین چارەنووسیان هەن،
و رۆزیش ئەو ژیانە ژیا کە رۆزان (گوڵەباخان) دەژین
مەودای بەیانییەک .

## ماتورا رێنیێ Mathurin Régnier (١٥٧٣-١٦١٣) 

به هاتنی مالێرب، قۆناغی کلاسیکی نوێ هات بەڵێ، بەڵام بەوە دەنگی ڕێبازی پێش ئەو نەبڕا . ماتورا رێنیێ، لە ماڵێکی بۆرژوا، زۆر دژی ڕێبازی مالێرب بوو . دەیگوت : هەرچی لە سەر مۆدی ئەوان نەبێت، دەڵێن باش نیە، بەڵام هەرچی ئەوان خۆیان بە بیریاندا بێت ئەوە باشە، ئەوان ئازادن بە کەیفی خۆیان بڵێن و خەڵکی دی نا . لە ساتیرێکیدا دەڵێت :

Car s’ils font quelque chose, c’est proser de la rime et rimer de la prose.

چونکە ئەگەر ئەوانە شتێک بکەن، یا ئەوەتا کێش (ی شیعر) بە پەخشان دەکەن یا پەخشان بە کێش دەکەن .

رێنیێ، زۆر بە شازدە ساتیرەکانی بەناوبانگ بووە ." بوالۆ" یەکێک بووە لەوانەی هێز و جوانیی زمانی رینیێیان پەسند کردووە .

رینیێ، خوشکەزای" فیلیپ دێپۆرت"( شاعیری فەرەنسی ١٥٤٦-١٦٠٦) بووە و، خاڵی نێوانی لەگەڵ مالێربدا زۆر خراپ بووە، دەکرێت ئەوەش تەئسیری بە سەریدا هەبووبێت کە ئەوەندە دژی مالێرب بووە . رینیێ زۆر لایەنگری" رۆنسار" بووە و، بە گەرمی ئەوەی دەربڕیوە .

.

## نیکۆلا بوالۆ دیسپرێیۆ ( ١٦٣٦-١٧١١)

## Nicolas Boileau Despréaux

بوالۆ، کوڕی پازدەیەمی کارمەندێکی دادگایەک بوو . خوێندنی قانوونی لە سۆربۆن تەواو کرد و، زۆر لە رەوشتی ژیانی زانکۆ وەڕەز بوو . زۆر لە ژێر تـەئسیری" هۆراس" (شاعیری لاتین)دا بوو . دوای مەرگی باوکی، ژیانی بە میراتێکی کەمی کە پێیبڕابوو بۆ خـەریکبوون بە زمان و ئەدەبیات تـەرخان کردبوو . شاعیرێک بوو، ئەوەندەی لە ژیانی شەخسیی خۆیدا نەرم و نیان بوو، ئـەوەندەش لە رەخنەکانیدا تیژ و تووش بوو و، بەوە زۆر دوژمنی بۆخۆی پـەیدا کردبوون، بـەڵام دۆستایەتیی لەگەڵ مۆلییر و راسین و لا فۆنتێن دا هەبوو .

دوازدە ساتیر لە بەرهەمیدا هەن، کە زۆر لە سەر رێبازی کلاسیکن . شیعر و پـەخشان، تۆژین و رەخنەی، شوێنی گرنگیان لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا گرتووە .

رێبازی شیعری بوالۆ، تا کـۆتایی سـەدەی حـەڤدە هەر باو بوو، تا هاتنی رۆمانتیک ئـەوجا نەما . هـەرچـەندە بە بێ دەنـگیی گومان و رەخنەی کەسـانێکیش تێنـەدەپەڕی، بە نموونە " دێکارت "ی فـەیلەسووف رەخنەی لێدەگرت . سـاڵانێکیش شـتێک بە ناوی " کێشـەی کۆنەکان و نـوێـیەکان Le Querelle des Anciens et des Modernes" بە بۆنەی شیعرێکی شارل پێرۆCharles Perraut وە کە لویی چاردەی تێدا بە ئاوگوستوسی رۆما بەراورد کردبوو هاتە ئاراوە :

Et l'on peut comparer, sans craindre d'etre injuste,  
Le Siècle de Louis au beau Siecle d'Auguste .

و مرۆڤ دەتوانێت بەراور بکات، بێ ئەوە بترسێت کە ناهەق بێت  
سەدەی لوی بە سەدەی جوانی ئاوگوستوس .

" فۆنتێنێل Fontenelle "(١٦٥٧-١٧٥٧) ی نـووسـەر و فـەیلەسـووف و شـاعیری نوێـخواز و ئازادیخواز، رابەری بەرەی نـوێ بوو؛ بەڵام ئیتر دوای دەوری هەژدە ساڵێک کێشە لەبیرچووەوە و، رێبازی زاڵ - وەک گوترا- هەر کلاسیکی بوالۆ مایەوە .

# ژان دو لا فۆنتێن Jean de La Fontaine (١٦٢١-١٦٩٥) 




" لا فۆنتێن "ی شـاعیری فەرەنسی، لە " شاتۆ تیری Château Thierry "ی باکووری فەرەنسا لەدایکبوو . دایک و باوکی( کە کارمەندێک بوو) دەوڵەمەند و ناسراو بوون . قانوونی خوێند . لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا، باوکی ژنی بۆ هێنا . " ماری ئێریکار Marie Héricart "ی تەمەن ١٤ ساڵی بۆ هێنا، کە زۆر پێکەوە نـەژیان، هەرکەسەو لە ماڵی خـۆی بوو، مێرد زۆر لە پـاریس دەبـوو و واشدەبوو سـەرێکی بە ماڵی ماری خانمدا دەکرد ( چونکە بە رەسـمی هەر ژن و مێرد بوون) و، نـەتیجەکەش یـەک کوڕ بوو . ئـەوجا، خەڵک قسەی سـەیری زۆریان لە بارەی ژیانی ماریخانم ( لەگەڵ پیاوەکانیدا) و لە بارەی لا فۆنتێن و کوڕەکەی، بۆ بێتاقەتییخۆیان، دروستکردوون : گوایا جارێک لا فۆنتێن دوێلی لەگەڵ عەشیقێکی ژنەکەیدا کردبێت، یا : کە کوڕەکەیخۆی دیتووە گوتوویە : دە وەڵڵاهی من دەڵێم ئەوەم لە شوێنێک دیتووە! ... ئیدی لەو بابەتە .

دەڵێن یـەکـەمجـار لە ژێـر تـەئسیری شیعری" مالێرب"دا هۆگـری دنیای شـیعر بووە و، شـیعری جیاوازی نووسـیون . یـەکـەم کاری گـرنگی بریتی بووە لە وەرگێڕانی چیرۆکێکی شـانۆی لاتینی سەدەی دووی پێشزاین ("خەساو"ی تێرینس Terence)، بەڵام لا فۆنتێن بە چیرۆکەکانی لەسەر زمانی حەیوانان زۆر بەناوبانگ بووە .

کاک دکتۆر فرسەت رۆژبەیانی پێیگوتم کە کاک سـەرکاو هادی ئـەو چیرۆکانەی لە سەر زمانی حـەیوانانی "لا فۆنتێن"ی کردوون بە کوردی و، لینکی ڤیدیۆیەکی ئەوەی بۆ ناردم؛ بۆ ئەوە زۆر سوپاسی کاک دکتۆر فرسەت و کاک سەرکاو هادی دەکەم .

کاک " جەلال هانیسی"، لە ڕێگەی " فەیسبووک"ـەوە ئەم کوردییەی یەکێک لەو چیرۆکانەی " لا فۆنتێن"ی بۆ ناردم؛ کە من لێرەشدا دیسان بۆ ئەوە زۆر سوپاسی دەکەم، دەڵێت :

یونس دڵدار شاعیری گەورەی کورد ١٩١٨-١٩٤٨، کردوویە بە زمانی کوردی :

قەل و ڕێوی

ڕۆژێ لە ڕۆژاندا قەلێ
ڕاوەستا بوو لە سەر چڵێ
سەلکی پەنیری لە دەنووک
گرتبوو بیخوا لە هەلێ
ڕێوی بەلایدا تێپەڕی
چاوی بە قەل کەوت و مەڵێ
ئەیوێ بە فێڵێ لێی سەنێ
دەستی پێکرد پێی هەڵبڵێ
وتی ئەی بولبولی زەمان
ئەی نەغمە خوانی سەر تەلێ
بیستوومە من ناوبانگی تۆ
تۆخوا گۆرانیم بۆ بڵێ
قەل وەختێ زاری داپچڕان
پەنیری کەوتە بن تەلێ

ڕێوی پەنیری قۆستەوە

ئینجا لە پێش ئەوەی هەڵێ

وتی: ئەوجا بەسە نەفام

گوێت لێ بێ ڕێوی پێت بڵێ

وەختێ شتێکت گرتە دەم

کەر مەبە گۆرانی مەڵێ

ئەمەیش کەرانە بێ

تەفرە دراوی تۆ چەلێ .

ئەسڵەکەی لا فۆنتێن : Le corbeau et le renard

Maître Corbeau, sur un arbre perché,
Tenait en son bec un fromage.
Maître Renard, par l'odeur alléché,
Lui tint à peu près ce langage:
Hé! Bonjour, Monsieur du Corbeau.
Que vous êtes joli! Que vous me semblez beau!
Sans mentir, si votre ramage
Se rapporte à votre plumage,
Vous êtes le phénix des hôtes de ces bois.
A ces mots le corbeau ne se sent pas de joie;
Et, pour montrer sa belle voix,
Il ouvre un large bec, laisse tomber sa proie.
Le renard s'en saisit, et dit: Mon bon monsieur,
Apprenez que tout flatteur
Vit aux dépens de celui qui l'écoute:
Cette leçon vaut bien un fromage, sans doute.
Le corbeau, honteux et confus,
Jura, mais un peu tard, qu'on ne l'y prendrait plus.

به كوردی دەبێت بەمه : قەلەڕەشه و ڕێوی

وەستا قەلەڕەشە، لەسەر دارێک نیشتبوو
پەنیرێکی لە دندووکیدا بوو
وەستا ڕێوی، بە بۆنەکە ورووژا
بە زمانێکی لەم بابەتە ڕووی‌تێ‌کرد :
ها! ڕۆژباش، بەڕێز قەلەڕەشە
ئای چ جوانن! ئای چەند جوان دێنە بەرچاوم
بە بێ درۆ، ئەگەر خوێندنتان
وەکو پەڕتان بێت
ئێوە قەقنەسی خانەخوێیانی ئەم دارستانەن .
قەلەڕەشە، بە ئەم وشانە، لە خۆشییان هۆشی نەما
و بۆ ئەوە کە دەنگی جوانی پیشان بدات
دندووکێکی زلی کردەوە، نێچیرەکەی لێ کەوتە خوارەوە
ڕێوی پڕی‌دایێ و گوتی : بەڕێزی باشم
فێر بە کە هەموو زمانلووسێک
لەسەر حیسابی ئەوە دەژیت کە گوێی‌لێ‌دەگرێت
ئەو دەرسە پەنیرێک دەهێنێت، بێ‌گومان .
قەلەڕەشە خەجاڵەت و شێواو
سوێندی خوارد، بەڵام کەمێک درەنگ، کە چیتر وا تێ‌نەکەوێت .



## پییێر کۆرنێی Pierre Corneille ( ١٦٠٦-١٦٨٤)

رەنگە ئالیکساندر هاردی ( ١٥٦٩؟-١٦٣٠؟) یەکەم نووسەرێکی جیددیی شانۆی( تراژیدیی) ئەو سەدەیەی نووسیبێت . هاردی،" کۆرس"ی لە شانۆدا نـەهێشت و، بیری هەر لە شێوازی خوتبە و حیکمەتگۆییەوە، کە باو بوو، پتر بەرەو کرداری زیندووی ژیان رۆیشت . هاردی، پرەنسیپێکی کە بە جۆرە پیرۆزێک دادەنرا و کەس نەدەبوو لێی دەرچێت:" یەکێتی"ی کات و شوێن و رووداو لە یـەک پارچە چیرۆکی شـانۆدا ( پرەنسیپی شـانۆی ئـاریستۆی یـونانی)، ئـەو پێشێلی کـرد و لێی دەرچوو: لە یەکێک لەوانەدا بەنموونە :" گێزیپ یا دوو هەڤاڵ، فرێگۆند"یدا هەر بە تەواوی لەوە دوورکەوتەوە : دوو کردار و ئەوەندە رووداو  و، تەنانەت زمانەکەشی لە جۆرێک" مێلۆدراما"ی دەکرد کە لە رۆمانتیک نیزیک دەبۆوە .

بەڵام گەورە شانۆنووسی ئەو سەدەیە، باوکی شانۆ، حەتمەن " پییێر کۆرنێی" بوو .
کۆرنێی، ماوەیەک پـارێزەری قـانوونی بوو، ئەوجا رووی لە نووسینی شـانۆ کرد . سـاڵی ١٦٢٩ یـەکەم شـانۆی کـۆمێدیی" مێلیت Mélite "ی نـووسی، تێدا سـەرکەوتوو بوو و ئـەوە هانی دا پتر بنووسێت . ساڵی ١٦٣٦ " لو سید Le Cid "( "السید"ی کلاسیکی ئیسپانی)، کە تێدا نـە خۆی بە کلاسـیکە ئیسپانییەکەوە بـەستبۆوە و، نـە گوێی بە یـەکێتیی ئـاریستۆیی شـانۆ دابوو، لە سەر ئـەوە رەخنەی لێ گیرا و، نێوانی لەگەڵ" ریشیلیو"شدا تێکچوو .  بـەڵام  سـاڵی ١٦٤٧ کرا بە ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی، کە" ریشیلیو" دوازدە ساڵ پێش ئەوە دایمەزراندبوو و، ریشیلیو بەوە ویستی ساردیی نێوانیان هێندێک کەم بکاتەوە .
کۆرنێی، بە بـاوکی شانۆی تـراژیدیی سەردەمی خۆی ناسراوە، بەڵام لە نووسینی کۆمێدیشدا زۆر سەرکەوتوو بووە،" Le Menteur درۆزن "(١٦٤٣)ی کۆمێدیی، پێش هاتنی بەرهەمی مۆلییێر، بێ وێنە بووە .
کۆرنێی، هەرچەندە - بەپێچەوانەی"راسین"- رووداوانیشی پێ ناگرنگ نـەبوون، بـەڵام زۆرتری

حەواسی لای دۆخی سایکۆلۆجی و هەست و نستی بینەرانی شانۆی بووە . دەکرێت بڵێین میزاجی
روو لە رۆمانتیک بوو .



# ژان راسین Jean Racine ( ١٦٣٩-١٦٩٩)



راسین، ٣٣ ساڵ لە کۆرنێی جەوانتر بوو، لە خێزانێکی مەزهەبی ژانسێنیزم (تابیعانی" یانسن"ی کاتۆلیکی هۆڵەندی کە سەدەی ١٧و١٨ لە فەرەنسا چالاک بوون)، ئەدەبیاتی خوێند . ئەوجا لە پەرەپێدانی بیروڕایدا زۆر لەگەڵ مامۆستاکانی پێشوویدا کێشەوهەرای هەبوون .

راسین، هەرچۆنێک بوو، بە شیعرێکی پیرۆزبایی زەماوەندی پادشا مووچەیەکی بۆخۆی دابین کرد و، دۆستایەتیی لەگەڵ " بوالۆ"دا گەرم بوو . چەند شانۆی تراژیدی( بەتایبەتی" ئاندرۆماک"-١٦٦٧ )ی زۆر سەرکەوتوو بوون؛ کۆمێدیی" خاوەن دەعوایان Les Plaideurs " (١٦٦٨)یشی زۆر سەرکەوتوو بوو . دوای ئەوە، ئیماندارانە و بە ئارامی نێوانی لەگەڵ ماڵیپادشادا چاک کرد، ژنی هێنا و، کاتی لە نێوان ماڵ و وەزیفەکەی لە دیوانی پادشادا(مێژوونووسی) و نووسینی شانۆدا بەسەردەبرد .

شانۆی راسین، هەموو نوختە هێزەکانی شانۆی" کۆرنێی"ی هەبوون، بەڵام ئەولاتر چوو : بە قسەی زۆری وردەکاریی زۆر بۆ کێشانی تابلۆی تەواوی رووحی مرۆڤ، رۆچوون لە دەروونەدا، تەواو سایکۆلۆجی بوو . رووداوانی دەرەوەی رووحی مرۆڤ، قیمەتێکیان لای راسین نەبوو مەگەر بە تەئسیریان بە سەر ئەو رووحەدا . " ئەڤین" لە شانۆی راسیندا زۆر مەرکەزی و سەرەکییە ( لە کاتێکدا لای کۆرنێی دەچێتە ریزی دووەم) . لوی پیتی ژوولڤێل(سەدەی ١٩) چەند

جوان لە باسی راسیندا دەڵێت : " لە هەموو تراژیدییەکانی راسیندا، کەسێک دەبینین کە کەسێکی خۆشدەوێت، بـەڵام ئەو کەسە ئەوی خۆشنـاوێت، کەسێکی سێیەمی خۆشدەوێت، کە ئەو سێیەمە ئەوی خۆشدەوێت! ". جا وەرە ئەو گڵۆڵەیە، لە ئەوەندە روانگەی جیاوازەوە، هەڵکەوە!
ژن لە شانۆی راسیندا زۆر گرنگ و مەرکەزییە و، زۆر روونە کە راسین بۆ دۆزینی " ئـەڤین" روو لە رووحی ژن دەکات .
وشەیەکی کە ئەگەر ئێستا راسین لامان بوایە رەنگە بمانتوانیبا میزاجی پێ تێكبدەین :"واقیعیەت" دەبوو، چـونکە ئـەو بە ئەو رۆچوونەشـی لە رووحـی مرۆڤدا، لێنۆڕینێکی کلاسیکی لەو رووەوە هەیە کە نـاهێڵێت بە وردی واقیعی ژیانی رۆژانە ببینێت؛ رەنگە لەوەدا نـەگاتە کۆرنێیی کە زۆر دەچـووە وردەکـارییەکانی ژیـانی رۆژانـەی تماشـاکەرانی شـانۆی . روانـگەی سـایکۆلۆجیست و ئاڵۆزیی ئـەڤینداری و ئەوانە هـەموو شتی هێژا و گـرانن، بـەڵام ئاخر شتی زۆر لەوە پتـر یەخەی مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا دەگرێت .
تراژیدی لەدوای راسین زۆر داکشا .

# مۆلیێر Molière (١٦٢٢-١٦٧٣)



تابلۆی مۆلیێر لەسەر شانۆ بە دەوری قەیسەر لە " مەرگی پۆمپێی"دا
دەڵێن نیکۆلا منیار Nicolas Mignard ساڵی ١٦٥٨ کێشاویە

ژان باتیست پۆکولا Jean Baptiste Poquelin، ساڵی ١٦٢٢ لە پاریس لەدایکبوو . باوکی ژان، سەروەستای راخەری ماڵی پادشا بوو، کوڕی خستە خوێندگەی زۆر باش . کوڕ، ئەدەبیاتی کلاسیکی خوێند . دەرسی فەلسەفەی لای " گاساندی Gassendi "( مامۆستایەکی زۆر بەتواناى فەلسەفە) خوێند، کە تەئسیری زۆری بەسەر هەراویی لێنۆڕینی ژاندا هەبوو .

ژان، زۆر حەزی لە کاری شانۆ دەکرد، لەگەڵ دەستەیەکدا شوێنێکیان لە پاریس گرت ( یاریگە-یەکی تێنس) و کەوتنە کار (١٦٤٣) و، ژان لێرەدا ناوی" مۆلیێرMolière "ی بۆخۆی هەڵبژارد و، ئیتر هەر بەوە ناسرا .

یەکەم نووسینەکانی مۆلیێر بۆ شانۆ، سەرکەوتوو نەبوون و، شانۆکەشیان لە پاریس کۆتایی هات (١٦٤٦) . ئەوجا، رووی شانۆیان کردە شوێنانی تر و، دەوری دوازدە ساڵ بە فەرەنسادا گەڕان . ئەو گەڕانە زۆر کەڵکی بۆ مۆلیێر هەبوو، زۆر لە خەڵکی جیاوازی وڵاتی فێربوو . دوو لە نووسینەکانی دەوروبەری ئەو سەردەمەی بۆ ئێمە ماونەتەوە ( کە قسەیان لەسەر هەیە، بەڕاستی

هی ئەو بن یان نـا) : " غیرەی باربوویێ La Jalousie du Barbouillé " ( کێشەی باربوویێ و ژنەکەی ئانژیلیک و عەشیقی ژنەکەی و یەکتر لە ماڵ دەرکردن و باوک و دکتۆر)؛ " بژیشکی فڕندە Le Médecin Volant " ( کێشەی کێ دەیەوێت کێ بە شـوو بدات بە کێ و کچ کێی تری دەوێت وخۆی بە نەخۆش پیشان‌دەدات و خزمەتکاری‌دڵبەری بە درۆ بە بژیشک پێشکەش‌دەکەن).
دوای ئەوە، دوو شانۆی تر، باشتر و، وادیارە لە ژێر تەئسیری شانۆی‌ئیتالیدا : گەلحۆر یا خراپ- شکانەوەL’Étourdi ou le Contretemps(یەکـدنیا عیشقبازی و ساختەکاری و فێڵ وتەڵەکە)؛ ئەڤینداری لە داخان(یا لە رقان)Le Dépit Amoureux(کێشەی ئەڤین و میرات... بۆ وەرگرتنی میرات دەبێت ئـالبێر ببێت بە بـاوکی کوڕێک، بـەڵام کچێکی دەبێت، نـاچار کوڕێـک دەهێنن و لە جێگەی دادەنێن، بەڵام کوڕ دوای دە مانگ دەمرێت ... ئیدی زۆر ئاڵۆز دەبێت، تا دوایی کێشەکان چارەسەر دەبن) .
مۆلیێرساڵی ١٦٥٨ گەڕایەوە پاریس، تراژیدیی نیکۆدێم Nicodème ی" کۆرنێی"ی لەبەردەمی لـویـی چـاردە پێشکەش کرد ( نیقودیموس، بەڵام نەک ئەوەی ئینجیل، کۆرنێی لێرەدا بە گـەڕانەوە رۆما و هۆگرێکی "حنبعل"ی فینیقی، دەیەوێت لێنۆڕینی لەبارەی راپەڕینەکانی " La Fronde " ( دارلاستیک) ی ١٦٤٨-١٦٥٣ی خـەڵکی پـاریس دەربڕێت کە بە دارلاسـتیک ( قۆچـەقـانی ) پەنجەرەکانی تابیعانی" رازین"ی سەرەکـوەزیرانی لویی چاردەیان دەشکاند) .
بـەڵام ئیتر مۆلیێر پیاوی کـۆمێدی بوو، نـەک تراژیدی . دوای پێشکەش‌کردنی" دکتۆری ئەڤیندار Le Docteur Amoureux "( ساتیرێکە گـاڵتە بە بژیشـکانی سـەردەمی دەکات، کچ بە دەسـت ئەڤینەوە نـاڕەحەتە، باوکی چوار بژیشکی بۆ دەهێنێت، بژیشـک دێن و دەکەونە چەنەبازیی خۆیان لەبارەی کارەکانیان بێ ئەوەی هەر بە لای باسـی کچەکەدا بچن)؛ ئێستا کە مۆلیێر لای پادشـا و لە پایتەخت باوی هەبوو، بوو بە سەرۆکی تیپێکی نوێ، " تیپی مسیو Troupe de Monsieur " .
سـاڵی دوای ئەوە، قەشـمەرە بـەنرخەکان Les Précieuses Ridiculesی پێشکەش‌کرد، سـاتیر لەسەر ئەوانەی سـاڵۆنەکان، مادامەکانی Préciosité یەکان و ئیتری ئەوانە کە بە " بەنـرخەکان، هێژاکان"باس‌کرابوون و وا خـەریک بوو باویان نەدەما . ئیدی مۆلیێر لێرەوە ئەستێرەی گەشایەوە، و کەوتە چالاکیی تەواوی لە کۆمێدیدا . لە پازدە ساڵی دوای ئەوەی ژیانیدا نە کەمتر لە ٢٨ شانۆی

پێشکەشکرد، نـووسـەر و بازیگەر و بەڕێوەبەر و هـەمووی بوو، هێندە خۆی ماندوو دەکرد تا لە کاتی بازییەکی لە سەر شـانۆ حاڵی پـەرێشان بوو، دوا شـانۆی " Le Malade Imaginaire بە خەیاڵ نەخۆش" و، بردیانەوە ماڵەوە و لەوێ کۆچی دوایی کرد .

مۆلیێریـش، وەکو زۆرتـرینی خـەڵکی دنیای هـونەر و ئـەدەبیات، بـەرهەمی دوو دانە، یا تەنانەت سێدانەش بوو . بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی زۆری لە پاریس، پێویستی بە پشتێک هـەبوو تا نەتوانن پشتی بشکێنن، ئەوەش پادشا بوو، خۆی کرد بە دۆستی پادشا، ئەویش چ پادشا ؟ لویی چاردە، شا هەتاو!، کەی کەیفی لە شتێکی تـر بـوایە، مۆلیێر دەبوو بە دڵی بکات، تـەنانەت شانۆی بە سـەمای پێشکەش بکات : شازادەخانمی ئێلید Princesse d’Elidee -١٦٦٤، یا : ئەڤیندارانی بەشکۆ Les Amants Magnifiques -١٦٧٠ ، کە حەتمەن زۆر بە نابەدڵی دەکرد و نەتیجە-کەی بەرهەمێکی چـرووک دەبوو، لەوەوە بگرە تا دەگاتە " ڕژد l’Avare" کە ئـەوپەڕی داخی خۆی لە پارەپەرستان دەردەبڕێت و بە باشترین بەرهەم دەردەچێت .
ئـەوانـەی لە کارە هەرە سـەرکـەوتـووەکانی دادەنـرێن، کە تێدا - بە قسەی تـۆژەرێک - مۆلیێر بە سەرکەوتوویی لە "ڕەوشت" دەدوێت ( نەک خاوەنی ڕەوشتەکە ) :
خوێندگەی ژنانL’École des Femmes (١٦٦٢)، تارتوف Tartuffe(١٦٦٤-١٦٦٩)، دۆن ژوان Don Juan (١٦٦٥ )، دژ بـە مـرۆڤ Le Misanthrope ( ١٦٦٦)، ڕژد L’Avare (١٦٦٨)، ژنە خوێندووەکان (یا زاناکان...) Les Femmes Savantes (١٩٧٢) .

شـتێکی" نـەرێنی" لە نێوان دێـڕەکانی کاری مۆلیێردا لەبارەی ژنان هەسـت پێدەکرێت، کە وێ-دەچێت لە داخی ژنە جوان و جەوانەکەی خۆی بووبێت، پێی وابووبێت هـەر بە دەرچـوونی خۆی لە ماڵ بۆ تیاتر، پیاوێک زوو چووبێتە ماڵ جێگەی گرتبێتەوە تا نەهێڵێت ژنەکەی بێتاقەت بێت .
ئێ تۆ ئەو هەمووە کاتەی خۆت بە گاڵتەی تیاترەوە بەسەربەریت، خۆ ژنیش حەز لە گاڵتە دەکات، مەگەر هەر تەنیا تۆ حەزی لێدەکەیت ؟ ... هەرچەندە ژنەکەشی دەبێت بە یەکێک لە ناودارترین بازیگەرانی شانۆی ئەو سەدەیەی فەرەنسا . مۆلیێر لە تەمەنی چل ساڵیدا " ئارمان خانم"ی تەمەن

حەڤدە ساڵی هێنا، کچی خانمێک کە ساڵی ١٦٤٣پێکەوە شانۆیان لە پاریس دامەزراندبوو .

من لە مۆلییێردا پێکەنینێکی تاڵ بە شێتبوونی کۆمەڵگە دەبینم، هەوڵی زەقکردنەوەی ئەو شێتبوونە لەسەر شانۆ، بە هیوای ئەوە سەرنج رابکێشێت و بەڵکو ئەوەندەی دەکرێت چاکبکرێتەوە؛ ژن و مێردی لە روانگەی " تەلار و عانەوە"، نەک ئەڤین و گونجانی رووحی؛ فشەکردنی خاوەن دیپلۆمانێکی بێ مستەوا و شاعیرانی خۆهەڵکێش لە هوتێل " پیزا Pisan "، نووسەرانی قسەی زل و بەتاڵ، ئەوانەی دەیانەوێت بە فەیلەسووفان یا پارێزەرانی گەورە بناسرێن، بژیشکانی کە تڵپاتی تەڕ لە تەبیعەت ناگەن و لەو دیوی تەبیعەتەوە، بە چەنەبازیی زاراوەکانی خۆیان دەیانەوێت "چاکمان نەکەنەوە"(دۆن ژوان، دکتۆر ئەڤین، دکتۆری بە زۆر، مسیو دو پورسۆنیاک)؛ منافقانی دینی (تارتوف) ... ئیدی هەرچی لە کۆمەڵگەدا لافی بوونە شتێک لێدەدات کە وا نیە .
بەڵام هەمیشە، وەکو" رابلێ "، وەکو " لا فۆنتێن"ی هەڤاڵی، بڕوای بە ئازادیی دەربڕین هەبوو .

## " رژد l'Avare "

کۆنترین"رژد" لە شانۆی ئەدەبیاتی ئەورووپاییدا، ئەوەندەی بزانین،" ئاولولاریا"(کووپەڵە، وابووە بە هەڵە بە " کووپە زێڕ" وەرگێڕدراوە)ی لاتینی " تیتوس ماکیوس پلاوتوس Plautus" ی شاعیر و شانۆنووسی رۆمایە( دەوری ٢٥٤-١٨٤پێشزاین)، کە هەر بەشێکیمان لێ پێگەیشتووە و، ئەوە ناگاتە کۆتاییەکەی، تێدا دەڵێت :
" ئویکلیۆ Euclio"ی رژد، کووپەی پڕ لە زێڕ لە خانووەکەیدا دەبینێتەوە، ئیدی شاردنەوەی ئەوە و گۆڕینی شوێنی شاردنەوەکەی و، ترسی دزرانی، تەواوی حەواسی داگیردەکەن و، بیری بۆ هەر شتێک هەر بەتەواوی لە روانگەی پارەوە دەبێت . دەیەوێت کچەکەی بدات بە هاوسێیەکی بەتەمەنی دەوڵەمەند، بەڵام کچ لە جەوانێکی ئەڤینداری برازای ئەو هاوسێیە زگپڕ بووە . کۆیلە-یەکیجەوانی ئەڤیندارەکە کووپە زێڕەکە دەدزێت، ئەڤیندار پێیدەڵێت : ئەوە چیت کردووە ؟ ئیدی شانۆکە هەر تا ئێرەی بە دەست ئێمە گەیشتووە، نە پتر، بەڵام تۆژێنەر دەڵێن کە لە سەرچاوەی

جیاوازەوە بە سەر شتانێکدا کەوتوون کە بەوە دەڵێن دەبێت کۆتاییەکەی بەوجۆرە و شاد بووبێت . لەو پتر لە دووهەزار ساڵی نووسرانی ئەوەوە، چەندین کەس ویستوویانە لای خۆیانەوە تەواوی بکەن، لاسای بکەنەوە یا دایبڕێژنەوە، ئیتالی و فەرەنسی و هۆڵەندی و ئەڵمان لە سەدەی ١٦و١٧ و ... ئیتریش . ئەم کارەی مۆلییەریش یەکێکە لەوانە :

## کورتەیەکی شانۆی " رژد l'Avare "ی مۆلییەر *
## پێنج فەسڵ، بە ریز: ١٠، ٦، ١٥، ٧، ٦ پەردە

ئارپاگۆن Harpagon** بێوەمێردی دەوڵەمەند، تەمەنی سەرووی شێست ساڵە، لە پاریس دەژیت، دەیەوێت کیژێکی جوان و جەوانی هەژار بهێنێت کە ناوی" ماریان"ە . کوڕێک و کچێکی هەن،" کلێیانت " و " ئێلیز"خانم . کلێیانت عاشقی هەمان ئەو ماریان خانمەیە کە باوکی دەیەوێت بۆخۆی بهێنێت و، بێوەژنێکیش بۆ کلێیانتی کوڕی بهێنێت . ئێلیز خانم دڵبەری" ڤالێر"ی نەجیبزادەی ئیتالییە، کە ئێلیزی لە خنکانی لە ئاودا رزگارکردووە و، بۆ نیزیکیی لە ئێلیز بە ناوی خزمەتکارێک خۆیخزاندووەتە ماڵیئارپاگۆن، بەڵام ئارپاگۆن دەیەوێت ئێلیز بدات بە"ئانسێلم"ی پیرەمێردی دەوڵەمەند، بەڵام بەو مەرجە کە زوو- زوو دەیڵێتەوە : بە بێ جیاز و شت ( بێ ئەوە هیچ پارەیەکی بۆ ئارپاگۆن تێبچێت) .
ئارپاگۆن دە هەزار" ئێکو"(پارەی ئەوسا)ی لە سندووقێکدا لە باخچەکەیدا شاردووەتەوە، هەمیشە دەترسێت لێی بدزن و، نابێت ئەولادیشی بە هیچ جۆرێک پێیبزانن . تەنانەت کاتێک " لا فلێش"

-------------------------------------------------------

* بە کوردی کراوە بە " پیسکەی تەڕپیر"، کاک ئەحمەد سالار دەوری سەرەکیی تێدا دیتووە .
** Harpagon بە لاتینەکەی کە لە یونانی وەرگیراوە واتە قولاپ، یا : چنگاڵی ئاسنی وەک ئەوەی بە پەتکەوە بۆ لەنگەرخستنی کەشتی بەکارهاتووە؛ " ئارپاکس "یش واتە : دڕندە؛ جارییەکەم مۆلییەر خۆی لەسەر شانۆ دەوری ئارپاگۆن دەبینێت و، ئارمان خانمی ژنی مۆلییەر دەوری" ماریان "ی تێدا دەبینێت .

( تیر)ی خـزمەتکاری کلێیانت دەبینێت، پێیدەڵێت : چیـت دزیـوە ؟ دوای پشـکنینێک پێیدەڵێت : ئادەی دەستت بکەرەوە بزانم چیی تێدایە!

ئارپاگۆن تێدەگات پـارە چەندە گرنگە، تێناگات ئـەڤین یانی چی، ئـەڤین بە کەڵکی چی دێت ؟ چیی پێدەکرێت ؟ هەر کەسێک بزانێت دەهەزار لیرە لە کوێیە، چۆن ناچێت بیدزێت ؟ مەگەر دەهەزار لیرە گـرنگ نیە ؟ ئاخر کە ئەو منداڵ گـەورە دەکات، مـەگـەر نـابێت منداڵیش ئـاگایان لە پـارەی باوکیان بێت ؟ پیاوێک - با هێندێک بەتەمەنیش بێت- ئامادەیە کچەکەی بە بێجیازی بووک و هەر مەسرەفێکی ئارپاگۆن بهێنێت، ئاخر کچ بـۆچی ئەوەندە شعووری نیە کە مێردی پێبکات و پارە- یەک بۆ بـاوکی بگێڕێتەوە ؟ کوڕیش لە کچ خراپتـر، ئەوە هیچ کە نـازانێت پـارە چـەندە گرنگە، تـەنانەت دەیـەوێت پـازدە هـەزار ئێکوش بۆ دڵبەری هـەژاری بێ بـاوک و بۆ دەرمان و دکتۆری دایکی دڵبـەری بە سـوود قـەرز بکات و بە ئـاودا بدات ( سـوودخـۆرەکەش هەر ئـارپاگۆنە، کە بە سـوودی ٢٠% دەیدا بە کەسـێک تا ئەویـش تەنیا پێنج لە سەدی خۆی بخاتە سەر! و بیداتە دەست کوڕی سوودخۆرەکە) .

ژنێک ( فرۆزین Frosine خانم) دەیـەوێت قـەناعەت بە ماریان بکات مێرد بە ئـارپاگۆن بکات : کچم، سێ مانگی پێنـاچێت ئـەو پیرەمێردە دەمـرێت و یـەک دنیا پـارەی میرات دێتە کـۆشـتەوە و ئەوسا بە دڵی خۆت لەگەڵ جوانترین جەوانانـدا باشترین کەیفی پێدەکەیت ...

هـەموو شتێک لە رێگەی پارەوە، بە بەڵگەی پارە، ئەڤینـیش هەر بریتییە لە "جنس"ێکی کە دیارە وەکو هەموو شت بە پارە وەدەست دێت .

لەپـرێکدا هاوار لە ئارپاگۆن هەڵدەستێت، بە سەر رووتـی ( کڵاوی نەکردووەتە سەر) لە باخچەوە دێت و هاوار دەکات: دز...دز... پیاوکوژ... جینایەتکار... لەناویاندام، پارەکەیان دزیم، کوشتیانم، قورقوڕاچکەیان بـڕیم، نـەیانهێشتم... کوان ؟ دزەکان کێن ؟ لە کوێ خۆیان شـاردووەتەوە ؟ ( بە دەستێکی، قۆڵی دەستەکەی دیکەی خۆی رادەکێشێت و هاوار بە سەر خـۆیدا دەکات ) بێنە ... بێنە پارەکەم بدەوە! هۆۆو عەدالەت ... هۆۆو پۆلیس ... هۆۆو دنیا ...

کە پۆلیس دێت و پێیدەڵێت : گومان لە کێ دەکەیت ؟ ئارپاگۆن ئیشارەت بە تماشاکەرانی شـانۆکە دەکات و هاوار دەکات دەڵێت :

Tout le monde, et je veux que vous arrêtiez prisonniers la ville
et les faubourgs.

هەموو کەس! و دەمەوێت هەموو شارەکە و دەوروبەری بگریت و بخەیتە زیندانەوە!
( هەر وەک سەیدیان کتێبی فرۆشتبێت و پارەکەی نەدابێتێت!) .
دوایی دەردەکەوێت کە خزمەتکاری کورەکەی پارەکەی بردووە؛ ئەو پیاوەی کە ئارپاگۆن دەیویست کچەکەی بداتێت، دەردەکەوێت کە باوکی ئەڤیندارى کچەکەی و ماریان خانمی دڵبەری کوڕەکەیەتی . ئیتر پارەکە دەدرێتەوە بە ئارپاگۆن و، دوو دڵبەر و دڵدار، لە سەر ئەرکی باوکە ئیتالییەکە بە یەکتر دەگەن و، ئارپاگۆن تەنیا دەمێنێتەوە .

دوای مۆلیێر، **ژان فرانسوا رینیار** **Jean-François Regnard** ( ١٦٥٥-١٧٠٩)ی شاعیر و شانۆگەری کۆمێدی و لە دواییدا نووسەری گەشتنامەش زۆر بەناوبانگ بووە . لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا، مسوڵمانی ئەلجەزائیری رفاندوویانە و بردوویانەتە ئەستەمبووڵ و کۆنسوڵی فەرەنسی لە ئەستەمبووڵ کڕیویەتەوە؛ ٢٣ شانۆی نووسیون، زۆر ویستوویە لاسای مۆلیێر بکاتەوە .
کەسێکی تریش : **فلۆرا کارتۆ** **Florent Carton** (١٦٦١-١٧٢٥) ناسراو بە : **دانکوور** **Dancourt** بە نووسەر و بازیگەری شانۆی کۆمێدیا ناوی دەرکردووە، کە دوو کچیشی لە سەر شانۆی تیاتری فەرەنسی Théâtre Français سەرکەوتوو بوون : **مانۆ** **Manon** و **ماری- ئان** **Marie-Anne (Mimi)** .

.

**لوی گێز دو بالزاک Louis Guez de Balzac** (١٥٩٧؟-١٦٥٤) :
بالزاک لە دامەزرێنەرانی ئاکادیمیی فەرەنسی بوو، بە زنجیرە گوتارێکی بە ناوی نامە Lettres بۆ ناودارانێکی هاودەمی، هەنگاوێکی زۆر گەورەی پێشخستنی پەخشانیفەرەنسیی نا، گۆڕانێکی کرد وەک ئەوە بوو کە مالێرب لە شیعریدا کرد .

—

دوای ئەو، مۆرالیستەکان ( ئەخلاقی، ئەخلاقگەرا) دێن، کە پەند و تێزی ئەخلاقییان، راستەوخۆ بە گوتار(نەک وەک لا فۆنتێن بە شیعر یا وەک مۆلیێر بە کۆمێدی)دەخەنە ئەدەبیاتیفەرەنسییەوە :
**پاسکال، رۆشفوکۆ، برویێر، شامفۆر، ژوبێر، ڤۆڤنارگ** .

**١- بلێز پاسکال Blaise Pascal**(١٦٢٣-١٦٦٢) : زانای ریازیات، فیزیا، داهێنەر، نووسەری فکر و ئیلاهیات و، فەیلەسووف . بە گوتارەکانی Les Provenciales (١٦٥٦-١٦٥٧) کە بە ناوێکی نهێنی : " لوی دو مۆنتالت " بڵاوی کردەوە و، کۆی وردە سەرنج و چەند نووسینێکی Pensées کە دوای خۆی ساڵی ١٦٧٠ بڵاوبووەتەوە، شوێنێکی زۆر گرنگیان لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا هەیە .

**٢- فرانسوا دو لا رۆشفوکۆ François de La Rochefoucauld** (١٦١٣-١٦٨٠) :
دوک(میر)ی رۆشفوکۆ، لە تەمەنیچاردەساڵیدا خانمێکینەجیبزادەی هێنا، سەرەتا زۆر دە کێشەی سیاسی گلا، لە راپەڕینەکانی " دارلاستیک La Fronde "ی دژی مەرکەزیەتی رژیمدا بەشدار بوو و، تەنانەت لە رووبەڕووبەنەوەی سەربازانیحکومەتدا بریندار بوو . دوایی، زۆر لە سالۆنی ئەدەبیی" سابلێ Sablé " خانمدا دەبوو . خۆی لە بارەی میزاجی خۆیەوە نووسیویە کە :
" من مێلانخۆلیم Je suis mélancholique"، نووسەرێکی حەسساس و بە دنیا بەدبین بووە :

Les vertus se perdent dans l’intérêt comme les fleuves se perdent dans la mer .

فەزیلەتەکان لە بەرژەوەندیدا ون دەبن وەک کە رووبارەکان لە دەریادا ون دەبن .

بۆ نووسینی کورت و پڕ، کە زۆر قسە بە چەند وشەی کەم بڵێت ( ئیجاز )، لە سەردەمی خۆیدا بێ وێنە بووە . ... Maximes ١٦٦٥، بە دەستکاری و گەورەتر : ١٦٧٨و، بیرەوەرییەکان و، نامەکانی گرنگترین بەرهەمین .

**٣- ژان دو لا برویێر Jean de La Bruère** (١٦٤٥-١٦٩٦) : خوێندنی قانوونی تەواو کردووە، بەڵام لە جیاتی کاری قانوونی بووە بە مامۆستای" دوک"ی بوربۆن و هەر وا تا کۆتایی ژیانی لە سەر کاری ئەو ماڵە پادشاییە لە " کۆندێ Condé "ماوەتەوە . زۆر" ئەفلاتوون" ی خوێندووە؛ کتێبی"رەوشتان"ی" ثیۆفراستۆس"ی یونانی (سەدەی٤-٣ی پێشزاین کە ئاریستۆ ئەو ناوەی لێناوە)ی وەرگێڕاوە و، ئەوجا بیروڕای خۆی لەبارەیەوە نووسیوە، بەوە زۆر بەناوبانگ بووە .

—

ئەوجا نووسەرانی ئاینی، ئەدەبیاتی سەر مینبەر، خوتبە و تەلقین و لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز و بەڵگە لەوە هێنانەوە بۆ هەڵوێستی سیاسی و ژیانی کۆمەڵگە لەو سەدەیەی خۆیاندا، بە زمانێکی زۆر بەهێز کە شوێنێکیان لە ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی حەڤدەدا گرتووە، بەهێزترینیان :

**١- ژاک بێنیەن بۆسوێ Jaques Bénigne Bossuet** (١٦٢٧-١٧٠٤) : زۆر ئوسووڵگەرا و پێبەند بە "دەق"ی کتێبی پیرۆز، زۆر دژی پرۆتیستانت بووە، دژی مۆلییر بووە، سەردەمێک مەتران بووە، لایەنگرێکی وشکی رۆما بووە، مافەکانی پادشای بە بەڵگە بە فەرمانی خودا داناوە، دەوری٢٠٠ خوتبەی لە کتێبخانەی فەرەنسیدا ماونەتەوە .

**٢- لوی بۆردالو Louis Bordaloue** (١٦٣٢-١٧٠٤) : رەقیبی گەورەی" بۆسوێ" بووە، زۆرتر بە بەڵگەی ئەخلاقی رووبەڕووی بۆسوێ بووەتەوە .

**٣- ژان باتیست ماسیۆ Jean Baptiste Massillon** (١٦٦٣-١٧٤٢) : کە هاتووە، سەرنجی تەواوی خەڵکی لەو دووانەی پێش خۆیەوە بەلای خۆیدا راکێشاوە . تەلقینی بۆ مەرگی لویی‌چاردە

و، خوتبەکانی لە بەردەم لویی پازدە بەناوبانگی کردووە .

**٤- فرانسوا فێنیلۆ François Fénelon** (١٦٥١-١٧١٥) : شاعیر و، نووسەری چەند کتێب، سەرۆکی مەترانان بوو و زۆر دۆستی " گوییۆ Guyon" خانمێک لە تابیعانی مەزهەبی کیێتیزم Quiétism ( ئارامگەرایی) بوو و، کاتێک خانمەکە بە بیدعەت تاوانبار کرا، فێنیلۆ بە زمانێکی زۆر گران و دەوڵەمەند لە سەری کردەوە، بەڵام لەدواییدا هەر دۆڕاندی، ئەوە نێوانی لەگەڵ " بۆسوێ "دا تێکدا و، مەرکەزی لای پادشا و لە رۆماش لەسەر دانا . نووسەری چەند کتێبێک بوو، لەوانە " سەرەڕۆییەکانی تێلێماخوس Les Aventures de télémaque " ( لە بەشی چوارەمیئۆدێسسێ)، کە تێدا رووحێکی ئەخلاقی و کراوە و، بەشی ئەوەندە - بۆ سەردەمی خۆی- پێشکەتووی دەربڕیوە کە پادشای پێ تووڕە کردووە .

—

" نامەی ئەدەبی"یش بەشێکی ئەدەبیات بووە، نامەکانی راسین و بوالۆ و لا فۆنتێن و بالزاک بە نموونە وەها بوون، بەڵام کەسانی تریش، بەتایبەتی ژن لەوەدا بەرهەمیان لەبەرچاو بووە، **" ماری دو رابوتا- شانتال Marie de Rabutin - Chantal "** (١٦٢٦-١٦٩٦) خانمی مارکیزی سێڤینیێ Sévigné، بە نامەکانی بۆ کچەکەی زۆرتری ناوبانگی لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا پەیدا کردووە .

—

" نووسینی بیرەوەری" یش شوێنیان لە ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەدا هەیە : **ژان فرانسوا پۆل گۆندی Jean François Paul Gondi**، کاردینالی رێ Retz، (١٦١٣-١٦٧٩)، کە لە راپەڕینەکانی " دارلاستیك"دا(ی دژی رازین و سیاسەتی مەرکەزییەت) چالاک بووە، بە نووسینی بیرەوەریی بەناوبانگ بووە؛ بەڵام هەر وەک ماری خانم بۆ نامەی ئەدەبی بە یەکەم دانراوە **لوی دو روڤرێ دوکی سان- سیمۆن Louis de Rouvray, Duc de Saint-Simon** ( ١٦٧٥-١٧٥٥)ی سەرباز و دیپلۆماتی محافەزەکاریش بە یەکەم نووسەری بیرەوەری ناوی لە ئەدەبیاتی فەرەنسیی ئەو سەردەمەدا هەیە .

—

یەکەم قۆناغی رۆمانی نوێ، بە رۆمانی ئەدەبیاتیشوانی دەستپێدەکات، کە زۆر لە ژێر تەئسیری ئەدەبیاتی ئیتالی( وەک : ئامینتا Amintaی تاسۆ Tasso؛ پاستۆر فیدۆ Pastor Fidoی گوارینی Guarini)، بەڵام بەتایبەتی " دیانا "ی ئیسپانیی مۆنتیمایۆر بۆ ئەوە زۆر بە تەئسیر بوو، باشترین و لەبەرچاوترین نموونە بۆ ئەوە :

**١- ئۆنۆرێ دورفێ Honoré d'Urfé** ( ١٥٦٧-١٦٢٥) ی کاتۆلیک، نەجیبزادە و لە ماڵە شازادان بووە . لە کاتی شەڕدا، بۆ لەناوبردن و بنبڕکردنی پرۆتیستانتان ( شەڕی عوسبەی کاتۆلیک)، دوو جار دەکەوێتە زیندان و، لە زیندان زۆر دەخوێنێتەوە: رینێسانسیئیتالی(پێترارک، تاسۆ ... ئیدی) و زۆری دی، بەڵام بەتایبەتی زۆر دەکەوێتە ژێر تەئسیری" دیانا "ی مۆنتێمایۆر ( یەکەم رۆمانی ئەدەبیاتی شوانیی ئیسپانی) . دوای دەرچوونی لە زیندان، ساڵی١٦٠٧، یەکەم بەرگی رۆمانی شوانیی" ئاستریێ L'Astrée" دەنووسێت .



ئۆنۆرێ دورفێ

مۆنتیمایۆر گوتبووی کە بەرگی دووەمی" دیانا " دێت و رۆمانەکە تەواو دەکات، بەڵام بەرگی دووەم قەت نەهات . " ژێرڤانتێس"یش کە لە ژێر تەئسیری ئەو" دیانا"یەدا بەرگێکی " گالاتێیا "ی نووسی، گوتی کە بەرگی دووەمیشی دەنووسێت و تەواوی دەکات، بەڵام بەرگی دووەمی ئەویش قەت دەرنەچوو؛ بەڵام دورفێ( دەکرێت بڵێین : ئورفێ) بەرگی دووەمی" ئاستریێ"ی لە ١٦١٠ و

سێیەمی لە ١٦١٩ بڵاوکردنەوە . دوای خۆی( کە ساڵی ١٦٢٥ لە هێرشیکدا بۆ سەر جێنەواییەکان لە ئەسپی گلا و مرد)، سکرتێرەکەی ساڵی١٦٢٧ بەرگی چوارەمی و، ساڵی١٦٢٨ پێنجەم و دوا بەرگی بڵاوکردنەوە کە ئیتر چیرۆکەکەی بە نەتیجەیەک گەیاند . نەتیجەیەکی خۆشی بە یەکتر شادبوونی دوو ئەڤیندار . ئەوجا ئەوەش بەڕاستی هیچی ئورفێ بووە یان چی، ئەوە زۆر قسەی لەسەر هەیە . بەڵام بەهەرحاڵ کتێب بە ٥٣٩٩ لاپەڕەی چاپ کۆتایی هات! و ئیتر ئێستا باو هەر باوی" ئاسترێی" بوو .

" ئاسترێی" بە یەکەم رۆمانی ئەدەبیاتی شوانیی فەرەنسی دادەنرێت . هەتا بڵێیت، چ لە لایەن ئاریستۆکراتان و، چ لەلایەن چینی ناوەندی شارستانەوە، ئێجگار زۆر باوی هەبووە . خانمی مارکیزی سێڤینێی و لا فۆنتێن و بوالۆ - بەنموونە - پێیان هەڵگوتووە . زۆر نووسەر هەوڵیانداوە لاسای بکەنەوە و لەسەر شۆپی ئەو بڕۆن .

## ئاسترێی L’Astrée

کاتێکی سەدەی پێنجەم، لە وڵاتی " گۆل Gaule"( فەرەنسا) ی کێلتییەکان، لە مەڵبەندی" فۆرێ Forez "، کە رووباری " لینیۆن Lignon " ئاوی دەدات، " ئاسترێی" کیژە شوان و " سێلادۆن Céladon "ی کوڕە شوان دەکەونە داوی ئەڤینەوە . کوڕ بە بەرگی کچان یەکەم جار رازی دڵی بە دڵبەری دەگەیەنێت ( مەم و زینی خانی وەبیر من دەهێنێتەوە) . کەسوکاریان، نێوانیان خراپە و، کۆسپێن لە سەر رێی بە کام گەیشتنیان ( باوکی کوڕەکە زۆر کەللەڕەقە) . حاڵ زۆر ئاڵۆز دەبێت ( نووسەر بەلای زۆر شتدا دەچێت کە بەوە لە دنیای فەلسەفەی یونان و بەرهەمی ئۆڤیدی لاتین رۆدەچێت) .

کیژ نایەوێت کە دڵداری تووشی کێشە ببێت، بۆ ئەوە پێیدەڵێت کە لە بەرچاوی خەڵکی دێ، لە ئاهەنگی جێژندا، با وا پیشان بدات کە نێوانی لەگەڵ کچێکیتردا هەیە . کوڕ وا دەکات، کچەکەی دی بە نیزیکبوونەوەی سێلادۆن شادە و، سێلادۆن ماچ دەکات . ئاسترێی دەیانبینێت و ناڕەحەت دەبێت، کوڕیش ئەوەی زۆر پێ ناخۆشە و لەداخانا، بۆ رزگاربوون لە ئێشی ئاڵۆزیی ئەڤین، بە نیازی خۆکوشتن خۆی فڕێدەداتە رووبارەوە . هەمووپێیانوادەبێت کە تازە مرد و،ئاسترێی شینی

بەدبەختیی‌خۆی دەکات.

بەڵام سێلادۆن نەمرد، رووبار بردی و فڕێی‌دایە کەنارێک کە خستییە داوی"گالاتێ Galathée" خانمەوە . گالاتێ‌خانم بە جادووی حۆرییەک حەز لە سێلادۆن دەکات(حۆرییەکان بە ناوە یونانییە-کان و درویدەکان- کاهینانی کێڵتی، هەمیشە زێدە دەور دەبینن) . گالاتێ خانم دەستی بە سەردا دەگرێت، سێلادۆن دەبێتە زیندانیی . " کانیی حەقیقەت لە ئەڤین‌دا" لە قەڵای خانمدا هەیە . یەکێک لە کەنیزەکەکانی خانم حۆرییە، ئەو حۆرییە و دواتر مامیشی کە درویدە یارمەتیی سێلادۆن دەدەن و، بەرگی حۆریی دەبەردەکەن و دەریدەکەن . سێلادۆن دەچێتە دارستانێک و، لەوێ لە ئەشکەو-تێکدا دەژیت و، پەرستگایەک بۆ " ئاستریێی ئالیهەی دادپەروەری" دروست دەکات و بە رەسم و شیعر دەیرازێنێتەوە .

لەو بەینەدا، چیرۆک لە چیرۆکدا : چیرۆکی گالاتێ خانم و شەڕەکانی لەگەڵ پادشایانی فرانکیدا و ئاڵۆزییەکانی سیاسەت، چیرۆکی " دیان Diane" و " سیلڤاندر Silvandre"یش .

بەوجۆرە لە جیاتی ئەوە کە ئەو ٥٣٩٩ لاپەڕەیە بکات بە پەنجا چیرۆکی سەربەخۆ، ئاوا ئەو هەمووە شکاندنەوەیە بە راست و چەپدا و لە هەر شکانەوەیەکدا دیسان چیرۆکێکی تر، کە بە بێ ئاگاداری لە ئەدەبیاتی‌کلاسیکی یونان و رۆمان رەنگە هەمیشە لێی تێنەگەین . نامەوێت بە فەڕشە-کەی‌تاقی‌کیسرای بچوێنم، بەڵام مەگەر مرۆڤ هەر پارچەیەکی‌جوان بۆخۆی لەو فەڕشە بکاتەوە، لە وەسفی زۆر رۆمانتیکی تەبیعەت، هەستی ئەڤین، رەمزەکانی حۆری و هاتوچۆیان لە نێوان دڵدارندا ... ئیدی، ئەینا خوێندنەوەی ئەو هەمووە شتە جیاوازانەی ئەو هەمووە دنیایانە، بەڕاستی رەنگە هیچ هاسان نەبێت .

بەهەرحاڵ، لە دواییدا، شوانان دەکەونە نێوانەوە، نامەی ئاستریێی و سێلادۆن بە یەکتر دەگەیەنن، تەنانەت کە ئاستریێی ئەو پەرستگایەش دەبینێت کە سێلادۆن بۆی دروستکردووە، هەر باوەڕ-ناکات کە سێلادۆن مابێت، کە سێلادۆن بەڕاستی ماچیشی دەکات ( کاتێک ئاستریێی خەوتووە)، هەر وا دەزانێت خەون بووە ... ئەوجا دیسان بەرگی کچان دەکەنە بەر سێلادۆن و دیارە بە ناوێکی تر دەچێتە لای ئاستریێی ... تا لەدواییدا دەگەنەوە یەکتر و ئاڵۆزی نامێنن و بە کامی دڵ دەگەن .

وەسفی شوێنی کە دوو ئەڤینداری لێ بوون، " ڕێگاکانی ئاستریێ " بە هەمان شێوەی کە لە کتێبە-کەدا هەیە ئێستاش بە ڕوونی لەبەرچاوە . ئەو شوێنە ئێستا شوێنی سیاحەتگەرییە، خەڵکێکی زۆر لە دنیاوە ڕووی تێدەکەن، هوتێلی زۆر و خۆراک و شەراب و زۆر شت بەو ناوە : ئاستریێ، لە دەوروبەری ئەو شوێنە هەن . مووسیقا و گۆرانی و ڕەسم و تابلۆش بە هەمان شێوە، ئۆپێرای Gérard Pesson ی فەرەنسی ( سەرەتا ٢٠٠٦ لە ئۆپێرای شتوتگارت- ئەڵمانیا، ئەوجا ٢٠٠٩ لە پاریس)؛ فیلمیش .



ڕێگاکانی ئاستریێ chemins de l'Astrée




فیلمی ٢٠٠٧ی فەرەنسیی Éric Rohmer

تەرزێکی دی لە ئەدەبیاتی شوانی دوای ئەوە سەری هەڵداوە، کە هێندێک لە چیرۆکی ئەڤینی شوانان بەولاتر ڕۆیشتووە، وا بووە بە ڕۆمانی سەرەڕۆیی یا هێزا( یا تەنانەت سوارەی نەجیب!) ناوبراوە، ویستوویە هەر بە باسی خەیاڵی میسالیی ژیانی شوانان نەبڕێتەوە و، هێندێک بێتە دنیای واقیعەوە :

**٢- " مارا لو ڕۆی، سیور دو پارک ئێ دو گۆمبێرڤیل Marin le Roy, Sieur du parc et Gomberville**(١٦٠٠-١٦٧٤) باشترین نموونەی ئەوەیە، بەرگیشوانانی کردووەتە بەر کەسا-نێکی تری واقیعی ژیان، کە تەنانەت کلیلیناسینەوەیانی تێدا بە شێوەیەک داوەتە دەستخوێنەری . نووسەر لە تەمەنی چاردەساڵیدا شیعری بڵاوکردووەتەوە، لە٢٠ ساڵیدا کتێبی مێژوو، لە٢٢ ساڵیدا

پاستۆرال(شوانی)ی" La Charité" . ئەوجا پێنج بەرگ " پۆلێکساندر Polexandre"، کە زۆر مێژوو و جوگرافیای تێدایە، قارەمانی بۆ دوڕگەی " ئالسیدیان Alcidiane"ی نیشتمانی شازادە- خانم دەگەڕێت؛ چوار بەرگی سیتێریی Cythérée یش و لە ١٦٥١دا Jeun Alcidiane .

**٣-لا کالپرینێد( گۆتییێ دو کۆست، سینیۆر دو لا کالپرینێد Gautier de Costes, Seigneur De La Calperenede** (١٦١٠-١٦٦٣)ی نیزیک لە کۆشکی پادشا، لە سەردەمی خۆیدا زۆر ناودار بووە، رۆمانی قارەمانیی هەبووە و، ویستووشیە لاسای " ئاسترێی"ی دورفێی بکاتەوە، کە بوالۆ لەسەرئەوە گاڵتەی پێکردووە، بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە بە"ئالیکساندر دوما"ی سەدەی حەڤدەیان ناوبردووە : Cassandre (دە بەرگ)، Cléopâtre ( دوازدە بەرگ)، Pharamond (حەوت بەرگ) .

**٤- مادلێن دو سکودێری Madeleine de Scudéry** ( ١٦٠٧-١٧٠١) خانم و بە هاوکاریی **"جۆرج"**ی برای، بە نووسینی " ئارتامێن یا کوروشی گەورە Artamene ou Le Grand Cyrus "( حەوت بەرگ، ١٣ هەزار لاپەڕە، دەوری دوومليۆن وشە) بەناوبانگ بووە، کە ئەویش وەکو رۆمانە ئاریستۆکراتەکانی دی هەرچەندە بۆ نووسینی، سەیری زۆر سەرچاوەی مێژووش کرابێت ( هێرودوتوس و ئیدی)، کە حەتمەن کراوە، ئەوا زانیاریی - گوایە - مێژوویی کە تێدایە نابێت بە جیددی وەربگیرێت . مادلێن خانم لەو رۆمانەی کوروشی گەورەیدا دەبێت زۆر بە دوورودرێژی باسی ئەوەی کردبێت چۆن کوروش توانیویە بە قسە دڵی"مەندانەی کچیمامی"! بەلای خۆیدا بهێنێت، بەڵام هەر ویستوویە باسی زۆر شتی واقیعیی ژیانی ئەوسا بە بەرگی ئەو قسانە داپۆشێت، نە پتر . زۆر باسی یونان، رۆمان، فارس، سوارەکانی کۆڕی ئارثەرشا، شارلمان، ئینکای پێرو و ... ئیدی، لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەدا دەبینین کە باسی ژیانی ئاریستۆ- کراتانی سەدەی حەڤدەی فەرەنسا دەکەن، کە بە زمانی سالۆنە ئەدەبییەکانی ئەوسا بەرگی ئەو ناوانەیان بەبەردا کردوون . بەڵام ئەو رۆمانانە، وێڕای رەخنەی رەخنەگرانیش - کە دوای ئەمە باسیدەکەین - بەهۆی موحیتێکی زۆر رۆمانتیکی باسی شۆڕەسواران تێدا بە زمانێکی رازاوە،

هۆگرانێکی زۆریان لە سەردەمی خۆیاندا هەبوون .

## کاردانەوەی واقیعییەت

**٥- شارل سۆرێل Charles Sorel**(١٦٠٢-١٦٧٤)ی مێژوونووس و لێکۆڵەرەوە و رۆماننووس روانگەی ئەودیوی ئەدەبیاتی ئەو سەدەیەمان پیشان دەدات . لەو سەدەیەدا کە " بوالۆ"ش رەخنەی لەو رۆمانە - بەناو- مێژووییانە دەگرت و، مۆلییێر لە " قەشمەرە بەنرخەکان"یدا هەر گاڵتەی بە تێکڕای زمان و دنیای کۆڕی سالۆنەکان دەکرد، ئەوا سۆرێل بە لاساکردنەوەی ثێرڤانتێس کە چۆن گاڵتەی بە ئەدەبیاتی شۆڕەسوارانی سەدەکانی ناوەندی کردووە، رۆمانی بۆ گاڵتەکردن بە رۆمانی وەک " ئاسترێی"ی دورفێ نووسیوە : شاگردی دووکاندارێک لە پاریس هێندە لەو جۆرە کتێبانە (ی وەک ئاسترێی) دەخوێنێتەوە، کە لە سەری دەدات ئەویش بچێت ببێت بە شوان، دەڕوات دە - دوازدە مەڕ دەکڕێت و دڵبەرێکیش پەیدا دەکات و دەچێت ژیانی ئەو رۆمانانە بژیت! :
شوانی زێدە سەیر Le Berger extravagante (سێ بەرگ -١٦٢٧)؛
کتێبێکی تری : مێژووی وەپێکەنینخەری فرانسیۆن Histoire comique de Francion (چاپی یەکەم ١٦٢٣- حەوت بەرگ، چاپی دووەم ١٦٣٣- دوازدە بەرگ)، لە چەند ساڵێکی کەمدا شێست جار چاپ کراوە .
سۆرێل زۆر کتێبی تریشی هەن، رۆمان و مێژوو و جوگرافیا و ... ئیدی .

**٦- پۆل سکارۆن Paul Scarron** (١٦١٠-١٦٦٠) لە ماڵێکی نەجیبزادە و ئاینی بووە، شاعیر و شانۆگەر و رۆماننووس و، دوایی گاڵتەپێکردنی نووسیون . لە تەمەنی ٢٨ساڵیدا لاقی ئیفلیج بوون و سەرووی لەشی زۆر شێواوە، وەک لەو شیعرەی خۆی کە بۆ سەر کێڵی گۆڕەکەی نووسیوە، لە دێڕێکیدا دەڵێت : و هەزار جار مەرگی دیت Et souffrit mille fois la mort بەرهەمی زۆری هەبووە، Virgile travestiی ( هەشت بەرگ- ١٦٤٨-١٦٥٣) لە سەردەمی خۆیدا زۆر باوی هەبووە، لەوەوە وشەی " travesty" کەوتووەتە زمانی ئینگلیسییەوە ( بێ لە

زاراوەی ئەم ساڵانەی دوایی، لێرەدا مەبەست هەر لە گێرانەوەی بە سەروگوێلاک شێواندن بۆ گاڵتە پێکردن بووە، سۆرێل بەوجۆرە باسی" ئاینێید"ی ڤرجیل دەکات) . رەنگە مۆلیێر لە ژێر تەئسیری Les Hypocrites (منافقان) ی سۆرێلدا " تارتوف"ی نووسیبێت .

نووسینی تریشی هەن، چەندین شانۆ : Jodelet, Don Japhet d’Arménie, ...



پۆل سکارۆن

٧- ئانتوان فورتێیر **Antoine Furetiere**(١٦١٩-١٦٨٨) . " Le Roman Bourgeois رۆمانی بۆرژوا " (١٦٦٦) ی هەرە بەناوبانگ بووە، کە رەخنەی زۆر توندی لە ئەدەبیاتی سەردەمی گرتووە . چەند بەرهەمی تریشی هەبوون، لەوانە قامووسێکی زمانی فەرەنسی .

٨- مادام دو لا فایێت **Madame de La Fayette**( Marie-Madeleine Pioche de La Vergne ١٦٣٤-١٦٩٣)، لە نەجیبزادان، رۆماننووس، هەرچەندە رۆمانی لە چوارچێوەی هەمان رۆمانی ئاریستۆکراتیدا دارشتووە، بەڵام بە ناوەرۆکی سایکۆلۆجیی واقیعیی، نووسینی زۆر پێشکەوتووە، La Princesse de Clèves ی بە یەکەم رۆمانی مێژوویی بە فەرەنسی دادەنرێت . ساڵی ١٦٧٢ دەستی بە نووسینی کردووە، ١٦٧٨ بە ناوێکی نهێنی بڵاوبووەتەوە، پتر لە سەد ساڵ دوای ئەوە(١٧٨٠) ئەوجا زانرا کە مادام دو لا فایێت نووسەری ئەو کتێبە بووە .

چەند رۆمانی تریشی نووسیون .

## ليبەرتين Libertine

ئـەدەبياتی ليبەرتين ( ليبێرتين، مجون، هەوەسـبازی، وروژێنەری جنسی)ی فـەرەنسيی سـەدەی حەڤدەی کە ئێستا لەبەردەستن کەم نين، هەر بەنموونە ئەمە مشتێک لە خەڵوارێکی ئەوە :

پيێر- کۆرنێیبلێسيبوا Blessebois (١٦٤٦- دوای١٦٩٧) بە نموونە باسی هـاوجنسـگەرايی نێر Alençon ناو دەکات . کتێبی ژيانی جنسيی هێنريی چوارەم ( پادشای کاستيليا- کە دووجنسگەرا بوو) لەلايەن " شارلۆت - رۆز"ی کچی فرانسـوا کۆکۆ دو لا فۆرس، وێرای زۆر مێژووی تری فەزيحەتان . نيکۆلا ڤينێت Venette (١٦٣٣-١٦٩٨) کە بە نووسـەری يـەکەم کتێبی ئـەوروپايی سـيکسـۆلۆژی دادەنرێت کە لە ئەمستەردام چاپی کردووە ." ژێديێو تالما دێ رێێو des Réaux " (١٦١٩- ١٦٩٢) کە هاتوچۆی سالۆنیئەدەبيی رامبوويێی دەکرد، بە Historiettes ی مێژووی هێنرييچوارەم و لويی سێزدە و، چيرۆکی ژيانی پڕ لە فەزيحەتی ئەو هەمووە ناودارانەی زانست و ئەدەبيات باسدەکات . بوسی- رابوتا Bussy-Rabutin (١٦١٨- ١٦٩٣)ی ئەندامی ئاکاديميی فەرەنسی (١٦٦٥) ، بە Histoire amoureuse des Gaules ، مێژوو/ چيرۆکی عيشقی گۆلە- کان (فەرەنسييەکان) زۆر بەناوبانگ بووە، کە بۆ بێتاقەتيی خانمێکی دۆستی نەخۆشی نووسيبوو و دوايی کەوتە دەستی پادشا(لويی چاردە)، پادشا بانگی کرد : خۆ تۆ بە ژنەکەشمەوە نەوەستاويت دايکيشمت خستووەتە بـەزمەوە، پادشا گيان ببوورە! ببوورەی چی ؟ دا بيخەنە" باستيل" (سێزدە مانگی تێدا مايەوە) . بوسی- رابوتا شتی تری خەستتريشی نووسيون . ئانتۆنی هاميلتۆن(بە ئەسڵ ئيـرلەندی و سـکۆتلەندی و ببـوو بە فـەرەنسی)، بـاسی بـەزمی هەوەسـبازيی مێردی خوشکەکەی لە دەربـاری پـادشـای ئينگليس (چـارلزی دووەم) لە کتێبيکيدا نووسـيوە ( بيرەوەرييەکانی کۆنت de Gramont) . " خـوێندگەی کچان يا فـەلسەفەی خـانمان "(١٦٥٥) زۆر بەناوبانگە ( رەنـگە "مييێو" يا "لانژ"ی بڵاوکەرەوەی نووسەری بووبێت)، دوو ديالۆگە : يەکەميان رۆبينێ Robinet دەيەوێت بە ئەڤين بە فانشۆ Fanchont خانمی دڵبەری بگات، بـەڵام کيژ زۆر سادەيە و هيچ لەو شـتانە نـازانێت، رۆبينێ پەنا دەباتە بەر سوزان خانمی ئـامۆزای بەتـەمەنتـری فانشـۆ و، ديالۆگ سـوزانيش دەورووژێنێت، سـوزان هەوڵی خۆی دەدات کە ئـەڤين کـردن فێری فانشـۆ بکات و، لە ديالۆگی دووەمدا زۆر شت باس دەکەن . وەک گوترا، ئەوە هەر بەنموونە، ئەگينا زۆر لەوە پترە .

# ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی هەژدە
# سەدەی رۆشنگەرایی و شۆڕش

ڕژیمی لویی چاردە، لە کۆتاییەکانیدا، ئەو دەسەڵاتەی سەرەتاکانی نەمابوو و، سەرێشەی دەرەوە ونەتیجەکانی بۆ ناوخۆ زۆری ماندوو کردبوو . کە لویی چاردە لە١٧١٥ مرد و، تەمەنی کوڕەکەی پێنج ساڵان بوو، برازاکەی بەڕێوەبردنی وڵاتی گرتە دەست تا کوڕ( لویی پازدە ) گەورە دەبێت .
برازاش ساڵی١٧٢٣مرد، ئیتر کوڕی سێزدە ساڵە چووە سەر تەخت و، بە خراپیی ئیدارە و گەندەڵی و بەرەڵڵایی (جۆرێک مەلیک فارووق)، ئەوجا مردنی (١٧٧٤) و جێگرتنەوەی لەلایەن لویی شازدەی نەوەیەوە ( کوڕی لەوبەینەدا مردبوو)، کە ئەویش پادشایەکی بێهێز بوو، نەیدەتوانی هیچ چاکسازییەک بە سەر نەجیبزادان و کلیسادا بسەپێنێت و، لەوبەینەشدا زانست دەچووە پێشەوە و، چینی ناوەند زۆر گەشەی دەکرد؛ ئەوە هەمووی مەرکەزییەتی ناوەندەکانی سەدەی حەڤدەی هەڵدەوە- شاند و، بڕوا بە توانای پادشا و، بە کەڵکی کلیسای بەتەعەسوب و پیاوانی گەندەڵی تا دەهات کزتر دەبوو و، گومان لە هەموو شتێک ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوو . ئیتر شتێک نەبوو کە بە خەتی سووری پیرۆز دابنرایە، هەر شتێک دەکرا باس بکرایە و ڕەخنەی لێ بگیرایە . بیر دەکرانەوە و، بیرمەند چالاک دەبوون . ئێستا لە سالۆنەکان، قاوەخانەکان، یانە ئەدەبییەکان، لە هەموو ئاستێکدا، بیروڕای جیاواز سەریان هەڵدەدا، نارازییان و بە گومانان دەنگیان دەهات و زەنا - زەنای دەمەتەقە و لێکدانەوە و بەڵگە هێنانەوە ژیانی کۆمەڵایەتیی شارستانی پڕ دەکرد .
لە سەدەی پێشتریشەوە - وەک گوتمان- دەنگانێکی " کاردانەوەی واقیعییەت" لە بەرانبەر دووریی ئەدەبیات لە واقیع هەبوون، بەڵام ئەوە ئێستا زۆر چالاک و زاڵ بوو و هەنگاوی تری دەنا : سالۆن دەژیانەوە، بەڵام - بڵێین- لە جیاتی سالۆنی "مادام لامبێر Lambert " کە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر شۆپی سەدەی پێشوو بوو، ئێستا سالۆنی"مادام ژۆفرا Geoffrin"،"مادام دو دوفا Du Deffand"، "مادام لێسپیناس Lespinasse" شوێنی کۆبوونەوەی بیرکاران و فەیلەسووفان بوون و، گرنگترین باسی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان تێدا دەکرانەوە، دەبوونە Centres Philosophiques ( مەرکەزانی فەلسەفی) . ئێستا بازرگانی و سەنعەت دەبووژانەوە، و، بیروڕای گشتیی چینی ناوەند قورسایی پەیدا دەکرد . لەم سەدەیەدا، زۆر لە ئەدەبیات و بیروباوەڕ لە ئینگلستانەوە دەپەڕینەوە

فەرەنسا، کە فەرەنسای سەدەی پێشتر نەیخوێندبوونەوە .
لە کاتێکدا کە ئیتالیا پێشڕەوی رینێسانس بوو لە ئەوروپادا، ئێستاش ئینگلستان لە سەدەی هەژدەدا بۆ دەوڵەمەندیی بیروڕای زانستی و دیموکراسی پێشڕەوی ئەوروپا بوو : نیوتن، لۆک . ئەوجا لە ئاستی کرداری سیاسیشدا : سەرکەوتنی هێزەکانی پەرلەمان بە رابەری کرۆموێل بە سەر پادشادا و بوونی ئینگلیستان- بۆ ماوەیەک - بە کۆمار، سەرنجی فەرەنسییەکانیان رادەکێشا. ئەو نووسەرانەی فەرەنسای کە رێگەیان بۆ شۆڕشی فەرەنسا خۆشکرد، زۆر لە ژێر تەئسیری نووسەرانی ئینگلستا-ندا بوون، کە خۆیان دوای ئەوە لە فەرەنسا ئەو مەشخەڵەیان بۆ پێشەوە برد . دیفۆ Defoe، ئادیسن Addison، ریچاردسن Richardson، لیڵۆ Lillo ئێستا لە فەرەنسا زۆر باویان هەبوو .
" بیروباوەڕ" لەم سەدەیەدا شوێنی هێندە مەرکەزیی لە ئەدەبیاتدا پەیدا کرد کە هێندێک کەسی وا لێکردووە بڵێن : جا کوا ئەو سەدەیە ئەدەبیاتی تێدا بووە ؟ هەمووی فەلسەفە و بیروباوەڕی دنیای عەقڵ بووە، نەک جوانیی ئەدەبیات بەو سیفەتەی کە ناسیومانە . ئێستا کەڵکی نووسین بۆ ژیانی کۆمەڵگە گرنگ بوو، نەک فڕین بە خەیاڵی جوانی ئەدەبیات . سەردەمی فکر و سیاسەت بوو، لە جیاتی باسی فرمێسکی شوانی ئەڤیندار، باوی شتی تر بوو : قانوون، کۆمەڵایەتی، مێژوو، رووحی نەتەوە، زانست . تەنانەت شیعر و شانۆش ئێستا هەر ئامرازی پرۆپاگەندەی پەیامی کۆمەڵایەتی بوون، کاریان بریتیبوو لە رەخنەگرتن لە خراپیی رژیمی دەوڵەت و گەندەڵی و تەعەسوبی کلیسا . ئەدەبیات، رووحێکی"جەدەلی"ی وەخۆ دەگرت و سیاسەتیدەکرد . رابەرانی بەرهەمی رۆشنبیری، ئەدەبی و هونەری، ئێستا ئیتر" پارتی فەلسەفی"ی کۆمەڵگەیان بوون .

دەکرێت فۆنتونێل بە یەکێک لەو یەکەم رێخۆشکەرانە دابنرێت .
**فۆنتونێل Bernard Le Bovier de Fontenelle**، سەد ساڵی تەمەنی بە نیزیکەی نیواو نیو لە نێوان دووسەدەی١٧-١٨دا ژیا( ١٦٥٧-١٧٥٧)، وێنەیەکی زۆر نموونەیی ئەو پەڕینەوەیەیە .
فۆنتونێل خوشکەزای" کۆرنێی"( پییێر و تۆما) بوو . باوکی، پارێزەر بوو . ئەویش قانوونی خوێند، بەڵام بە هاندانی " تۆما "ی خاڵی رووی کردە ئەدەبیات . خۆی بۆ نووسینی شانۆ و شیعر

تـاقیکردەوە و سـەرکەوتوو نـەبوو، بـەڵام بە راکێشانی سـەرنجی خوێنەرانی بۆ زانسـت بە زمانی سادە و روونکردنەوەی مێژووی زانست و زانایان و زانیاری بە رووحێکیدیموکراتی بۆ هەمووان خۆشەویست بوو . سـەرەتا دوژمنانی زۆری هـەبوون بـەڵام لە دواییدا لایەنگرانی زۆرتر بوون و، ئەوانە دەوریان بۆ کاری ئەنسیکلۆپیدی هەبوو .

ئەوجا دێینە سەر ناوی چوار کەسی تر کە دەکرێت بە گرنگرینی ئەو رێخۆشکەرانە دابنرێن : مۆنتێسکیو، ڤۆلتێر، دیدرۆ، ژانژاک رووسۆ .

## مۆنتێسکیو (١٦٨٩-١٧٥٥)

**Charles-Louis de Secondat, Baron de la Brèd et de Montesquie**



مۆنتێسکیو

مۆنتێسکیو لە ماڵێکی نەجیبزادان، قانوونی خوێند و بوو بە ئەندامی پەرلەمانی بۆردۆ، ئەوجا بوو بە سەرۆکی (لەوەدا جێی مامی گرتەوە) .

مۆنتێسکیو، سەرەتا شتێکی نووسی کە زۆری خۆشەویست کرد : " نامە فارسییەکان Lettres Persanes "، کە ١٥٠(دواتر بە دەستکاری : ١٦١) نامەی زۆر ساتیرن، یەکەم چاپی ساڵی١٧٢١ لە ئەمستەردام بوو و، ناوی مۆنتێسکیوی لەسەر نەبوو، نامەی کێ ؟ نامەی کەسێک کە مۆنتێسکیو لە ژێر پەردەی رۆمانێکدا رێکیان دەخات :

ئاغای" ئوزبەک Usbek"ی ئیسفەهانی، ویستی گەشت بکات، ساڵی١٧١٢ پێنج ژنەکەی ( زاشی، زێپیس، فاتمە، سێلیس، رۆکسانە) ی بە پیاوە خەساوە رەش وسپییەکانی حەرەمسەرای سپارد و لەگەڵ " ریکا Rica "ی هەڤاڵیدا وەڕێکەوتن تا سەریان لە پاریس هەڵێنا و، نۆ ساڵێک، تا ١٧٢٠ لە پاریس مانەوە . ئوزبەک لە پاریسەوە، نامەی بۆ خەڵکێک دەنارد کە لە وڵاتانێک ناسیبوونی و، بۆ ماڵەوە و مەلاکانی وڵاتیخۆیشی، کە تێدا وێڕای باسی حەرەمسەرا و کێشەکانی، باسی کۆمەڵگە و دەوڵەت و کلیسای فەرەنسی و، حوکمی موتڵەق و تەعەسوبی وشکی کلیسا و بێ ئەخلاقی لە

فـەرەنسا دەکرد . مۆنتێسـکیو، دە ئەو نـامانەدا، بە سـاتیرێکی تیژ وێنەیەکی کـارەسـاتاوی لە ژیـانی فەرەنسا دەکێشێت و، هەڵوێستیخۆی لە زۆر شت دەردەبڕێت، رژێمی سیاسیی و سیستمی لۆ Law (ی سکۆتلەندی کە بانکیفەرەنسای بە بەڕێوەبەریمەملەکەت میللیکرد- کاتێک پادشا خۆی جاڕێ مندالٚ بوو) و تا بە زۆر شتی کە لە سـالۆنەکان و ژیانی فـەرهەنگی پـاریسدا هـەبوون لەو نـامانەدا باسکراون . باسی کێشەکانی حـەرەمسەرای ئـوزبەکیش تێدا هـەن، بـەڵام وەک بڵێیت نووسەر هەر ویستوویە لە ئەو نووسینەیدا خۆ لە وشـکیی نـووسینە قانوونی و سیاسییەکانی ئەو سـەدەیە ببوێرێت و، خۆی بە نووسەری رۆمان، نووسەری ئەدەبی نامە، پێشکەش بکات .

مۆنتێسکو چوو سێ ساڵێک بە ئـەورووپادا گەڕا، هەژدە مانگ لە ئینگلستان مایەوە، لۆک Lockeی فەیلەسووف و پایەکانی دەستووری ئینگلیس زۆر سەرنجیان رادەکێشا . کە گەڕایەوە فەرەنسا، هەر کە چووبایەتە شاری پاریس، دەچووە سالۆنی مادام دو دوفا و مادام ژۆفرا، کە باسی فەلسەفییان تێدا دەکران . ئـەوجا دوو کتێبی نـووسـین، کە بەوانە لە هـەموو ئـەورووپا زۆر نـاسـرا و رێـزی لێ نرا، یەکیان :" لێنۆڕینی هۆیەکانی گەورەیی رۆمانییەکان و رۆچوونیان(١٧٣٤) Considération sur les causes de la grandeur des Romains et de leur décadence " ، کە مێـژوو تێدا بـە زانستێک لە زانستەکان شیدەکرێتەوە و هەوڵی تێگەیشتن و دۆزینەوەی قـانوونەکانی دەدرێت، تێدا لێکۆڵینەوەی تـەبیعەت و ئـابووری و بزووتنەوەی کۆمەڵگە و ئاین و رژێـم دەخاتە بەرچاو و بەڵگە لە رێبازی مێژوو دەهێنێتەوە . ئەوەکەی دی : رووحی قـانوونـان l'Esprit des lois (١٧٤٨)، کە تێدا بناغەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردی حکومەتان و قانوونان دانا . داهێنانی پـرەنسیپی جیاکرد-نەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و رەتکردنەوەی" despotisme " (وشـەیەک کە لەوەوە بـاوی پـەیدا کرد، واتە : ئیستیبداد) لە مێژووی نوێدا دەدرێنە پاڵ ئەو . لە" لۆک"ی ئینگلیس، جیاکردنەوەی دوو دەسەڵاتی بەجێهێنان( ئەوسا پادشا بوو) و قانووندانان (پەرلەمان) ی وەرگرتبوو، بـەڵام مۆنتێسکیو شتێکی تری لێ زیاد کرد: دەسەڵاتی سێیەم، سەربەخۆیی داوەری، کە بتوانێت لە بارەی هەر کێشە-یەکی نێوان دوو دەســەڵاتەکەی تر بە قـانوون بـڕیار بدات . مۆنتێسکیو تـەئسیرێکی زۆری بە سەر دانەرانی دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا هەبوو .

## ڤۆلتێر François-Marie Arouet, Voltaire (١٦٩٤-١٧٧٨)   -١٢٦-



ڤۆلتێر

نیتچە گوتوویە : " پێویست بوو کە شێرانێکی دەم بە پێکەنین بێنە مەیدانەوە، ئەوەبوو کە ڤۆلتێر هات و بە پێکەنین دنیای تێکدا! ".

فرانسوا (کە دوایی ناوی" ڤۆلتێر" بۆخۆی هەڵدەبژێرێت) رۆژێکی ساڵی ١٦٩٤ لە پاریس لەدایک بوو، منداڵیکی زێدە بچووک و سیخن بوو، مامان گوتی : بە خودا ئەوە لە یەک رۆژ پتر ناژیت! . بەڵام وا دەرنەچوو . ئەوە چ رۆژێک بوو ؟ ئەنسیکلۆپێدی و هەموو دنیا دەڵێن ٢١ی نوامبر بوو، بەڵام منداڵ خۆی کە گەورە بوو و، هیچ شتێکی هەر بەوەندە کە قسەی خەڵک بوو قەبووڵ نەبوو، تا دوا رۆژی ژیانی پێی لەسەرئەوە داگرت کە ئەوە قسەیهیچ بوو! چونکە ئەو لەلای خۆیەوە دڵنیا بوو کە٢٠ی فیوریە/ شوباتی ئەو ساڵە لەدایک بووە . هەموو سەنەدی دنیا کەسێک بە بابی ئەو منداڵە ناودەبەن کە ئەو خۆی دیسان دەڵێت : نەوەڵڵا ئەوەش قسەی قۆڕە، چونکە من لە جووتبوونی دایکە ئەشرافەکەم لەگەڵ پیاوێکی دیکەی غەیری مێردەکەیدا، کە ئێوە دەڵێن باوکم بووە، بووم! و ناوی ئەو کەسەش دەهێنێت ... ئیدی رەنگە بۆ ئەوە قەت بە دڵنیایی نەگەینە نەتیجە .

بەڵام بە دڵنیایی دەزانین کە نووسەر و شاعیر و زمانزان و خەباتکارێکی پێشڤەڕوو و بیرتیژ و ئازادیخواز و دژی کلیسا ( و هەموو کاهینان و دژی ئیسلام بوو) .

جاری یەکەم لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لەسەر ئەوە گیرا کاتێک بیستی کۆشکی پادشایی بڕیاری دابوو

هێندێک ئـەسپ بفرۆشـن، گوتـی : ئـەگـەر هێندیک لە کـەرەکانیشیان بـەرەڵلا بـکردنایە! زۆر بـاش دەبوو! ( مەبەستی لە کاربەدەستان بوو ) .

لە زیندانیی دووەمیدا، لەسەر شەڕیک لەناو بازاڕ، بە مەرجێک بەردرا کە لە وڵات دەرچێت .

دەرچـوو و، سێ سـاڵ ( ١٧٢٣-١٧٢٦) لە ئینگلسـتان مایەوە، کە لەوێ ئینگلیسی بـاش فێر بوو و، گەورەترین شـاعیران و نـووسەران و فەیلەسووفانی دەدیتن و، بە رادەیەکی زۆر ئەو سێ ساڵە بوو کە دنیای بیروباوەڕی ڤۆلتێریان دروست کرد . ڤۆلتێرێکی زیـرەکی خـاو چـووە ئینگلستان و، لە ئینگلستانەوە بە دروستکراوی گەڕایەوە فەرەنسا .

نووسینێکی سەرەتا بە ناوی"نامە فەلسەفییەکان" بوو و دوایی کرا بە نامەکان لەبارەیئینگلستانەوە، تێدا باسی ژیانی دیموکراسی و سەروەریی قانوون لە ئینگلستان دەکات، کە ئەوێ وەکو فەرەنسا نیە کاربەدەستێک بە مەیلی خۆی بتوانێت کەسێک فڕێبداتە زیندانەوە . ئەوە بە بێ ئـاگاداریی خۆی لە فەرەنسا بـڵاوبۆوە، ئیتر ترسـا و، رایـکرد، چـوو ماوەیەک یـار و یـاوەری پـادشای پـرووسـیا بوو، فریدریک لە پۆتسدام(ئەڵمانیا)، بە ئیمتیاز و مووچەی زۆر، هەر بۆ هەقی رێگای چوون سێهەزار فرانکی وەرگـرت و، لەوێش لە سەر پـارە کـەتنێکی دا ( سـەهمی شـیرکەتێکی کـڕیبوون کە پـادشا قـەدەغەی کـردبوو، قـازانجی کـرد و کەسێک نـەیدەویست هەموو قازانجەکەی بداتێت و هەڕەشەی ئـەوەی لێ کرد کە لای پادشـا ریسـوای بکات، ڤۆلتێر دەسـتی خسـتە بینەقاقایەوە و بە لێدان کـەوتە سـەری) . کە پادشا بەوەی زانی، گوتـی : ئاوی پرتەقاڵەکە دەگوشن و توێکڵەکەی فڕێدەدەن!

ڤۆلتێر ئێجگار زۆر بە بەرهەم بووە، شیعر و شانۆ و نووسینی سیاسی و کـۆمەڵایەتی و فەلسەفی و رەخنەی ئەدەبی و زمان . دەوری ٢٦٠ کتێب و نامیلکەی پەخشان و شیعر و شانۆی هەن، چاپێکی هەموو بەرهەمی بە ٩٩ بەرگ هەیە . فەیلەسووف نەبوو، بەڵام نووسەرێکی ئێجگار زۆر بیر تیـژ و خـوێندەوار و ئـازا و دڵسـۆز لە دەربـڕینی بیروباوەڕدا، دژی خـورافات و کاهینان و تـەعەسوبی ئاینی و مەزهەبی( تەنانەت کە شانۆی"محەمەد"ی لە بارەی تەعەسوبی پێغەمبەری ئیسلام نووسی، نوسخەیەکی بۆ ڤـاتیکان نـارد، دوای ئەوەش گوتـی : من دژی تـەعـەسوبم نـووسیوە، ئـەوە کلیسـای کاتۆلیکیش دەگرێتەوە). شەڕڤانێک بوو لە مەیداندا بۆ ئـازادیی دەربڕینی بیروڕای جیاواز . ئەوەی

دەینووسی، بەوجۆرەی کە دایدەڕشت، هەستی لێدانی دڵیگەرمی تێدا بوو و، بەوە سیحرێکی هەبوو کە دەیگەیاندە ناو دڵی خوێنەرییەوە (یا تماشاکەری شانۆیەوە... ئیدی) .

## کاندید یا گەشبینی Candide ou l'optimisme

یەکەم رۆژی نوامبری ١٧٥٥، بوومەلەرزەیەک بە هێزی هەشت دەرەجە و نیوی ریختەر، لە مەرکەزی پایتەختی پۆرتوگالەوە، تا بە مەغریب کارەساتی نایەوە، تسونامیی دەریاشی لێ پەیدابوو و، چل هەزار کەسی کوشت . ئا لێرەدا، رووسۆی بیرکاری فەرەنسی کەوتە فەلسەفەلێدانی خۆی : ئەوە خەتای مرۆڤ خۆیەتی، بۆچی لە شاراندا دەژین ؟ ئەو شارستانییەتە خراپە چیە ؟ تەبیعەت خۆی زۆر چاکە بەڵام مرۆڤ خۆی بێ عەقڵە، ئەسڵەن ئەگەر هەر خانوومان دروست نەکردنایە و وەکو حەیوانەکانی تر لەو دەشت و دەرە بژیاینایە، میچی خانوومان بە سەردا نەدەڕووخا؛ خۆمان بە دەستی خۆمان بەڵامان بۆ خۆمان دروستکردووە؛ واز لە خانوو و شارستانییەت بهێنن و بگەڕێنەوە جەنگەڵ! ... ئیدی لەو جۆرە قسانەی کە ڤۆلتێر گاڵتەی پێدەکرد :

> کاکی خۆم مرۆڤ کە ئەو کتێبەی تۆ دەخوێنێتەوە، حەز دەکات بە چوار پێ بڕوات، بەڵام چونکە ئیتر من ئەوە شێست ساڵە عادەتم بە رۆیشتنی بە دوو پێ گرتووە، تازە بە داخەوە کە ئیدی بە چوار پێ رۆیشتنم بۆ ناکرێت!

وەک ئەو قسانەی رووسۆ بەس نەبن، کلیساش ئەوەندەی دی کەوتە پێهەڵگوتنی نیعمەتەکانی خودا لە سەر زەوی، کە هەموو شت بە دەست خودایە و خوداش ئەوەتا هەر بەختیاریی مرۆڤی دەوێت! ئەو هەمووە فەیلەسووفەش لە هەموولایەکەوە کەوتنە سەر رەواجپێدانی ئەوە کە " ئەمە باشترین دنیایەکە کە بکرێت هەبێت"

Tout est pour le mieux dans le meilleur des mondes

( هەموو بۆ باشترە لە باشترینی دنیایاندا)

بەڵام ئیدی خودا دەشیەوێت گوناهباران بۆ دەرسی مرۆڤ سزا بدات! ...

ڤۆلتێر ئیتر وەک بڵێیت دیقی کرد بەدەستیانەوە، ئەوسا لە شارۆچکەی فێرنی Ferney ی فەرەنسای سەر سنووری سویسرا بوو، دانیشت کتێبێکی نووسی : " کاندید ( سـادەلـەوح) یا گەشبین" و، ئـەوە بوو بە ناودارترین و خۆشەویستترین کتێبی ڤۆلتێر :

کاندید، وەک لە ناویرا دیارە، جەوانێکی سادە و دڵپاک بوو و لە خودا دەترسا، لە کۆشـک و سـەرای بارۆن " هەورەتریشقە ..." ( ناوەکان هەموو مەغزایان هەن)، لە وێستڤالیا (ئەڵمانیا) دەژیا .

ڤۆلتێر وەسفێکی سـەیری ژیان لە کۆشکی بارۆن دەکات، کە دەبێت ماڵی " فریدریک "ی دە سەردا بووبێت .

کـاندید کوڕی غـەیرەشەرعیی خوشکی بارۆن بوو، کە وێڕای بارۆن و ژنە نیزیکەی١٦٠ کیلۆیە-کەی و کچە ١٧ سـاڵییەکەیان و کوڕەکەیان و ئەو کاندیدە؛ مامۆستایەکی زۆر گـەورەشی لێبوو کە دەرسی پێ دەگوتن کە چۆن هەموو حیکمەت بە دەوری وشەی" ئۆپتیمیزم "(گەشبینی)یەوە دەسوو-ڕایەوە .

مامۆسـتا - کە بە دزی نێوانی لەگەڵ کارەکەری ماڵدا هـەبوو- لە دەریـای ئـەوەندە زانستـاندا مەلەی دەکرد، مامۆستا پانگلۆس(بە یونانی : هەموو زمانان) بلیمەتێک بوو کە عەقڵی هۆی هەموو شتێکی دەدیت : بـۆچی لاق بەوجۆرەیە ؟ تاکو بچێتە شـارواڵ و گـۆرەوییەوە! ئـەی لووتـی دەموچاومان بۆچی بەو شـکڵەیە ؟ تاکو بکرێت چـاویلکەی لەسەر بوەستێت؛ ئـەی بـەرد بـۆچی دروستکراوە ؟ تاکو خـانووی پێ دروست بکەین؛ بەراز بۆچی دروست کراوە ؟ تاکو تێر گۆشت بخۆین! . کەواتە ئەوانەی دەڵێن : " دنیا باشە " غەڵەت دەکەن، باشی چی ؟ دەبێت بڵێین : هـەر شـتە بە " بـاشتریـن" شێوەی لەتواندا دروستکراوە! نەک هەر تەنیا باش، ئای .

ڕۆژێـک " کونێگۆند Cunégonde" خانمی کچی بـارۆن، مامۆسـتا پـانگلـۆس دەبینێت خـەریکـی عیشقکردنە لەگەڵ کارەکەردا، ئەویش دەیەوێت هەمانشت لەگەڵ کاندید تاقیبکاتەوە . لە تاقیکرد-نەوەیەکی زانستی فیزیادا کە مامۆستا پـانگلۆس باسی وزەی تـەبیعەتی بۆ کردبوون، لەگەڵ کاندیدا ماچیان تاقیکردەوە! و بارۆن دیتنی، زللـەیەکی لە کچ دا و، کاندیدیـش لەسەر ئەو قـەباحەتەی زۆر شەقی خوارد و لە ماڵ دەرکرا .

کاندید، دوای ماوەیەک دەکەوێتە داوی سەربازانی بولگاری و، بە زۆر دەیبەن بیکەن بە سەربازی لای خۆیان . لە مەشقیاندا زۆری دارکاری دەکەن . کاندید رادەکات، دەیگرنەوە و دەڵێن هەڵبژێرە : دوازدە فیشەک بەسەرتەوە بنێین یا دوو هەزار سەربازی فەوجەکە هەر یەکە و ٣٦ جار لێتبدەن ... بە هەرحاڵ پادشا بە رێکەوت ئەوە دەبینێت و، بەوە کە کاندید فەیلەسووفێکی کەم ئەزموونە، دەیبەخشێت . پادشا، ئەوجا دەچێتە شەڕی Abares... . کاندید دیسان رادەکات و بە ناو کەلاکی ٣٠ هەزار سەربازی بولگاری و بە شار و دێهاتی سووتاودا بۆی دەردەچێت، برسیی دەبێت، مەسیحییەک وەعز بۆ خەڵک دەکات کە مرۆڤ دەبێت کاریخێر بکەن، لە کاندید دەپرسن: تۆ پێت-وایە کە پاپا دژی مەسیحە ؟ کاندید دەڵێت : نازانم، بەڵام دەزانم کە برسیمە . واعز دەڵێت : حوکمی کاندید ئەوەیە کە دەبێت لە برسان بمرێت و، ژنەکەی شتێک بەسەر سەری کاندیددا دەکات، بەڵام پرۆتیستانێک فریای دەکەوێت و رزگاری دەکات .

کاندید رۆژێک سواڵکەرێک دەبینێت، کێ ؟ هەمان مامۆستا پانگلۆس! ئێ مامۆستا گیان چی بوو، بۆم باس بکە، دەنگوباسی دڵبەرەکەم ؟ مامۆستای سواڵکەر جارێ ماندوو و برسییە! کاندید شتێکی دەداتێ تا بخوات و قسەی بۆ بکرێت، قسەی چی ؟ من لەماڵی بارۆن دەرکرابووم، کاتێک هێرش کرایە سەر ماڵی بارۆن، سەری بارۆنیان پڵیشاندەوە، ژنەکەیان لەتوپەت کرد، کچەکەی و کوڕەکە-یان هەتکی جنسیی کردن، ئەوجا زگیان هەڵدڕین! ئیدی بەوجۆرە ...

مامۆستا پانگلۆس شاعیرانە باسی خۆشیی ئەڤین دەکات . مامۆستا گیان ئەوە تۆ دەڵێیت چی ؟ خۆشیی چی و شتی چی ؟ من هەمووی یەک ماچم دەست کەوت و باوکی کچ بیست شەقی دە قوونم هەڵدا . مامۆستا دەڵێت : منیش لەگەڵ ئەو کارەکەرەدا شتێکم کرد بەڵام ئەوە تووشی نەخۆشییەکی جنسیی کردم، دنیا چەند خۆشە کە ئاوا ئەڤینی تێدا بێت!

کاندید دەڵێت : مەگەر نەخۆشی بەڵای لە ئیبلیسەوە نین ؟ مامۆستا دەڵێت : نا، ئەوروپا ئەگەر نەخۆشی نەبوایە چۆن بەسەر خواردنی شۆکۆلاتە و بۆیەی کۆچینیلدا دەکەوت ( بۆیەیەکی رەنگ-کردنی سوورە لە مێشوولەیەکی بە ئەو ناوە وەدەست دێت) ؟ ئەوە هەمووی خێر و بێرە!

چەندی بە چەندی ؟ ئەوانە چ پێوەندییان هەیە مامۆستا گیان ؟

نا، رۆڵە، من نەخۆشییەکەم لەو کارەکەرە گرتەوە، ئەویش لە رەبەنێکیدێرییەوە گرتبوو، زنجیرەی نەخۆشەکان بە ئەو نەخۆشییە جنسییە دەگاتەوە یەکێک لەوانەی کە لەگەڵ کۆلومبوس بوون! ئەوانە کە شۆکۆلاتە وکوچینیلیان هێناوەتە ئەوروپا ...

کاندید، بەوجۆرە درێژە بە سەرەڕۆییەکانی دەدات، دەچێتە : هۆڵەندا، پۆرتوگال، سورینام (ی هۆڵەندا لە باشووری ئەمریکا )، ئێلدۆرادۆ( کۆلۆمبیا)، فەرەنسا و لە هەموو ئەوانەدا تووشی زۆر بەڵا دەبێت . تا لە دواییدا لە تورکیا دەگیرسێتەوە و بێستانێک بە ئیجارە دەگرێت و، مامۆستا پانگلۆ-سیش دێتە پەنایەوە :

> ئازیزم کاندید، بزانە دنیا چەند باشە، بیری لێبکەرەوە، ئەگەر تۆ لەو کۆشکەی بارۆن دەریاننەکردبایت و... لە دادگاکانی پشکنینی کلیسای پۆرتوگال راتنەکردایە، نەچووبایتایە ئەمریکا، زێرەکەت لە دەست نەدایە ... هیچ لەوانە روویاننەدابایە، ئێستا تۆ لە تورکیا مرەببای کەبات( جۆرێک لیمۆ) و پستەت نەدەخوارد!

کاندید گوتی : راست دەکەیت، بەڵام با جارێ بچین سەوزییەکانمان ئاوبدەین!

—

ڤۆلتێر و کرێبییۆن، دوو گرنگترین نووسەری شانۆی " تراژیدی"ی سەدەی هەژدە بوون، ئەو سەدەیەی کە بۆ نووسینی" تراژیدی"یش تێدا وەکو" شیعر" زۆر کەم بەرهەم و تەنانەت پەڕپووت بوو . دەکرێت بڵێین ئەو سەدەیە بە بێ ئەو دووانە، رەنگە هیچی بە جەوهەر نوێی لە نووسینی تراژیدی تێدا نەمێنێتەوە، هەرچی هەبوو هەر هەوڵی لاساکردنەوەیەکی وشکی رۆتینیی نووسەرا-نی گەورەی پێشووی وەک کۆرنێی و راسین بوو، لاساکردنەوەیەکی بێگیان، هەر وەک مامۆستا-یەک (E.Lintilhac ) دەڵێت کە باسی تراژیدیی ئەدەبیاتی ئەو سەدەیە واتە :

" une vaste nécrologie ئاگاداریی لیستێکیهەراوی مردووان "!

دواتر باسی کرێبییۆن دەکەین . لێرە لە باسی ڤۆلتێردا دەتوانین بڵێین کە ڤۆلتێرینووسەر و- کەمتر-شاعیر، شانۆنووسێکیگەورەش بوو . لە سەردەمی خۆیدا، کەسانێک هەبوون کە لە ریزی کۆرنێی و راسینیان داناوە . سەرەتا هەر لە سەر رێبازی سەردەمی پێش خۆیەوە، ناو و شوێنی رووداوانی

تـراژیدییەکانی هەر کلاسیک بوون، چـونکە ئەوە ئیتر ئـوسـوولّی نـووسینی تـراژیدی بـوو، بـەڵام دوایی لەوە دەرچوو و" محەمەد "ی‌عارەبستان و، کەسانی تری ئافریقا و چین لە شانۆکانیدا بوون . لە دەرهێنانیشدا، " بـروتوس"ی - بەنموونە - بە بـەرگی پیاوی فەرەنسیی سەردەمی خۆی ( ڤۆلتێر) لە سەر شانۆ پێشکەش‌کرد (لە جیاتی بەرگی رۆمای سەردەمی بروتوس)، کە ئەوە (رەنگی شوێنە-کە) هەنگاوێک بەرەو سەردەمی رۆمانتیکی دوای خۆی بوو . ئەوەش لە شـانۆیدا دەبینین کە ڤۆلتێر لە نووسینی تراژیدییەکانیشیدا هەر خـزمەتی پەیامی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی لەبەرچاو بووە . یەکەم تراژیدیی" ئۆدیپ"(١٧٢٨) و دوامینیان " ئێرین"(١٧٧٨)؛ لەو نێوانەشدا دەوری دوازدە تراژیدیی تری نووسیون . بۆ " کۆمێدی"ی ڤۆلتێر، بڕوانە ل ١٥٦ی ئەم کتێبە .

**ڤۆلتێر** بە رادەی یەکەم نووسەر بووە بەڵام شیعریشی نووسیوە :
حەماسەیەکی دە کانتۆی La Henriade کە بە لاساکردنەوەیەکی"ئاینێس"ی ڤرجیل، قارەمانەکەی هێنریی چوارەمە(یەکەم پادشایفەرەنسا لە ماڵی بۆربۆن، لەوێدا وەک ئاینێس چیی بە دیدۆی شاژنی قرطاجە گوت، هێنری بە"ئەلیزابێت"ی شاژن چی‌دەڵێت...)، بە مەبەستی ریسواکردنی خورافات و تـەعەسوبی ئـاینی و، بۆ یـەکتر قـەبووڵکردن و لێبوردەیی نووسـراوە . چەند شـیعری فەلسەفی، کە رەنـگە تێدا سـەرکەوتووتر بووبێت . چـەند پـەیامێک، یـەکێکیان بۆ بـوالـۆ . چـەند سـاتیر، لەوانە : شـەیتانی هەژار و، چەند وردە شیعر .

# دێنی دیدرۆ **Denis Diderot** (١٧١٣-١٨٧٤)




دیدرۆ

دیدرۆ لەگەڵ دالمبێر **Jean-Baptiste le Rond d'Alember** دا پێکەوە بنکەی ئـەنسیکلۆپێد-بیان دامـەزرانـد . لە مانگی ٦ی ١٧٥١ تا دیسـامبری ١٧٦٥، دەسـتـەیەک، ڤـۆلتێر و رووسـۆ و ... بە هـەمووان پتر لە سـەدوپەنجا کەس، کە بە " ئەنسیکلۆپێدیستەکان " نـاسران، بە سـەرنووسـەریی دیدرۆ، کاریان لە نووسینی ئـەنسیکلۆپێدییەکەدا کرد، حـەڤدە بـەرگ نووسین و یـازدە بەرگ تابلۆ . دیدرۆ، لە زۆر مەیدانی زانیاریدا زۆر زانا بوو . ڤۆلتێر پێیدەیگوت : " پـانتۆفیل" ( هـەمووشـت-گەرا)! . دوای خـوێندنی نـاوەندی، بـاوکی پێیگوت قـانوون یا بژیشکی بخوێنێت . دیدرۆ بە قسـەی نەکرد و، ویستی بنووسێت . بـاوکی لە ماڵی دەرکرد و لە هـەر پارە و میرات و شـتێکی مـەحرووم کرد . دیدرۆ رۆیشت، دە ساڵ ( ١٧٣٤-١٧٤٤) ژیانی کولەمەرگی لە پاریس ژیا . پـارەیەکی زۆر کـەمی بە نـووسین وەدەسـتدەهێنا . هێندێک سـەرچاوە نـووسـیویانە کە وەرگێران و نـووسینی بـۆ خەڵک کردووە، هەموو جۆرە نووسینێک، تەنانەت خوتبەی کلیساشی بۆ کەشە نووسیوە .

ساڵی١٧٤٢ لەگەڵ رووسۆدا بوونە هەڤاڵ . ساڵی١٧٤٨چیرۆکێکی بە ناوی " گەواهێراتی گەلحۆر Les bijoux indiscrets " نووسـیوە و چـاپ و بـڵاو کردووەتەوە، بێ ئەوە کە ناوی نـووسـەری لەسەر بێت . چیرۆک دەڵێت کە :

سولّتان " مانۆگول"ی کۆنگۆ، دڵی لە " میزۆزا خانم" پیس بوو، پێیوابوو خانم عیشقبازیی لەگەڵ پیاوانی تردا دەکرد . سولّتان ئەنگوستیلەیەکی هەبوو، هەر ئەوەندە بە دەستی بیسڕیبایەتەوە، دوو وەزیفەی بۆ بە ئەنجام دەدا : کاتێک رووی ئەنگوستیلەکەی لە ناوگەڵی ژنەکە بکردایە ( کە بە ناوگەڵی دەڵێت گەواهێراتی گەلحۆر)، ئەوا گەواهێرات دەکەوتە قسە و دەیگێرایەوە چی روویداوە؛ وەزیفەکەی تریش : ئەنگوستیلە دەبوو بە کڵاوی سەخری جن! ئیدی سولّتان نەدەدیترا، لای ژنەکە دادەنیشت ( کە ژن نەیدەدیت) . سولّتان سەیری دەکرد بزانێت خانم لەگەڵ کێدا چی دەکات .

ئەو چیرۆکە، کە نیزیکەی بە حەرفی لە Garin ی سەدەکانی ناوەندی وەگیراوە ( بڕوانە ل٤٤)، رەنگە دیدرۆ لای هەڤاڵانی گوتبێتی کە مەبەستی لە سولّتان لویی‌پازدە بووە و خانمەکەش مەبەست لە " مادام دو پۆمپادوور"ی جوان و جەوان بووە، کە لە سێ ساڵ پێش نووسینی کتێبەکەوە ( لە تەمەنی٢٤ ساڵیدا) کرابوو بە سەرۆکی خانمانی دیوانی پادشایی( پادشا عەییاشێک بوو)؛ دەکرێت زۆر کەس مەبەستی وا تێگەیشتبن .

دیدرۆ چەوسانەوەی زۆری لەسەر هەڵوێستی لە زانست و ئاین دیتووە، گوتوویە : ئەنسیکلۆپێدی بۆ زانستە و، موعجیزاتی کتێبی پیرۆز زانست نیە، موعجیزە لە زانستدا نیە . کتێبی هزرانی فەلسەفی Pensées Philosophiques ی لەلایەن پەرلەمانی پاریسەوە لە بەرچاوی خەڵک سووتێنراوە (١٧٤٦) و کتێبەکە بەوە لای خەڵك زۆرخۆشەویست بووە . لەسەر نووسینێکی تری :" نامە لەسەر کوێران بۆ بەکارهێنانیئەوانەی کە دەبینن Lettre sur les aveugles à l’usage de ceux qui voient " فڕێدراوەتە زیندانی ئینفیرادی، هەڵوێستی ئیلحادی (بێدینی) ی تێدا بووە، کە رووسۆ چووە لەو زیندانە ( لە Vincennes) سەری لێداوە (١٧٤٩) .

دیدرۆ، بۆ ئەرکی زەماوەندی کچەکەی، کتێبەکانی فرۆشت . کاتەرینەیگەورەی قەیسەری رووسیا کە نێوانی لەگەڵ ناودارانی ئەدەبیاتی رۆشنگەرایی ئەو سەردەمەی فەرەنسادا هەبوو، فەرمانی دا کە کتێبەکانی بکڕنەوە و بیدەنەوە بە دیدرۆ و، لەوساوە خۆی لێ کرد بە کەسوکار و معاشی بۆ بڕییەوە و، خانووی بۆ کڕی و ئیدی کێشەی ماڵیی نەهێشت . ئیتر دیدرۆ، ٩ی ئۆکتۆبری ١٧٧٣ چووە خزمەت کاتەرینە . هەرچەندە بە نیازی مانەوەی چەند رۆژێک چووبوو، بەڵام دەوری پێنج

مانگ لای کاتەرینە مایەوە . کتێبی تەواو لەسەر ئەو سەردانەی نووسراوە . کاتەرینە لە نامەیەکدا بۆ خانمێکی ناوداری رۆشنگەرایانی پاریس ( مادام ژۆفرا Geoffrin ) نووسیویە :

ئەو دیدرۆیەی ئێوە پیاوێکی سەیرە . تا لەگەڵیدا دادەنیشم، پەیتا پەیتا بە رانمدا دەکێشێت، ئیدی رانم شین دەبێتەوە و تەواو رەش دەبێت . ئیتر ناچار مێزێکم لە نێوان خۆی و خۆمدا دادەنا تا خۆم و رانم لە دەستی بپارێزم " .

لە شوێنێکی تر دەبینین : کاتەرینە بە دیدرۆی گوت :

" ئەم دەرگایە دەبینیت ؟ ئەوە ژووری تایبەتی منە، دەتوانیت هەموو رۆژێک لە نێوان سەعات سێ و پێنجدا لەو ژوورەمدا بێیتە لام ".

کە دیدرۆ کۆچی دوایی کرد، لە سەر وەسیەتی خۆی، هەموو کتێبەکانی دران بە کاتەرینە .

بۆ باسی نێوانی دیدرۆ لەگەڵ" شانۆی چینی ناوەند"دا بڕوانە ل ١٦٠ ی ئەم کتێبە .

## ژان ژاک رووسۆ Jean-Jacques Rousseau (١٧١٢-١٧٧٨) 

باوکی رووسۆی کالڤینیست، ئیسحاق Isaac، به ئەسڵ فەرەنسی بوو، باوانی بەهۆی چەوسانەوەی مەزهەبی،ناوەندی سەدەی شازده له فەرەنسا رایانکردووه و له جنێف(ی ئەوسا سەربەخۆ)نیشتەجێ بوون . ئیسحاق شەش ساڵ(١٧٠٥-١٧١١) له ئەستەمبووڵ سەعاتساز بووه(بەقسەی خۆی سەعاتسازی سوڵتانی عوسمانی بووه)، کەمانی ژەنیوه و مامۆستای سەماش بووه، بەڵام ئیدی ئەو کاره له " جنێف"(مەرکەزی کالڤینیستان) حەرام بووه .

دایکی رووسۆ، سوزان خانم، سویسری بووه، له تەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی ( که ئەویش سەعاتساز بووه) مردووه، مامی بەخێوی کردووه . مام، حەزی له ژنی تری غەیری ژنی خۆی کردووه و سوزان خانمیش حەزی له پیاوێک کردووه که ژنی هەبووه . خوشکێکی ئیسحاقیش به هەمان ناوی سوزان، مێردی به برایەکی ئەو سوزان خانمەی دایکی رووسۆ کردووه، بەڵام پێشئەوه که مێردی پێبکات منداڵی لێبووه! ئەوەش لەو دنیا کالڤینیسته وشکەدا، که دیاره ئەو شتانه هەموو سەرێشەیان لەگەڵ کلیسادا بۆ ناونەتەوه .

نۆ رۆژ دوای لەدایکبوونی رووسۆ، دایک مردووه . پووری (خوشکی باوکی) هاتووەته لایان یارمەتیی داون . ژان ژاک به منداڵی زۆر به کەیفەوه گوێی لەو چیرۆکانەی دنیای ئەڤین و دوور له فەرهەنگی کلیسای کەسوکار و خزمانی گرتووه، هەر وەک که هەقایەتیخەیاڵیی دنیای جادووی حۆرییەکان بووبن . باوک و کوڕ شەوانه وابووه تا بەرەبەیان کتێبیان خوێندووەتەوه و، ژان ژاک بەوه زۆر شاد بووه .

بەڵام کاتێک ژان ژاک تەمەنی ١٠ ساڵ بوو، باوک شەڕێکی لەگەڵ کەسێک کرد، ئەو کەسەی بریندار کرد و، له ترسی پۆلیس له شار رایکرد و، ئیدی هەر ئەو راکردنه بوو . پووریش(خوشکی باوک) که دیتی براکەی رۆیشت، ئەویش تێیتەقاند، ئیدی ژان ژاک بێکەس و بێدەر مایەوه .

پیاوێکی ئاینی بردییه لای خۆی و، دەینارد وردەکاران بکات، شاگردی ئەم دووکان و ئەو دووکان، بەڵام که خاوەندووکان بۆ جاریسێیەم به ناهەق له ژان ژاکی دا، ژان ژاک رایکرد و، نەیدەزانی بۆکوێ بچێت . رووسۆ له تەمەنی ١٦ ساڵیدا، به ئامۆژگاریی کەسێک چووه لای" فرانسواز لویز

دو ڤارانس "de Warens" خانمی تەمەن ٢٩ ساڵی کاتۆلیک و، بەو چوونە زۆر لە ڕێبازی ژیانی داهاتووی داڕێژرا : هەم باوەشی گەرمی دایک ( کە رووسۆ ئیتر هەر پێی دەڵێت : ماما = دایە) و هەم کۆشی گەرمی ژن( پێوەندیی عیشقی جنسیی، کە - بە قسەی رووسۆ- چوار ساڵ دواتر ئەوجا دەستی پێکرد) و پەروەردەیەک کە رووسۆ خۆی دەڵێت : ئەو منی خستە دنیای ئەڤین و کولتوور و مووسیقاوە، ( رووسۆی کردووە بە کاتۆلیک، بەڵام رووسۆ دوایی گەڕاوەتەوە سەر مەزهەبی پرۆتیستانتیی پێشووی) . رووسۆ، دەوری دە ساڵ، زۆرتری کات لە ماڵی ئەو خانمە دەمایەوە، تا دوایی خانم دەریکرد . ساڵی ١٧٤١چووە پاریس و، هەوڵی دا لە رێگەی مووسیقاوە(کە وای‌دەزانی شتێکی نوێی لە تەکنیکی ئەوە پێیە) و نووسینی کۆمێدییەکیش Nercisse بە شتێک بگات، بێ فایدە بوو؛ لە رێگەی چەند خانمێکەوە بوو بە سکرتێری سەفیری‌فەرەنسا لە ڤینیس، لەوێش شەڕی لەگەڵ سەرۆکیدا کرد و، دوای دە مانگێک گەڕایەوە پاریس . ساڵی١٧٤٥ لە هوتێلێکی هەژارانەدا، لەگەڵ " تێرێز "Thérèse le Vasseur خانمی کرێکاری هوتێلەکەدا بوون بە دۆست و، تا کۆتایی ژیانی رووسۆ پێکەوە مانەوە و، تێرێز خانم بوو بە دایکی پێنج ئەولادی رووسۆ، کە رووسۆ، دەستبەجێ هەر منداڵێکی دەبوو فڕێی‌دەدایە هەتیوخانەوە .

رووسۆ، چەند خانم و پیاوی ناوداری لە پاریس ناسین، دیدرۆی ئەنسیکلۆپێدی یەکێک بوو لەوانە،



ژانژاک رووسۆ



مادام دو ڤارانس

کە باسی" مووسیقا " لەو ئەنسیکلۆپێدییەدا نووسینی رووسۆیە . رووسۆ، سەرەتای ١٧٦٦ لەگەڵ "هیووم David Hume"ی فەیلەسووفی سکۆتلەندیدا چووە ئینگلستان، لەوێش لەگەڵ هیوومدا پیس تێکچوون و دەنگوباسی ئەوە بە زۆر شوێنی ئەورووپا دەگەیشت . دوای چوارمانگ و نیوێک مانەوە کە بەرگی یەکەمی ئیعتیرافاتی تێدا نووسی، گەڕایەوە فەرەنسا .

رووسۆ،هەموو ژیانی زۆر نائارام بوو،لاسەنگ بوو، فەلسەفەی شتی لێدەدا و پێچەوانەی دەکرد، بەنموونە : کتێبی چاکی بۆ پەروەردەیمنداڵ دەنووسی، بەڵام کە خۆی هەر منداڵیکی ببوایە، گورج فڕێیدەدا، دەیدا بە هەتیوخانەیەک کە منداڵان تێدا بە نیسبەتی ٦٢ تا ٧٥ لە سەد دەمردن .

رووسۆ، حەوت ئۆپێرا و چەند پارچە مووسیقای داناون، ساڵی ١٧٥٢ ئۆپێرایەکی ( فاڵگرەوەی دێ) ی لە بەردەمی لویی شازدە و مادام پۆمپادوور پێشکەشکرا، لویی شازدە ویستی مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد(بە هەمان شێوە مووچەی لە فرێدریکی گەورەی پرووسیاش قەبووڵ نەکرد) .

رووسۆ، مەیلی لە " رووەکناسی"یش بوو، " مێژووی زانست" یشی نووسیوە، بەڵام ئەوەی لە مێژوودا پێی بەناوبانگ بووە بریتین لە " پەیمانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی منداڵ و دژایەتیی شارستانییەت و بانگی گەڕانەوە بۆ تەبیعەت .

لە کتێبەکانی :

" پەیمانیکۆمەڵایەتی یا پرەنسیپەکانیDu contrat social ou principes du droit politique مافی سیاسی "، چاپی یەکەمی لە ئەمستەردام( هۆڵەندا ) - ١٧٦٢( هۆڵەندی، دوای دەرچوونی، قەدەغەیان کرد چونکە بە بێ ئیجازە چاپ کرابوو). ئەوە دواتر زۆر رەنگدانەوەی لە " راگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاووڵات"(١٧٨٩) و دەستووری فەرەنسادا(١٧٩١ کە هێشتا پادشایی بوو) هەبوو . بە گوێرەی ئەوە، مرۆڤ لە تەبیعەتدا ئازاد لەدایکدەبێت، کەچی لە هەموو شوێنێک زنجیر دەبیەستنەوە . هێندێک لە مرۆڤان بە"هێز"هێندێکی تر دەچەوسێننەوە . بۆ کۆمەڵگەیەکیدادپەروەر، دەبێت پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کار بکات کە تاک تێدا بە سیفەتە کۆمەڵایەتییەکەی، کە بەشێکە لە

یەک لەشی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئـەندامانی تری ئەو لەشە رێکـدەکەوێت کە هێندێک لە مافە تـەبیعییە-کانی لە پێناوی گونجاندنی مافی هەموو لەشەکە دەست لێبەردات و، دەسەڵاتی سیاسی لێرەدا دەبێت تـەنیا لە " ویستـی گشتـی" ی ئەو یەک لەشەی کۆمەڵگەوە بێت، نـەک دەسەڵاتی تاک (ی دەرەوەی ئـاهەنگی تێکڕایی) یا عورف و عادەت و هـەر شتێکی تر . تـاک مافی دارایی (هـەبوونی ماددیی سـامان) ی هـەیـە، بـەڵام بۆ ئەویش هێندێک مەرج دادەنێت : هـەر ئەوەندەی هـەبێت کە بـۆ ژیانی پێویستـە، هی خـۆی بێت و دەست بۆ دارایی خەڵکی تر نـەبات، بۆ مافی دارایی زەوی دەبێت هـەر تـەنیا هی ئەو کەسە بێت کە کاری تێدا دەکات، خـۆی دەیکێڵێت . ئەگەر کەسێک بەندێکی پەیمانەکە پێشێل بکات، ئەوا مافەکەشی لەدەستدەدات . جیاوازییچینایەتی هەر بووە و دەمێنێت، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی ئازادانەتر بێت .

ئێمیل یا پەروەردە Émile ou l’Education ساڵی ١٧٦٢ لە پاریس و لاهە( هۆڵەندا ) چـاپکرا، پەرلـەمانی پاریس مەحکوومی کرد و، سـووتاندی، لە"جنێڤ"یش ( وێڕای پەیمانی کۆمەڵایەتی) بە هەمان دەرد چوو، لە هۆڵەنداش چەند حەفتەیەک دوای ئەوان قەدەغە کرا .

رووسۆ لەوێدا دەڵێت : تـەبیعەت بـاشە و، کـۆمەڵگە خـراپە، کەواتە با منداڵ لە تـەبیعەتدا پەروەردە بکـرێت . منداڵ فێری کار بکە، دارتـاشی و دروستـکردنی پێویستییەکانی نـاو ماڵ، لە بـاخچەوان فێـر ببێت، مـەلـە بـکات، بچێتە دارستـان، لە جـووتیاران و سـەنـعەتکاران فێر ببێت، با بـزانێت کە ئەوانە بۆ فێربوونی ئەو زۆر لە سەرووی پادشایان و مەترانانەوەن .

رووسـۆ هێشتا بە بیری یـەکسانیی ژن و پیاو نەگەیشتووە، بەڵام زۆر شتی تری گوتوون کە بۆ ئـەو سەردەمە زۆر گرنـگ و بەکەڵک بوون، بە نموونە : منداڵیش سزا دەدرێت، بەڵام نابێت بۆ خوێندن لێیبدرێت، چونکە منداڵ بە لێدان فێری دەرس نابێت .

ڤۆلتێر، کە بەرگی یـەکەمی" قسە لەسەر ئەسڵ و بناغەکانی نایەکسانیی نێوان مرۆڤان"ی رووسۆی خـوێندەوە، بە دڵی نـەبوو، بـەڵام بـە خـوێندنەوەی بـەرگی دووەمـی، کە تێدا داوا لە مـرۆڤ دەکـات بچێتەوە جـەنگەڵ! ڤۆلتێر هەر زۆر تووڕە بوو و، وەک پێشتر باسکرا(لاپەرە ١٢٨) گاڵتەی پێ-

دەکات و پێیدەڵێت "... من ئەوە شێست ساڵە عادەتم بە ڕۆیشتنی بە دوو پێ گرتووە، تازە بەداخەوە کە ئیدی بە چوار پێ ڕۆیشتنم بۆ ناکرێت ".

ڕووسۆ چەند شانۆی نووسیون، بـەلام تێدا زۆر سەرکەوتوو نەبووە . " ئیعتیرافات"ی کە ژیننامەی خـۆیەتی ئێجگار زۆر بـەنـاوبانـگە و، کتێبی تریـشی نووسـیون : نـووسـینێک لە بـارەی مـۆرەکان (مسوڵمانانی ئەندەلوس) و ڕووحی نەتەوەکان، مووسیقا، مێژووی زانست و ... ئیدی .

بەڵام لەسەردەمی ڕووسۆ خۆیدا،" ژولی یا ئێلۆییزی نوێ Julie ou la Nouvelle Héloïse" لە هەر کتێبێکی تری و ڕەنگە لە هەر کتێبێکی هەر کەسێکی تریش لەو کاتەدا ڕەواجی پتر بـووبێت . ساڵی ١٧٦١ یەکەم چاپی لە ئەمستەردام (هۆڵەندا) دەرچووە، تا ساڵی١٨٠٠ بەلای کەم حـەفتا جـار چاپ کراوەتەوە، چاپخانەکان فریای بە دەنگەوە چوونی ئەو هەمووە داوایەی نەکەوتوون .

چیرۆکی ئەڤینی نێوان ژولی خانمێکی نـەجیبزادە و مامۆستاکەی لە چـوارچێوەی نـامەدا بە شێوەی ڕۆمانێک پێشکەش دەکات، کە لە شارۆچکەیەکی داوێنی چیاکانی ئالپ بووە .

کتێبەکە یەکەمجار بە ئەم ناوە بووە :

Lettres de Deux Amans, Habitans d'une petite Ville au pied des Alpes

" نامەکانی دوو ئەڤینداری کە لە شارێکی بچووکی بناری چیاکانی ئالپ دەژین ".

دوای ئەوە، ناوەکەی گۆڕیوە و کردوویە بە : " ژولی یا ئێلۆییزی نوێ " .

ڕووسـۆ، بە ئیلهام وەرگـرتن لە ئێـلـۆییز خانمی سـەدەی دوازدە *، چیرۆکی ئەڤینی " ژولی دێتانژ Julie d'Étange خانمی کچی بارۆن و، سان پرو Saint-Preuxی مامۆستای لە چینیخوارەوە دەچنە ژوان لە کـەناری دەریـاچەی جنێڤ، بـەڵام بـەهۆی جیاوازیی چینایەتییەوە ئـەڤینیان بە نهێنی

---

* ئێلۆییز Héloïse d'Argenteuil کیژێکی فەرەنسی بووە(دەوروبەری١١٠٠-١١٦٣)، لە ماڵی مامی ژیاوە . مامی، کەسێکی بە ناوی ئابێلار ١٠٧٩- ١١٤٢ Pierre Abélard (بە چەند شێوەی تریش نووسراوە)ی بۆ هێناوەتە ماڵ دەرسی پێبڵێت و، لەجیاتی هەقی←

دەهێڵنەوە . سان پرو دەچێتە پاریس و لەندەن و، لەوێوە لەگەڵ دڵبەریدا نامە بۆ یەکتر دەنووسن . کە ماڵی ژولی بەوە دەزانن، ژولی بە زۆر بە مێرد دەدەن، دەیدەن بە" دو ڤۆلمار de Wolmar"ی پیر . دوای ساڵانێک، سان پرو دێتەوە و ژولی دەبینێت، ژولی ئەرکی سەرشانی بەو سیفەتە کە

---

← مامۆستایەتی، هەر خەوتن و خواردنی لە ماڵی ئەواندا بێت و هیچی دی . ئێلۆییز خانم دەرس دەخوێنێت و لە مامۆستاکەی زگپڕ دەبێت . مامۆستا بە مامی دەڵێت تۆ ئەوە بە کەس مەڵێ، من ئێلۆییز دەهێنم و تۆش شاهید بە، بەڵام دەبێت هەر لە نێوان خۆماندا بمێنێتەوە . ئیتر مامۆستا ئابێلار ئێلۆییز خانم دەباتە ماڵی خۆشکیخۆی لە شوێنێکی تر تا لەوێ منداڵەکەی ببێت . بەڵام مامی کیژەکە، نهێنی رانـاگرێت و، لای خەڵک باسی دەکات . ئابێلار دەڵێت : کە وای لێ هات، منیش نایهێنم! چونکە ئەگەر ئەوە بکەم چیتر ناتوانم ببمە کەشەیەک و لە کلیسادا بۆ وەزیفەی سەروو رێگە ببڕم .

مامی کیژەکە، دوو کەس دەنێرێتە سەر ئابێلار و، هەر دوو گونی لە بنڕا بۆ دەبڕن و دەیخەسێنن . دوای ماوەیەک، کە مامۆستا دەچێت کارنامەی بۆ یەکەم دیپلۆمی گرنگی بباتە شوێنیپێویست، تاقمێک لە رێگا دەیگرن، کارنامەکەی دەسووتێنن و زۆرخراپ شکەنجەی دەدەن، ئیدی هەرچۆنێک دەبێت رادەکات و، لە هەرە دواییدا دەبێت بە مامۆستایەکی دین و فەلسەفە .

هێندێک وردەکاری بخەینە لاوە، ئێلۆییز کوڕێکی بوو، ناویان نا "اسطرلاب Astrolabe" و، خۆی بوو بە راهیبەی دێر و، پلە بە پلە لە کلیسادا سەرکەوت تا ساڵی ١١٤٧ بە پلەی نولیوس ( شتێکی وەک مەتران ) گەیشت و، بە نووسەر و فەیلەسووفی ئەڤین وهەڤاڵەتی ناسرا. ئابێلاریش نووسەر بوو و، ئەو دووانە نامەیان بۆ یەکتر دەنووسین . بڵاوبوونەوەی ئەو نامانە و دواتر کە چاپخانە هات چاپکران، تەئسیریان بە سەر زۆر لە نووسەران و بیرکارانی ناوداری ئەورووپادا هەبوو . کە وا دەبینین " ژانژاک رووسۆ"ش یەکێک بووە لەوان . ئێلۆییز خانم ، قەت پێوەندیی جنسیی خۆی لەگەڵ ئەڤینداریدا بە گوناهـ قەبووڵ ←

مێردیهەیە و دایکە، باش بەجێدەهێنێت، بەڵام دڵی هەر لای"سان پرو"ە و ئەوەی بۆ دەدرکێنێت .

---

← نـەکرد، بگرە بە پێچەوانەوە، بە ژن و مێردیی راستـەقینەی دانا، گـوتی : کـاتێک دوو دڵی ژنێک و پیاوێک، هەڤاڵەتی پەتی، دوور لە خۆویستی، خۆشەویستیی بێخـەوش کۆیان دەکاتەوە، ئەوە ژن و مێردیی رەوایە . رووداوی جـووتبوون، هـەر رووداوەکە خـۆی، نـە گـونـاهە و نـە هیچ، ئـەوە شتێکی لەشە، پێـوەندیی بە رووح و پیـرۆزیی جـەوهـەرەوە نیە . ئەوەی دەیکات بە گـونـاهـ یا نـایکات بریتییە لە نیاز، لە مەبەسـت، ژن و پیاو بە چ دڵێک، بە چ مەبەستێک جووتدەبن، ئەگەر وەکو جووتبوونی من و ئابێلار بێت، ژن و مێردییەکی پیرۆزە، بەڵام ئەوانەی بۆ پارە و مەرکەز و هەر بەرژەوەندێک مێرد دەکەن یا ژن دەهێنن، ئەوانە یەک شت ئیمزا دەکەن : پـەیمانی قـەحبەیی، ئەوجا با بە رەسـمی بەجێهاتبێت، ئەوە قەحبەییە . هێندێک نامەی ئێلۆییز خانم، شیعری مەنسووری حەللاج و قسەی ناودارانی←




پەیکەرێکی ئابێلار لە لووڤر



گۆڕی ئێلـۆییز خانم و ئـابێلاری ئەڤینداری، پێشتر لە مووزەی مۆنیومێنتان بووە، ١٨١٧ بـراوەتە گۆڕستانی " پێر لا شێز" لە پاریس

ئەوە بە هەمان شێوەی نامەکانی ئێلۆییز خانمی سەدەیدوازدە، بە کۆمەڵێک نامە دارێژراوە، نامەی دوو ئەڤیندار و چەندی تریش .




بەرگی چاپێکی" ژولی یا ئێلۆییزی نوێ"ی رووسۆ، کە تێدا رەسمێکی بۆ لە رووداوێکیچیرۆکەکە کێشاوە: سان پرو، لە بەرچاوی کلێرخانمی کچی مامی ژولی، ژولی ماچ دەکات .




بەرگی یەکەم چاپی" پەیمانی کۆمەڵایەتی یا پرەنسیپەکانی مافی سیاسی" - ١٧٦١ لە ئەمستەردام .

---

← تری عیرفانم وەبیردەهێننەوە، لە نامەیەکیدا بۆ ئابێلار دەڵێت :

"من دڵم لای خۆم نەبووە، لای تۆ بووە . بەڵام ئێستاش کە ئەگەر لای تۆ نەبێت ئەوا لە هیچ کوێیەک نیە، چونکە بە بێ تۆ هیچ کوێ وجوودی نیە (..) ئەگەر تۆ - ببووریت - منت بە قەحبەی خۆت بوێت، لای من زۆر لەوە پتر دەهێنێت کە ئیمپراتۆرئاوگۆستی فەرمانڕەوای دنیا بمهێنێت " .

ئێلۆییز خانم، هەستی بە یەک گوناهـ کردووە، کە نەیویستووە، بەڵام ئیتر بە هۆی ئەوەوە وا شکاوەتەوە : بووەتە هۆی خەساندنی دڵدارەکەی . لە سزای خوداشدا دەڵێت : خۆ من ئەو نێوانەم لەگەڵ ئابێلاردا نەمابوو، ئەوەی ئێوە بە گوناهی دادەنێن، کاتێک خودا منی سزا دا!

**ژۆرژ- لوی لوکلێر، کۆنت دو بوفۆ Georges-Louis Leclerc, Comte de Buffon**

دو بوفۆ(١٧٠٧-١٧٨٨) ی زانای تەبیعەت و ریازیات و گەردووناسی، بە ٣٦ بەرگی" مێژووی تەبیعی Histoire Naturelle"( کە لە دوای خۆی، شاگردەکانی هەشت بەرگی تریان خستووەتە سەر)، تەئسیرێکی زۆر گرنگی لە دنیای زانستدا هەبووە . بۆ لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی نەوعەکان رەنگە لە پێش داروین بووبێت، بەڵام نـەیوێرابێت بە روونی بیڵێت نەوەکا دڵی پـادشـا برەنجێنێت . بەڕێوەبەری" باخچەی پادشا "( باخچەی نەتەوایەتیی روەک بۆ لێکۆڵینەوەی بژیشکی) بووە . نووسـینی " بـاس لە سەر تـەرز( ستایل، ئوسلوب) Discours sur le Style "ی دەیخاتە دنیای ئـەدەبیاتـەوە، کە بە پێچەوانەی مەیلی گشتیی "چینایەتی"، ئـەو وردبـوونـەوە لە " تـەرزی تـاک" بە گرنـگتر باسدەکات، دەڵێت : حەقیقەتەکان و بیروڕاکان شتی غـەیرە شـەخسین، ئەوانە لە دەرەوەی زاتی مرۆڤن، " تەرزی تاک " مرۆڤ خۆیەتی .

**لوک دو کلاپییێ، مارکی دو ڤۆڤێنارگ Luc de Clapiers, Marquis de Vauvenargues**
(١٧١٥-١٧٤٧)

دو ڤۆڤێنارگ، بە ئـاوڵە کوێر ببوو و، تەمەنی ٣٢ ساڵیشی تـەواو نـەکرد، زۆر هۆگری" پلوتارخ" بوو و، بە یـەکێک لە رەواقییەکان (ی فەلسەفەی زینۆی یونانی) دەناسـرا . بە ئـامۆژگاریی مارکی ( مارکیز) دو میرابـۆ، پێـوەندیی بە " ڤـۆلتێر"ەوە کـرد، ڤۆلتێر داوای لێ کرد بیروڕای لە بـارەی جیاوازیی نێوان"راسین " و"کۆرنێی" بزانێت و، ئیدی لەوەڕا بوون بە هـەڤاڵی زۆر خۆشەویستی یەکتر و، لەسەر پێشنیاری ڤۆلتێر یەکەم بەرگی گوتارەکانی بـەڵام بە بێ ناوی خۆی لەسەر بـڵاو- کردەوە . لە ساڵی کە تێدا مرد بـەرگی دووەمیشی دەرچوو، بـەڵام رەنگە بـەشی ئەوەندە نـەژیابێت کە چاپەکەی دیتبێت .

## ژان فرانسوا مارمۆنتێل Jean François Marmontel (١٧٢٣-١٧٩٩)

مارمۆنتێل، نووسەر و مێژوونووس و ئەندامێکی ئـەنسیکلۆپێدیستەکان . لە ماڵێکی هەژار بووە، لە تەمەنی٢٢ساڵیدا، بە ئامۆژگاریی ڤۆلتێر، بۆ چوونە دنیایئەدەبیات، دەچێتە پاریس . چەند تراژیدیی بۆ شـانۆ نـووسـین : دێنیزی تیران، ئـاریستۆمین، کلیـۆپاترا، هێـراکلید، ئێژیپتوس؛ چـەند ئـۆپێـرای کۆمێدیش و، لە ئۆپێرادا هاوکاریی" پیچیننی"ی ئیتالیی کـردووە . " عونسورەکانی ئـەدەبیات"ی بۆ ئـەنسیکلۆپێدی نووسیوە کە بۆ ئێستاش سـەرنج رادەکێشێت . بە چاکەی مادام پۆمپادووری نازداری پادشا وەزیفەیەکی دەستکەوت، وادەبوو کلیسا و "سۆربۆن" شتێکیان لێ سانسۆر دەکرد ( لەبارەی تـوندوتیژیی ئـاینیی ئیسـپانییەکان لەگەڵ " ئینکا "دا ) و، لە شـۆڕشـی مەزنی فەرەنسـاشدا کەوتەوە هەژاری، بەڵام هەر دەینووسی . ئەندامی لۆجێکی فراماسۆن بوو .

## ژان فرانسوا دو لار Jean François de La Harp (١٧٣٩-١٨٠٣)

دو لار، نـووسـەر و شـانۆگەر و شـاعیر، لە ماڵە نـەجیبزادەیەکی سـویسـریی لێکەوتوو، لە پـاریس لەدایکبوو و، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بێکەس و هەتیو بوو . زۆرتر دوازدە بـەرگی کۆمەڵە دەرسەکانی Lycee نـاودار و خـۆشـەویستی کـرد ( بـاسـی راسـین و لـویـی پـازدە تێدا لەوانـە بـوون کـە زۆر سـەرنجیان رادەکێشا )، کە بۆ ئێستاش سەرچاوەیەکی بەکەڵکە .

ئـەوەی کە لە سـەدەی هـەژدەدا بە ناوی شیعر لە فـەرەنسا هەبووە، کەم نیە، بـەڵام بە پێوانـەی شیعر ئەو شوێنەی کە دەکرێت لە مێژووی شیعری فەرەنسیدا هەیبێت، رەنگە شتێکی ئەوتۆ نەبێت .

**ژان باپتیست رووسۆ Jean-Baptiste Rousseau (١٦٧٠-١٧٤١)**

هەر ناوەکەی وەهایە ئەینا خزمی ژانژاک رووسۆ نیە . لە هەرکوێ باسی ژیننامەی بکرێت، بەوە دەستپێدەکرێت کە " کوڕی پینەچییەک بوو! "

رووسۆ چـاکی خـوێندبوو، زوو بەر لوتفی" بـوالـۆ"ی شـاعیر کـەوت کە ئـەو هانی دا بنووسـێت . سەرەتا چەند شانۆی" کۆمێدی" نووسین کە تێدا سەرکەوتوو نەبوو . لەگەڵ مارشال تالار Tallard ( سـەردەمێک سـەفیری لـویی ١٤ بۆ ئینگلستان)دا چـووە لـەندەن و ماوەیەک وەزیـفەیەکی لەوێ لە سەفارەتی فەرەنسا هەبوو . رووسۆ، لە فەرەنسا، زۆر دەچووە کۆڕ و کۆمەڵانیئەدەبییەوە، تا خۆی بەدبەخت کرد . لە" کافێ لۆرا Café Laurent"(یانەیەکی ئەدەبی)، هەجویەکی وەهایان لێ بیست، کە وا دیارە ئەوەندەی هەجوکراوی تووڕە کردووە، ئـەوەندەش کەیفی زۆر کەسی وا پێ هاتووە کە لە خـۆیانەوە ئـەوەندەیان بۆ دەسـتکاری کـردووە تا بـەدبـەختیان کـردووە و سـاڵی ١٧١٢ حـوکمی پەرلـەمانی پاریسی لە سەر ئەوە بۆ دەرچووە کە ئیتر لە فـەرەنسا دەربکرێت ( سـاڵێک پێشتر چـوار هەزار لیڤر سزایان دابوو) ، چوو، ژیانێکی نـاخۆشی لە وڵاتان بەسـەر بـرد ( سـویسرا، ئـوتریش، بـەلجیکا، ئینگلسـتان) . هـەرچـەندە دواتر لە فـەرەنسا بـەخشییان، بـەڵام بەو شێوەیە نـەبوو کە ئـەو دەیویست و ئیتر هەر وا مایەوە، تا لە بروکسێل (بەلجیکا) سەری نایەوە و هەر لەوێش نێژرا .

رووسۆ، بۆ ئەو سەردەمە، بە شاعیرێکی باش دانراوە؛ هەرچەندە ڤۆلتێر، ساڵی١٧٢٢ لە بروکسێل (بـەلجیکا) دیتبووی، دواتـر گوتبووی : کە ئەو ژان باپتیست رووسـۆیە شیعر دەڵێت وا دەزانم بـۆق دەقرێت و نایبڕێتەوە . بـەڵام ئیدی ئەوە زمانی مشاری ڤۆلتێر بوو، دوور نیە لە کاتی گوتنی ئـەوەدا سـەرخـۆشیش بـووبێت، ئـەینا بـەهـۆی شیعرەکانی Odes و Cantates ی، لە سـەردەمـی خـۆیـدا کەسانێک بە میری شاعیرانی لیریک le prince des lyristes ناویان بردووە .

**لوی راسین Lois Racine** ( ١٦٩٢-١٧٦٣، کوڕی شـانۆنـووسی مەزن ژان راسین، دوا منداڵی بوو، کە پێش ئەو کوڕێک و پێنج کچی هەبوون) . بوالۆ پێی‌گوت : دوو نەسل نابنە هەمان شت، تۆ واز لە کاری ئەدەبیات بهێنە . بـەڵام وازی نـەهێنا و، سـەرەکـوەزیران لێی تێکـدا ئـەینا دەبوو بە ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی . لە ئاکادیمیایەکی تر وەرگیرا :

Académie des Inscriptions et Belles-Lettres

سـاڵی ١٧٥٥، تاقە کوڕەکەی لەگەڵ بـووکیدا بۆ مانگی هـەنگوینیان چوونە ئیسپانیا و، لەوێ بوونە قـوربانیی بـوومەلەرزە و تسـونامی، ئـەوە بـاوکی تێکوپێک شـکاند ( وەکو هـەردی لە دوا سـاڵانی ژیانیدا کە مێشی پێ لە خۆی دەرنـەدەکـرا ) . ئەو پێشتـر شـیعری ئـاینی هـەبوون، شـیعری " ئـاین La Religion" ( ١٧٤٢) بە دینداریکی دڵسۆزی پیشان دابوو، بەڵام ئیتر ئێستا دوای ئەو بەڵایەی بەسەر کوڕی و بووکی هات ئیدی بەتەواوی خووی دایە ئاین .

**نیکۆلا ژۆزێف لۆرا ژیلبێر Nicolas Joseph Laurent Gilbert** (١٧٥١-١٧٨٠)

شاعیری پێهەڵگوتنی پادشا(لویی پازدە) بوو و زۆر دژی ئەوانە بووە کە بڕوایان بە هەبوونی خودا نـەبووە . دوو سـاتیری بەهێزی لە دژی ئـەنسیکلۆپێدیستەکان نـووسیون . لە سەر ئـەسپی کـەوت و مێشکی هەژا، کلیلی سندووقێکی قووت دا! و بۆیان دەرنەهات و، بەوە مرد .

چەندان شاعیری تر، کە هێندێکیان شاعیر و شانۆنووسن، هەر بەنموونە :

ژان بێریێ Jean Berrier(١٧٦٦-١٨٢٤)؛ لوی دو بواسیLouis de Boissy(١٦٩٤-١٧٥٨)؛ ژاک لـوی ڤـالـۆ Jacques Louis Valon, Marquis de Mimeure (١٧١٩-١٧٥٩)؛ بێـرنـار ژۆزێف سۆراBernard-Joseph Saurin(١٧٠٦-١٧٨١)؛ئانتوان رووشێAntoine Roucher (١٧٤٥-١٧٩٤)؛نیکۆلا- تۆما بارتNicolas-Thomas Barth(١٧٣٤-١٧٨٥)؛جۆزێف ئۆرێل دو بۆسی Joseph Aurèle Charles de Bossi(١٧٥٨-١٨٢٤)؛ و ... ئیدی .

چەندین شاعیر کە بە شیعری " پەروەردەیی" ناسراون ( پەند، وەعز، زانیاری ...)، هەر بە نموونە :

**ژان فرانسوا دو سان - لامبێر Jean Frangois de Saint-Lambert** (١٧١٦-١٨٠٣)، کە بە " وەرزەکان Les Saison "(١٧٦٩) ی بەناوبانگ بووە، کە لاساکردنەوەیەکی" وەرزەکان"ی ١٧٣٠ی"جێمس تۆمسن"ی سکۆتلەندییە . شتی بۆ ئەنسیکلۆپیدییەکەی دیدرۆش نووسیوە،هەرچەندە ڤۆلتێر گوتوویە کە ئەوە تاقە شیعرێکە لای نەسلەکانی دوای خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئیدی وێناچێت زۆر کەس ئەو قسەیەیان بە جیددی وەرگرتبێت .

چەندی تریش، بەنموونە :

**ژان ئانتوان رووشێ Jean-Antoine Roucher** (١٧٩١-١٨٥٩) : "مانگەکان" ١٧٧٩ .

**" ژاک دولیل Jacques Delille**" ( ١٧٣٨-١٨١٣) : " باخچە" ، "پیاوی مەزرا "... ئیدی .

**ژان باپتیست- لوی گرێسێ Gresset**(١٧٠٩-١٧٧٧)، بە شیعرێکی"سەوز- سەوز Vert-Vert" ( ناوی تووتییەک) ١٧٣٤ و، کۆمێدییەکیش Le Méchant( پەست) ١٧٤٥ بەناوبانگ بووە .

**ژان- پییێر کلاری دو فلۆریا Jean-Pierre Claris de Florian**(١٧٥٥-١٧٩٤)،بە کۆمەڵێک شیعری لەسەر زمانی حەیوانان و شتی تری ئەفسانەیی لە ئەسڵی یونان، چیرۆکی دووکەسی یەکیان کوێر و ئەوی دی شەل - بەنموونە . ( دوو رۆمانیشی نووسیون) .

## ئاندرێ شێنییێ André Chénier (١٧٦٢-١٧٩٤)

ئاندرێ شێنییێی فەرەنسی، لە ئەستەمبووڵ لەدایکبوو، کە باوکی ئەوسا کۆنسولی فەرەنسا بوو لەو شارە . دایکی بە ئەسڵ یونانی بوو، خانمێکی هەتا بڵێیت جوان و خوێندەوار و بە شەخسیەت و لە بەردڵان . ئاندرێ، تەمەنی سێ ساڵ بوو کە ماڵیان چووەوە فەرەنسا و خوێندنێکی بە دڵی خۆی خوێند . زۆر لە ژێر تەئسیری دایکیدا، کە لەو بەینەدا سالۆنێکیئەدەبیی لە پاریس هەبوو، بە ئەڤینی ئەدەبیاتی کلاسیکی یونان و ئەوجا لاتین گەورە بوو و، سەفەرێکی بۆ ئیتالیاش ئەوەندەی دی دڵی بۆ دنیای لاتین، بەڵام زۆرتر " یونانی گەورە" ( ی باشووری ئیتالیا ) گەرم کرد :

Changeons en notre miel leurs plus antiques fleurs ;
Pour peindre notre idée empruntons leurs couleurs ;
Allumons nos flambeaux à leurs feux poétiques ;
Sur des pensers nouveaux faisons des vers antiques.

با هەنگوینمان لە کۆنترین گوڵەکانیان بن
بۆ رەنگکردنی بیرمان رەنگەکانیان لێ وەربگرین
با مەشخەڵەکانمان بە ئاگری شیعریان هەڵکەین
با بیرکردنەوە نوێیەکانمان بە هۆنراوەی کۆن بڵێین
( لە شیعری l'Invention داهێنان)

شێنییێ بوو بە شاعیرێکیگەورە، کە وێرای رۆچوونی لە دنیای ئەدەبیاتی شوانیی کلاسیکدا، هەست و بۆن و نەبزی رۆمانتیکی سەدەی دوای خۆی دە شیعریدا هەبوون . بە هەست و بیری سیاسی لەگەڵ رۆشنگەرانی فەرەنسادا بووە و، شیعریشی بۆ ئەنسیکلۆپێدیی دیدرۆ نووسیوە . بەڵام کە شۆڕش رووی‌دا، ئەو دوو ساڵێک بوو لە لەندەن سکرتێری سەفیری وڵاتی بوو و، ساڵی دوای ئەوە (١٧٩٠) گەڕایەوە پاریس و لە ئینگلیس رزگار بوو ( کە هەر حەزی لە چارەی ئینگلیس نەدەکرد، رەنگە ئینگلیسییەکی ئەوتۆش فێرنەبووبێت) .

لە فەرەنسا، زێدە توندوتیژیی شۆڕشگێڕانی بۆ هەزم نەدەکرا و، رەخنەی لێ دەگرت و، ئەوەشی بە نووسین و بە شیعریش دەردەبڕی . ئەوجا، لەسەر داوای" دو مالیزێرب"ی پارێزەری لویی شازدە، چەند بەڵگەیەکی بە قازانجی پادشا پێشکەش کرد و، بەوە شۆڕشگێڕانی ئەوەندەی دی تووڕە کرد . ئیتر گرتیان، ١٤٠ رۆژ لە زینداندا بوو، ئەوجا دوو رۆژ پێش گیران و کۆتایی رۆبسپێر، کە ئەو هێشتا ٣٢ ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبوو، سەریان پەڕاند .

لەو زیندانەدا، خانمێکی نەجیبزادەکان بە ناوی " ئێمێی دو کوانیێ Aimée de Coigny "، حەوت ساڵێک لە خۆی جەوانتر، زۆر سەرنجی راکێشا و دڵی سەند و، شیعرێکی بۆ نووسی :

" La Jeune Captive (خانمی) گیراوی جەوان " کە ئێجگار زۆر بەناوبانگ بوو و، بوو بە ئیلهام بۆ زۆر شیعر و مووسیقا و کاری هونەریی کەسانێک، کە " پوشکین"ی رووس - بەنموونە- یەکێک بوو لەوانە . وا دانرابوو سەری ئەویش بپەڕێنن، بەڵام یەک رۆژ پێش ئەو رۆژەی کە بۆ ئیعدامی دانرابوو، رۆبسپێر گیرا و وەزع گۆڕدرا و، رزگاری بوو و، ژیان هەلی ئەوەی بۆ رەخساند کە تێر لە چەندین ئەڤینی لەگەڵ پتر لە کەسێکدا خواردەوە، تا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە پاریس مرد . شیعرەکە نۆ جار شەش دێڕییە، ئەمە یەکەمیانە :



شێنیێ



ئێمێی دو کوانیێ

**La Jeune Captive,**

"L'épi naissant mûrit de la faux respecté ;
Sans crainte du pressoir, le pampre tout l'été
Boit les doux présents de l'aurore ;
Et moi, comme lui belle, et jeune comme lui,
Quoi que l'heure présente ait de trouble et d'ennui,
Je ne veux point mourir encore.

(خانمی) گیراوی جەوان

گوڵەگەنمی کە تازە-فەریکە، داس ڕێزی لێ دەگرێت؛
بێ ترس لە گوشران، دارەمێو هەموو هاوین
دیارییە شیرینەکانی شەفەق دەخواتەوە؛
منیش، بەوجوانییەوە، بەو جەوانییەوە
هەر کێشە و ناخۆشییەکیش ئێستا ببێت
من هیچ نامەوێت جارێ بمرم .

## پرۆسپێر ژۆلیۆ دو کرێبییۆ( کرێبییۆن) (١٦٧٤-١٧٦٢) -١٥٢-

## Prosper Jolyot de Crébillon



کرێبییۆن (دو کرێبییۆ)

کرێبییۆن (دو کرێبییۆ)ی شاعیر و تراژیدی‌نووسی شانۆ، دەڵێن گوتوویە :

Corneille a pris la terre, Racine le ciel ; il me reste l’enfer

کۆرنێی زەویی برد، راسین ئاسمان، منیش دۆزەخم بۆ مایەوە!

ئەوجا بەڕاست وای‌گوتبێت یان بۆی هەڵبەسترابێت، رەنگە قسەکە زۆر بەجێ‌بێت، چونکە موحیتی شانۆی دو کرێبییۆن هەتا بڵێیت " دۆزەخ" بوو، گران و ترسناک بوو، دەیویست تماشاگەری بە تۆقاندن بورووژێنێت، نەک بۆ بەزەیی و خۆشەویستی . ئەو دنیا گرژە ئەوەندە لە رووحیدا بوو کە ماوەیەک هەر تووشی ماخۆلیایی بوو، کاتی خۆی لەگەڵ پشیلە و سەگەکان و باڵندەکانیدا بە سەر دەبرد و، گوێی بە پاکی و خۆراک و هیچ نەدەدا و، لە ماڵ کەیفێکی هەر بە سیغارکێشان دەهات . بەڵام، بوو بە ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی و، مادام پۆمپادوور مووچەی هەزار فرانکی بۆ دابین کرد . هێندێک لە شانۆکانی( بە شیعر) ئێجگار زۆر سەرکەوتوو بوون و ڤۆلتێر ئێرەیی پێ‌بردووە، هێندێکیشیان هیچ وا نەبوون . رادامیست و زێنۆبی Rhadamiste et Zénobie (١٧١١) بەناونگترین و سەرکەوتووترین کارییەتی، پێنج فەسڵی شیعرە . پێشتر : Idoménée (١٧٠٥) و، Atrée و Thyeste (١٧٠٧) و، Electre (١٧٠٩) سەرکەوتوو بوون . بەڵام : Xerxes خشایار

شا (١٧١٤) هەر یەک جار چووە سەر شانۆ؛ " سەمیرامیس Sémiramis"ی هەر زۆر خراپ بوو . کرێبییۆن رەقیبێکی ڤۆلتێر بوو .
وا دەبێت لە پاڵ ناویدا دەنووسرێت " باوک "، بۆ جیاکردنەوەی لە کوڕەکەی، کە ئەویش بە هەمان ناو، لە ناودارانی ئەدەبیاتی فەرەنسی بووە، نووسەر بووە .

## ماریڤۆ Pierre Carlet de Chamblain de Marivaux(١٦٨٨-١٧٦٣)-١٥٤-

ماریڤۆی نووسەری ڕۆمان و شانۆ، سەرەتا بە ساتیری لەبارەی هێندێک کلاسیکەوە دەستی پێکرد (هۆمێروس، ڕۆمانی) . لە گەڵ نوێخوازان بوو و دەچووە سالۆنی مادام دو لامبێر لە پاریس . دوو ڕۆمانی نووسین بەڵام هیچ کامیانی تەواو نەکرد : ژیانی ماریان La vie de Marianne(١٧٣١-١٧٤١) و، دێهاتیی پێگەیشتوو(یا نوێبەسەرداکەوتوو) Le paysan parvenu(١٧٣٥-١٧٣٦). سەدەی١٩ ئەوجا باش ناسرا و زۆر باوی پەیدا کرد، کاری لەوەی " لوساژ" پتر فەرەنسی بوو( لە جیاتی دیمەنی دنیای ئیسپانی) و پتر دەچووە وردەکاریی شتە بچووکەکانەوە .

ئەوجا بۆ کۆمێدیا : نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە، حـەتمەن" مۆلیێر"ی سەدەی پێشتر، لە سەرووی هەر ناوێکی تـرەوە بوو . " **ڕێنیار**" و" **دانکوور**"یش کە پێشتر بـاسکران و **Philippe Nérico Destouches فیلیپ نێریکۆ دێتووش**" : Le Philosophe Marié (١٧٢٧) و Le Glorieux (١٧٣٢)؛ **ئالێکسی پیرۆ Alexis Piron** : La Metromanie (١٧٣٨)؛ **گرێسێ** ( پێشتر بـاس-کرا Le Mechant)... هـەموو لە سـەر ڕێبازی " مۆلیێر" بوون . Turcaret ou le Financier (١٧٠٩) ی **لوساژ Alain-René Lesage** شوێنێکی زۆر تایبەتی لە کۆمێدییە سەرکەوتووەکاندا هەیە، چۆن تێدا رووحی دنیای پارەی سەردەمی پیشان دەدات .

ئەوجا ماریڤۆ، هەنگاوێکی بۆ دەرەوەی چوارچێوەی کۆمێدییە مۆلیێرییەکان نا : عـونسوری ئیتالیی " ئـەڤین"ی تێدا کرد بە باسی مەرکەزی، بە" باسەکە"، نـەک ئەوە کە - وەکو لای مۆلیێر- ئەویشی تێدا بێت، نا، هەر تـەواوی شانۆکەی باسی ئەڤین دەکات، بەڵام چ ئەڤینێک لە شانۆی کۆمێدیدا باس دەکات ؟ بە دەقی وشەکانی ماریڤۆ خۆی :

> " ئەڤینێک کە هێندێک جار هەرتک لا بەسەر خۆیانی ناهێنن، ئەڤینێک کە هێندێک جار هەستـی پێدەکەن و لە یەکتری دەشـارنەوە، ئەڤینێک هێندێک جار شـەرمنە و نـاوێرێت بدرکێت، ئەڤینێک هێندێک جار گومان دەکەن هەبێت و لێ دڵنیا نین، لە دڵی خۆیاندا لێی دەکۆڵنەوە پێش ئەوە کە ڕێگەی بدەن دەربچێت ..." .

ڤۆلتێر سەرسامی قووڵیی سـایکۆلۆجیی شـانۆی ماریڤۆ بووە، " کرێبییۆن "ی شاعیر و شـانۆنووس

گوتوویە : شانۆی ماریڤۆ " میتافیزیکی عیشقکردنە "!
ئێستا " ماریڤۆداژ Marivaudage" لەوەوە بووە بە زاراوە : بابەتی ئەو دنیایەی ماریڤۆ .
ماریڤۆ لە کۆمێدیدا ئەوەی کردووە کە راسین لە تراژیدیدا کردوویە؛ " یاریی ئەڤین و رێکەوت Le Jeu du l'Amour et du Hasard " بەناوبانگترین پارچەی شانۆیەتی :

سیلڤیا خانم، بە بڕیاری مسیو" ئۆرگۆ Orgon"ی باوکی، بووە بە دەزگیرانی مسیو" دۆرانت"ێکی کە قەت نەیدیتووە . کاتی زەماوەند و گواستنەوە دێت . دەڵێن دە با زاوا بێت و لەگەڵ ماڵی بووکدا گواستنەوەکە رێکبخەن . سیلڤیا خانم بە باوکی دەڵێت : باوە گیان، کە مسیو دۆرانت هات، من دەمەوێت خۆمی لێ بکەم بە " لوسێت "ێ کارەکەرمان، تا بزانم ئەخلاقی چۆنە، تۆ دەڵێیت چی ؟ باوک دەڵێت : ئافەرین، زۆر چاکە وا بکە . باوک، لەولاشەوە، نامەیەکی لە باوکی زاواوە بۆ دێت کە : جەناب، کوڕەکەم کە دێتە ماڵتان، وای بە باش دەزانێت خۆی لە کچەکەتان بکات بە خزمەتکا-رەکەی، بڵێت من " بورگینیۆ Bourguignon "ی خزمەتکاری مسیو " دۆرانت "م، تا بەوجۆرە ئەخلاقی کچەکەتان تاقی بکاتەوە . زۆر چاکە، دە سەر چاوی دە من هاتن!
بەوجۆرە کۆ دەبنەوە و، دوو دەزگیران هەویەتی راستەقینەی یەکتر نازانن . مسیو دۆرانت عاشقی ئەو خانمە دەبێت کە بە خەیاڵی خۆی" کارەکەر"ی ماڵە و، پێی دەڵێت : من" دۆرانت" خۆیم، ئێستا دەمەوێت تۆ بهێنم! ... جا منی کارەکەر چۆن مێرد بە تۆ دەکەم ؟ نا، دەست لە ماڵ و سامانت بەردە تا بتوانم مێردت پێ بکەم ... پەت پەتییەکی چاکی پێدەکات . لەدواییدا هەمووی خۆش کۆتایی دێت، دوو دەزگیران بە یەکتر دەگەن و کارەکەر و خزمەتکاریش بە هەمان شێوە .
کۆمێدیی ئەڤین، ئیتر هەر بۆ وە پێکەنینخستن نیە، دەکرێت زۆر جیددییانە بە شێوەیەک باسیئەڤین بخاتە بەرچاو کە فرمێسک لە هێندێک چاوان بهێنێت، لەبەرئەوە بە " Comédie Larmoyante **کۆمیدیای بە فرمێسک** " ناوبراوە .
**پییێر کلۆد نیڤێل دو لا شۆسێ** Pierre Claude Nivelle de La Chaussé (١٦٩٢-١٧٥٤)، لەوەدا پتر رۆیشتووە ( Le préjugé à la Mode -١٧٣٥؛ Mélanide -١٧٤١) کە گوتوویانە

ویستوویە مەبەستی تراژیدی بخاتە کۆمێدییەوە .

**ڤۆلتێر**یش هەوڵی داوە شانۆی وەها بنووسێت ( Enfant Prodigue-١٧٣٦؛ Nanine-١٧٤٩)، بەڵام تێدا زۆر سەرکەوتوو نەبووە .

## پییێر بۆمارشێ Pierre Beaumarchais (١٧٣٢-١٧٩٩) 

لە قۆناغێکدا کردوویە بە Pierre-Augustin Caron de Beaumarchais

پییێر بۆمارشێ، کوڕی سەعاتسازێک بووە، ئەویش سەرەتا ویستوویە ببێت بە سەعاتساز، بەڵام بەوەوە نەوەستاوە، بیوەژنێکی هێناوە کە گەیاندوویەتە کۆشکی پادشا تا دەرسی مووسیقا(چەنگ) بە کچەکانی پادشا بڵێت ( کەواتە مامۆستای مووسیقاش بووە) و، وەزیفەی مووسیقا و داهێنانیشیان لە هەمان کۆشک داوەتێ، ئەوجا : دیپلۆمات، جاسووس، بڵاوکەرەوەی کتێب، شارەزای بێستانچێتی، بازرگانی چەک، بەشداری هەرتک شۆڕشی فەرەنسا و سەربەخۆیی ئەمریکا و، ئەوەش - بۆ ئێرە- کە لە مێژوودا پێی‌ناسراوە : نووسەری‌شانۆی‌کۆمێدی،کە کۆمێدیی لە جیددی‌بوونی دوور خستووە- تەوە و دیسان بردوویەتەوە دنیای پێشووی . لویی شازدە هێندێک شانۆی قەدەغە کردوون، کە تێدا گاڵتەی بە نەجیبزادان کردووە، بەڵام ماری ئانتوانێت زۆر کەیفی پێ‌هاتووە و لە سەر ئەوە لەگەڵ مێردیدا کێشەیان لێ پەیدابووە .

سێ شانۆی زنجیرەی" فیگارۆ"ی زۆر بەناوبانگن، لەوانە"سەرتاشی سێڤیی"(ئەشبیلیەی ئیسپانیا) : چۆن کۆنت حەز لە رۆزین خانمێک دەکات کە لە ماڵی دکتۆر بارتۆلۆ دەژیت . دکتۆر دەیەوێت کچ لە هەموو کەسێک بپارێزێت و بیکات بە ژنی خۆی . فیگارۆ، بۆ سەرتاشینی دکتۆر رێگەی دراوە بچێتە ناو ماڵی دکتۆر و، هەر جارە فێڵێک و ناوێک بۆ دکتۆر دەبینێتەوە، کە بیگەیەنێتە ژوورەوە و رۆزین خانم ببینێت . کۆنت پێی‌باشە خۆی بە کەسێکی هەژار پیشان بدات تا بزانێت ئایا کچەکە وەهای دەوێت . ئیدی وەک چاوەڕوان دەکرێت، لەدواییدا رۆزین خانم و کۆنت بە یەکتر شاد دەبن . زۆر گۆرانی و ئاوازی تێدا هەن و،" مۆزارت"ی مووسیقار و دانەرانی ئۆپێرا ناویان ئەوەندەی تر بڵاوکردووەتەوە .

شانۆی فەرەنسی، کە تا سەرەتای سەدەیهەژدەش، هەردوو جۆری هەبوون : تراژیدی و کۆمێدی . تـراژیدی شتێکی دنیای ئاریستۆکراتان بوو: بڵێین کەسێک لە چینی سـەروو لە پـڕێکدا نـەهامەتیی بە سەر دێت و لێیدەقـەومێت و، سـەرەڕۆیی دێنە ڕێـگای و ئیدی . بـاسی خـەڵکی هـەژار و چینی ناوەندی ناو بازاڕ و کێشەی ڕەشایی خەڵکیش لە کۆمێدیدا بوو .

بـەڵام لە دنیای ڕۆشنگەریی نوێـدا کە بیری خـەڵک لای باسی دیموکراسی و مافی چینی چـەوساوە و گـەندەڵیی نـەجیبزادەکان و سـەختیی ژیانی چینی هـەژار و نـاوەند بوو، دیارە ئەو پرسیارە دەهاتە پێشەوە : بـۆچی نـەجیبزادەی لێقەوماو قارەمانی سەرەڕۆییان بێت و، چینی هەژار و نـاوەند هەر بۆ پێکەنین بێت ؟ مەگەر ژیـانی ڕەشـایی خـەڵک تـراژیدیی نیە ؟ ئـەدەبیاتی شانۆ ئیتر نـەدەکرا وەکو پێشوو لە چوارچێوە کۆنەکەیدا، بەو جۆرە تراژیدی و کۆمێدییەی کە هەبوو، بمێنێتەوە .

ئەوجا، وەک جگە لە گۆڕانی خۆبەخۆی کۆمەڵگە، دیتمان چۆن بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی سیاسیی سەدەی هەژدەی فەرەنسییەکان قەرزداری مامۆستایانی ئینگلیس بوو(وەک لە مۆنتێسکیو و ڤۆلتێردا بە نموونە دیتمان )؛ ئێستا لە شـانۆشـدا، دەبینین شـانـۆی ئینگلیس، کە لە ڕووی چینـایـەتییـەوە پێش فەرەنسا هـەنگاوی نـابوو، زۆر تـەئسیری بە سەر گۆڕانی شانۆی فەرەنسیدا هەبوو، چینی ناوەندی فەرەنسا لەوەوە فێری داهێنانی شانۆی خۆی دەبوو .

" بازرگانی لەندەن، یا مێژووی جۆرج بارنوێڵ The London Merchant, or the History of George Barnwell"(١٧٣١)ی جۆرج لیڵۆGeorge Lillo*و"یاریچیThe Gamester"

------------------------------------------------------

* فرانسیس بـاومۆنت Francis Beaumont (١٥٨٤-١٦١٦)ی ئینگلیس، ساڵی ١٦٠٧ شـانۆیەکی بە ئـەم ناوە لە لەندەن پێشکەش کرد : " شـۆڕەسـواری دەسکی هـەڵگیرساوی ئاونگ"، کە تراژیدییەکی بە دەوری بازرگانێکەوە بوو، ئیتر دوایی ناوەکەی هەر کرا بە " بازرگانی لەندەن " . هەر کە دەیانەوێت دەست پێبکەن، کەسێک ( لە بـازیگەران) کە لە ناو تماشاچییەکانە، لە شوێنی خۆی هەڵدەستێت و دەڵێت : ئەوە چیە ئێوە باسی چینی←

(١٧٥٣)ی" ئێدوارد مۆر Edward Moore "، هەر دوو شانۆی ئینگلیس وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فەرەنسی، لە فەرەنسا لاسا دەکرانەوە و پێیان هەڵدەگوترا و زۆر باویان هەبوو و، روون بوو کە ئەدەبیاتی فەرەنسی ئیتر" درامی بۆرژوا " یا " تراژیدیی بۆرژواز"ی بۆ باسی واقیعی ژیانی

---

←ئێمە ناکەن ؟ دەپرسن : چینی چی ؟ تۆ چیت ؟ دەڵێت : من بەقاڵم، باسی بەقاڵ بکەن، بەقاڵ دەچێتە سەر شانۆ، ژنەکەی بەدوویدا دەچێت، کوڕێکیش . ئەو کوڕە کێیە ؟ ئەوە " رێیف Rafe "ی شاگردمە و، زۆر بەتوانایە، دەورێکی لە شانۆکەدا بدەنێ . ئەوجا لە تراژیدیدا چ ناوێکی هەبێت ؟ ناوی"بەقاڵی گەڕیدە"(لەجیاتی"شۆڕە سواری گەڕیدە"ی تراژیدیی سەدەکانی ناوەندیی ئاریستۆکراتان) و، ئالا و دروشمیشی لە سەر قەڵغانەکەی " دەسکێکی هەڵگیرساوی ئاونگ " دەبێت( رەمزی ئامێری جنسیی پیاوێکی تووشبووی سیفیلیس) .

لە پێشدا چیرۆکی سەرەکیی بازرگان کە شاگردەکەی حەز لە کچەکەی دەکات و بە تەمایە هەڵیبگرێت تا نەیدەن بە میستەر هەمفری ... لە شوێنێکدا " بەقاڵی گەریدە" دەردەکەوێت، بەلام بەقاڵ و ژنی قەبووڵی ناکەن، دەڵێن ئەو دەورەی ئێوە دەیدەن بە رێیف کەمە، دەبێت گەورەتر بێت . ناچار وای دادەنێن کە رێیف دەچێتە مۆلداڤیا و، شازادە خانمی مۆلداڤیا عاشقی دەبێت و دەیەوێت مێردی پێبکات، بەلام کوڕ نایەوێت، چونکە بەڵێنی بە کچی پینەچییەک داوە کە بیهێنێت و بۆ ئەڤینی وەفادار دەمێنێتەوە، کچی پینەچی بە هیچ شازادە خانمێک ناگۆڕێتەوە . ئیتر شازادە خانم بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە لەندەن . شازادە خانم دەگریت چونکە خەونەکەی بەجێنەهات، خەونیئەوە کە بچێت بیرەیئینگلیس بخواتەوە!

١٢٤ساڵ دوای پێشکەشکردنی ئەو شانۆیە، ئەو شانۆگەرەی تری ئینگلیس"جۆرج لیلۆ" شانۆیەکی لە لەندەن بە هەمان ناو پێشکەشکرد، بەلام شتێکی لە دوو کەواندا بۆ جیاکردنەوە وەدوو خست : " بازرگانی لەندەن ( یا مێژووی جۆرج بارنوێل) .

شانۆیپێشوو ئەو هەمووە دەورەیتراژیدیی دابوو بە شاگردیبەقاڵ، ئەمەیان گرنگترین←

کۆمەڵگە دەویست .

**دیدرۆ** زۆر بە ئەو باسەی درامای چینی نـاوەندەوە سەرقاڵ بوو، دوو شانۆشی پێشکەشکردن، دوو شتی بێتام! بـەلام لەدوای هەرکامیان لێکۆڵینەوەیەکی خوێندەوە، کە ئیدی ئەوەیان کاری ئـەو بوو، نەک ئەوە کە خۆی شانۆ بنووسێت : کوڕی تـەبیعی Le Fils Naturel (١٧٥٧) و، باوکی خێزان Le Père de Famille(١٧٥٨)، حەزلێکـکردنی کوڕ و کچێک کە دەردەکەوێت لە هەمان باوکن (لە یـەکەمیاندا) و، نـاهەقی کردنی پیاوێک بـەرانبەر کچێک کە دەردەکەوێت بـرازای خۆیەتی ( لە

-----------------------------------------------------------

← دەوری تێدا داوە بە" قەحبە"یەک ."قەحبەکە،"جۆرج بارنوێڵ"ی شاگردی بازرگانی لـەندەن وا لێ دەکات دزیی بۆ لە بـازرگان بکات، ئـەوجا دزیـی لە مامی خـۆی بـۆ بکات و مامەکەی بشکوژێت . دیمەنێکی زۆر سامناکی ئەو کوشتنە، کە بە دەموچاوی داپۆشراو چەقۆکان لە مامی‌دەدات، مامی نازانێت ئەوە برازایەتی کەچی‌دەڵێت: خودایا ئەم کوژەرەم و برازاکەم بپارێزە، ئـەوجا کوڕ دەموچاوی خـۆی پیشـان‌دەدات، مام دەڵێت : دەتبەخشـم . لە دواییدا خانمە قەحبەکە و جۆرج دەگیـرێن و حـوکمـی مـەرگیان بۆ دەردەچێت . لێـرەدا هـەموو مەغـزای شانۆکە لە سـەر زمانی خـانمەکە دەبیسین : من پـەشـیمان نیم، هـەرچی کردوومە، بۆ پـارە کردوومە، رێک وەکو ئێوەم کـردووە، مەگەر ئێوە هەمووتان هـەموو شت بۆ پارە ناکەن ؟ ئێ دە منیش هەر ئەوەم کردووە .

شانۆ تراژیدیی خوێناوییە، بـەڵام نـە شۆڕەسواری نـەجیبزادە کە بۆ تـاجی سەری - کە بە ناهەق لێی سەندراوە - و نە کچی نـەجیبزادەی دوژمن و نە هیچ لەوانە : گەل بە بازرگان و شاگرد و بەڵام بەتایبەتی قەحبەشییەوە و، بۆ پیشاندانی ریسوایی فەلسەفەی"هەموو شت بۆ پارە رەوایە" کە باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا دەگرت .

شـانۆکە لە یـەکەم دە سـاڵدا ٦٩جار لە لـەندەن پیشان‌دراوە . ئۆپێرای لێ دروستکراوە و زۆرنووسینی رەخنەگرانی ئـەدەبی و فەیلەسووفانی لە سەر نـووسراوە ( جـۆن سـتوارت میـڵ بەنموونە) .

دووەمیاندا؛ بەڵام هەرتک بە باشی و خۆشی کۆتاییان دێت .

**میشێل ژان سودێن Michel Jean Sedaine** (١٧١٩-١٧٩٧)ی شـانۆ و ئـۆپێرانووس، مرید و خـۆشـەویستێکی دیـدرۆ بوو، وای پیشان دەدا کە زۆر لە زانسـتی دیـدرۆ فێـر بووبێت و، بە کردار شـانۆیەکی زۆر سەرکەوتوو و زیندووی پێشکەش دەکرد و، بۆ شانۆی کەسانی تریش لە قۆناغێکی شانۆیفەرەنسیدا زۆر بەتەئسیر بوو. شانۆی"فەیلەسووف بێ ئەوە بیزانێت Philosophe sans le Savoir"و ئۆپێرای کۆمێدیی" شەیتان لە چوار Le Diable à quatre"ی زۆر بەناوبانگ بوون .

**لوی سیباستیە مێرسیێ Lois Sebastien Mercier**(١٧٤٠-١٨١٤)ی شـانۆنووس و نووسەر، لە هۆگـرانی شکسپیر و ژانژاک رووسۆ بوو( کاری بۆ چاپی بەرهەمی رووسۆ کردووە)، " ساڵی ٢٤٤٠، خەونێک ئـەگەر قەت ببێت L'An 2440, rêve s'il en fût jamais" ی زۆر بەناونگە، کە تێدا سـاڵی١٧٧٠ خـەوی لێدەکەوێـت و، بە خـەون دەچێتە فـەرەنسـایەکی تری سـاڵی ٢٤٤٠ کە کۆشـکی ڤێرسـای‌ی پـادشا وێـرانە و لویی چاردە دەبینێت چـەندە لە کـرداری پـەشیمانە؛ دەکرێت بە ناوی" خەیاڵی زانستی- ساینس فیکشن"یش سنفبەندی بکرێت . سەردەمی رۆبسپێر ئەویـش گیرا و، دەیانـویست سـەری بپەڕێنن ( دەنـگی لە دژی ئیعدامی لـویی شـازدە دابوو و، بە تـاقمی رۆبسـپێری دەگوت : سـانگینۆکرا Sanguinocrat خوێنۆکرات! )، بـەڵام پێش ئـەوە، رۆبسـپێر لەنـاوچوو و، ئەویش لە مەرگ خەلەست .

ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی کە شانۆی گۆڕی، دەنگی دیموکراسی و دژایەتیی ئیستبداد و چەوسانە-وەی چینایەتی، نەدەکرا مەگەر هەر کاری بکردایەتە سەر نووسینی رۆمانیش؛ بەتایبەتی کە رۆمان لە شانۆ و نووسینی حەماسە پتر دەستی بۆ خۆ نەبەستنەوە بە بەند و باوی کلاسیک کراوەتر بوو .

**ئالا رینێ لوساژ Alain René Lesage** (١٦٦٨-١٧٤٧) قانوون و فەلسەفەی خوێندبوو و زمانی ئیسپانی فێربوو . لە قۆناغێکدا، وازی لە وەزیفەی هێنا و تا کۆتایی ژیانی هەر بە کاری ئەدەبیی خۆی دەژیا . زۆر لە ژێر تەئسیری " شەیتانە شەلە"(١٦٤١)ی پیکارسکی" لویس ڤێلێث دێ گێڤارا"ی ئیسپانی، ئەویش شەیتانە شەلە Le Diable Boiteux (١٧٠٧) و " مێژووی ژیل بلاز دو سانتییان Histoire de Gil Blas de Santillane ( دوازدە بەرگ ١٧١٥-١٧٣٥) ی خۆی نووسی ( بۆ ئەدەبیاتی پیکارسکی ئیسپانی بڕوانە ئەم کتێبەم : هەڵبژاردەیەک لە مێژووی ئەدەبیاتی ئیسپانی) . لوساژ ساتیریستە، کۆمێدیی هومانیستیی ئاوێنەی ژیانی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام پردێکیشە بۆ پەڕینەوە لە پیکاریسکەوە بۆ رۆمانی تەواو ( لەوەدا دەوری لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا وەک ئەوەی " دیفۆ Defoe"ی لە ئەدەبیاتی ئینگلیسدا دەبینرێت) .

**پرێڤۆ Antoine Francois Prevost d'Exiles** (١٦٩٧-١٧٦٣) ماوەیەک سەرباز بوو، ئەوجا بوو بە کەشە و، چووە دێر، زۆر لە دێریش وەڕەز بوو، ساڵی١٧٢٧رایکرد چووە هۆڵەندا و ئەوجا ئینگلستان . ساڵی ١٧٣٤ بەخشییان و گەڕایەوە فەرەنسا . ئێجگار زۆری نووسیوە، بەڵام زۆرتری لەناوچووە و زۆر کەمی لێماوەتەوە، ئەوەش لە شوێنێکی بەرزی ئەدەبیاتی فەرەنسیدایە . کتێبی نووسەری گەورەی ئینگلیس" ساموێل ریچاردسن Samuel Richardson"ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و، ئەوە تەئسیرێکی زۆری بەسەر نووسەراندا هەبووە (ریچاردسن تەئسیری بەسەر"ژانژاک رووسۆ"شدا هەبووە) . سەرنجدانی تاریخی نووسینەکانی پرێڤۆ و ئەوەی ریچارد-

سن بۆ ئەوە گرنگە کە ببینین هێندێک نووسینی پرێڤۆ کە وەکو ئەوەی ریچاردسن دەچن، پێش ئەوەی ریچاردسن نووسراون، واتە هەر توانای پرێڤۆ خۆی بەرهەمی هێناون، نەک بە تەئسیری ریچاردسن نووسرابن . لە نووسینی پرێڤۆ :
مێژووی شۆڕەسواری دێ گروو و مانۆن لێسکۆ Histoire du Chevalier des Grieux et de Manon Lescaut ، بەرگی حەوتەمی بیرەوەری و سەرەڕۆییەکانی مرۆڤێکی ( یا پیاوێکی) شایستەیی Mémoires et aventures d'un homme de qualité، باسی"دێگروو"ی جەوانی حەڤدە ساڵەی نەجیبزادە دەکات کە لە کەسوکاری دەوڵەمەندی دادەبڕێت و، ئەڤینی لەگەڵ "مانۆن" خانمێکدا دەست پێدەکات، کە خانم دەچێتە دێر و، زۆر حەز لە ماڵی دنیا دەکات . کوڕ، بۆ ئەوە، بە قەرز و بە فێڵکردن لە قوماردا پارە بۆ مانۆن وەدەست دەهێنێت . کاتێک هەموو پارەکەی لە دەست دەدات و چیتری پێ پەیدا ناکرێت، مانۆن وازی لێ دەهێنێت و پارەدارێک پەیدا دەکات . کوڕ و کچ لە " نیوو ئۆرلیانز"ی ئەمریکا یەکتر دەبیننەوە ( مانۆن لەسەر قەحبەیی فرێدراوەتە ئەوێ)، لەوێ دەڵێن کە ژن و مێردن و، ماوەیەک بە ئارامی دەژین، بەڵام دوایی کوڕ حەقیقەت بە حاکمی شار دەڵێت و تکای لێ دەکات بە رەسمی لەگەڵ مانۆندا بە ژن و مێردیان رابگەیەنن . حاکم خۆی تەماح دە مانۆن دەکات و دەیەوێت مانۆن بۆخۆی وەدەست بهێنێت . لە شەڕێکی دوێلی نێوان کوڕەکە و برازایەکی حاکمدا، برازا بێهۆشدەکەوێت و، کوڕ وا دەزانێت کوشتوویە، ئیتر لەگەڵ مانۆندا رادەکەن و، دەکەونە بیابانی لویزیانا، مانۆن شەکەت دەبێت و دەمرێت، کوڕیش بە هاوکاریی هەڤاڵی دەگەڕێتەوە فەرەنسا .
کتێبەکە قاچاغ بوو، بەڵام بە نهێنی دەستاودەستی دەکرد و، زۆر خۆشەویست بوو .

**بێرناردا دو سان - پییێر Bernardin de Saint -Pierre** (١٧٣٧-١٨١٤)
دوای ساڵانێکی ژیانی لە وڵاتان، گەڕایەوە فەرەنسا و، تووشی ژانژاک رووسۆ بوو و، زۆر کەوتە ژێر تەئسیری رووسۆ و، دواتر (١٧٨٤،١٧٨٦) سێ بەرگی " لێکۆڵینەوە (دیراسات)ی تەبیعەت Études de la Nature" نووسی و ئەوە لە سەردەمی خۆیدا زۆر باوی هەبوو، لە یەکەم

دەنگەکانی داواکردنی پارێزگاری لە تەبیعەت بوو .

## Libertine ليبەرتين

سـەردەمی پادشایی لویی پـازدە، بە رادەی یـەکەم بە دنیای لیبەرتین ناسرابوو . پادشا ماوەیەک هەر حـەرەمسـەرای هـەبوو ( پـارکی نێرینـان Parc-aux-Cerfs)، ناوی بـەڕێوەبەر و ژنەکانی تێدا لە سەرچاوەکاندا هەن، دوای ئەوەش هەر دەرباریخۆی کرد بە جۆرێک شتی وەها و جێگەی ئۆرگی (جنسی تێکڕایی بەدەستە). ناودارانی ئەدەبیاتیش لە سالۆنە ئەدەبییەکاندا خەریکی ئەو جۆرە باس و کارانە بوون . خانمانی سالۆنە ئەدەبییەکان کیژۆڵەکانی خۆشیان دەهێنان لەوێ فێری ئەو دنیایە ببن. بەدەگمەن ئـەگەر تاقە یەک شاعیر یا نووسەری ئەو سەردەمە هەبووبێت کە لە " دنیای لیبەرتین"دا چالاک نەبووبێت : مۆنتێسـکیو، سـان سیمۆن، میرابۆ، ڤۆلتێر، رووسـۆ و چەند و چەندیتر، وێ- دەچێت خۆ- سنووردارکردنی ژن و مێرد لای مرۆڤیخوێندەوار و پێشکەوتوو هەرعەیب بووبێت . ژنێک بۆ " میرابۆ"ی نووسیوە : کەمێک چاوەڕێبکە تا کچەکەم مێردێک پـەیدا دەکات، ئـەوسا کە بوو بە ژنی کەسێک بە کەیفی خۆت خەریکی بە!، یەکی تر دەنووسێت : کچەکەم وا تەمەنی دەگاتە چاردە ساڵ، دەتوانین سـەودا بکەین . یـەک دنیا نـامیلکە نووسـراون، هێندێک لە کۆشـکی پـادشاوە هاتوون و هیندێک گەیشتوونەتە رۆژنامەکانی لەندەن! . خۆ کاتێک بوو بە سـەردەمی لـویی شـازدە و ماری ئـانتوانێت، ئەوە ئیتر سـەردەمی لافاوی نـامیلکەی جنسی بوو، باسی نێوانی شـاژن لەگەڵ برای پادشا و لەگەڵ ژنانی تریشدا و باسی فـەزیحەتەکانی پیاوانی ئـاینی . زۆر ناوی نـووسراوانی وەها هەن و، رەنگە لە هەر سـەردەمێکی تر پتر ناوی نووسەرانی جنسی ( پۆرنۆ) لەم سـەردەمەدا هەبن . زۆر ناوی ساختە و شوێنی چاپ بە درۆ( لە پاریس چاپکراوە یا لە ئەمستەردام و لەسەری نووسراوە لەندەن ... ئیدی) . یەک چۆڕی کەم، بەنموونە، لە ئاوی رووبارێکی بە خوڕی لیبەرتینی ئەم سەدەیە : چیرۆکی دۆم بووگر(گوو بێردۆم) دەرگەوانی شارترو(١٧٤١، دەگێڕێتەوە کەشە چۆن لە بەرچاوی خۆی دایکی کردووە و ئەویـش خۆی خوشکی خۆی چۆن کردووە و باسی نێربازی لە کلیسا و هەموو جۆرە جنس و ئۆرگی و فەزیحەتی دنیا) . ئانری ژۆزێف دو لورانس Lurauns ی رەبەن چەندین نووسینی لیبەرتینی هەبوون ."ئانگۆلا"ی لا مۆلیێر(رەنگە زۆری لەعارەب وەرگر- تبێت). شیعری زۆر و شانۆی تـایبەتی کە تێدا خانمانی چینی سەروو دەیاندیت لەبەرچاویان لە سەر شانۆ چی دەکرا . " کەیفەکانی دێر Les Plaisirs du Cloître" زۆر بەناوبانگ بووە ( نازانرێت کێ نووسیویە، بۆ شانۆ بووە بەڵام لێدانی بە قامچیی تێدایە و ئەوسا ئەوەیان بۆ هەڵنەسووڕاوە). پتر لە نووسینێکی مارکیز "میرابۆ"ی بەناوبانگی شـۆڕشی فەرەنسا ." ئافرۆدیتەکان یا ..."ی Andréa Nerciat ئاندریا نێرسیات . رۆمانی " تابلۆیانی ئەخلاقی سەردەم ..."ی کرێبییۆن Crébillon ." لەززەتی ئەڤین"ی رێتیف Restif (رێتیفیزم = لیستنەوەی پێڵاو! لە ناوی ئەوەوە هاتووە) ... ئیدی..

# دو ساد (١٧٤٠-١٨١٤)

# Donatien Alphonse François, Marquis de Sade

دو ساد، نووسەری ئاریستۆکراتی فەرەنسی، زاراوەی"سادیزم"(سادییەت) کە بژیشکێکی ئەعسابی ئەڵمان لە کتێبێکیدا ساڵی١٨٨٦ بەکاری هێناوە، ئاماژەی بەو بووە و ئیتر بووە بە زاراوە . بەشێکی باشی ژیانی لە زیندانەکاندا بەسەر بردووە، لە گەڵ قەحبەکاندا کێشەی زۆری ناوەتەوە، بۆنبۆنی بە مێشیئیسپانی(جۆرێک قالۆنچە کە بۆ بزواندنی ئارەزوویجنسی دەخورێت)ی داوە بە خزمەتکارە-کەی و چەند قەحبەیەک و ... حوکمی ئیعدام دراوە و رایکردووە بۆ وڵاتان، لە زیندانی ئیتالیاش رایکردووە، ماوەیەک ناپلیۆنیش گرتوویە (لەسەر کتێبی ژۆزەفین)، بە بەهانەی شێتبوون براوەتە خەستەخانە . نووسینەکانی باسی شکەنجەدان بۆ ئارەزووی جنسی و هاوجنسگەرایی و شتی زۆر پیس دەکەن، هەر واش ژیاوە . بەناوبانگترین کتێبی کە لە باستیل نووسیوە : ١٢٠ رۆژی سۆدۆم .



مارکیز دو ساد ساڵی ١٧٦٠

# ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی نۆزدە
# سەدەی رۆمانتیک و واقیعییەت

نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، سەدەی ڕۆمانتیکی ئەدەبیاتی فەرەنساش بوو ( وەکو ئینگلستان و ئەڵمانیا)، ڕۆمانتیکی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە سەری لە ئاسۆوە دەردەهێنا .

فەرەنسا، لە هێرشی سەر باستیلەوە(١٧٨٩) تا کۆتایی ناپلیۆن- خوتبەی ئاگرین و ئەو شتانە بخەینە لاوە - بەدەگمەن شتێکی نوێی بۆ ئەدەبیات هەبوو . هەموو شتی ڕابردوو وێران دەکرا بەڵام نەک هەیکەلی ئەدەبیات . ئەدەبیات وەک پێشتر بوو، کە لە بەرهەمی ئەدەبیی شانۆی تراژیدی دەنۆڕین : ماری ژۆزێف (برای بچووکی ئاندرێ شێنیێ)، ژان کالا Calas؛ لە حەماسە : لوس دو لانسیڤال، لوی- پییێر باوور؛ شیعری لیریک : Ponce Denis ficouchard Lebrun پۆنس دێنی فیکووشار لەبرا، ئێڤاریست دو پارنی، لوی دو فۆنتان، دو شیندۆلێ Ch. L, J. L. Chêndollé، میلڤوا Ch. H. Millvoye؛ دەکرێت لە هێندێکیاندا پرِیشکێک یا ئاسۆیەکی ڕۆمانتیک ببینین، بەڵام بەگشتی ئەوانە لە هەمان دنیای سەدەی هەژدەی ئەدەبیاتدا بوون .

بەڵام گۆڕانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەدەکرا مەگەر هەر گۆڕانی ئەدەبیاتیشی بهێنایە . هەستی مافی تاک و ئازادیخوازیی، گیانی شۆڕشگێریی خۆ ڕزگارکردن لە کۆت و بەندی یاسا و ڕێسای سەپێندراو و، ئەڤینی جوانی و بەرزیی دیمەنی‌نیشتمان(پیکتۆریسک)،هەڵێنجان لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەندی خۆیی ( لە جیاتی شوێنکەوتنی یونان و ڕۆمان)، عاتیفەیەکی زۆر و توند و هەستێکی ماخۆلانیی ترس و نائومێدی، زاتییەت/ زیهنییەت لە جیاتی مەوزووعییەت/عەینییەت، زاراوەی" ڕۆمانتیک "ی ئەڵمانی برایانی" شلێگل Schlegel "( ڕۆمانتیزم، ڕۆمانتیسیزم) ی بۆ بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەریی بە ئەو سیفەتانە کردە ناونیشانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە . ڕۆمانس بە شێوازانی ناوچەیی/ نەتەوایەتیی لاتین (ڕۆمانی)ی دوای جیابوونەوە و سەربەخۆبوون لە لاتینی ڕەسمیی مەرکەزی ڕۆما دەگوترا، وشەی ڕۆمان بە واتای چیرۆکی درێژ و ئەم ڕۆمانـ - تیکەش هەر هەمان ڕیشەیان هەیە . دوو برای ئەڵمان ( فریدریش و ئاوگوست ڤیلهێلم شیلێگل Schelegel ی سەدەی ١٨-١٩، لە دوا دە ساڵی سەدەی هەژدەدا بۆ جاری یەکەم باسی " شیعری ڕۆمانتیک romantische Poesie "یان کرد، بۆ جیاکردنەوەی رووحی ئەو شیعرەی وایان ناو نا

لەوەی کلاسیکیلاتین . فریدریش لە گوتارێکیدا دەڵێت کە ئەو رۆمانتیکە لای شکسپیر و ثێرڤانتێس و شاعیرانی ئیتالیادا دەبینێت کە ریشەیان دەگەڕێتەوە ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەندی ئەوروپا، نەک کلاسیکی یونان و رۆمان . خانمێکی فەرەنسی، Germaine de Staël مادام ژێرمەن دو ستال، بە ئەسڵ خەڵکی جنێڤ) ساڵی ١٨١٠ کتێبێکی بە ناوی" De l'Allemagne لەبارەی ئەڵمانیا " بە دە هەزار نوسخە لە پاریس چاپکرد، کە ناپلیۆن پێی تووڕە بوو و بە فەرمانی ئەو لەناودران، سێ ساڵ دوای ئەوە لە لەندەن چاپ کرایەوە . کتێبەکە بۆ جاری یەکەم زاراوەی " رۆمانتیزم "ی لە نووسینی فەرەنسیدا بەکارهێنا، ئیتر بڵاوبۆوە . ژێرمەن خانم لەوێدا بە شاعیرانێکی ئەڵمان هەڵدەڵێت و، ئەوانە بە رەسەن ناو دەبات کە ریشەی بەرهەمیان دەگەڕێتەوە ئەدەبیاتیشۆڕەسوارانی نەجیبزادەی سەدەکانی ناوەندی ئەوروپا، نەک یونان و رۆمان؛ ئەوەش پێچەوانەی مەیلی ناپلیۆن بوو، کە لایەنگری ئەدەبیاتی کلاسیکی نوێ بوو . بەوەش کە خانم بە شاعیرانێکی ئەڵمانی هەڵگو-تبوو ( گۆتە، شیلەر ...) ئیتر میزاجی ناپلیۆنی بە تەواوی تێکدابوو .

ڤیکتور هوگۆی رۆمانتیک، لە پێشەکیی درامای شیعریی ئێرنانی Hernani دا دەڵێت : رۆمانتیک واتە " لیبرالیزم لە ئەدەبیاتدا"، خۆ نەبەستنەوە بە هیچ یاسا و رێسایەک کە لە دەرەوەوە بۆ " تاک " دابنرێت، لێگەڕێن هەرکەسە بە رووحی شۆشگێڕیی خۆی، لە کۆت و بەندی خەڵکی تر رزگار ببێت . ستاندال Stendhal، لە " راسین و شکسپیر"یدا دەڵێت : رۆمانتیک پێداویستی ئەمڕۆیە کە بە رەچاوگرتنی تەرزی ژیان و بڕوای ئەمڕۆ کەیفی خەڵکی ئەمڕۆی پێدێت، لە کاتێکدا کە کلاسیکییەت Classicisme کەیفی بابی باپیرمانی پێدەهات .

شکستی فەرەنسییەکان لە خەباتی دیموکراسیدا، ئەو هەمووە باسەی مەنتیقی عەقڵی کە بە سەرپەرا-ندنی یەکتر و، دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی بە ناوی دیموکراسی و ئەوجا ناپلیۆن و شەڕەکانی و شکستی فەرەنسا بەسەرچوو، نائومێدییەکی هێنا، کە هەستی ترس و ماخۆلانیی دەدا .

ئێستا ئیتر بالادەکانی بورگەر Bürger (ی سەدەی هەژدەی ئەڵمان) و، " رەنجی ڤێرتەری لاو Leiden des jungen Werthers "ی یەکەم رۆمانی گۆتەی ئەڵمان( ژیانی خۆی - یەکەم چاپ ١٧٧٤)، شانۆی" چەتەکان"ی شاعیری ئەڵمان شیلەر Schiller -١٧٨١، شیعری خەیاڵاتیشەوان

ئێدوارد یەنگ Edwarad Young ی شـاعیر و فەیلەسووفی ئینگلیسی سەدەی ١٧-١٨ Night Thoughts، چیرۆکەکانی نووسەر و هونەرمەندی گەورەی ئـەڵمان هۆفمان ١٧٧٦-١٨٢٢ E.T.A. Hoffmann (کە زۆر تـەئسیریان بە سەرئێدگار ئەڵن پۆ و بۆدلێر و دیکنز و گۆگۆل و هیتچکوک و...چەندانی تردا هەبوون)؛ ئەوانە ئێستا قیبلەی نووسـەرانی رۆمانتیک بوون بۆ دەربڕینی سۆز و خـەیاڵ بە ئـازادیی شێوەی دارشـتن . دیارە ئەو پچڕاندنەی ئەدەبیات لە مەوزووعییەت و رۆچوون لە زاتییەت و خەیاڵدا و، بیر چوون بۆ ریشەی رابـردووی خـۆ لە جوانیی تـەبیعەتی نیشتماندا دەکرا بە هەر ئاقارێکدا، لە ئەوپەڕی چەپ تا ئەوپەڕی راست، بچووبایە(ئەم باسە لە بارەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمان نیە، ئەینا حەتمەن باسی کەسانێکی وەک"هێردەر" لە دەستەی رۆمانتیکەکانی Sturm und Drang ی شێستـەکان و تا هەشـتاکانی سـەدەی هـەژدەش لێرەدا پێویست دەبوو - کە ئەو نـاوەیان دواتر لە ناوی شانۆیەکی Friedrich Maximilian von Klinger ی ١٨٢٠ بۆ شکایەوە) .

مادام ژێرمەن دو ستال (١٧٦٦-١٨١٧) 

**Anne-Louise-Germaine Necker, baronne de Staël-Holstein**

ژێرمەن دو ستال خانم، فەرەنسییەکی بە ئەسڵ خەڵکیجنێڤ، لە مێژووی نووسین و دنیایسیاسەتی سەردەمی خۆیدا زۆر ناودار بوو . زۆر هۆگری نووسینی " ژانژاک رووسۆ" بوو : ساڵی ١٧٨٨ شـەش نـامە لە بارەی Six Lettres sur le Caractere et les Merits de J. J. Rousseau " کەسـایەتی و شـایستەیی ژ.ژ. رووسـۆ " ی نـووسـیوە . لە رووی سیاسییەوە پـادشـایی دەسـتووریی ئینگلسـتانی بە نـموونەی چاک بۆ فـەرەنسا دەدیت . سیپتامبری ١٧٩٢ لە پـاریس رایـکرد و چـووە سـویسـرا و، لەوێ نامیلکەیەکی بۆ دیفاعکردن لە ماری ئـانتوانێت نـووسی . کە گەڕایەوە فـەرەنسا سـالۆنێکی ئەدەبیی کردەوە و، هەر تێکەڵ بە دنیای سیاسەتیش بوو . لەگەڵ ناپلیۆندا زۆر رقیان لە یـەکتر بوو، جـارێک نـاپلیۆن، لە پـاریـسی دەرکـرد و لێی قـەدەغـە کرد لە چل کیلۆمیتر لە پـاریس نیزیکتر بێتەوە، دو ستال خانم ئەوەی زۆر لێ گران هات و هەر لە فەرەنسا رۆیشت، چوو زستانی لە ئەڵمانیا بەسەر برد و لەوێ گۆتە و ڤیلاند و شیلەری دیتن، لە بەرلین"ئاوگوست ڤیلهێلم شیلێگل"-یشی دیت . ساڵی ١٧١٢، دوای ئەڵمانیا و زالسبورگ چووە رووسیا و" پوشکین"ی دیت( لەکاتێکدا کە ناپلیۆن بە رێگای گرتنیمۆسکۆوە بوو)،بە فینلەندادا چووە ستۆکهۆڵم، ئەو زستانەی لەستۆکهۆڵم مایەوە و لەوێ کتێبێکی لە سەر"خۆکوشتن"Réflexions sur le suicide نووسی، چووە لەندەن



مادام ژێرمەن دو ستال

کتێبەکەی لە بارەی ئـەڵمانیا چاپ کرد و، کەوتە سەر نووسینی شتێکیش لە بارەی شۆڕشی فەرەنسا Considérations sur la révolution française. دوای ماوەیەک گـەڕان لە ئیتالیا وسـویسـرا، دوا سـاڵانی ژیانی هەر لە پاریس بوو، سالۆنی ئەدەبی‌ی هەبوو و زۆر کەس دەچوونە سالۆنەکەی، لەوانە" لـۆرد بـایرۆن "ی ئینگلیس کە زۆر هۆگری بوو . کـۆتایی ژیانی، دوای ماوەیەک ئیفلیج- بوون، هەر لە پـاریس بوو . لە فـەسڵی پێش ئـەمەدا دیتمان کە لە مێـژووی ئـەدەبیاتی ئـەوروپـاییدا پردێکی‌گرنگ بوو لە نێوان ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و فەرەنسیدا و، لە پێوەندییەکانی ژیانیڕا دەبینین کە چـالاکیی لە دنیای ڕۆمانتیکدا لە ئـاستێکی زۆر بـەریندا بوو . کتێبی لە بارەی ئیتالیاش هەیە، و زۆر نـووسـینی تر و، کاری بۆ ڕۆژنـامەش هـەبـووە و، کتێبێـکی بە ناوی " دە سـاڵ لە دەرەوەی وڵات (مەنفا) Dix années d'exil "، ساڵی ١٧٢١ ( چوار ساڵ دوای مەرگی) بڵاوکرایەوە .

**ـــ کۆنستا Henri-Benjamin Constant de Rebecque** (١٧٦٧-١٨٣٠ )

کۆنستا، نووسەر و سیاسەتمەدار بووە، زۆر دۆستی مادام ستال بووە، کە ئەو خانمە ئەوی تـەنانەت بە مۆنتێسکیویەکی‌تر داناوە . مرۆڤێکی‌لیبرال بووە و، ژیانی‌تایبەتی ڕەنگە زۆر لاپەڕە پڕ بکاتەوە، ڕۆمانی" ئادۆلف Adolphe" بە گرنگترین بەرهەمی دادەنرێت، دوای چەند ساڵێک لە بڵاوکردنە- وەی بەشانێکی، ساڵی ١٨١٦ هەمووی چاپ و بڵاوکردەوە . ئادۆلف بە ژیننامە پێشکەش‌کراوە .

ڕۆمان باسی " ئـادۆلـف"ی ٢٢ ساڵە دەکات کە دەچێتە ئـەڵمانیا و لەگەڵ " ئێلێنۆر" خانمـدا حەز لە یـەکتر دەکەن، کە هـەرتکیان لە خەڵکی دەوروبـەر زۆر جیاوازن، هێندێک تـۆژەر هەر لەو کاتەدا لە سەریان نـووسی کە ڕۆمانەکە باسی نێـوانی دڵـداریی نـووسـەر و مادام دو سـتال و، نـووسـەر و خانمێکی تریش (شارلۆتە خانمی ئەڵمان) بێت و، بەوە زۆر تووڕە بوو .

**شاتۆبریان**(دو شاتوبرییا) ١٨٤٨-١٧٦٨

# François-René, vicomte de Chateaubriand

فرانسرینێ هەر لە لاوێنییەوە خاوەن هەستێکی زۆر ئاینی، خەیاڵڕۆیشتن، حەسساس و ماخۆلانی بوو . هۆگری خوێندنەوەی شتانێک بوو کە لەگەڵ میزاجیدا دەڕۆیشتن و تەئسیریان تێدەکرد :

خەیاڵاتی تەنیایەک لە پیاسەکردندا - ژانژاک رووسۆ، لێکۆڵینەوەی تەبیعەت-بێرناردا Bernardin دو سان - پییێر، رەنجی ڤێرنەری لاو- گۆتە Goethe، شیعرەکانی ئۆسیان Ossian (ی کەونارای گالیی سکۆتلەندیی کێڵتی کە شاعیری سکۆتلەندی " جێمس ماکفێرسن " دەیگوت لە دەمی خەڵکی وەرگرتوون، ڤۆلتێر لە فەرەنسا ناساندوویە و پێیهەڵگوتووە) . هێندێک لە لەشکردا بوو، سەردانی هێندێک سالۆنیئەدەبیی پاریسی کرد، بەوە کە" ڤیکۆنت"(وەک بڵێیت بەگ یا پاشا)ێکی شاتۆ بریان ( ناوی شارێک و مەڵبەندێک لە فەرەنسا) ی محافەزەکار بوو و، لەگەڵ شۆڕشدا نەبوو، حەزیشی لە گەشت دەکرد، ساڵی١٧٩١ چوو هەشت مانگێک لە ئەمریکا مایەوە، زۆری لە بارەی خەڵکی ئەسڵیی ئەوێ دەزانی و، دواتر (١٨٢٦) کتێبێکیشی لەبارەی ئەو گەشتەی نووسی .

لە گەشتەکەی هاتەوە، چووە ریزی هێزی چەکداری نەجیبزادەکانیفەرەنسیی کە لە ئەڵمانیا بوون و



شاتۆبریان

لە شەڕی دژی شۆڕشی فەرەنسایاندا بەشدار بوو و تێدا بـریندار بوو . هەرچۆنێک بوو، لە ڕێگەی بـەلجیکاوە چووە لەندەن و حەوت ساڵ (١٧٩٣-١٨٠٠) لەوێ مایەوە، بە دەرس‌گوتن و وەرگێڕان ژیانی خۆی هەڵدەسووڕاند و، زۆری بە ئینگلیسی دەخوێندەوە و، بۆ ئەوە خۆی زۆر بە قـەرزداری ئینگلیس دادەنا . بە ئازادی گەڕایەوە فەرەنسا، بە کتێبی " ئاتالا (١٨٠١) و" بلیمەتیی مەسیحییەت" (١٨٠٢) ناوی دەرکرد؛ بەوە ویستی ڤۆلتێر بشکێنێت، تەئسیری ڤۆلتێر و ئـەنسیکلۆپێدیستەکان لە زیهنی خەڵک بسـڕێتەوە و ڕێز و هـەیبەت بۆ کلیسای کاتـۆلیک بگێڕێتەوە . ڕێک لەو سـەردەمەدا ناپلیۆن دەیویست لەگەڵ پاپادا ئاشت ببێتەوە، ئیدی ١٨٠٣ کردیان بە سکرتێری سەفیری فەرەنسا لە ڕۆما و، وەزیری بە تـەواوی سـەلاحیەت لە کۆماری " ڤالێ " (ئێستا کانتۆنێکی سویسرایە) . بەڵام کوژرانی Duc d'Enghien دوکی ئەنگیە ( لە ماڵی بۆربۆن، کە لە ئەڵمانیا بوو و ناپلیۆن هێزێکی نارد لە ئەڵمانیاوە هێنایانەوە و بە تاوانی پیلان‌گێڕان بۆ کۆدێتا ئیعدامیان کرد، لە ڕۆمانی تـۆلسـتۆی و" ئالیکساندر دوما"شدا باس کراوە، ساڵی ١٩٠٩ فیلمیش لەبارەیەوە دەرچووە)، " شاتۆبریان"یش کارەکەی نـەما . کەوتەوە گەشت بۆ یـونان، تـورکیا، فـەلەستین، تـونس، ئیسـپانیا (١٨٠٦-١٨٠٧)، ساڵی ١٨١١" ڕێگەبڕین لە پاریسەوە بۆ ژیروزالێم"(قودس)ی نووسی . کە بـۆربۆن هاتنەوە سەر کار، نانی کەوتە ڕۆنـەوە، ١٨٢٢ کرا بە سـەفیری فەرەنسا لە لەندەن، کە چێشت‌لێنەرەکەی گـۆشتی بە جۆرێک بۆ سووردەکردەوە کە لەوساوە بەو خۆراکە دەڵێن" شاتۆبریان "! . بە هاتنە سـەر کاری " لوی فیلیپ " لە فەرەنسا (١٨٣٠) شاتۆبریان وازی لە کاری سیاسەت هێنا و، خـەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانی‌خۆی بوو: " بیرەوەرییانی لە دەرەوەی گۆڕەوە Memoires d'outre Tombe ".

چەند مانگێکی کەم دوای ڕاگەیاندنی" کۆماری دووەم"(١٨٤٨) کۆچی‌دوایی کرد .

" رینێ " بـەرهەمێکی زۆر بە تـەئسیری شـاتۆ بـریان بـوو، کە بێـرلیۆز Berlioz ی مووسـیقاری فەرەنسی و، موسێ Musset ی نووسەر و شـاعیری ڕۆمانتیکی فەرەنسی شـەیدای بوون، " لـۆرد بـایرۆن "ی شاعیری گەورەی ئینگلیسیش بە Childe Harold’s Pilgrimage ی ویستی لاسـای بکاتەوە، تەئسیری‌ئەوەندەی بە سەر ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکدا هەبوو،کە بەوەی"ڕەنجی ڤێرتەر‌ی‌لاو"ی گۆتە بەراورد دەکرێت .

# رینێ René

رینێ، لاوی فەرەنسیی ناشاد، سەری‌خۆی هەڵدەگرێت و، دەچێتە ناو عەشیرەتی" ناچێز "ی خەڵکی ئەسڵیی لویزیانای ئەمریکا . زۆر درەنگ دڵی خۆی دەکاتەوە تا بڵێت بۆچی وا ناشادە . دەڵێت کە بە لەدایکبوونی، دایکی مردووە و، باوکی زۆر وشک بووە و گوێی‌پێ‌نەداوە، هەر لەگەڵ خوشکیدا نێوانی باش بووە، یەکتریان خۆش‌ویستووە و، پێکەوە بە دەوروبەری کۆشکی ماڵەوەدا سووڕاونە- تەوە . باوک دەمرێت، برای میراتی دەگرێت، ئیتر رینێ بڕیار دەدات بڕوات و بگەڕێت : وێرانە- کانی یونان و رۆمان دەبینێت و، خەمۆکی دەیگرێت . دەچێتە ئەو شوێنانەی سکۆتلەندا کە"ئۆسیان" باسی کردوون و، شوێنانێک لە ئیتالیا، دیتی کە یەقینێک لە رابردوودا نەبووە و جوانییەکیش لە ئێستادا نەبوو . گەڕایەوە فەرەنسا، دیتی فەرەنسا چ گەندەڵ و بێ‌دینێک بوو . پێی‌وابوو خوشکیشی خۆی لێ‌دەبوارد . لە دنیادا تەنیا بوو، لە زێدی خۆیدا غەریب بوو، کەسی نەبوو، کەس هەستی پێ- نەدەکرد ... ویستم شتێک ببینمەوە کە دڵم پێ خۆش بێت و نەبوو . من لەوەی دنیا دەیدامێ پترم دەدا بە دنیا .

رووح تێک‌قووپا و ناچار ویستی دابەزێتە ئاستی خەڵکی ئەم دنیایە . رینێ هیچی لە دنیادا نەدیتەوە، بڕیاری دا خۆی‌بکوژێت . بەڵام لێرەدا خوشکی، کە بە نیازی رینێ دەزانێت، دیسان نێوانی لەگەڵیدا بە جۆرێکی لێ دێتەوە کە رینێ خۆی پێ خەریک بکات . بەڵام وێ‌دەچێت خوشک شتێکی لە سەر زمان بێت نەیەوێت بیڵێت . لە پڕ، خوشک دەڕوات و، نامەیەکی بۆ بەجێ‌دەهێڵێت کە : وا من دەبمە راهیبە لە دێر، ناڵێت بۆچی . رینێ دەچێتە مەراسیمی بوونی خوشکی بە راهیبە، خوشکی لەوێ پێی‌دەڵێت بڕیارەکەی بە بوونە راهیبە بۆ ئەوە بووە لە رینێ رابکات، چونکە"حەز لە رینێی برای خۆی" دەکات . رینێ بەو ئیعتیرافەی خوشکی زۆر دەڕووخێت . بڕیار دەدات بۆ هەمیشە دوور بکەوێتەوە، دەچێتەوە لای عەشیرەتەکەی ئەمریکا . رینێ لەوێ نامەیەکی بۆ دێت، دەنگوباسی مەرگی خوشکی پێ‌دەگەیەنێت . چیرۆک لە دواییدا دەڵێت : رینێ لە شەڕێکی نێوان ئەو عەشیرەتە و فەرەنسییەکاندا کوژرا .

ئەوە هەیکەلی ڕووداوەکانە (کە شانۆکەی بە ١٧٢٠ـەکان داناوە)، چۆن مرۆڤێک بە دووی گەیشتنە "بێسنوور"ەوەیە و" هەست بە سنوور" کە هەیە رووحی هەڵدەگوشێت و ئارامیی لێ هەڵدەگرێت . دەڵێت : لە " باش"ێک دەگەڕێم کە نازانم چیە، مەگەر هەڵەی منە کە سنوور لە هەموو شوێنێک هەیە ؟ ئەوجا شتێک کە من پێیگەیشتم چ قیمەتی دەمێنێت ؟ ڕۆچوونێکی ئێجگار زۆر لە رووحی مرۆڤێکدا کە دەیەوێت بە شتێک بگات کە نازانێت چیە، بەڵام بەوەی کە هەیەتی ناشادە . ئاوڕێکیش لە کلیسا و هۆی راهیبەیی خوشکی، کە لەوێشدا سنووری ئەڤین چۆن و لەکوێیە ؟ و وەسفێکی ئێجگار زۆر جوانی تەبیعەتی هەر شوێنێکی کە دیتوویە .

پەنجا لاپەڕەیەک دەگرێتەوە کە سەرەتا بەشێک بووە لە ناوەرۆکی نووسینیتری(Les Natchez) .

## سانت بوڤ Charles-Augustin Sainte-Beuve (١٨٠٤-١٨٦٩)

سـەردەمی هەڵگێڕانەوە بۆ هاتنەوەی بۆربۆن (Restauration ١٨١٤-١٨٣٠)، ڕۆژنامەگەری لە فـەرەنسا زۆر چـالاکانە دەکاردا بوو، کە باسی ئـەدەبیات تێدا شـوێنی زۆر دیـار بوو . لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیی زۆریش لە بارەیئەدەبیات هەبوون . دەنگی دو ستال خانم و شاتوبریان زۆر بەرز بوو و لایەنگرانی چالاکیان هەبوون، لەوانە،هەر بەنموونە : **پرۆفیسۆر Abel Francois Villemain ئابێل فرانسوا ڤیلما**(١٧٩٠-١٨٧٠) بە لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەدەبیاتیفەرەنسیی سەدەکانینـاوەندی Tableau de la littérature française au Moyen Âge و سـەدەی ١٨ Tableau de la littérature française au XVIIIe siècle . ئەوانە هەم بۆ ڕوونکردنەوەی نێوانی ئـەدەبیات و کۆمەڵگەی خۆیان و هەم باسی تەبیعەتیکۆسمۆپۆلیتیی ڕۆمانتیک(کە پێوەندیی بە ئەدەبیاتی نەتەوە-کانی تریشەوە هەبوو) زۆر بە تەئسیر بوون .

تـەبیعی، وەک دەبێت چاوەڕوان بکرێت، کەسانێکیش، وەک **سان- مارک ژیراردا Saint-Marc Girardin** (١٨٠١-١٨٧٣) بەنموونە، بە نووسینی Cours de Littérature Dramatique و نووسینیترلە دژی ڕۆمانتیک بوون. **دێزرێنیزارJean Marie Napoléon Désiré Nisard** (١٨٠٦-١٨٨٨)، نـووسەری مێژووی ئـەدەبیاتی فـەرەنسی و، ئـەندامی ئـاکادیمیای فـەرەنسی و لە دەستەی نـووسەرانی ڕۆژنامەی Journal des débats نەک هەر زۆر دژی ڕۆمانتیک بوو، ئەو بە لێنۆڕینێکی چـەقبەستووی مانەوەی لە کلێشەکانی بـوالۆ و ئارپـدا، دژی تـەواوی بیرکردنـەوەی نوێ لە بارەی ئەدەبیات بوو : پێوەندیی ئەدەبیات بە مێژوو ؟ بە کۆمەڵگە و سەردەم ؟ لێکۆڵینەوەی کەسایەتی و ژیانی خاوەنی بەرهەم بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ؟ نا، ئەو ئەوانەی هیچ قەبووڵنەبوو، " تێکست"( دەقی شتەکە)ی لە هەموو شت سەربەخۆ سەیر دەکرد بزانێت چیە، ئیتر ئەو قسانەی تر بۆ چی بوون ؟

ئەوجا بۆ کریتیک(ڕەخنە، هەڵسـەنگاندن، لێکۆڵینەوە) دێینە سەر گـەورەترین کریتیکی ئەم قۆناغە، سانت بوڤ :

سـانت بوڤ، لە دایکێک کە کچی ئینگلیسێک بوو و، باوکێکی دەریاوانی فەرەنسیی کە پێش هـاتنە-

دنیای ئـەو کـوڕەی مـردبوو( شیعری Souvenir) . بـژیشـکیی خـوێند . هەر لە زووەوە هـۆگـری ئەدەبیاتی ئینگلیس بوو . لەسەر داوای مامۆستایەکی( Dubois) بوو بە یەکێک لە نووسەرانی ئەو رۆژنامەیەی کە ئەو مامۆستایە تازە دایمەزراندبوو( Le Globe١٨٢٤). سانت بوڤ، بە نووسینی گـوتارێکی لەبارەی شـیعری" ڤیکتۆر هوگۆ " (١٨٢٧)، هوگۆ بوو بە دۆسـتی و، رەگەڵ دەسـتەی Cénacle کەوت ( لە ١٨٢٦ تا ١٨٣٠، گـەورە نـووسـەران و شاعیرانی تێدا بوون)، لە گۆڤـاری La Revue des Deux Mondes یش ( لە ١٨٢٩وە) . هەرچەندە بەهۆی نێوانی عیشقیی لەگەڵ ژنی هوگۆ، ماوەیەک نێوانی لەگەڵ هۆگۆ سـاردیـی تێـکەوتبوو، بـەڵام کاتێک سـاڵی ١٨٤٥ بوو بە ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی، هوگۆ بوو کە مەراسیمی بەخێرهێنانەکەی بەجێهێنا .

" مێژووی پۆرت رۆیال Histoire de Port-Royal "( ناوی دێـرێک بووە، کە تـۆماری گرنگی ئەدەبیاتی هەبوون)، زنجیرە گوتارانێکی لە بارەی ئەدەبیاتی بەشێکی سەدەیحەڤدە بوون، کە دوایی لە نێوان ١٨٤٠و١٨٤٨دا لە تـوێیی سـێ بـەرگ کتێبدا بـڵاوی کـردوونـەتـەوە و، ئیجگار زۆری پێ بەناوبانگ بووە . خانمێکی ئەڵمان لەسەر داوای نیتچە وەریگێڕاوەتە سەرئەڵمانی، نیتچە(هەرچەندە جیاوازییبیروڕاشی لەگەڵ سانت بوڤـدا هەبووە)، کە ئەڵمانییەکەی دیتووە، بۆ خانمەکەی نووسیوە چـەندە بەو کارە دەوڵـەمەندە شـاد بووە، لە شـوێنێکدا دەڵێت : Ich glaube, ich habe geweint پێم وایە گـریـام . سانت بوڤ، کریتیک و شاعیر و رۆماننووس، لە گـەورە لایەنگرانی رۆمانتیک بـووە و، بـاسی نێوانی رۆنـسـار و کەسانێکی تـری دەمانی پێشـتری لەگەڵ دنیای ئـەو رۆمانتیکەی سـەدەی نۆزدەدا کردووە . بەراوردێکی ئەم قسانە بەوەی " دێزرێ نیزار" بکە، ئەو چیی لەبارەی کریتیک دەگوت و بڕوانە سانت بۆڤ چۆنی دەبینێت :

" بچۆ ناو دانـەرەوە، لەوێ جێی خۆت بگرە، لە رووە جیاوازەکانییەوە وەبەریبهێنەوە، وە ژیانی بخەرەوە، با وا بجووڵێتەوە و بڵێت وەک کە دەکرا ببوایە، لە دەروونییەوە و بە رەوشـتی ماڵی خۆی، پێش ئەوە هەسـتی پێکرابێت، وەدووبکەوە . پێوەندیی لە هـەموو لایەکییەوە بە ئەمسەرزەوییە،بە حەقیقەتیهەبوونییەوە، بە ئەو نەریتەی ژیانی رۆژانەی کە گـەورەپیاوانیش نـە کەمتر لە ئێمە پێیەوە بەندن، سەرزەوییەکی راستەقینەی کە پێیان

لە سەر دانـاوە و، رۆژێک لێیەوە وەڕێدەکـەون، تا کاتێک بـەرز ببنەوە و، ئـەوجا بێ-
وەستان بکەون و بکەونەوە . "

سانت بوڤ، پتر لە بیست کتێبی بەرهەم بوون : شیعر، رۆمان، کریتیک، نامە .



سانت بوڤ لە ١٨٦٠ـەکاندا




لەسەر دیواری خانوویەک لە پاریس، نووسراوە : سانت بوڤ لە ١٨٣١ تا ١٨٤١ لێرە ژیا .




لە سەر دیواری خـانـوویەک لە پاریس، نووسراوە: سانت بوڤ شاعیر و کریتیک٢٣ی دیسامبری ١٨٠٤ لە بـولۆن- سور- مێر لەدایکبوو و١٣ی ئـۆکتـۆبـری ١٨٦٩ لە ئـەم خانووەدا مرد .

هەستی مافی تـاک و خۆ رزگارکردن لە کـۆت و بـەندی یـاسـا و ڕێسـای سـەپێندراوی کلاسـیک و هـەڵێنجان لە ئـەدەبیاتی سـەدەکانی نـاوەند، کە لە سـەرەتای بـاسی پـەخشانی ڕۆمانتیکدا گوتمان، لە شیعریشدا، یا بگرە هەر بەتایبەتی لە شیعردا، مەگەر هەر زۆر تەئسیری بکردایە .

شـاعیرانێکی ڕۆمانتیک لە پـاریس سـەرەتـا مەکـۆیەک **cénacle** ( زاراوەی مـەسـیحی، ژووری سـەرووی کلیسـای کە مەسیح و شـاگردانی لە ئـورشەلیم نانیان لێخواردبێت) کۆیکردنەوە، ئەوجا هێندێکی دی ئەوەیان تەواو پێ لە کلاسیک شۆردراو نەبوو، مەکۆیەکی تریان بۆ خۆیان ساز دا .

ساڵی ١٨٢٣ یـەکـەم مـەکـۆ لە مـاڵـی **شـارل نـۆدیـێ Jean Emmanuel Charles Nodier** (١٧٨٠-١٨٤٤) کـۆبـوونـەوە : **ئێـمیل دیشـا Émile Deschamps** (١٧٩١-١٨٧١) و بـراکەی **ئانتوانAntoine** (١٨٠٠-١٨٦٩)، **ژول لوفێڤر- دومیێ Jules Lefèvre-Deumier**(١٧٩٧-١٨٥٧)، **ژول دو ڕێسـیگیـێ Jules de Rességuie** (١٧٨٨-١٨٦٢)، **پییێر ئـالیکساندر ژیـرۆ Pierre Alexandre Guiraud** (١٧٨٨-١٨٤٧)، **ئـالیـکسـانـدر سـومـێ Alexandre Soumet** (١٧٨٨-١٨٤٥)، **ژاک - فرانسوا ئانسلۆ Jacques- François Ancelo** (١٧٩٤-١٨٥٤)؛ کەسانێکی **Le Globe** یش(کە **دێبوا Debois** و **لارو Laroux** ساڵی ١٨٢٤ دایانمەز-راند) : دێبوا و سانت بوڤ و لامارتین و هوگۆ و ئیدی هاتوچۆیان دەکردن .

مەکۆی دووەم ساڵێ ١٨٢٨ بە دەوری " ڤیکتۆر هوگۆ "وە بوو، هـەرچەندە کەم مایەوە بـەڵام چەند پـەیکەرتاش و تابلۆکێشیان تێدا ناسـران و لە نووسـەران و شانۆنووسان و شاعیران، جگە لە **هوگۆ Hugo** خۆی : **سانـت بـوڤ**، **لامارتیـن Lamartine**، **ڤینیی Vigny**، **موسـێ Musset**، **دومـا Dumas**، **گۆتیێ Gautier** .

# ئالفۆنس دو لامارتین (١٧٩٠-١٨٦٩)

# Alphonse Marie Louis de Prat de Lamartine



لامارتین

لامارتین، ناودارترین شاعیری رۆمانتیکی فەرەنسی، نووسەری رۆمان و شانۆ و مێژوو و ژیننامە . لە ماڵێکی نەجیبزادان، لە منداڵییەوە زۆری دەخوێندەوە : کتێبی پیرۆزی دینی مەسیحی ( بەهۆی پەروەردەی دایکە ئاینییەکەیەوە) و ئەدەبیاتی کلاسیکی یونان و رۆمان و لە ئینگلیسیش . لە فەرەنسییەکان، ئەوانەی سەرنجیان زۆر رادەکێشا : Bernardin de Saint-Pierre بێرناردا دو سان- پییێر (١٧٣٧-١٨١٤)، ژولی یا ئێلۆییزی نوێ ی رووسۆ، شاتۆبریان، مادام دو ستال . دوای سەردانێکی ئیتالیا و، هێندێک سەربازیی حەرەسی لویی هەژدە، سەردانێکی سویسرا، ساڵی ١٨١٦چوو ماوەیەک بۆ هەواگۆڕین لە Aix-les-Bainی دوور لە پاریس بوو، لەوێ عاشقی ژنی زانایەکی ناوداری فیزیا " ژولی شارل"خانم بوو( ناوەکەی لە شیعریدا کردووە بە ئێلڤیر Elvire). کاتێک لامارتین ساڵی دوای ئەوە چووەوە ئەو شوێنە تا دیسان بیبینێت، لەوێ زانی کە فریشتەی مەرگ لەو خێراتر بووە، کەمێک پێش ئەو گەیشتووە و" ژولی"ی بردووە . ئەوە زۆر کاری کردە سەر لامارتین .

لامارتین، ساڵی١٨٢٠، ٢٤پارچە شیعری بە دیوانی"رامانیشاعیرانە Méditations Poétiques " چاپ و بڵاوکردەوە و بەوە دەستبەجێ ئێجگار زۆر بەناوبانگ بوو .

لامارتین، چەند مانگێک دوای بڵاوکردنەوەی ئەو یەکەم دیوانەی، ژنێکی هونەرمەند ( تابلۆکێش و پەیکەرتاش)ی بە ئەسڵ ئینگلیسی هێنا، کوڕێک و کچێکی لێ‌هەبوون، کوڕەکەی(فیلیکس) تەمەنی دوو ساڵی تەواو نەکرد و لە پاریس مرد، کچەکەی ( ژولی) دە ساڵێک تەمەنی بوو کە لە بەیرووت مرد . لامارتین ساڵی ١٨٢٩ بوو بە ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی . لە سیاسەتیشدا بوو، سەرەتا لە لویی هەژدە نیزیک بوو، ١٨٢٥-١٨٢٨ سەفیر و، ساڵی ١٨٤٨ دوو- سێ مانگێک وەزیری دەرەوە بوو و، خۆی بۆ سەرۆکی کۆماری فەرەنسا هەڵبژارد بەڵام دەرنەچوو . دژی کۆیلەیی و دژی حوکمی ئیعدام بوو .

بۆ لێنۆڕینی شیعریی، لە پێشەکیی ئەو یەکەم دیوانەیدا، پارناسوس، چیای یونانی کە شوێنی زێوس ( گەورەی خودایان) و باوکی نۆ مووزەکان لە منێمۆسین ناو دەبات، کە چەند لەو مووزانە خێوی چەند جۆر شیعرن ، دەڵێت :

" من یەکەم کەسێکم کە شیعرم لە پارناسوس هێنایە خوارەوە و لەجیاتی چەنگی بەحەوت ژێی کە باو بوو،هەمان ئەو بەندانەی دڵی مرۆڤم دا بەوانەی پێیان‌دەڵێن مووزەکان، ئەو بەندانەی کە بە لەرزی لە ژمارەنەهاتی رووح و تەبیعەت جووڵاون و وروژاون ."

لە دیوانی " رامانی‌شاعیرانە Méditations Poétiques "

دەریاچە Le Lac

وەها، هەمیشە بەرەو کەنارانی نوێ دەئاژۆیت
لە شەوی ئەبەدی‌دا، بێ گەڕانەوە، دەڕۆیت
قەت ناتوانین لە ئۆقیانووسی چاخەکاندا
بۆ تاقە رۆژێک لەنگەر بخەین ؟

هۆ دەریاچە، ساڵ کاری خۆی تەواوکرد
لای شەپۆلانی ئازیزی کە دەبوو بیانبینێتەوە
بڕوانە! وا من دێم بەتەنیا لەسەر ئەم بەردە دادەنیشم
کە ئەوسا ئەوت دەدی لەسەری دادەنیشت

تۆ وەها لە خوار ئەو بەردە قووڵانەوە دەتبۆڕاند
وەها کەنارە هەڵدڕاوەکانیانت تێکدەشکاندن
وەها، با، کەفی شەپۆلەکانتی دەهاویشتە
سەر پێی نازەنینیان

ئێوارەیەک، لەبیرتە ؟ بە بێ دەنگی بۆی دەرچووین
نەدەبیسترا لە دوورەوە، سەر شەپۆلان و ژێر ئاسمانان
جگە لە دەنگی سەوڵان کە بە هەوایەک
لە شەپۆلە هاوئاهەنگەکانی تۆیان دەدا

تەواو لە پڕێکدا، شێوەدەنگانێکی لەسەر زەوی نەناسراو
لە کەناری شیرینەوە، وە دەنگدانەوەکان کەوتن
شەپۆل لەسەر هەست بوو و، دەنگی کە لام شیرین بوو
ئەم وشانەی هەڵوەراندن :

هۆو زەمان، جارێ فڕینت رابگرە! ئێوەش سەعاتە پیرۆزەکان
جارێ رۆیشتنتان رابگرن
با خۆشییە خۆشڕەوەکان بچێژین

لە جوانترینی رۆژانمان

بەسە بۆ ئەو ناشادانەی لێرە لێت دەپاڕێنەوە
بڕۆ، بڕۆ بۆیان
با رۆژەکانیان بە خۆشییەکان هەڵیانلووشن
شادەکان لە بیر خۆت بەرەوە

بەڵام من بێهوودە تاوێک کاتی تر داوا دەکەم
کات لە دەستم دەردەچێت و رادەکات
بە ئەم شەوە دەڵێم : هێواشتر بە، و شەفەق
شەو دەڕەوێنێت

کەواتە لەو سەعاتەدا کە رادەکات
با خێرابین، لە شادیدا بین
مرۆڤ هیچ بەندەرێکی نیە، کات هیچ کەنارێکی نیە
دەڕوات و، ئێمەش دەڕۆین

رۆژگاری بەغیل، وەهایە  کاتەکانی مەستی
کە ئەڤین بە شەپۆلە گەورەکانی خۆشیمان بۆ دێنێت
بە هەمان خێرایی لێمان دوور دەکەونەوە و دەفڕن
وەک رۆژەکانی ناخۆشی ؟

ئێ چی، ناتوانین بە لایکەم  شوێنەوارێکیش بهێڵینەوە ؟

چی، بۆ هەمیشە رۆیشت ؟ تەواو هەموو لەدەستچوو ؟
ئەو زەمانەی کە داینێ، زەمانی کە ئێستا نەیهێشتوون
قەت ئیدی جارێک نایانهێنێتەوە ؟

ئەبەدییەت، رابردوو، تاریکستانی دۆزەخ
چ بەو رۆژانە دەکەن کە هەڵتانلووشین ؟
بڵێن : ئەو نەشوەتە بەرزانەمان دەدەنەوە
کە لێتان رفاندین ؟

هۆو دەریاچە! بەردە لاڵەکان! ئەشکەوتەکان! لێرە لێڵەکان!
ئێوە، کە زەمان دەستی لێ پاراستن یا دەتوانێت جەوانتان بکاتەوە
بپارێزن لەم شەوە، بپارێزن، تەبیعەتی جوان
هەر نەبێت بیرەوەرییەکەی!

با لە حەسانەوەتدا بێت، با لە تۆفانتدا بێت
دەریاچەی جوان، و لە قەراغ گردە دەم بە پێکەنینەکانت
و لە ئەم کاژە رەشانەدا، و لە ئەم بەردە وەحشییانەدا
کە بەسەر ئاوەکانتدا شۆڕبوونەتەوە

با لە شنەتدا بێت کە دەلەرێتەوە و کە تێدەپەڕێت
لە زەنای دیسان و دیسان لە کەنارەکانت تا کەنارەکانت
لە ئەستێرەی روو زیوینی کە سەرت سپیدەکات
بە رووناکییە نەرمەکەی

با بای کە دەناڵێنێت، قامیشەڵانی کە ئاخ هەڵدەکێشێت

عەتری سووکی هەوات کە بە مۆمیا بووە

با هەموو ئەوەی دەیبیسین، ئەوەی دەیبینین یا هەناسە دەدەین

هەموو بڵێن : لە ئەڤیندا بوون!

*      *      *

کە دەڵێت بڕوانە! هۆ دەریاچە، ساڵ کاری خۆی تەواوکرد

لای شەپۆلانی ئازیزی کە دەبوو بیانبینێتەوە

بڕوانە! وا من دێم بەتەنیا لەسەر ئەم بەردە دادەنیشم

کە ئەوسا ئەوت دەدی لەسەری دادەنیشت

دەبێت مەبەست لە گەڕانەوەکەی ١٨١٧ی بێت بۆ دیسان دیتنی ژولی . لە ژیننامەی ژولی خانمدا دەبینم هەر لە دیسامبری ئەو ساڵەدا مردووە کە لامارتین چووەتەوە ئەوێ، کەواتە دەبێت لامارتین بۆ بەسەربردنی سەری ساڵ لە نیزیکی دڵبەری ئەو کاتەی هەڵبژاردبێت .

لامارتین، ساڵی ١٨٤٩ ئەو دیوانی یەکەمەی بە هەمان ناو چاپکردەوە، بەڵام ١٧ پارچە شیعری تریشی لێ زیاد کردبوو، بەوە بوون بە ٤١ پارچە شیعر . لەو ١٧ شیعرە، یەکەمیان " بۆ ئێلڤیر" بوو . ئەم شیعرەش کە هەر دەبێت بۆ بیرەوەریی ئەو بێت، یەکێکە لەو ١٧ شیعرە :

بۆ گوڵێکی وشکبوو دە ئالبومێکدا À une Fleur séchée dans un album

لە یادمە، لە کەناری دەریا بوو

کە ئاسمانی نیوەڕۆ رایکێشام،

ئاسمانێکی بێ پەڵە و بێ تۆفان

لە ژێر گەڵای داران هەڵمدەمژی

هەوایەکی گوڵاویی شلەتێن

دەریایەک کە هیچ سنوورێک رایناگرێت
شین بەرەو ئاسۆ دەکشێت
دارە پرتەقاڵ، داری بۆنە و ئاهەنگان،
بەسەر سەریدا دەبارانم
بەفری عەتری سەوزەگیا

تۆ لە پەنا کۆڵەکەیەک گەورە بوویت
هی پەرستگایەک کە رۆژگار هاڕیویە
تاجت کردووەتە سەری
تۆ بە بەدەنی یەکـنەوا دەرکەوتوویت
بە هۆبەی چادرانی بەسەر ئاوەوە

گوڵ، کە تۆ وێرانە دەڕازێنیتەوە
بێ ئەوە بۆ پاداش ئاوڕێکت لێ بدەنەوە
لە لاسکە سپییەکەتەوە لێمکردیتەوە
و لەسەر سنگم دانایت
تا بۆنی عەترت دە هەناسەمدا هەڵکێشم

ئەمڕۆ، ئاسمان، پەرستگا و کەنار دەریا
کە هەموو ئاوا بوون و ئیتر بێ گەڕانەوە
عەترەکەت لە ناو هەورانە
و بە هەڵدانەوەی پەڕە دەبینم :
شوێنەواری مردووی رۆژێکی جوان .

## ڤیکتۆر هوگۆ Victor-Marie Vicomte Hugo (۱۸۰۲-۱۸۸۵) 



ڤیکتۆر هوگۆ

ڤیکتۆر هوگۆ، لە باوکێکی نائاینی و دایکی زۆر ئاینی بوو و، دایک و باوک لەسەر ئەوە کێشەیان هەبوو . ڤیکتۆر هوگۆ سەرەتا لایەنگری پادشایی بوو و دوایی بوو بە لایەنگری کۆمار . چووە سیاسەتەوە، ئەندامی هەرتک پەرلەمان( نوێنەران و سەنا) بوو، دژی حوکمی ئیعدام و، لایەنگری ئازادیی چاپەمەنی بوو . بەوە کە رەمزێکی رۆمانتیک بوو، دژانی رۆمانتیک زۆر هەوڵیان دا بە ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی وەرنەگیرێت، بەڵام لەدواییدا هەر وەرگیرا .

زۆر رۆمانی لە دنیادا بەناوبانگ بوون : بێچارەکان و قەنبوورەکەی نۆتردام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕا-ستیش زۆر خوێندراونەتەوە . ئەویش وەکو ڤۆلتێر بڕوای بە خودا هەبوو، بەڵام حەزی لە چارەی کلیسا و کاهینان نەدەکرد و وەسیەتی کرد کە کەشە خۆیان دە مەراسیمی مەرگی نەگەیەنن و پەنجا هەزار فرانکی لەو وەسیەتەدا بۆ هەژاران دانابوو .

ڤیکتۆر هوگۆ، گوتمان یەکێک بوو لە گەورەترین رەمزەکانی رۆمانتیک، بەڵام بە بێ زەنای هات و هاواری شەڕی نێوان لایەنگرانی رۆمانتیک و کلاسیک، ئەوە شەڕی بۆچی بوو ؟ خۆ چۆن دەتوانیت بنووسە، بە ئازادی هەستی خۆت دەربڕە و، ئەگەر هیچ لە جوانیی کلاسیکیشی تێدا بوو، خۆ باشتر . یەکەم دیوانی لە تەمەنی بیست ساڵیدا، بە دڵی خەڵکی لە هەموو دەستەیەک بوو، کە هەستی رۆمانتیک تێدا بە زۆر کەڵک دیتن لە سەنعەتی کلاسیکی شیعر دەربڕدرابوو . شانۆی

شیعریی" ئێرنانی، یا شـەرەفی کاسـتیلیانی Hernani, ou l'Honneur Castillan "ی( ئێـرنانی شارۆچکەیەکی باسکەکانە) ئیلهامی ئۆپێرایەکی داوە بە ڤێردی .

کتێبەکەی" مادام دو ستال " لە بارەی ئەڵمانیا، زۆر سەرنجی فەرەنسییەکانی بۆ شانۆی نووسەرانی گەورەیئەڵمان راکێشا : لێسینگ، گۆتە، شیلەر . دەستەخۆشکێکی ئەو خانمە (کچی مامی)، ئەویش وەرگێڕانێکی فەرەنسیی نـووسینێکی گرنگی" شـلێگل "ی ئـەڵمانی بڵاوکردەوە . ئێستا مەیلی گشتی زۆر بۆ " شکسـپیر" دەچوو، لە کاتێکدا لایـەنگرانی کلاسیک گاڵتەیان پێدەهات . ڤیکتۆر هوگۆ لە پێشـەکیی شـانۆی Cromwell یدا، شکسپیر بە ئیلاهێک دادەنێت کە هەرسێک گەورە شانۆنووسی فەرەنسی کۆرنێی و مۆلییر و بۆمارشی تێدا بە شێوەی سێیانەیپیرۆز(ی مەسیحی) یەکیانگرتبێت . نووسینی تریش بە کتێب و گوتاری گۆڤاران پەسندی شکسپیریان دەدا . هوگۆ، داوا دەکات کە شـانۆ بگەڕێتەوە بۆ تەبیعەت یا واقیع . با شانۆ بەمیسالیکردنی ژیان لە دەرەوەی واقیع و سـادەکـردنێکی رەنگـکراوی قـەڵب واز لێ بهێنێت، با ببێتە ئـاوێنەی ژیان بە هـەموو رەنگەکانی ژیان خـۆیەوە، بە هەموو جیاوازی و دژایەتییەکانییەوە، ببێتە وێنەی حەقیقەت . ئەوجا بەوە کە حەقیقەتی ژیان شتێک نیە هـەر تـەنیا بە تراژیدی یا تـەنیا بە کۆمێدی ببڕێتەوە، ژیان هەرتکی وێـکڕا تێدایە، نـاکرێت جیا بکرێنەوە، ئیتر ئـەوە تـراژیدی و ئـەوە کـۆمێدییە یانی چی ؟ شـانۆش دەبێت واز لەو جیاکردنەوەیە بهێنێت، دەبێت لە هـەمان یـەک کـاتدا هـەرتکیان وێـکڕا لە یـەک کیاندا کـۆبکاتەوە : فـرمێسـک و پێکەنین، جوانی و دزێـوی، شتی بـەرز و شتی سـەیر و سەمەرەی گـرۆتیسک . ئـەزموونی ژیانی مرۆڤ نەک لە چوارچێوەی"تاک"ێکی دیارکراودا خۆی، بەڵام لە چوارچێوەی گشتیی ئەو دۆخەی کە ئەو تاکەی تێدایە، بە شێوە " ئابستراکت"ـەکەی . یەکێتییەکانی دراما بە گوێرەی ئاریستۆ( یەک کردار لە یەک شوێن لە یەک رۆژدا) ئیتر قسەی بێمانایە، " دۆخـەکان "ی ژیـانی مـرۆڤ لە سـەر زەوی، هەموو مرۆڤانی جیاوازی هەموو زەمانان دێنە سەر شانۆ . شانۆ لە قەفەسی ئەو یـەکێتییەی ئـاریستۆ دەردەچێت بۆ چوونە هـەموو دۆخەکانی کـردارانی هـەموو شـوێنانی هەموو کاتان . شـانۆ دەبێت هەم بە " شکڵ" و هەم بە "رووح" ئازاد بێت . هوگۆ لای وابوو هەمان کێشی ئالیکساندری

(دوو نیو بەیت، هەر کام شەش بڕگە) بۆ شیعری شـانۆ باشترین بوو ( کە قسەی" بـوالۆ"ش بوو)، ئەویش بە وشکی نـەگیرێت و زێدە رازاندنەوەی پێوە نەبێت، شلک بێت کە هەموو پێداویستییەکانی دیالۆگی پێ پێکـبێت .

ئێوارەی ٢٥ی٢ی١٨٣٠، بۆ جاری یـەکـەم شـانۆی رۆمانتیکی" Hernani"ی هوگۆ لە " کۆمێدی فرانسێز"پێشکەش کرا، خەڵکێکی زۆر لە هەر دوو لا : لایەنگرانیکلاسیک و ئەوانەی رۆمانتیک بـۆ شـەڕ هاتبوون، ئالیکساندر دوما و کەسانی تریش باسی ئەو ئێوارەیەیان تۆمار کردووە . گۆتیێ کە خۆی بە کەوای سوورییەوە تێدا بووە، لە "مێژووی رۆمانتیزم"یدا بەنموونە دەڵێت : ئـەوانە دوو پارتی(دەستە)، دوو لەشکر، تەنانەت دوو شارستانییەت، کە زیادم نـەگوتووە، لەوێ بوون . چـەپڵە یا هووڕڕای بە دڵنـەبوون و، هەرا و هەنگامەی ماوەی نێوان فەسڵەکان ئەوسەری دیار نـەبوو، ناو بە ناویش مستی تێدەکـەوت تا کە پێشکەشکـردنەکە تـەواو بوو و پـەردە دادرایەوە، جـا ئـەوجا بە تـەواوی بوو بە شـەڕە شـەق و مست، چ ئێوارەیەک لە مێـژوودا کە هی لە بیرچـوونەوە نیە . دوای ئـەوەش شـەڕەکە بە نووسـین چەند رۆژان لە چاپەمەنیدا درێـژەی هـەبوو کە، دیار بوو رۆمانتیک دەیبردەوە . ئەوە بە ئێوارەی شۆڕشیشانۆی رۆمانتیک بەسەر کلاسیکدا سەیر دەکرێت، هەرچەندە ئالیکساندر دوما سـاڵێک پێشتر شانۆی رۆمانتیکی سەرکەوتووی ( بـەڵام نـەک بە شیعر) پێشکەش کردبوو .

ڤیکتۆر هوگۆ شانۆیەکی جوانی شاعیرانەی پێشکەش کردووە، بـەڵام ئەگەر هەر بە قسەکانی خۆی لێبکۆڵینەوە، دەبینین لە سەنعەتی هونەری شانۆدا زۆر وەستا نەبووە و، بە ئەو ئامۆژگارییانەی کە خۆی کردوونی کاری نەکردووە : لێنۆڕینی خـەیاڵی، لەگەڵ حـەقیقەتی تـەبیعەتدا نـاگونجێت . لە پیشاندانی رەنگی"ناوچەیی" رووداو لە شانۆیدا هیچ قووڵ و راستەقینە نیە و، رازاندنەوەیسەتحیی تێدایە . ئەوە کە دەڵێت لێبـگەڕێ رەوشـتەکان بدوێن و، مەکەوە هـاتوهـاواری خۆت، دە ئێمە ئـەو هـاتوهـاوارە لە شـانۆیدا دەبینین . ئامۆژگاریی" مەوزووعییەت"(عەینییەت) دەکات و، نـاتوانێت لە شانۆیدا بێلایەن دەرکەوێت . دەڵێت" c'est surtout la poésie lyrique qui sied au drame ئەوە بەتایبەتی شیعری لیریکە کە بۆ شانۆ دەبێت "، ئەی چۆن شانۆ تەبیعەت و حەقیقەتە . وا دەبێت

شـانۆکەی هـەر لە شیعری لیریکدا نقوم دەبێت . بـەڵام ئیتر هـەرچی لە رووی رەخـنـەی ئـەدەبییەوە بگوترێت، شانۆی هوگۆ بەشێکی گرنگن لە ئەدەبیاتی فەرەنسی .

ئەمەش شیعرێکی ڤیکتۆر هوگۆ، لە دیوانی " L’Année Terrible سالّی ترسناک "ی١٨٧٢، کە بۆ رووداوانی " کۆمونەی پاریس"ی ساڵێک پێشتری نووسیوە :

*Sur une barricade*

Sur une barricade, au milieu des pavés
Souillés d’un sang coupable et d’un sang pur lavés,
Un enfant de douze ans est pris avec des hommes.
– Es-tu de ceux-là, toi ? – L’enfant dit : Nous en sommes.
– C’est bon, dit l’officier, on va te fusiller.
Attends ton tour. – L’enfant voit des éclairs briller,
Et tous ses compagnons tomber sous la muraille.
Il dit à l’officier : Permettez-vous que j’aille
Rapporter cette montre à ma mère chez nous ?
– Tu veux t’enfuir ? – Je vais revenir. – Ces voyous
Ont peur ! où loges-tu ? – Là, près de la fontaine.
Et je vais revenir, monsieur le capitaine.
– Va-t’en, drôle ! – L’enfant s’en va. – Piège grossier !
Et les soldats riaient avec leur officier,
Et les mourants mêlaient à ce rire leur râle ;
Mais le rire cessa, car soudain l’enfant pâle,Brusquement reparu, fier comme Viala,
Vint s’adosser au mur et leur dit : Me voilà.

La mort stupide eut honte et l’officier fit grâce.

[…]

## لەسەر چەپەرێک

لەسەر چەپەرێک، لە ناو چەودا
بە خوێنی تاوانبار پیسبوو و بە خوێنی پەتی شۆردراو
منداڵێکی دوازدەساڵانە لەگەڵ پیاوەکان بردرابوو
ــ ئێ تۆش لەوانەیت ؟ ــ منداڵەکە گوتی : لەوانین!
ــ دە چاکە، ئەفسەرەکە گوتی : ئێستا بەر ڕێژنەی گوللەت دەدەین!
چاوەڕێ بکە . ــ منداڵ بروسکەی ئاگر دەبینێت و
هەموو هەڤاڵەکانی لە بەر دیوار دەکەون .
بە ئەفسەرەکە دەڵێت : ڕێگەم دەدەیت بڕۆم
ئەم سەعاتەم بەرمەوە ماڵ بیدەم بە دایکم ؟
ــ تۆ دەتەوێت ڕاکەیت ؟ . ــ دەگەڕێمەوە . ــ ئەو چەپەڵانە
دەترسن! ماڵت لەکوێیە ؟ ــ نیزیکی حەوز و فوارەی ئاوەکە
و دەگەڕێمەوە مسیو کاپتن .
دە بڕۆ قەشمەر! ــ کوڕ دەڕوات
چ ساختەچییەکی بێحەیا!
سەربازەکانیش لەگەڵ ئەفسەرەکەیاندا پێدەکەنن
و مردووەکان ناڵەیان تێکەڵ بەو پێکەنینە دەکەن
بەڵام پێکەنین بڕا، چونکە منداڵە ڕەنگپەڕیوەکە
لە پڕێکدا پەیدابۆوە، بە شانازییەوە وەکو ڤیالا*
پاڵی بە دیوارەکەوە دا و گوتی : من ئەمەتام!

مەرگی گەوج خەجاڵەت بوو و ئەفسەر بەخشی .

[...]

*( " ڤیالا " کوڕێکی فەرەنسی بوو، چووە ریزی شۆڕشگێران  بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزێکی پادشاییەکان، تەمەنی١٢ ساڵ بوو و لە شەڕدا کوژرا و بە قارەمانیکی شۆڕش ناسرا ) .

رۆمانی مێژوویی‌ی هوگۆ بە هەمان رووحی رۆمانتیکی شـانۆکانییەتی و، هەرچەند لەوێشدا یەکەم نووسەر نـەبووە، بـەڵام تێدا زۆر هاتووەتە پێشـەوە، Han d'Islande  رۆمانی کە باسی ١٦٩٩ لە نەرویجە، یا Bug-Jargal نێوانی شازادەیەکی ئەفریقایی کۆیلە و ئەفسەرێکیفەرەنسی چەند رۆژ-ێـک پێش " شـۆڕشی هایتی "، یا ئەوانەی لە دژی قـانوونی حـوکمی ئیعـدام  Claude Gueux بە نموونە، کاری زۆر سەرکەوتوو نەبوون . بەڵام " نۆتردامی پاریس"( ١٨٤٢، کە بە قەنبوورەکەی نۆتردام بەناوبانگ بوو) وێڕای رەخنەیزۆریش کە لە رووی ئەدەبییەوە لێگیراوە زۆر بەناوبانگ بوو . کـاری وەک " پـادشا کـەیف دەکات Le Roi s' amuse "ی پـاریسی ١٥٢٠ـەکانی، زۆر لە دنیای میلۆدرامای شـانۆکانیدایە . دواتر دوو جار دەگەڕێتەوە ئەو رۆمانە مێژووییانەی :" پیاوی کە پێدەکەنێت L’Homme qui Rit "بە رووحێکی ساتیر لەبارەی سەردەمێکی ئینگلستان' یا "نەوەد-و سێ"(لە بارەی شۆڕشی فەرەنسا) . لەکاتێکدا کە سەردەمی لویی یازدە لە " نـۆتردامی پاریس"یدا دەبینین، لە " بێچارەکان Les Misérables "یدا سـەیری فەرەنسای سەردەمی خۆی دەکات . ئەوە گۆڕانێکە لە رۆمانیمێژووییەوە بۆ باسی سەردەمی، کە تێدا بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیی دەردەبڕیت . لە رووی سەنعەتی رۆمانەوە، وەک ئەوەیە چەند رۆمانیبچووک پێکەوە کۆبکاتەوە،یەکێتیی پتەوی یەک رۆمانی تێدا نیە،وێڕای خەتابارکردنیکۆمەڵگە بە زۆر شتیخراپ،پەشیمانی و تۆڵەکردنەوەی خراپی بە کاری چاک و سەرکەوتنی خۆشەویستی لەدواییدا هەر بە گەشبینی کۆتایی پێ دەهێنێت .

## ڤینیی Alfred Victor, Comte de Vigny (١٨٦٣-١٧٩٧)          



ڤینیی

ڤینیی، شـاعیر و نـووسـەری رۆمان و شـانۆ و، وەرگێڕی هێندێک بـەرهەمی شـکسپیر، لە ماڵێکی نـەجیبزادانی فەرەنسا بوو، کە بە هۆی شـۆڕشەوە زیانیان لێکەوتووە . بوو بە ئەفسەرێکی رژێمی لویی هـەژدە، ساڵی١٨٢٠ و ١٨٢٤ شیعری خۆی بڵاوکردنەوە، ١٨٢٦ رۆمانی مێژوویی نووسی، زۆر لە ژیانی سـەربازی وەڕەز بوو و لە تـەمەنی ٣٠ساڵیدا وازی لە سـەربازیهێنا. زۆر لە دنیای عەقڵو فەلسەفەدا دەژیا، بەنموونە بیری لە بوودیزم دەکردەوە، جۆرێک" وجوودی"، بیر تیژ، زۆر بەدبین بوو .

ڤینیی، بە پێچەوانەی لامارتین و هوگۆ، هـەر لایـەنگری پادشایی مایەوە . شـانۆی Chatterton ی لە ١٨٣٥ پێشـکەشکرد کە زۆر سـەرکەوتوو بوو . ١٨٣٨ دایکی مـرد، نێوانی لەگەڵ ژنـەکەشـیدا بەکێشە بوو، ئیدی پێوەندیی بە خەڵکیش کەمتر بوو و، زۆرتـر هەر تەنیا و لە ماڵ بوو . لێرەدا بوو کە باشترین شیعری خۆی نووسین : مەرگی گورگەکە و، ماڵی شـوان . لە دوای چەندەمین هەوڵی، کە دەستەی دژی رۆمانتیک کۆسپی سەر رێگەی بوون، هەر توانی ساڵی ١٨٤٥ ببێت بە ئـەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی . لە ژیانیدا بە هەمووی ٣٥ پارچە شیعرێکی داناوە و، چەند شـیعری فەلسەفیی تـری لە دوای ژیانی خـۆی چاپ و بـڵاوکرانەوە . چـەند مانگێک دوای مەرگی ژنەکەی لە پاریس کۆچی دوایی کرد .

ئەمە شیعرێکی ساڵی ١٨٤٣ی ڤینیی، بە ناوی " La mort du loup مەرگی گورگەکە "، کە تێدا باسی بەدبەختیی گورگی جەنگەڵ بە دەست دڕندەیی مرۆڤەوە دەکات و، کە دەکرێت مرۆڤ چی لە گورگ فێر ببێت :

مەرگی گورگەکە

١

هەورەکان بەسەر مانگی گڕگرتوودا دەچوون
وەک دووکەڵی بەسەر ئاگرەوە
دارستانیش تا بە ئاسۆ، رەش دەبۆوە
بێ قسە، دەڕۆیشتین، بە ناو گیای تەڕدا
بە ناو خەلەنگجاڕی چڕ و چڵی بڵنددا
کاتێک، لە ژێر دارسنەوبەرانی وەکو ئەوانەی لاند
شوێنی چڕنووکی گەورەمان دیتن
کە هی پەلی گورگی رێبوار بوون
کە شوێنمان هەڵدەگرتن؛
گوێمان هەڵخست، هەناسەمان وەستا
پێمان وەستا . ــ نە دارستان، نە دەشت
هەناسەیەکیان نەدەدا؛ تەنیا
"با- نیشاندەر"ی تازیەبار لە ئاسمان هاواری دەکرد
چونکە با زۆر لە بەرزایی سەرووی زەوی بوو
جگە لە برجە تەنیاکان، کەس لەبەر پێی نەدەچەڕین
داربەڕووەکانیش لە خوارەوە، پاڵیان وە بەردەکان دابوو
بەسەر ئانیشکیاندا کەوتبوون هەر وەک خەوتبن؛

دەنگی خشەیەکیش نەدەهات، کاتێک سەری دانەواند
بەتەمەنترین ڕاوچیی دە کاردا
داهاتەوە سەر لمەکە و، زوو
ئەو پیاوەی کە قەت لەوەدا هەڵەی لێ نەدیترابوو
زۆر بە هێواشی گوتی کە ئەو شۆپە تازانە
لە ڕۆیشتن و چەنگاڵی بەهێزی دوو گورگ و
دوو بەچکەگورگ دەدوێن .
ئیدی هەموومان چەقۆکانمان ئامادەکردن
تفەنگمان، بە بریقەی زێدە سپییەوە، شاردنەوە
هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆیشتین و، چڵ و چێومان لەسەر ڕێ وەلادەدان
سێ کەسمان وەستان، منیش ویستم بزانم چییان دیتووە
لە پڕ دیتم دوو چاو ئاگریان لێ دەباری
و دەبینم وا چوار شکڵی لەڕ و نزار
لە بەر مانگ لە ناو خەلەنگاندا سەمایان دەکرد .
هەر وەک هەموو ڕۆژێک دەیکەن، بە دەنگە دەنگی زۆر، لە بەر چاومان
تاژییەکان لەو کەیفەیاندا بوون وەک کە کاتێک خاوەنیان دەگەڕێتەوە .
شکڵیان وەکو یەک بوو و، سەمایان وەکو یەک
بەڵام مندالی گورگەکان بە بێدەنگی يارييان دەکرد
کە زانییان، هەر لە دوو هەنگاوەوە، نیوە خەوتوو
مرۆڤ، ئەو دوژمنەیان، لە نێوان دیوارەکانی ماڵیاندان .
باوک وەستابوو، دوورتر، لای دارێک
مێیینەکەی وەرکەوتبوو، وەک ئەو گورگە مەرمەڕەی
کە ڕۆمانی دەیانپەرست، و کە دوو تەنیشتی مووداریان

دوو نیوە - خودا ڕێموس و ڕۆمولوس دایاندەپۆشین .
گورگ دێت و دادەنیشێت، دوو پەلی بەرز دەکاتەوە
چنگاڵی دە لم ڕۆ دەبات
دیتی دۆڕاوە، کە بێئاگا بەسەریاندا دابوو
ڕێگەی گەڕانەوەی لێ بڕدرابوو و هەموو ڕێگاکان گیرابوون
ئیدی وەستا، بە دەمی گڕگرتووی
پڕی دا دڕترین سەگ و قەپی لە قوڕگی داگرت
گازی ئاسنینی شل نەکرد و بەری نەدا
وێڕای گوللـە بارانی کە لەشی دەپێکا
و چەقۆی تیژی وەک گاز
دەیبانبڕی و دە جەرگ و هەناوی ڕۆدەچوون؛
تا دوا لەحزەی کە ئیدی سەگی خنکاندبوو و
دەمێک بوو لە بەر پێی تۆپیبوو
وازی لەو هێنا و، سەیری ئێمەی کرد
چەقۆکان تا دەسکیان دە ئەملا و ئەولای ڕۆچووبوون
بەسەر گیای زەویدا تەپی و شەڵاڵی خوێنی بوو؛
تفەنگەکانمان بە شێوەی مانگێکی یەکـشەوەی نەحس دەوریان دا
جارێکی تریش سەیری کردین، دیسان پاڵیدایەوە
خوێنی کە لە سەر دەمی ڕژابوو دەلیستەوە
و بێ ئەوە هیچ بزانێت بۆچی وای بەسەرهات
دوو چاوی گەورەی لێکنان، مرد بێ ئەوە یەک هاوار بکات .

٢

ناوچاوانم لەسەر تفەنگی بێ بارووتم دانا
کەوتمە بیرکردنەوە و، نەمتوانی بۆخۆمی ساغ بکەمەوە
وەدووی مێیینەکەی و رۆلەکانی بکەوم
کە هەرسێک دەیانویست چاوەڕێی بکەن، و لاموایە
ئەگەر ئەو دوو بەچکە نەبوونایە، بێوەژنی شۆخ و دڵتەنگ
وا بەجێی نەدەهێشت کە بە تەنیا بکەوێتە ئەو ئەزموونە گەورەوە
بەڵام ئەرکی سەرشانی بوو کە رزگاریان بکات، تاکو
فێریان بکات بەرگەی برسێتی بگرن
قەت نەچنە مەڵبەندی شاران
کە مرۆڤ حەیوانان زەلیل دەکەن
کە لەبەردەمیان بۆیان راوبکەن
یەکەم خاوەنانی دار و بەرد .

٣

حەسرەتا، گوتم وێڕای ئەو ناوە زلە کە بەخۆمان دەڵێین" مرۆڤ"
من شەرمم بە خۆمانە، کە ئێمە چ گەوجین .
چۆن دەبێت ژیان و بەڵاکانی بەجێ‌بهێڵین
ئەوە ئێوەن دەیزانن، حەیوانانی پایەبەرز
بە دیتنی هەموو ئەوەی لەسەر زەوی دەیکەین و بەجێ‌دەهێڵین
تەنیا بێ‌دەنگییە مەزنە، ئەوی تر هەموو شتی هیچ .
ئاهـ، چاکت لێ تێگەیشتم، گەشتیاری کێوی
و دوا سەیرکردنت چووە ناو دڵمەوە
گوتی : ئەگەر دەتوانیت، با رووحت لەسەر رێگەی

خوێندن و بیرکردنەوە بێت
تا بە ئەو رادە بەرزەی شانازیی رەواقی دەگەیت؛
کە من لە دارستان لەدایکبووم، هەر لەسەرەتاوە هەڵگەڕاومەتە سەروو .
ناڵین، گریان، پاڕانەوە هەموو شتی سووکن
بە گوڕ و تینەوە ئەرکی درێژ و قورسی سەرشانت بەجێبهێنە
بەو شێوەیەی کە قەدەرت بۆی داناویت
ئیدی دوای ئەوە، وەکو من، رەنج بکێشە و بمرە بە بێ قسە .

بۆ شـانۆ، هەمان شێوەی ناساندنی شانۆی نوێی کە لە "هوگۆ"مان دیت، لە نووسینی " ڤینیی"شدا لە بـاسـی ئـەوەدا دەبینین، بـەڵام رەنـگی تـایبەتی کەسـایەتیی خۆی، لە چـوارچێوەی ئـەو رۆمانتیـکەدا کە باسی دەکەن دەبینین . ئەو لەجیاتی رووحی شـیعری لیـریکی کە شانۆی هـوگۆی رەنگ دەکرد، دەڵێت : " ئەگەر هونەر ئەفسانەش بێت، دەبێت ئەفسـانەیەکی فەلسـەفی بێت " .
سـەرەتا، دوو کاری شـکسپیری بە پەخشان بۆ شانۆ وەرگێڕانە سەر فەرەنسی : شایلۆک و ئۆتێللۆ .
لە کارەکانی شـانۆی، " شـاتەرتۆن" زۆر بـەناوبانگ بووە و، تا رۆژی ئـەمڕۆش دێتە سەر شانۆ .
شـاتەرتۆن ( تـۆماس چاتەرتن Chatterton ) پیاوێکی ئینگلیسی سـەدەی هـەژدە بوو، کە هـەر لە مێردمنداڵییەوە شیعری سـەدەکانی ناوەندی بە ناوی خۆی بڵاو کردوونەتەوە و ویستوویە بە شـاعیر بەناوبانگ بێت و ... تا پساوە! ژەهری خواردووە و خۆی کوشتووە . شـانۆیەکی تری : " مارێشال (ماریشال ژن) دانکر"، کە باسی" لیۆنۆرا دۆری گالیگای"خانمە، ئەو ژنەی کە لە سـەدەی١٦-١٧ لە خـزمەتی دەربـاری پـادشای فـەرەنسادا بوو، تووشی فێ (سـەرع) هات و گوتیان دەبێت رووحی شەیتانی تێچووبێت، سەریان پەڕاند، ئەوجا سەر و لاشەیان لە مەیدانێکی گشتیی پاریس سووتـاند .
پێشتر، لە باسی شیعردا، شیعری" مەرگی گورگەکە"ی ڤینیی باسکرا، بە بابەتی ئـەو شـانۆیانەشی روون دەبێتەوە کە ڤینیی نووسەری" بیر" و " شـانۆی سـایکۆلۆجی" و" تراژیدیی دەروون"ـە ( لە ناو خودی مرۆڤدا، نەک لە دەرەوەی) .

" رۆمانتیـک"، بەوجۆرەی کە لە سـەرەتادا باسمان کرد، وەک دەبوو چاوەڕوان بکرایە، رۆمانسی مێژوویی یەکێک لە بەرهەمەکانی بوو . لێرەدا " والتەر سـکۆت"ی بەناوبانگی ئینگلیس( شاعیر و نووسەری رۆمان و شانۆ و مێژووناس ١٧٧١-١٨٣٢) بە زنجیرە " چیرۆکەکانی وێڤەرلی" یەکەم هەنگاوی نا .

لە فەرەنسـا، ڤینیی، لە ژێر تـەئسیری سـکۆتـدا، ساڵی ١٨٢٦ یـەکـەم رۆمانسی مێژوویی هـەبوو : " پێنجی مارس، یا پیلانێکی ژێر لویی سێزدە " کە باسی مارکیزێکی جەوانە ویستوویە " ریشیلیو" بخات. ڤینیی لێرەدا لای وابووە کە سکۆت کەمتر راستەوخۆ کەسەکانی مێژووی هێناونەتە پێشەوە، بـەڵام ئەو خۆی( ڤینیی) راسـتەوخۆ ئەوانەی باسکردووە و تـەنیا هێندێک دەوروبەری پێویستی بۆ ئـەوانە لە خۆیەوە داهێناوە؛ بـەڵام کە لێ ورد دەبینەوە زێـدە سـادەکردنەوە دەبینین بۆ گـەیاندنە ئـەو شوێنەی کە دەیەوێت  تا بڕوای پێبکەین . باشترینی رۆمانسە مێژووییەکانی، ساڵانێکی دوای ئەوە نووسیوە : " ژیان و مەرگی کاپتن رینۆ" و چەندیتر، کە هەمان رووحی رەواقییان تێدا دەبینین کە دە شیعریدا هەن .

## موسێ Alfred Louis Charles de Musset-Pathay(١٨١٠-١٨٥٧) -٢٠٢-

موسێ، شاعیر و نووسەری رۆمان و شانۆ، لە ئاڵێکی بۆرە نەجیزادە، زۆر زوو چووە دنیای ئەدەبیات و، بە مێردمنداڵی دەچووە کۆڕی ڤیکتۆر وگۆ و خەڵاتی زمان و ئەدەبیاتی دەبردەوە .
لە تەمەنێکدا کە هێشتا نەببوو بە بیست ساڵی هەواو(دیسامبری١٨٢٩) کۆمەڵە شیعری"چیرۆکانێک لە ئیسپانیا و ئیتالیاوە"ی بڵاوکردەوە . لە یشقیشدا لە کەس دوا نەکەوت، یەکێک بوو لەوانەی کە نێوانی عیشقییان لەگەڵ" جۆرج ساند"(ئامانتین انم)ی زۆر بەناوبانگدا هەبوو(١٨٣٣-١٨٣٥) و، کە تێدا سەرکەوتوو نەبوو و بە هەستی تاڵییەکی زۆر کۆتایی هات .
سەرەتا، لە نووسینیدا لاسای خەڵکی تری ردووەتەوە و، دوایی لەوە پەشیمان بووەتەوە، نکوڵیشی لێ کردووە و ویستوویە ئەوە هەر لە بیری خەڵک باتەوە؛ کە گوتوویانە لاسای" لۆرد بایرۆن"ی کردووەتەوە، گوتوویە نەخێر، من" پەرداخەکەم (لیوانەکەم) گەورە نیە بەڵام من لە پەرداخی خۆم دەخۆمەوە Mon verre n'est pas grand, mais je bois dans mon verre "، یان ەڵێت :
"هەر کام لە ئێمە، دەنگێک لە هەناویدا هەیە، تۆ بڵێ کەمانچە یا کلارینێت، هەموو بەڵگەهێنانەوە-کانی دنیا ناتوانن خوێندنی ریشۆڵەیەک لە قوڕگی رەشیشەیەک دەربێنن" .
موسێ بەرهەمی زۆرە : شیعر، شانۆ، چیرۆکیکورت و رۆمان،La Confession d'un enfant du siècle ئیعتیرافی منداڵێکی سەدە(١٨٣٦) زۆر ەناوبانگە ( کە دەبێت زۆری تێدا باسی ژیانی خۆی، باسی ئەڤینیشی - دیارە لە روانگەی خۆیەوە- ەگەڵ " جۆرج ساند"دا بێت) .
کتێبێکی ئەدەبیاتی جنسی(بە زمانی ئەمڕۆ: پۆرنۆ)ی ەو سەردەمە هەیە کە ناوی نووسەری لەسەر نیە، لە نێوان سێ کەسدا زۆرترین بیر بۆ موسێ دەچێت ە ئەو نووسیبێتی:" گامیانی یا دوو شەوی زێدە رۆیشتن Gamiani, ou deux nuits d’excès " کە باسی نێوانی جنسیی خانمانێکی هاو-جنسگەرایە و، دەڵێن دەبێت بەوە مەبەستی لە ژیانی جنسیی جۆرج ساند بووبێت .
پتر لە بەرهەمێکی کراوە بە فیلم، مووسیقا و ئۆپێرا لەبارەیەوە هەن، شیعری بە گۆرانی هەن .

ساڵی ١٨٥٢ بوو بە ئەندامی ئاكادیمیی فەرەنسی . دوا ساڵانی زۆر نـائارام بوو، ببوو بەئالكۆلی و، بە زێـدە رۆچوونی جنسی لەگەڵ خـانمان ئیدی دڵی زۆر ماندوو بوو . لە ماڵەكەی خۆیدا لە پـاریس مرد و لە گۆڕستانی " پێر لاشێز" لە پاریس نێژرا .



لەسەر دیواری خانوویەک لە پاریس : ئالفرێد موسێ لە پاریس لەدایكبوو ٢ی دیسامبری١٨١٠، لە ئەم خانووەدا مرد : ٢ی مەی ١٨٥٧.


ئالفرێد موسێ

سەرەتای چەند دێڕ لە پارچە شیعرێكی بە ناوی " شەوی مەی ( مایس، ئایار) " بەنموونە :

**La Nuit de Mai**

**La Muse :**
Poète, prends ton luth, et me donne un baiser;
La fleur de l'églantier sent ses bourgeons éclore.
Le printemps naît ce soir; les vents vont s'embraser;
Et la bergeronnette, en attendant l'aurore,
Aux premiers buissons verts commence à se poser.
Poète, prends ton luth, et me donne un baiser.

**Le Poète :**
Comme il fait noir dans la vallée!
J'ai cru qu'une forme voilée
Flottait là-bas sur la forêt.
Elle sortait de la prairie;
Son pied rasait l'herbe fleurie;
C'est une étrange rêverie;
Elle s'efface et disparaît.
(... )

خێوی شیعر :

شاعیر، عوودەکەت بێنە و، ماچێکم بدەیە
گوڵەباخ هەست دەکات خونچەی دەکرێتەوە
بەهار ئەم ئێوارەیە لەدایکبووە؛ با، خەریکن بورووژێن
گاویلە لە چاوەڕوانیی شەفەقدا
وا بەسەر نەمامە سەوزەکانەوە دەنیشن
شاعیر، عوودەکەت بێنە و ماچێکم بدەیە

شاعیر :

چ تاریکییەکە لە دۆڵدا
پێم وابوو شکڵێک بە رووبەندەوە
وە سەر دارستان گەڕابوو
لە چیمەنەوە دەردەچوو
پێی دە چینەکردنی سەوزیی گوڵداردا بوو
ئەوە روئیایەکی سەیرە
دەڕەوێت و لە چاو ون دەبێت .
(... )

موسێی شاعیر بە شیعری "چیرۆکانێک لە ئیسپانیا و ئیتالیاوە"ی سەرکەوتوو ببوو، ئیدی گوتی با هەوڵ بدەم شانۆش بنووسم، " شەوی ڤینیسی"ی بە یەک فەسڵ ( پەخشان ) نووسی و هیچ تێدا سەرکەوتوو نەبوو و، ئیدی ورەی سەرگەرمی بە کاری شانۆ تا رادەیەک رووخا، بەڵام هەر بە شێوەیەکی دەنووسی کە بڵێین شانۆی بۆ خوێندنەوە بن نەک بۆ بازیکردنی لەسەر شانۆ، کەواتە بە بێ دیارکردنی زۆر لە پێداویستەکانی پیشاندانی، ئەوەش وای لە دەرهێنەران دەکرد، ئەوان بە زەوقی خۆیان ئەو پێداویستییانەی بۆ تەواو بکەن . لە ساڵانێکی دواییدا لەسەر شانۆ باویان هەبوو و شانۆی چ شیعر و چ پەخشانی ئەوپەڕی رۆمانتیک بوون . کە بە تایبەتی لێبکۆڵیتەوە، تەئسیری شکسپیر، بایرۆن، مۆلییر، بۆمارشی، راسین، ماریڤۆ سەرنجدەدەیت،بەڵام بەتایبەتی لە باسیئەڤیندا قەڵەمێکی زۆر بەتوانا و رەوان و جوانی هەیە، ئەگەر ئاگات لەوانەی ناومان هێنان نەبێت، هەر وایدادەنێیت کە هەمووی هەر داهێنانی پەتیی خۆی بووبێت . شانۆی شیعریی " دەفر و لێوەکان" شتێک لە بایرۆن و شتێک لە شیلەری تێدا دەبینینەوە(فرانک تەمەنی بیست ساڵە، دنیای بەوجۆرەی کە هەیە قەبووڵ نیە، ماڵیباوکی دەسووتێنێت و دەڕوات، رێگە بە ژن و پیاوێک دەگرێت و پیاوەکە دەکوژێت و ژنەکە دەبێت بە دۆستی و سامان و هەموو شتی دەداتێت بەڵام فرانک دوای ماوەیەک لێی وەڕەز دەبێت) . " خۆ ئەڤین هی گاڵتەجاڕی نیە On ne badine pas avec l' Amour " شانۆیەکییەتی(بە پەخشان)،کە ئەو ناوە لێرەوە بووە بە مەسەل، تراژیدی-کۆمیدییەکی زۆر بەهێزە .

## گۆتیێ Pierre Jules Théophile Gautier(١٨١١-١٨٧٢)    -٢٠٦-

گـۆتیێ لە شـوێنێکی هـەرە باشـووری فەرەنسا لەدایکبوو و، هـەموو ژیانی هەر بیری لای خۆشیی گەرمیی باشـوور بوو . بە منداڵی، ماڵیان چووە پاریس . سەرەتا حەزیدەکرد ببێت بە هونەرمەندی تـابلۆکێشان و، هەوڵێکیشی بۆ ئەوە دا، بـەڵام زۆرتر بەهۆی هەڤاڵێکییەوە میزاجی بەلای ئەدەبیاتی لاتین و ئـەدەبیاتی فەرەنسیی سـەدەی ١٦ و ١٧دا شـکایەوە . کەوتە شـیعر دانان و، شـیعری خـۆی پیشانی نووسەر و شاعیری فەرەنسی " بۆرێل Borel" دا . بۆرێل رۆژی٢٦ی٦ی١٨٢٩ گۆتیێی لەگەڵ هوگۆدا کۆکردەوە و، ئەوە تەئسیرێکی ئێجگار زۆری بەسەر تەواوی ژیانیگۆتیێدا هەبوو . گۆتیێ ئەوسا زۆر بە حەماس هاواری بۆ دەستەی رۆمانتیک کرد .

گۆتیێ، لە یـەکەم پێشکەشکرانی شانۆی" شەڕی ئێرنانی!"ی هوگۆ(١٨٣٠/٢/٢٥) دا ئـامادە بوو . بەشێک لە بازیگەران لەناو خەڵکەکە دانیشتبوون، گۆتیێ کەوایەکی زۆرسەیری دەبەرکردبوو،زۆر سەرنجی رادەکێشا و، بۆ ئەوە گاڵتەی پێدەکرا، بەڵام ئەو کەوایەی دوایی زۆر بەناوبانگ بوو .



گۆتیێ بە کەواکەیەوە

گۆتیێ ساڵی١٨٣٠ یەکەم دیوانی شیعرPoésies ی بڵاوکردەوە . سێ ساڵ دوای ئەوە، دیوانێکی تر و نووسینێکیپەخشانیشی بڵاوکردەوە کە بە کەمێک ساتیریش تێدا باسی جەوانانێکی گوایا شاعیری رۆمانتیک دەکات، هەر وەک سـەرەتایەک بێت بۆ ئـەو جیابوونەوەیەی کە دوایی خۆی لە دەستەی

ڕۆمانتیک جیاکردەوە : لە پێشەکیی ڕۆمانی مادموازێل دو مۆپا Mademoiselle de Maupin-یدا گوتی : هونەر، بە هەر شێوەیەک پێکبێت، بێ گوێدانە هیچی تر، هەر خۆی لە خۆیدا گرنگە، وەک بڵێیت ئەوە پێشەکییەک بوو بۆ قۆناغی " هونەر بۆ هونەر" و ئەوە هەرایەکی زۆری نایەوە . گۆتیێ، گەشتی بۆ چەند وڵات کرد : ئیسپانیا ١٨٤٠، ئەلجەزایر١٨٤٥، ئیتالیا١٨٥٠، یونان و تورکیا ١٨٥٢، ڕووسیا ١٨٥٨، میسر ١٨٦٢، ئەو بە مەیلی تابلۆکێشی دەوری" چاو" ( دیتن)ی بە مەرکەزی دەدیت . لە پێشەکیی دیوانی یەکەمیدا دەپرسێت : ئەوە بۆچیە ؟ بۆ ئەوەیە جوان بێت، مەگەر ئەوە بەس نیە ؟ وەک گوڵ، وەک عەتر، وەک باڵندە، هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ نەیتوا-نیوە ڕوویان لێ وەرگێڕێت و، خۆیان لێ بێبەش بکات . گۆتیێ جارێک بە برایانی " گۆنکوور Goncourts "(دوو بڵاوکەرەوەی بەناوبانگی کتێب)ی گوتبوو : هەموو ئەوەی کە بۆ من مەبەستە ئەوەیە من مرۆڤێکم دنیایەکی کە دەدیترێت بۆ ئەو وجوودی هەیە pour qui le monde visible existe . گۆتیێ ویستوویە بە شیعر تابلۆ بکێشێت و، وێڕای شکڵ و ڕەنگ عەتریشی تێدا بێت .

ئەمە شیعرێکی گۆتیێ، بە ناوی " لە گەرداودا " :

**Pendant la tempête**

La barque est petite et la mer immense ;
La vague nous jette au ciel en courroux,
Le ciel nous renvoie au flot en démence :
Près du mât rompu prions à genoux !

De nous à la tombe, il n'est qu'une planche.
Peut-être ce soir, dans un lit amer,

Sous un froid linceul fait d'écume blanche,
Irons-nous dormir, veillés par l'éclair !

Fleur du paradis, sainte Notre-Dame,
Si bonne aux marins en péril de mort,
Apaise le vent, fais taire la lame,
Et pousse du doigt notre esquif au port.

Nous te donnerons, si tu nous délivres,
Une belle robe en papier d'argent,
Un cierge à festons pesant quatre livres,
Et, pour ton Jésus, un petit saint Jean.

**لە گەرداودا**

گەمی بچووکە و دەریا مەزن،
شەپۆل بە تووڕەیی تووڕمان دەداتە ئاسمان
ئاسمان بە شێتیی فڕێماندەداتەوە دەریا
دە با لە پەنا کۆڵەکەی گەمییەکەمان لەسەرچۆکان دوعا بکەین

نێوان ئێمە و گۆڕ، لە تەختەیەک پتر نیە
دەکرێت ئەم ئێوارەیە دە تەختیخەو ی تاڵدا
لە ژێر کفنێکی ساردی کەفێکی سپیدا
بە چاودێریی بروسکە بچین لێی بخەوین

ئەی گوڵی بەهەشت، مەریەمی عەزرا
کە تۆ ئەوەندە بۆ دەریاوانانی لە خەتەردا باشیت
ئەم بایە ئارام بکەرەوە، شەپۆل کپ بکە
بە قامکێک پاڵێک بە گەمییەکەمانەوە بۆ بەندەر بنێ

کە تۆ فریامان بکەویت، ئێمەش دەتدەینێ
کراسێکی لە کاغەزی زیوین
شەمێکی رەنگکراوی میحراب چوار رەتڵ قورس
و بۆ عیساکەشت : رەسمێکی بچووکی ئەولیا یوحەننا .

## بێرانژێ Pierre-Jean de Béranger (١٧٨٠-١٨٥٧)

بێرانژێ، شاعیری فەرەنسی، بەناوبانگترین دانەری شیعری گۆرانیی فەرەنسی لە سەردەمی خۆی و رەنگە هەموو سەردەماندا . لە تەمەنی ٩ ساڵیدا لە سەربانی ماڵەوەی هێرشی شۆڕشگێرانی بۆ سەر باستیل سەیر کردووە . باوکی، ئەو "de"یەی وە ناوەکەی خۆی خستووە کە گوایە لە چینی نەجیبزادان بێت و وا نەبووە، کە شۆڕشیش هاتووە بەهۆی مەیلی بۆ پادشا خۆی شاردووەتەوە و، ئەو کوڕەی ئیدی لە ماڵی پوورێکی زۆر لایەنگری کۆمار ژیاوە و، بە رووحی زۆر نەتەوەیی فەرەنسی گەورە بووە . بە گەڕانەوەی ماڵی پادشا ( دوای شکانی ناپلیۆن)، بە گۆرانیی رووحی نیشتمانیی دژی دەست و دەسەڵاتی پادشایانی بێگانە لە فەرەنسا، زۆر خۆشەویستی گەل بووە .

کە باوکی(خاوەنی مەیخانەیەک بووە) لافی نەجیبزادەیی لێداوە و ئەویش خۆی گاڵتەی بەوە هاتووە، بەم گۆرانییە نکوڵی لەو لافەی باوکی کردووە :

Moi, noble ? oh ! vraiment, messieurs, non.
Non, d'aucune chevalerie
Je n'ai le brevet sur vélin.
Je ne sais qu'aimer ma patrie... (bis.)
Je suis vilain et très-vilain... (bis.)
Je suis vilain,
Vilain, vilain.

من ؟ نەجیبزادە ؟ ها ! بەڕاستی، مسیو(بەڕێزان)، نا .
نا، لە هیچ بەرەی شۆڕەسوارانێکیش نیم
تۆماری شانازی و فیزی شتێکم نیە
هیچ نازانم جگە لەوە کە من نیشتمانی خۆم خۆشدەوێت (دووجار دەگوترێت)
من رەشورووتێکی نەگبەتم، رەشوورووتێکی زۆر نەگبەت (دوو جار دەگوترێت)
من رەشورووتی نەگبەتم
رەشورووتی نەگبەت، رەشورووتی نەگبەت .

.

# ئالیكساندر دوما Alexandre Dumas (١٨٠٢-١٨٧٠)



ئالیكساندر دوما

ئـالیكساندر دومای بـاوك Alexandre Dumas père ( بۆ جیاكردنەوە لە كـوڕەكەی كە ئەویـش نـووسـەر بووە)، یا وەك لە ماڵەوە Dumas Davy de la Pailleterie دوما داڤی دولا پاییێتیری، كوڕی جەنەڕال" تۆما(س)" ێك بووە، تۆما كوڕی" ئانتوان..."ێك بووە . ئانتوان، كاربەدەستێكی گەورەی فەرەنسا بووە لە تـاهیتی، كە چوار كـوڕی هەبوون و ژنێكی كـۆیلەی ئـافریقاییش بە ناوی ماری- سێسێت دوما Dumas . لەو ژنە كۆیلەیە، لە تاهیتی، ئەو" تۆما "یـەی لەدایـكبووە . كاتێك تۆما تـەمەنی ١٤ساڵ بووە، باوك(ئانتوان) ویستوویە بچێتە فەرەنسا، بەڵام پارەی تەواوی سەفەرە- كەی نەبووە، كوڕەكانی و ژنە كـۆیلەكەی بۆ پـارەی رێگە فـرۆشـتوون، تەنیا ئەو تۆمایـەی لە گەڵ خۆی بردووە و چووەتە فەرەنسا و " تۆما "ی " ئازاد" كردووە .

كـوڕ، تـۆما، چـووە بە نـاوی خـانـەوادەیی " دوما "ی دایـكە كـۆیلەكەی نـاوی خـۆی بۆ سـەربازی نووسیوە ( تا نەیناسنەوە)، لەدواییدا هەر بەو ناوە لە لەشكردا بووە بە جەنەڕاڵ (١٧٩٣) و سەردە- می نـاپلیۆنی دیتـووە . لەوبـەینەدا بـراكان و دایـكیشی كـڕیـونەتەوە . تـۆما، كـوڕێك و دوو كچـی بوون، كوڕەكە بووە بە ئەم نووسەرە ناودارەی جێی باسی ئێرەی ئێمە .

ئـالیكساندر دوما، تـەمەنی چـوار سـاڵێك دەبێت كە بـاوكی ( تـۆما ) دەمـرێت و دایك بە هـەژاری بەخێوی‌دەكات و دەیخاتە خوێندگەیەك بۆ بوونە كەشە، دوایی دەبێت بە كارمەندێكی پلەی‌خوارەوە،

ئەوجا لە تەمەنی بیستساڵیدا لە شاری زێدییەوە (باکووری فەرەنسا)، بەهۆی دۆست و خزمانەوە دەچێت لە پاریس دەستی لە کارێک گیر دەبێت . لەوبەینەدا زۆری خوێندووەتەوە و زۆر چیرۆکی ژیانی باوکی لە دایکی بیستوون، کە لە نووسینیدا خۆدەنوێنن . بەرهەمی ئالیکساندر دوما دەوری سەدهەزار لاپەڕەی چاپکراو دەگرنەوە .

ئالیکساندر دوما، زۆر حەزی لە ژیان کردووە، ساغ نەبووەتەوە لەو هەمووە ژنانەی کە تێکەڵیان بووە (٤٠ ژنێک) چەند منداڵی" ناشەرعی"ی هەبوون، چوار یا حەوت . دادگا دوای چەند ساڵ ناچاری کردووە باوکێتیی کوڕێکی بسەلمێنێت ( بۆ باسی ئەو کوڕەی بڕوانە لاپەڕە ٢٥٣) . زۆر حەزی لە خۆ دەرخستن بووە و، کۆشک و تەلاری زۆر گرانی هەبووە ( تیاتری مێژوویی بینا کردووە) و، دەستی بڵاو بووە و لەدواییدا دەبوو دەست لە هێندێک شت بەردا و قەرزی بۆ نەدەدرا-نەوە . زۆربڵێ بوو و، زۆرتریش هەر باسی خۆی دەکرد .

ئالیکساندر دوما، سەرەتا لەگەڵ هەڤاڵێکی کە کوڕی نەجیبزادەیەکی سوێدی بوو و لە پاریس دەژیا، شتیان بۆ" ڤۆدڤیل" (جۆرێک کاباریێ و شانۆی ئەدەبیات و مووسیقا) و"میلۆدراما"( لە بابەتی زۆر لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی ئەم سەردەمە) دەنووسی . ساڵی ١٨٢٩ یەکەم سەرکەوتنی گەورەی بە یەکەم شانۆی رۆمانتیک لە سەر شانۆ، شانۆی"هێنریی سێیەم و دەرباری" وەدستهێنا، کە بەوە سەرنجی کەسانی وەک "هوگۆ" و"ڤینیی"شی بۆ خۆی راکێشا . " دوکی ئۆرلیان"یش لە بینەرانی ئەو شانۆیە بوو، زۆری بە دڵ بوو و، وەزیفەیەکی لە کتێبخانەی کۆشکی پادشایی دا بە ئالیکساندر دوما . ساڵی ١٨٣٠ شانۆی" کریستین" خانم (پادشای سوێد)یشی زۆر سەرکەوتوو بوو .

ئالیکساندر دوما، شانۆی زۆر بە گوڕ و سادەیی دەستپێدەکات و ئەو رووحەی تا کۆتایی تێدا دەپارێزێت، دیالۆگی زۆر زیندوو و بە تەئسیرە .

لە راپەڕینی ١٨٣٠دا بۆ هاتنە سەر تەختی پادشای نوێ بەشدار بوو و، دوای ئەوە پادشا هێندێک کاری پێئەسپارد،بەڵام نێوانەکە باش نەڕۆیشت و پێیگوترا وا باشە ماوەیەک لە فەرەنسا دەرچێت، بۆ ماوەیەک چووە سویسرا. دوای نووسینی چەند شانۆی تریش، کەوتە سەر نووسینی رۆمانی مێژوویی .

ئـاليكساندر دوما(ی بـاوک)، بـەرهەمی زۆری هـەبووە، شـانۆ و گەشـت و زۆر شـت . بۆ رۆمان، دارتانیاd'Artagnan بە سێ بەشی : یەکەم-" سێ تفەنگدار"، دووەم- "بیست ساڵ دواتر"، سێیەم- " ڤیکۆنتی براژلۆن : دە سـاڵ دواتـر" زۆر بـەناوبانگ بووە . ئـالیکساندر دوما، پێی لە سەر ئـەوە داگـرتـووە کە هـەمـوو زانیـاریی زەمینەی ئـەو رۆمـانەی لە تـۆماری مێـژوو وەرگـرتووە و هیچی لەخۆیەوە دانـەتاشیوە . هەرچەندە قسەکەی زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام بە تەواوی بێ بناغە نیە، چونکە بەڕاسـتی " دارتانیا "یەک لە لەشکری فەرەنسـادا هەبووە، کە ساڵی ١٦٤٤، سـاڵێک دوای مەرگی " لویی سێزدە" چووەتە ریزی هێزێکی تایبەتی پادشایی بە ناوی " تفەنگداران" و، دواتر کە" لویی چاردە" گـەورە دەبێت و کـاروباری پـادشـایی دەگرێتە دەست، دارتانیا لە خـزمەتی پـادشـادا دەبێت، بە نموونە پاسـەوانیی لە " فووکێ" ناوێک کردووە، کە دوایی بۆ ئـەبەد خراوەتە زیندانەوە، ئەوە لە سێیەم بەشی رۆمانەکەدا بە ناوی"پیاوی بە ماسکی ئاسنین" دەبینین، تەنانەت دوایی پادشا دارتانیای کردووە بە حاکمی شاری" لیل"ی فەرەنسا. کاتێک مرۆڤ زەمینەی ئەوە لە سەرچاوەکانی مێژووە-وە دەخـوێنێتەوە و، ئـەوجا رۆمانەکەی ئـالیکساندر دوما کە چـۆن کەڵکی لەو زەمینەیە وەرگـرتووە و چیی لێ دروسـتکردووە، سـێ تفەنگدار بە نـاوی ئـارتۆس و پـۆرتۆس و ئـارامیس بە دروشـمی " یەک بۆ هەمووان،هەمووان بۆ یەک tous pour un, un pour tous "ی دەخوێنێتەوە، دەبینێت ئالیکساندر دوما چ توانایەکی زۆری خەیاڵ و چ تابلۆکێشیی قەڵەمی هەبووە .

سێبەشییەکی تری ئالیکساندر دوما : سێبەشیی ڤالوا ( لقێکی سەدەی١٤-١٦یماڵی کاپێی پادشا-یانی فەرەنسا) : یەک- مارگێریتی ڤالوا(دوا پادشای ماڵی ڤالوا)، دوو- خانمی مۆنسۆرۆ، سێ- چڵو پێنجەکە(چڵو پێنج گارد). بەڵام رۆمانیتریش :" کۆنت دو مۆنت کریستۆ"، کە لە بارەی سەردەمی ١١٠رۆژی نێوان گەڕانەوەی نـاپلیۆن لە " ئێلبا " و چوونە سەر تەختی لویی ١٨؛ ئـەوجا چـەندین رۆمانسی ماریئانتوانێت . رۆمانی مێژوویی ئالیکساندر دوما، یا وردتر بڵێین : رۆمانتیکی مێژوو-یی، بەوە تاوانبارکراوە خەڵکێک زۆر بەشیان بۆ نووسیبێت و، ئەو- ئوستاد بەشیر موشیر گوتەنی-تەئلیفی کردبێت! بـەڵام دیسان، ئەوە کە زۆربەی هەر کاری خـۆی بووە و، ئەوەی واش نـەبووبێت ئەو بە شێوەیەک پێدا هـاتووەتەوە، کە شـەخسیەتی خۆی داوەتێ، بلیمەتیی قـەڵەمی لە توانای وەسف

و، رەوانـی و پێـکەوە گـرێـدانی رووداوان و، دیـالۆگ و گەیشـتنە رووحـی کەسـایەتییەکانی، ئـەوە هـەمووی دەیخاتە ریزی یەکەمی رۆماننووسانی مێژووی ئەدەبیات، جا با مێژووش تێدا بە تەواوی مێژوو نەبێت و، شتیشی هەبن کە جێگەی رەخنە بن .

## مێریمێ Prosper Mérimée (١٨٠٣-١٨٧٠)



مێریمێی جەوان بە بەرگی ژنانە لەسەر بەرگی کتێبێکی


مێریمێ لە پایزی ژیاندا

مێریمێ، نووسەر و مێژووناس و شوێنەوار(ی کۆن)ناس ( ئارکیۆلۆگ)، لە دایک و بابێک کە هەرتک هونەرمەند ( تابلۆکێش) بوون . لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە دەچووە سالۆنە ئەدەبییەکان و، لەو رێگەیەوە دۆستایەتی لەگەڵ " ستاندال Stendhal " (بیست ساڵ لە خۆی بەتەمەنتر) و کەسانێکی تری دنیای ئەدەبیاتدا پەیدا کرد . گەشتی بۆ ئینگلستان و ئیسپانیا کرد و، بەتایبەتی زۆر هۆگری ئیسپانیا بوو . بە وەزیفەی پاراستنی خانووە مێژووییەکانی فەرەنسا، کاری زۆر چاکی کردن، لەوانە نوێکردنەوەی رووی کاتێدرالی" نۆتردام"ی پاریس . هەر لەو ماوەیەدا هێندێک لە باشترین بەرهەمی نووسین : لەوانە چیرۆکی کورتی" ڤینوسی ئیل"(١٨٣٧)، پەیکەرێکی ڤینوس لە شاری ئیل Ille ی فەرەنسا چۆن عاشقی پیاوێک دەبێت و، شەو دەچێتە لای پیاوەکە و تا بەیانی عیشقی لەگەڵ دەکات، ئەوجا دەیکوژێت و دەچێتەوە شوێنەکەی خۆی . کتێبی مێژووشی هەن . ساڵی١٨٤٤ بوو بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی . " رێنووسی مێریمێ " ئێستاش لە خوێندنی فەرەنسادا باس دەکرێت و دەخوێندرێت، چۆن ئۆژێنیا ی ژنی ناپلیۆنیسێیەم ساڵی ١٨٥٧ بۆ" رێنووس"ی چاک داوای‌هاوکاریی مێریمێی کردووە . کە مێریمێ چووەتە کۆشکی‌پادشا، گوتوویانە با بە تاقیکردنە-وەیەک بزانین هەرکاممان چەند هەڵەی رێنووسی دەبێت . بە نووسینێکی ١٦٩ وشە کردوویانە،

مێریمێ سـەیری نووسینەکانیانی کردووە و نـەتیجەکەی داونێ : نـاپلیۆنی سێیەم ٧٥هەڵە، ژنەکەی ٦٢هەڵە، چەند کەسیتریش کەلەوێ بوون و بەشدار بوون : کوڕی ئالیکساندر دوما (نووسەر) ٢٤ هەڵە، ئۆکتاف فوییێ( نووسەر) ١٩ هەڵە، شازادە مەتەرنیخ(ی ئوتریش) ٣ هەڵە! و بەوە مێریـمێ ئەوی بە برەوە راگەیاندووە . لێرەدا دوما رووی دە مەتەرنیخ کردووە و گوتوویە : کەی تـەشریف دەهێننە ئاکادیمیی فەرەنسی تاکو رێنووسمان فێر بکەن ؟!

" کارمێن"ی، بەشێکیشێ بەهۆی ئەوە کە " بیزێ Bizet " ئۆپێرای لێ دروسـت کردووە، رەنـگە بەناوبانگترین بەرهەمی بێت. بە وەرگێڕانەکانی، ئەدەبیاتی رووسی بە فەرەنسییان ناساند : پوشکین و تۆرگێنێڤ ... . سـەرەتا زۆر لە ژێـر تـەئسیری رۆمانتیک بوو . لە ئیسـپانی، کۆمەڵێک شـانۆی خـانمێکی بـازیگەری شـانۆی ئیسـپانی وەرگێڕا : " تیاتری کلارا گاثول Le Theatre de Clara Gazul "(١٨٢٥) و، مێریمێ وێنەی خـۆی بە بـەرگ و ئـارایشی ژنـانە خسـتە سەر بـەرگەکەی . سـاڵی١٨٢٧هێندێک وەرگێڕانیحەرفیی شیعریشی لە زمانی ئیلیری، بە ناوی Guzla بڵاوکردەوە.

" مێریمێ" بۆ شوێنی"سایکۆلۆجی" لە نووسینیدا زۆر لە " ستاندال" دەکات، بەڵام وەستانی لە سەر هێندێک وردەکاری رەنگە پتر بێت و، لە ستاندال و رەنگە هـەر نـووسەرێکی تریش، لەو باسانەدا کە زۆر بە رەوشتی هونەری پەتی لێیاندەدوێت، بێلایەنیی پتر رەچاوبگرێت .

## ژۆرژ ساند (١٨٠٤-١٨٧٦)

## George Sand ( Amantine Lucile Aurore Dupin)



ژۆرژ(جۆرج) ساند

" ئامانتین لوسیل ئۆرۆر دوپا " خانم، کە دۆستەکانی هەر پێیان‌دەگوت : ئۆرۆر، ملیۆنان خوێنەری کتێبەکانی : رۆمان، چیرۆکی کورت، شانۆ، بیرەوەریی خۆی، لە دنیادا بە ناوی " جۆرج ساند"یان ناسیوە . خانمێک لە باوکێکی نەجیبزادەی ئەوروپایی، لە پاریس لەدایکبوو و زوو برایە ماڵی نەنکی لە دێ و، لەوێ بۆ هەموو ژیانی شەیدای تەبیعەت بوو .

لە هەژدەساڵیدا مێردی بە بارۆنێک کرد و، دوای ئەوە کوڕێک و کچێکی لێ بوون ( هەرتک دەبن بە نووسەر)، دوای چەند ساڵێک لە مێردی جیابۆوە و چووە پاریس وکەوتە سەر ژیانێکی کە خۆی عەقڵی دەیگرت، نەک ئەوەی کە کۆمەڵگەی بێ‌عەقڵ دەیویست : بەرگی پیاوانی دەبەردەکرد، هەرچەندە ئەوە ئەوسا ئیجازەی تایبەتی دەوڵەتی پێویست بوو، بەڵام ئەو بە بێ ئیجازە وای‌دەکرد، دەیگوت : بەرگی پیاوانە هەرزانترە و قایمترە و دەتوانم بەوە ئازادانەتر بە پاریسدا بسووڕێمەوە؛ سیغاری دەکێشا(خانمێکی تری نووسەریش بە ناوی خوازراوی دانیل شتێرن- لە ئەڵمانیا لەدایکببوو لە پاریس سیغاری گەورەی دەکێشا، کە ئەوە ئەوسا زۆر سەرنجی رادەکێشا )، هوگۆ - بەنموونە - دەیگوت: من رێزم بۆ هەموو نووسەران هەیە، بەڵام نازانم بە"جۆرج ساند" بڵێم"خوشکی بەڕێزم"

یا "برای بەڕێزم"!. بەڵام ئەو برای بەڕێزمە زۆر پیاوی ناوداری دنیای ئەدەب و هونەر( مێریمێ، موسێ، دیدیێ، شۆپا Chopinی مووسیقار و ... ئیدی) و، تەنانەت خانمێکی بازیگەری شانۆش ( ماری دۆرڤال)، هەموو عاشقی بوون و، شانسی نێوانی عیشقیيان لەگەڵ جۆرج سانددا هەبووە . لەوبەینەدا نەمزانی بۆچی بۆدلێر ئەوەندە رقی لێ بووە و جنێوی بە خۆی و هەموو ئەوانە داوە کە عاشقی بوون، دەبێت داوای ماچێکی " ناخودایی" لێ کردبێت و نەیکردبێت ؟

هەڵبژاردنی ئەو ناوەشی بۆ نووسین : لە یەکەم رۆمانی زۆر سەرکەوتوویدا " رۆز و بلانش " ( پەمبەیی و سپی، ناوی دوو کچ لە رۆمانەکەدا) کە لەگەڵ " ژول ساندۆ"دا پێکەوە نووسییان، کە ئەوسا پێکەوە دەژیان، بۆ ناوی نووسەر هەر : " ژ . ساند" لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو و، ئیدی بڕیاری دا " ژ" یەکەی بۆخۆی بکات بە " ژۆرژ"(جۆرج) و، هەر وا مایەوە .

لە رووی سیاسییەوە، بە نووسین و رۆژنامەگەری و خەباتی سەر شەقام لایەنگری هەژاران بوو، خەباتکارێکی فێمینیست بوو، بەلام لەکاتی" کۆمونەی پاریس"دا دژی کۆمونە و لایەنگری ڤێرسای بوو، لای وابوو شۆڕشگێران زێدە و بێمانا توندوتیژییان بەکاردێنا .

کاتێک کۆچی دوایی کرد، یەکێک لەوانەی لە ناشتنەکەیدا بەشداربوون و زۆریان پێهەڵگوت، هەمان ڤیکتۆر هوگۆ بوو، کە بە پێچەوانەی رابردوو، لە بیری نەچوو کە ئاماژە بە ناسکیی ژنانەی جۆرج ساند بکات!

رۆمانی ژۆرژ ساند، رۆمانی هەستی ئەندێشە Sentiment، هەستێکی زۆری شەخسیی خاوەنی بە دەوری ئەندێشەیەکی پەند و ئامۆژگارییەوە دەردەبڕێت. لە رۆمانتیک دوور نیە و، جۆرێک درێژە- پێدانی " ئێلوازیەنوێ "ی رووسۆیە .

بەرهەمی بە چوار قۆناغدا رۆیشتووە : بە هەستی تیژ و یاخیبوون دەستیپێکرد، کە زۆر لە ئەزموونی ژیانی تێدا دەبینینەوە، هەموو باسی کارەساتی ژیانی ژن و مێردیی نەگونجاو دەکەن و، رووحی فێمینیستییان تێدا بەهێزە . قۆناغی دووەم لە ژێر تەئسیری سۆسیالیستە یوتۆپیاییەکانی سان سیمۆندا، رۆمانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و مرۆڤایەتی . لە قۆناغی سێیەمدا، ئەدەبیاتی شوانی و ژیانیدێهات، هەر ئەوانەشین کە لەدواتردا زۆرتر خوێندراونەتەوە . لە چوارەمدا گەڕایەوە دنیای

رۆمانتیکی سەرەتای نووسینی، بەڵام لەسەرەخۆتر و گەیشتووتر . رەنگە رەخنەی زێدە درێژ-کردنەوەی‌لێبگیرێت، بەڵام گەرمیی دڵێک کە دڵسۆزانە هەستی‌دەردەبڕێت، تابلۆی‌جوانی تەبیعەت، هەستکردن بە راستگۆیی هەمیشە دە نووسینیدا، وەک خۆی لە باسی ژیانی‌خۆیدا دەڵێت :" ئیدیئال کردنی هەستی ئەندێشە ... لە چوارچێوەی واقیعدا "، ئەوانە دەیخەنە ریزی یەکەمی نووسەرانی سەدەی خۆی لە ئەوروپادا .

# بالزاک Honoré de Balzac (١٧٩٩-١٨٥٠) 

" واقیعییەت " کاردانەوە بوو لە بەرانبەر" رۆمانتیک " : تۆ هەرچی بە خەیاڵی ئەدەبیی خۆت دەینووسیت، با کەرەستەکەی لە واقیعی ژیان بێت .

بالزاک، نووسەری رۆمانتیکی رۆمان و شانۆ، کاتێک دەستی بە خوێندنی قانوون کرد، بەڵام لێی وەستا و چووە دنیای نووسینەوە . یەکەم تراژیدیی کە نووسی، زۆر خراپ بوو و، نووسینەکانی سەرەتا بە ناوی تر بڵاودەکرانەوە، کە دواتریش قەت خۆی لە هێندێکیان نەکرد بە خاوەن .



بالزاک

دەستپێکردنی راستەقینەی ساڵی١٨٢٩ بە " لێ شووا Les Chouans " بوو ( شوواکان، هێزی نەجیبزادانێکی شوێنانێکی فەرەنسا لە دژیشۆڕش، بە ناوی دوو برای رابەریان)، کە بالزاک تێدا زۆر لە ژێرتەئسیری" سێر والتەر سکۆت"، ئەو شاعیر و نووسەرە بلیمەتەی رۆمانتیکی مێژوویی ئینگلیسدا بوو ( نووسەری " وێڤەرلی، یا ئەوە دەبێت بە شێست ساڵ " کە ساڵی ١٨٠٥ لە بارەی رووداوانی شێست ساڵ پێشتری ئینگلستان دەستی بە نووسینی کردبوو) . ئەوجا ١٨٣١ " پێستی خەم"ی نووسی . لەوبەینەدا بیری زۆر لای بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بوو، بەڵام تا پتر هەوڵی دەدا پتر رۆدەچوو! و قەرزدارتر دەبوو . ناچار بۆ دەرچوون لەو نەگبەتییانە، دەبوو زۆر بنووسێت و بفرۆشێت . بەوجۆرە بیست ساڵ لەسەریەک، رۆژانە لە هەژدە تا بیست سەعاتی لەسەریەک

کاری دەکرد، تا لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

کاتێک دەیخوێنیتەوە، دەڵێیت ئەوە رۆمانتیکە، ئەی ئەو خۆ جیاکردنەوەیەی لە رۆمانتیکی ئەوانیتر بە ئەو دروشمی" واقیعی"یە یانی چی ؟ دەیگوت : ئەوانی تر دەڵێن نووسەر دەبێت هەڵبژێرێت و هونەرمەندانە ریز بکات، دە من ئەوەم قەبووڵ نیە، من هەموو ژیان وێکڕا دە باوەش دەگرم، باش و خراپ و جوان و دزێو و هەمووی دەنووسم . بالزاک نیزیکەی سەد رۆمانی هەر بۆ بەشێک لەوەی بە بیری خۆی باسی هەموو شتی ژیانی فەرەنسا لەوەتای رووخانی ناپلیۆنەوە دەکرد نووسی و ناوی هەمووی نا : " کۆمێدیی ئینسانی" . بەڵام مەگەر بەوە تەواو بوو ؟ تەبیعی نا . دەیگوت دەبێت مرۆڤ نەک هەر تەنیا لە دنیای " تاک"ی خۆیدا ببینین، چونکە ئەویش وەکو حەیوان و و رووەک بەرهەمی دەوروبەر و پەرەسەندنە و، بەو سیفەتەی کە " سنف"ێکە لە تەبیعەتدا، هەمووی وەک هەیە ببینین، نەچین خۆمان شتێکی دیکەی لێ دروست بکەین .

کە دەیخوێنیتەوە، خۆ بە دەگمەن شتێک دەبینیت دڵت لە بارەی ژیان و مرۆڤ تەنگ نەکات، نیزیکەی هەمووی تراژیدییە . ئەڤین زۆر جوان باس دەکات، بەڵام مەگەر ژیانی مرۆڤ بە ئەوەندە جوانییەوە بۆچی ئەوەندە خەمبار بێت ؟ فەرموو :"هەرچەندە خانم زۆر عاشقی ئەفسەرە جوانەکەی گاردی ئیمپراتۆری بوو و، بوو بە ژنی، هەر زوو لێی سارد بۆوە، زووی چی ؟ هەر لە شەوی یەکەمەوە! "، یانی چی لە شەوی یەکەمەوە ؟ یانی : با ئەو نەگبەتە بیزانیبا چۆن عیشق دەکات ئیدی چش با ئەوەندە جوان نەبوایە، ئیتر ئەوەش واقیعی ژیان و ئەڤینی بۆرژوای پاریسە، واقیعێک کە رەنگە بیستنی لە جۆرج ساند بە بیردا بهاتایە، بەڵام نەک لە ڤیکتۆر هوگۆ .

سووڕانەوە دە وەهمی ئەڤیندا کە واقیعێکی جوان و خۆشی ژیانە، ئەوجا واقیعی ئەوە کە دەکرێت هەڵوەرێت، لە پاڵ تەماحی هەمیشەش بۆ پارە و دەوڵەمەندبوون و کێشە و سەرێشەکانی پارە، وادەبێت هێندە تێڕۆدەچێت مرۆڤ بڵێت : ئەوە چیە ؟ بە نموونە لە " سێزار بیرۆتۆ" ئ عەترفرۆ-شدا وادەبێت چەند لاپەڕە باسێک دەبینین لەوە دەکات کە لە رۆژنامەکاندا لە بەشی باسی پارەدا دەبێت . ئەڤین و پارە دوو تێمای زۆر سەرەکیی ژێرخانی رۆمانەکانین .

نووسینەکانی بالزاک، تەئسیریان بەسەر زۆر لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەنداندا هەبووە .

بۆدلێر و مارسێل پرووست و رۆداRodin ( پەیکەرتاش، کە پەیکەری سەیری بۆ بالزاک دروست کردووە) و چیخۆڤ ( لە "سێ خوشکەکان" یدا ناوی بالزاک دەهێنێت)، جێمز جۆیس و زۆری دی هۆگری بالزاک بوون و چەندین بەرهەمی ئەدەبیی ئەوروپایی لە ژێر تەئسیری رۆمانەکانی ئەودا بوون . " باوک گۆریۆ Le Père Goriot " و " ئۆژێنی گراندێ Eugénie Grandet" دوو لە رۆمانە هەرە ناودارەکانین .

## ستاندال Marie-Henri Beyle / Stendhal (١٧٨٣-١٨٤٢) 

ماری-هێنری بێیل، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دایکی خۆشەویستی مرد و، زۆر رقی لە بابی بوو . لە ئەو لەشکرەی ناپلیۆندا بوو کە گەیشتە مۆسکۆ و، ئاگرکەوتنەوەی دە مۆسکۆ بە چاوی خۆی دیت . لە گەڕانەوەدا شانسی هەبوو، بە سەلامەتی گەیشتەوە پاریس . ژیانی لە نێوان فەرەنسا و ئیتالیا بە سەر دەبرد، کە زۆر هۆگری ئیتالیا بوو و، ماوەیەک کۆنسۆلی فەرەنسا بوو لەوێ( "سێندرومی ستاندال " بە ناوی ئەوە : دەردێکی عەسەبی کە جارێک لە ئیتالیا تووشی بووە) . بە هۆی ئەوە کە جارێک لە شارۆچکەی"شتێندال Stendal"ی ئەڵمان زۆر حەزی لە خانمێک کردووە، لە خۆشیی ئەوە ناوی خۆی کردووە بە Stendhal ( زۆر حەزی لە زۆر ژنان کردووە، دەکرێت بڵێین ژنباز



ستاندال

بووە) . " مێریمێ" دەڵێت : ستاندال قەت نامەیەکی بە بێ ناوی ساختە نەنووسیوە، وابووە ناوێکی هەر یەکجار بۆ یەک نامەی بەکارهێناوە و واشبووە پتر لە جارێک، ناوی سەیر : دۆن فلێم، جیۆرجیۆ ڤاساری، ویلیام کرۆکۆدیل (تیمساح) ... دەوری سەد ناوی تریش .

نیتچە، کە شەیدای ستاندال بووە و زۆری پێهەڵگوتووە، گوتوویە : ستاندال دوا سایکۆلۆجیستی فەرەنسا بوو . رێک ئەو وشەیەی" سایکۆلۆجی"یە کە لە گەورە نووسەرانی تری جیا دەکاتەوە . بۆ سەردەمی خۆی زۆر باوی نەبوو . خۆی گوتوویە خەڵک ساڵی ١٨٨٠ ئەوجا هۆگری نووسینم

دەبن، بەڵام وەک " ئاندرێ ژید"یش گوتوویە : ئەو پێش سەدەی خۆی کەوتووەتەوە و بۆ سەدەی بیستەمی نووسیوە . لایەنی سایکۆلۆجیی کە لە سەردەمی خۆیدا وشک هەستپێکراوە، لە سەدەی بیستەمدا هۆگری هەبوون . ستاندال چەند ژیننامە و مێژووی نووسیون ( ناپلیۆن، رۆسینی، مێژووی تابلۆ و ... چەندی دی)، بەڵام ئەوەی شوێنی گەورەی لە مێژوودا بۆ کردووەتەوە، بریتی بووە لە رۆمانە سایکۆلۆجییە رۆمانتیکەکانی، بە تایبەتی دوو لەوانە، رۆمانی : " سوور و رەش"، باسی فەرەنسا لە کۆتایی ناپلیۆنەوە تا١٨٣٠دەکات . ناوەکە پتر لە تەفسیرێک هەڵدەگرێت، زۆرتر لایان وایە کە مەبەست ئاین (رەشی بەرگی کەشە) و عیلمانییەت (سوور) بێت لە سەری هەمان قارەمانی چیرۆکەکەدا، کە چارەنووسی فەرەنسییەک لەدواییدا بڕیار دەدات . بەرگی یەکەمی ( لە دوو بەرگ) بە قسەیەکی " دانتۆن"ی شۆڕشی فەرەنسا دەکاتەوە : " حەقیقەت، حەقیقەتی تاڵ" (یا : حەقیقەتی سەخت La vérité, l’âpre vérité ) :
" ژولیان سۆرێل " لە عەقڵییەتی چ ماڵێکەوە چۆن لە رێگەی نێوانی عیشقیی دوو ژنەوە، ژنێکی حاکمی شارۆچکەو، کچێکی ماڵێکینەجیبزادە لە پاریس(کە لە ژولیان زگپڕ دەبێت) دەچێتە دنیاوە، دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت بچێتە پێشەوە، ببێت بە ناپلیۆنێک، بۆچی نا ؟ دوو دنیا لە سەری ئەو دوو خانمەدا دەبینین، کە ژولیان لە نێویاندا دێت و دەچێت، تا لاسەنگ دەبێت و هەوڵی کوشتنی یەکێکیان دەدات و، لەسەر ئەوە سەری دەپەڕێنن . کچە نەجیبزادەکە ناوچەوانی سەری بڕدراو ماچ دەکات و ئەوجا بە شێوەی ئیتالی دەینێژێت و ژنەکەی تر منداڵەکە وەخۆ دەگرێت .
رۆمانەکەی تری : La Chartreuse de Parme شارترۆزی پارما(ی ئیتالیا، کۆتایی سەدەی١٨)، کە لە کۆتاییدا بە ئینگلیسی دەنووسێت : To the Happy Few ( بۆ چەند کەمی بەختیار یا شاد) .

.

دوای کۆتایی یەکجاریی دەسەڵاتی ناپلیۆن لە ١٨١٥، ماڵی پادشای بۆربۆن گەڕانەوە سەر تەخت، تا دوای دوو برای لویی شازدە و خزمێکی، ساڵی ١٨٤٨ کۆماری دووەمی فەرەنسا دامەزرا .

لەو ٣٣ساڵەدا، لایەنگرانی رژیمی کۆنی پادشایی، ئاریستۆکرات و پیاوانی ئاینیی سەروو، ویستیان هەر گۆڕانێکی لە شۆڕشی فەرەنسا و دوای ئەوەدا کرابوو هەڵبوەشێننەوە، رووحی ئەنسیکلۆپێدی لەناوبەرن و، فەرەنسا بگەڕێننەوە دەورانیکۆن؛ بە هەیبەتی کلیسا و مافیخودایی پادشا و ئیمتیازی نەجیبزادان فەرەنسا تەنانەت بگەڕێننەوە سەردەمانی پێش لویی شازدەش .

بەڵام نە دەستووری نوێ ئەوەندە دەسەڵاتی بۆ دەرەخساندن و، نە لایەنگرانی بەشی مەبەستیشیان هەبوو، تەنانەت هەر پەرلەمانی خۆیان ساڵی ١٨٣٠ دووەم براکەی لویی شازدەی راو نا .

لەو ماوەیەدا، نووسەرانی گرنگ، بە رادەی جیاواز تەئسیریان بەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسیدا هەبوو، بەسەر جوانیی زمان و ئەدەبیات، فەلسەفە و - زۆرتر- مێژوودا، هەڵبژاردەیەک لەوانە :

نووسینەکانی **ژۆزێف مێستر Joseph-Marie, comte de Maistre** (١٧٥٣-١٨٢١) :

ئێوارانی سانپیترسبورگ١٨٢١ و ئیدی .

**لوی دو بۆنال Louis Gabriel Ambroise, Vicomte de Bonald** (١٧٥٤-١٨٤٠) :

لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ... ١٨١٨؛ و ئیدی .

نووسینەکانی پۆزیتیڤیستی ناودار **ئۆگوست کۆنت Auguste Comte**(١٧٩٨-١٨٥٧) .

**ڤیکتۆر کووزا Victor Cousin**(١٧٩٢-١٨٦٧) : لەبارەی راست، جوان و چاک١٨٤٦ ئیدی .

ئاینیی زۆر بەتەئسیر **لامێنێ Hughes Félicité Robert de Lamennais**(١٧٨٢-١٨٥٤).

**ژووفروا Theodore Simon Jouffroy** (١٧٩٦-١٨٤٢) : لە بارەی ئێستێتیک، چەند جۆر باسانێکی فەلسەفی و ئیدی .

مێژوونووسی رۆمانتیک **ئۆگوستا تییری Augustin Thierry** (١٧٩٥-١٨٥٦) : نامە لە سەر مێژووی فەرەنسا ١٨٢٠-١٨٢٧ و ئیدی .

**ژوول میشولێ Jules Michelet**(١٧٩٨-١٨٧٤) : مێژووی فەرەنسا ١٨٣٣-١٨٦٧ و ئیدی و **و ئێدگار کینێ Edgar Quinet**( ١٨٠٣-١٨٧٥)ی هەڤاڵی : شۆڕشی ئیتالیا و نووسینی تری ڕۆمانتیک .

**فرانسوا گیزۆ Guillaume Guizot François Pierre** (١٧٨٧-١٨٧٤): مێژووی شۆڕشی ئینگلستان، مێژووی شارستانێتیی ئەوروپا، مێژووی شارستانێتیی فەرەنسا و ئیدی .

**فرانسوا مینیێ François Mignet (١٧٩٦-١٨٨٤)**ی ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی لیبرال کە لەگەڵ فرانسوا گیزۆدا " شۆڕشی بۆرژوا"یان خستە باسانەوە : مێژووی شۆڕشی فەرەنسی؛ و ئیدی .

**ئالێکسی تۆکڤیل Charles Aexis Henri Maurice Clerel de Tocqueville** (١٨٠٥-١٨٥٩) : دیموکراسیی ئەمریکا، ڕژیمی کۆن و شۆڕش و ئیدی .

**ئادۆلف تیێر Marie Joseph Louis Adolphe Thiers**(١٧٩٧-١٨٧٧) : مێژووی کۆنسو-لی و ئیمپراتۆری و ئیدی .

**شارل پۆل دو کۆک Charles Paul de Kock** (١٧٩٣-١٨٧١)
شارل پۆل، کوڕی هۆڵەندییەکی دنیای بانکداری بوو( کە لە سەردەمی ڕۆبسپێردا لە پاریس سەریان پەڕاندووە) . نیزیکەی سەد ڕۆمانی نووسیون، لە بارەی : دووکانداران، خوێندکاران، "گریزێت"ان grisettes (کیژی کارەکەر و کرێکار و شتی وەها) و بۆرژوای بچووک . " بابەتی خراپ"(١٨٢١)، " برا ژاک" (١٨٢٢)، " کچەکەی شیری مۆنتفێرمیل" (١٨٢٧) لە بەرهەمین .

**شارل دو بێرنار Pierre-Marie-Charles de Bernard du Grail de la Villette**
(١٨٠٤-١٨٥٠) : بە نووسینی گوتارێک لەبارەیکتێبێکی بالزاک(پێستیخەم) بوو بە خۆشەویستی

بالزاک . بالزاک زۆری یارمەتی دا و بە شاگردی بالزاک سەیر دەکرێت، بەڵام لە بالزاک کەمتر بەدبینە، کۆمێدی و ساتیریشی هەن ." باڵەکانی ئیکاروس Les Ailes d'Icare " ڕۆمانێکییەتی . ثاکری Thackeray ی ئینگلیس، Bedford Row Conspiracy ی لە ژێر تەئسیری نووسینی شارل دو بێرنار نووسیوە .

**گزافییێ بۆنیفاس سانتین Xavier Boniface Saintine** (١٧٩٨-١٨٦٤)

سانتین پتر لە دووسەد شانۆ و ڕۆمان و شیعری نووسیون . ڕۆمانێکی : پیچیۆلا Picciola زۆر بەناوبانگە : کۆنت شارنێ ئەفسەرێکیناپلیۆنە و بە تاوانی پیلانگێڕیی دژیناپلیۆن خراوەتە زیندان، هیچ هیوایەکی بە مرۆڤ نەماوە . بەڵام دەبینێت : سەوزییەک لە نێوان دوو بەردی زەویی ژوورە-کەی سەری دەرهێناوە، خووی دەداتە ئەو سەوزییە، پێی دەڵێت پیچیۆلا و خۆشیدەوێت و هەنگاو بە هەنگاو چاودێریی دەکات، جوانیی تەبیعەت و سووڕبوونی لە سەر مان و ژیان و گەیشتنی لێ فێر دەبێت .

**دێلفین گێ Delphine Gay, Madame de Girardin** (١٨٠٤-١٨٥٥)

دێلفین گێ خانم، شاعیر و نووسەر، چەند گوتار و ڕۆمانی هەن : تابلۆی ژیانی کۆمەڵگە دەکێشێت، " نابێت لەگەڵ ئێشدا گاڵتە بکەیت ne faut pas jouer avec la douleur "(١٨٣٥) یەکێکە لە ڕۆمانەکانی .

**ژول گابریێل ژانا Jules Gabriel Janin** (١٨٠٤-١٨٧٤) بە ڕۆمانی وەک :" کەری مردوو" و " ژنی سەرپەڕێندراو (بە گیۆتین)" بەناوبانگ بووە .

**ئێمیل سووڤێستر Émile Souvestre** (١٨٠٦-١٨٥٤) : " دنیا بەو شێوەیە کە دەبێت "( خەیاڵی زانستی) لە نووسینەکانییەتی، بەرهەمی لەبارەی فۆلکلۆری بریتۆنیی مەڵبەندی خۆیشی هەیە .

**ئالفۆنس کار Jean Baptiste Alphonse Karr**(١٨٠٨-١٨٩٠) : رۆژنامەنووس و کریتیک و رۆماننووس، رۆمانی چیرۆکیژیانیخۆی"لە ژێر داری زیزفون/کێکف؟ "Sous les Tilleuls (١٨٣٢)ی یەکێکە لە رۆمانەکانی(وەرگێڕانێکیعارەبی بە ناوی"مصطفى لطفيالمنفلوطي":"تحت ظلالالزيزفون"لایعارەب بەناوبانگە- کەسێک مانای فەرەنسییەکەی پێگوتووە و ئەو دایڕشتووە).

**ژول ساندۆ Léonard Sylvain Julien (Jules) Sandeau** (١٨١١-١٨٨٣)
ژول ساندۆ، نووسەری رۆمان و شانۆ، پێشتر باسکرا کە لەگەڵ جۆرج ساند "پەمبەیی و سپی"یان نووسیوە . نووسینەکانی، دوای ژیانی خۆی، زۆر ناسران و باویان هەبوو .

**ئانری مورژێ Louis-Henri Murger** (١٨٢٢-١٨٦١)
مورژێ، شاعیر و رۆماننووس، بە Scènes de la vie de bohème بەناوبانگ بووە، کە باسی ژیانی هونەرمەندانیهەژاری بێ پارە و پوولی پاریس دەکات، چۆن دەژین و چۆنی بەسەردەبەن .

**ئوژێن سو Eugène Sue (Marie-Joseph Sue )** (١٨٠٤-١٨٥٧) بە زنجیرەی رۆمانی Les Mystères de Paris بەناوبانگ بوو، کە بە ٩٠ بەش لە گۆڤارێکدا(١٨٤٢-١٨٤٣) بڵاوی کردەوە، دنیای تاوان لە پاریس بە دەوری رودۆلف ناوێکەوە دەهۆنێتەوە .

**فرێدێریک سوولیێ Frédéric Soulié**( ١٨٠٠-١٨٤٧)
سوولیێ، نووسەری رۆمان و شانۆ، رەقیبی ئوژێن سو، پتر لە چل رۆمانی نووسیون: دوو کەلاک، بیرەوەرییەکانی شەیتان و ... ئیدی .

**پۆل فیڤال Paul Feval** (١٨١٦-١٨٨٧) بە رۆمانی سەرەڕۆیی و پۆلیسیی زۆر ناسرا : کوڕی شەیتان، گورگی سپی، پیاوی ئاسنین و ... ئیدی .

# شانۆ

## دولاڤینییێ Jean-François Casimir Delavigne (١٧٩٣-١٨٤٣)

دولاڤینییێ، شاعیر و شانۆنووس بوو . یەکەم شیعری بە بۆنەی لەدایکبوونی کوڕی ناپلیۆن( پادشای ڕۆما!) بە شاعیری ناساند و وەزیفەیەکیشی پێ وەدەستهێنا، شیعرەکە تەواو کلاسیک بوو ( " دیثیرامب " جۆرێک شیعر بۆ گوتنی Dithyrambe sur la naissance du roi de Rome گۆرانیی بە کۆرس) . ئەوجا شیعری بۆ واتەرلو و شیعری تری کە لە تەلی عاتیفەی فەرەنسییەکانی دەدا،بە دیوانی Les Messeniennes بڵاوکردەوە(میسێنییەکان- خەڵکی مێسینا ی یونان، جۆرێک شیعری حەماسیی گوایا تیرتێ ناوێک لە ئەفسانەی سەدەی حەوتی پێش زاینەوە، کە ئەم لێرەدا بۆ ڕووداوانی١٨١٤-١٨١٥ی بەسەر ناپلیۆن هاتوون بەکارهێناوە)، ئەوە زۆری بەناوبانگ کرد (٢٥ هەزار دانەی لێ چاپکرد)، لێرەدا هەوڵی داوە لە شوێنێک لە نێوان کلاسیک و ڕۆمانتیکدا بێت . یەکەم شانۆی " نوێژە سیسیلییەکان Les vêpres Siciliennes " ( vêpres نوێژی ئێوارەی مەسیحی) تەواو کلاسیک و زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام دوای ئەوە مەیلی بەلای ڕۆمانتیکدا بوو، بەڵام بەگشتی کەسێک بوو کە هەوڵیدەدا هەرتک کلاسیک و ڕۆمانتیک لە یەک کاردا کۆبکاتەوە. ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی بوو .

## پۆنسار François Ponsard (١٨١٤-١٨٦٧)

فرانسوا پۆنسار، شاعیر و شانونۆوس، ماوەیەکیش پارێزەری قانوونی، هەرچەندە ئەوەی لە ڕۆمانتیکەکان قەبووڵ بوو کە" یەکێتی"یەکە (ی کات و شوێن و ڕووداو) بخاتە لاوە، بەڵام ویستی کلاسیک بهێنێتەوە و، ڕووبەڕووی ڕۆمانتیکی هوگۆ و ئالیکساندر دوما بۆوە . یەکەم تراژیدیی کە لە سەر شانۆ پێشکەشێکرد، زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئەوە زۆرتر بە هۆی توانای خانمێکی بازیگەری بوو : ڕاشێل Rachel "خانم . دوای ئەوە و بە بێ بازیی ئەو خانمە، زۆر سەرکەوتوو نەبوو؛ بەڵام پۆنسار دیسان" کۆرنێی" و" ڕاسین"ی هێنانەوە سەر شانۆکان، هەرچەندە ڕۆژگاری

کلاسیک تازە نەگەڕایەوە، ئەویش خۆی بە شانۆیکۆمێدی و مێژوویی بوو کە شوێنیکی لەئەدەبیاتی فەرەنسیدا دابین کرد، نەک بە تراژیدیی کلاسیکی .

## سکریب Augustin Eugène Scribe (١٧٩١-١٨٦١)

سکریب دەوری نیو سەدە خەڵکێکی زۆری بە دەوری چوارسەد پارچە کاری لە سەر شانۆ شاد کرد . کۆمێدی و تراژیدی و گۆرانی و داڕشتنی سەما و بەسەربردنی کاتێکی خۆش بۆ دەرچوونی ئێوارانەی خەڵک بۆ تیاتر . رەنگە بۆ قووڵی و ئاستی ئەدەبی ئەوەندە بڕی نەکردبێت، بە دەگمەن شتێکیهەبووبێت کە هەر بەتەنیا هی خۆی بووبێت، زۆری وێڕای خەڵکی تر بۆ تەواو بووە، بەڵام زیرەکییەکی زۆری لە سەنعەتی وردەکارییەکانی سەر شانۆدا هەبووە و، ساڵی ١٨٣٤ بووە بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی .

## باربیێ Henri Auguste Barbier (١٨٠٥-١٨٨٢)

باربیێ، شاعیر و نووسەر و شانۆنووس، ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسی، دژی ئیمپراتۆربوونی ناپلیۆنی سێیەم بوو، شیعری لە تەرزی ئەوەی" شینیێ "، لەبارەی شێوانی ئارامیی ژیان ( دوای شۆڕشی دووەم - ١٨٣٠) بوو . رۆمانی ساتیری " کوڕە خراپەکان" و، شیعری Il Pianto ( بە ئیتالی واتە : گریان) ی کە سۆزی بۆ ئیتالیا پیشان دەدات، لە کارە بەناوبانگەکانین .

## بریزۆ Julien Auguste-Pelage Brizeux (١٨٠٣-١٨٥٨)

بریزۆ، شاعیرێکی فەرەنسیی خەڵکی بریتۆن، رەنگە بە ئەسڵ ئیرلەندی بووبێت، ئەڤینداری زێدی بریتۆنی خۆی بووە، شیعری بە فەرەنسی و بە بریتۆنیی کێڵتییش هەن، کە دەبێت بۆ هۆگرانی فەرهەنگی کێڵتی جێی سەرنج بن . ئەڤینداری ئەدەبیاتیئیتالیش بوو، کۆمێدیاکەی دانتێ وەرگێرا-وەتە سەر زمانی فەرەنسی .

## نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە : واقیعییەت (ریئالیزم)

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، سەدەی گۆڕانی زۆر بوو، چ لە ئـەورووپا بە گشتی و چ بەتایبەتی لە فەرەنسا . رووی ئەورووپا پتر و پتر لە پەرەسەندنی زانست، رووکردنە شێوەکانی کار و بیرکردنە- وەی زانستی بوو. فەرەنسا بە شۆڕش و گۆڕانیگەورە رادەچڵەکی : ١٨٤٨ دیسان کـۆتایی پادشایی و هاتنی کۆماری دووەم، ئەوجا ١٨٥٢ دیسان دەبێتەوە بە پادشایی، ١٨٧٠پادشا لە شەڕدا دەگیرێت و شـۆڕش و" کـۆمـونـەی پـاریس" بەدوودا دێت، کۆماری سێیەم دادەمەزرێت ... زەویی سیاسی و رووحیی فەرەنسییەکان هـەمیشـە دەهـەژێت، لە جۆرێک هاتنەوەی سـەدەی پێشتری شـۆڕشـدایـە . ئـەوەی مەسـتیش بێت، دەبێت ئێسـتا مەستی بـەریبـدات و، لە جیاتی خـەیاڵی رۆمانتیک، بە زیهنی رۆشنبیر، دیسان بە عـەقڵ، بیر لە کێشەکانی واقیعی ژیانی نەتەوە بکاتەوە، کەواتە : کشانە دواوەی " زاتـی تـاک" لە بەرانبەر" مـەوزووع "ی کۆمەڵگەدا . پـاریس ئیتر پڕ لە تـرافیکی بیـروباوەڕ و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە، هـەرچەندە هەمان حەماس بۆ بیری کۆمەڵایەتی و باسی کێشـە واقیعییە- کانیش دەکرێت لە دواییدا دیسـان بەرەو میسالییەت ( ئیدیئالیزم) بـڕوات، ئیتر ئـەو شـەپۆلانە وەکـو فندول (لەنگەری سەعات) ئەمسەر و ئەوسەر دەکەن، ئێستا فندولەکە لە سەردەمی ئەدەبیاتی ئەنسیـ ـکلۆپێدییەکانەوە چووە ناوەڕاستی رۆمانتیک و لەوێوە دیسان بە ئەم لادا، بەهۆی هاتنەوەی هەمان سەردەمی شۆڕشان، بەرەو رووحی ئەنسیکلۆپیدیایی بەرزبۆوە .

## رينا Joseph Ernest Renan (١٨٢٣-١٨٩٢)

رينا، خەڵکی " بریتانیه "ی فەرەنسا، لە باوکێکی زۆر کۆمارخواز و دایکێکی ئاینیی پادشاخواز، بۆ کەشەیەتیی خوێند، بەڵام زماناسی و فەلسەفە و مێژوو پتر سەرنجیان راکێشا و، تا دەهات لە دین دوورتر دەکەوتەوە . زۆر هۆگری زمانەوانی، بە تایبەتی زمانە سامییەکان و، ئەڵمانییش و، مێژوو و لێکۆڵینەوەی ئاینەکان بوو و، چەندین کتێبی لەبارەی ئەوانە نووسی : مێژووی گشتی و بەراوردی نەزمی زمانە سامییەکان، ئەسڵی زمان، مێژوو و ریشەکانی مەسیحییەت، لێکۆڵینەوەی مێژووی ئاینی و ... ئیدی . بە تایبەتی دوو باسی، زۆر هەرایان نایەوە : یەکەم لە کتێبی " ژیانی عیسا"دا، کە دەڵێت دەبێت مێژووی "عیسا"ش وەک مێژووی هەر کەسێکی تری دنیا باسبکرێت، کتێبی ئاینیش وەک هەر کتێبێکی تری دنیا لێبکۆڵێنەوە . مێژووی مرۆڤ و لێکۆڵینەوەی کتێب، هەر کام پێوانەی خۆی هەیە، جا هەر کێ و هەر چی دەبن پێوانەکە هەر وەکو خۆیەتی، بەنموونە شتێک لە زانستی مێژووی مرۆڤدا نیە پێی بگوترێت : موعجیزە . لە پێشەکیی" بیرەوەریی منداڵی و جەوانی"یدا (١٨٨٤) دەڵێت :

> یەکێک لە ئەفسانە ناودارەکانی بریتانیە(مەڵبەندەکەی زێدی) ئەوەیە کە شاری" Is ئیس" هەبووە و، زەمانێک کەس نازانێت کەی بووە، دەریا هەڵیلووشیوە . ماسیگران، شوێنانی جیاوازت پیشاندەدەن کە ئەو شارەی لێ بووبێت و، چیرۆکی سەیریشی لێ دەگێرنەوە . دەڵێن کاتێک دەبێتە گەرداو، نووکی سەریبورجی کلیساکانی شارەکە دە ناو شەپۆلەکاندا دەبینین، کاتێکیش دەریا ئارام دەبێت گوێمان لە دەنگی زەنگی دێرەکان دەبێت کە بە ئاوازی سروودی ئاینیی رۆژەکە لێدەدەن . من زۆرتری کات وا دێتە بەرچاوم شارێکی زەنگلێدەرانم لە قوولایی دڵمدا هەبێت کە بێوچان زەنگ بۆ ئیمانداران لێدەدات بێن نوێژ بکەن، کە چیتر نابیسترێت . هێندێک جار دەوەستم گوێ لەو دەنگانە بگرم، کە دەلەرێنەوە، کە وێدەچێت لە قوولاییەکی بێ سنوورەوە بێن، وەک دەنگانێک بن لە دنیایەکی ترەوە بێن .

پاپا، " رینا "ی ناو نا " کافری ئەوروپا "! و وەزیری خوێندنی فەرەنساش دەرسگوتنەوەی لێ

قەدەغە کرد . رینا ئێجگار زۆر دژی " ئیسلام"یش بوو .

باسەکەی تری : ? Qu’est-ce qu’une nation نەتەوەیەک چیە ؟

ئەوەی جاری یەکەم ساڵی ١٨٧٥ لە زانکۆی " لایدن "ی هۆڵەندا پێشکەشکرد و، بەوە قسەی فەیلەسووفانێکی ئەڵمانی ( وەک فیختە ) لە بارەی نەتەوە رەتکردەوە، کە ئەوانە باسی نەژادیان کردووە، یەکنەژادییان بە مەرجێکی نەتەوە داناوە، لەکاتێکدا کە رینا دەیگوت، یەکنەژادی لێرەدا هیچ مەرج نیە، دەبێت هەستی ئینتیما، لەجیاتی نەژاد، بە مەرجێکی بوونە نەتەوە باس بکرێت .

ساڵی ١٨٨٢ ئەوەی - دوای پێداهاتنەوەیەک - پێشکەشی زانکۆی سۆربۆن کرد ( ساڵی ٢٠١٣ دوا وەرگێڕانی نوێی هۆڵەندیی بڵاوبووەتەوە، کە دەبێت Bas Heijne ناوێک پێشەکییەکی بۆ نووسیبێت، من هێشتا نەمدیتووە) .

## تێن Hippolyte Adolphe Taine (١٨٢٨-١٨٩٣)

تێن لەگەڵ رینادا وێکڕا، روونترین پەنجەمۆریان بە سەر موحیتی بیرکردنەوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ی فەرەنسادا دیارە . هەر لێکۆڵینەوەیەکی" فکر"لەو سەردەمەدا ناوی" تێن" دەهێنێتە باسەوە : شوێنی پۆزیتیڤیزم لە ئەدەبیات و کۆمەڵناسی و تێگەیشتنی مێژوودا ،" زانستی ئەدەبیات" بە خستنە لاوەی جوانیی پەتی(ئێستێتیک) و ئەخلاقی و، پێوانی دەقی نووسراو بە پێوانەی زانست . تێن تەئسیری زۆری بە سەر" ئێمیل زۆلای"ی دۆستی و، زۆر نووسەرانی تردا هەبووە . یەکەم کاری بریتی بووە لە کارنامەکەی بۆ دکتۆرا لەسەر چیرۆکە شیعرییەکانی"لا فۆنتێن". لە بەرهەمی تری : گوتارانی کریتیک و مێژوو؛ فەیلەسووفە فەرەنسییەکانی سەدەی نۆزدە؛ مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیس، فەلسەفە و هونەر( و چەند کتێبی تری باسی هونەر)؛ گوتارێک لە بارەی تیت - لیڤ (مەبەست " تیتوس لیڤیوس" - مێژوونووسی رۆمانی، سەدەی١ی پێشزاین تا سەدەی ١ی زاینی)؛ گەشتێک بۆ ئاوەکانی پیرانێ و ... چەندی دی . یەکێک لە رەخنەکانی کە لێیدەگیرێت ئەوەیە کە دەیەوێت باسەکان زێدە بە نەزم ریز بکات و لە قالبە جیاوازەکاندا سنفبەندییان بکات و، بۆ ئەوە

هێندێک جار بە زۆر و پاڵەپەستۆ هێندێک شت دە هێندێک شوێن دەئاخنێت تاکو مەیدانی سنفەکانی بۆ هەڵوەژێردرێت .

## برونیتیێر Ferdinand Brunetière (١٨٤٩-١٩٠٦)

برونیتییر، هەرچەندە لە وەرگرتنی دیپلۆمی بەرزیشدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بە هۆی زیرەکی و زانیاریی زۆری توانی ببێت بە پرۆفیسۆر و سەرۆکی ئەو شوێنەی کە دیپلۆمی نەدابوویێ .
سەرۆکایەتیی چەندین کۆبوونەوەی لە " سۆربۆن " کرد و بوو بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی . بە تیۆریی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەبیات بە رێبازی داروینی ناسراوە : لە" پەرەسەندنی جۆرەکان لە مێژووی ئەدەبیاتدا L'Evolution de genres dans l'histoire de la littérature"(١٨٨٨-١٨٩٠) دا، قۆناغەکانی پەرەسەندنیئەدەبیات وەها دادەنێت کە بە حەماسە(مەلحەمە) دەستپێدەکات ئەوجا دەچێتە قۆناغی شانۆ، ئەوجا لیریک و ... ئیدی . چەندین نووسینی تریش بە هەمان شێوە : مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسی، پەرەسەندنی کریتیک، پەرەسەندنی شیعری لیریکی سەدەی نۆزدە . بەڵام لێرەدا کەمتر بە لای دەوری " زانستی "دا دەچێت و، تەئسیری ئەخلاقیی نەسڵە جیاوازەکان بەسەر ئەو گۆڕینەدا پتر دەبینێت . لایەنی" ئەخلاقی" بۆ تەفسیر وای لێدەکات زۆر دژی " هونەر بۆ هونەر" بێت، هونەر لای ئەو پەیامێکی ئەخلاقیی هەیە .

## ئێنیکا Émile Hennequin (١٨٥٨-١٨٨٨)

ئێنیکا، نووسەری کریتیک و وەرگێڕیبەتوانا، بەو ژیانە کورتەشی شوێنێکی لە ئەدەبیاتدا گرتەوە . لە " کریتیکی زانستی Critique Scientifique " یدا (١٨٨٨) باسی aesthopsychology (سایکۆلۆجییئێستێتیک) دەکات کە زانستی لێکۆڵینەوەی هونەرە وەک ئیشارەت ( یا رەمز) . دەڵێت کە تەنیا بە وردبوونەوە لە کارەکە خۆی دەکرێت کلیلی تێگەیشتنی بیری خاوەنی بدۆزرێتەوە، نەک بە خوێندنەوەی تەئسیری ژیانی خاوەنی کارەکە و تێگەیشتنی موحیتی .

وەک لە باسی" گۆتیێ "دا، دوورکەوتنەوەیەکمان لە ڕۆچوون لە زاتییەت و ڕووکردنە ئاسۆی" هونەر بۆ هونەر" دیت، هونەر هەر لەخۆیدا، هەر ئەوەی دێتە بەرچاو؛ دەبینین شاعیرانی تریش ڕوویان لە هەمان ئاسۆیە :

## بۆدلێر Charles Pierre Baudelaire (١٨٢١-١٨٦٧)

بۆدلێری شاعیر و کریتیک، بە دیوانی " گوڵەکانی ئەهریمەن Les Fleurs du Mal"(١٨٥٧)ی هەرایەکی زۆری نایەوە، دەوڵەت بە تاوانی " بێئەخلاقی"ی هێندێک لە شیعرەکانی ئەو دیوانەی، خۆی و بڵاوکەرەوەکەی بە پارە سزا دان و، بڵاوکردنەوەی دیسانی چەند شیعرێکیشی قەدەغە کران . هوگۆ لە باسی یەکێک لە شیعرەکانی ئەو دیوانەیدا ( قوو Le Cygne ) پێیوابوو کە ئەوە داهێنانی شتێکی نوێ بوو. بۆدلێر کتێبی" شیعری بچووک بە پەخشان"، کتێبی لەبارەی ڤاگنەر و چەندینگوتاری لەبارەی هونەر و ئەدەبیات نووسیون . کتێبێکی بە ناوی"بەهەشتە دەستکردەکان: بەنگ و حەشیش Les Paradis Artificiels : Opium et Haschich کە هێندێک شتی خۆی و هێندێکی لە" دیکوینسیDe Quincey "ی نووسەری ئینگلیس(بەناوبانگ بە نووسینی لەبارەی بەنگکێشانەوە) و هێندێک لە " ئێدگار ئەڵن پۆ " ی شاعیر و نووسەری ئەمریکایی تێدا . بۆدلێر



بۆدلێرساڵی ١٨٦٣

زۆر شەیدای" پۆ" بوو و Talesی بۆ سەر فەرەنسی وەرگێڕا .

بۆدلێر، ئەعسابێکی نائارام و دنیایەکی خەیاڵی سەیر و رووحی زەندەقچووی لە ئاست خەمە نوێیەکانی شارستانییەت هەبوو . شاعیر و نووسەری ئینگلیس" سوینبورن Swinburne " لە شەیدایانی بۆدلێر بوو، بە ئیلهام لە شیعرە بەناوبانگەکەی کە " کاتوللوس"ی شاعیری لاتین لە سەر گۆڕی براکەی گوتووە : Ave atque Vale(سڵاو و خوات لەگەڵ)، شیعرێکی لە یادی بۆدلێردا گوتووە، کە زۆر لە بارەی بۆدلێر دەڵێت .

بۆدلێر زۆر لە ژێر تەئسیری گۆتیێ(هونەر بۆ هونەر)دا بوو و ئەو دیوانەی" گوڵەکانی ئەهریمەن"ی پێشکەش بەو کردووە . یەکەم شیعری لەو دیوانەیدا، بە ناوی" Bénédiction بەرەکەت"، نۆزدە جار چوار دێڕە، ئەمە یەکەم چوار لەو چواردێرانە :

Bénédiction

Lorsque, par un décret des puissances suprêmes,
Le Poète apparaît en ce monde ennuyé,
Sa mère épouvantée et pleine de blasphèmes
Crispe ses poings vers Dieu, qui la prend en pitié:

— «Ah! que n'ai-je mis bas tout un noeud de vipères,
Plutôt que de nourrir cette dérision!
Maudite soit la nuit aux plaisirs éphémères
Où mon ventre a conçu mon expiation!

Puisque tu m'as choisie entre toutes les femmes
Pour être le dégoût de mon triste mari,
Et que je ne puis pas rejeter dans les flammes,
Comme un billet d'amour, ce monstre rabougri,

Je ferai rejaillir ta haine qui m'accable
Sur l'instrument maudit de tes méchancetés,
Et je tordrai si bien cet arbre misérable,
Qu'il ne pourra pousser ses boutons empestés!»

(...)

## بەرەکەت

کاتێ بە بڕیارێکی دەسەڵاتانی سەروو
شاعیر دێتە ئەم دنیا پەرێشانە
دایکی، زەندەقچوو و پڕ لە کفر
مشتی توندی روو لەخودا دەکات، کە بەزەیی پێدا دێتەوە :

ئاخ! بۆچی گلۆڵەی مارانێکی تەواو نەزام
لەجیاتی ئەوەی خۆراک بدەم بە ئەم تورەهاتە
بە لەعنەت بێت شەوی خۆشییە زوو بەسەرچووەکان
کە تێدا زگم بە کەفارەتم پڕ بوو

کە تۆ لە ناو هەموو ژناندا منت هەڵبژارد
کە ببم بە نەفرەتی مێردی خەمبارم
و کە ناتوانم توور بدەمە ناو گڕی ئاگرەوە
وەک نامەیەکی دڵداری ئەم دەعبا نەرسکاوە

من ئەو رقەتان کە دایگرتووم دەهاوێمە
سەر ئامێری لەعنەتیی بەدکارییتان
و ئەم درەختە نەگبەتە وەردەچەرخێنم
تا نەتوانێت خونچە بۆگەنەکانی بگەیەنێت

(...)

بۆدلێر، لە قەحبانەوە تووشی سیفیلیس بوو و پەرێشان بوو، لە تەمەنی٤٦ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

## بانڤیل Théodore Faullain de Banville (١٨٢٣-١٨٩١)        

بانڤیل، شاعیرێکی" شکڵ"ی جوان و لەبەردڵانی شیعر: Le réalisme pittoresque(واقیعییەتی دیمەنی لەبەرچاو)، نەک بیر و هەست . بە نووسینی پەخشانیش لێنۆڕینی سەنعەتی دارشتنی چەند جۆری شیعری باسکردووە، بۆ ئەوە بە " le roi des rimes پادشای قافیە " ناو براوە . رەنگە Petite traité de poésie Française ( باسێکی بچووکی شیعری فەرەنسی) گرنگترین کاری بێت کە تێدا وێنەی چەندین جۆر کێش و قافیەی شیعری تێدا روون کردووەتەوە . زۆر تەئسیری بەسەر رامبۆ و بۆدلێردا هەبووە .

# پارناسییەکان

ناوی " پارناسییەکان" لە ناوی سێ بەرگ کۆمەڵە شیعرانی شاعیرانێکی سەردەمی١٨٦٦، ١٨٧١، ١٨٧٦ەوە هاتووە، کە بە ناوی"پارناسی سەردەم Le Parnasse Contemporain "بڵاوکراونەتەوە(پارناس ناوی چیایەکی یونانە کە لە ئەفسانەکانیدا زێدی موززەکان، خوداوەندانیشیعر و مووسیقا و ئەوانە بووە). شاعیرانی- بڵێین- نێوان١٨٦٠و ١٨٨٠ی فەرەنسا، کە زۆرتر دروشمی هونەری پەتی، " دووری لە زاتی خۆ"، " هەر لێنۆڕینی شکڵ"، "هونەر بۆ هونەر"کۆی دەکردنەوە، شیعریان لەو بەرگانەدا بڵاوبوونەتەوە . ئەوانە زۆرتر لە سالۆنیئەدەبیی لیزل Lisle کۆبوونەتەوە .

شیعر، دوای تەئسیری " گۆتیێ "ی کە لە رەحمی رۆمانتیکەکانەوە هاتبوو و رێگەی خۆی گرتبوو، ئەوجا بە پردی " بانڤیل" و" بۆدلێر"دا پەڕیبۆوە، هاتبووە ئەم پارناسەوە، کە ئێستا زۆرانی دەگرتەوە ( بە گۆتیێ و بانڤیل و بۆدلێریشەوە) . ئەوانەش، جیاواز بوون، بەڵام دەکرێت نموونەی تەواویان بەتایبەتی لە لیزل و ئێریدیادا ببینین .

## لیزل Charles Marie René Leconte de Lisle (١٨١٨-١٨٩٤)

لیزل، نووسەر و شاعیر، لە دایک و باوکێکی فەرەنسی، لە دوڕگەی- ئێستا-Réunionی فەرەنسی (ڕۆژهەلاتی داوێنی ئافریقا، لە موحیتی هیندی) لەدایکبووە و مندالّیی لەوێ بە سەربردووە . دوایی چووەتە فەرەنسا و، ماوەیەک خەریکی سیاسەت بووە و، دوای ئەوە خۆی هەر بۆ ئەدەبیات تەرخان کردووە . شیعری بە وەحی لە ئەفسانەکانی یونانی کۆن و، لە ڕۆژهەڵاتی دوور و، کێشانی تابلۆی تەبیعەتن بە شیعر، بەڵام هەر بۆ جوانییشکڵ، نەک ناوەرۆکی هیچ پەیامێک جگە لە جوانیی پەتیی دیمەن . چەندە توانیویە لە پێستی خۆی دەرچێت و " زاتی خۆی" دە تابلۆ شیعرییەکانیدا نەبن، ئەوە جێی باسە، کە رەنگە هەمیشە بۆی نەکرابێت، بەڵام حەتمەن تابلۆکانی زۆر جوانن . لیزل، وەکو " ڤینیی" بەدبینە، بەڵام چارە، لە جیاتی"رەواقییەکان"ی ڤینیی، لە نیرڤانای بوودادا دەبینێتەوە .

## ئێریدیا José-Maria de Heredia (١٨٤٢-١٩٠٥)

ئێریدیا، نووسەر و شاعیر، لە دایکێکی فەرەنسی و باوکێکی ئیسپانی، لە کووبا لەدایکبووە . لە تەمەنی ٨-٩ ساڵیدا چووەتە فەرەنسا و، لە فەرەنسا خوێندوویە . لەڕێگەی " بانڤیل"ی هەڤاڵییەوە تێکەڵ بە پارناسییەکان بووە و، زۆر لە ژێر تەئسیری" لیزل"دا بووە، هەرچەندە وەکو ئەو بەدبین نەبووە و، پتریش بە گوێرەی پرەنسیپەکانی هونەر بۆ هونەر توانیویە لە پێستی خۆی دەرچێت، بە شێوەیەک کە هەستی زاتیی لە شیعریدا لەبەرچاو نەبێت . شیعرەکانی بە شێوەی" سۆنێت " بوون، ناو بە ناو بڵاوی کردوونەتەوە تا لەدواییدا هەمووی ١١٨سۆنێتی بە دیوانێک " Les Trophées خەڵاتەکان" ( یا : یادگاری ڕووداوی گرنگ) بڵاوکردووەتەوە . باسەکان لە دنیای یونان و ڕۆمان و ڕۆژهەڵاتی دوور و، بەشێکی لەدواییدا بە ناوی تەبیعەت و خەون جیاکردوونەتەوە .

**پرودۆم** (١٨٣٩-١٩٠٧)

## René François Armand (Sully) Prudhomme

پرودۆم، هەرچەندە خۆی پێ لە پارناسییەکان بوو، بەڵام رووی فکر و هەم " زات" و هەم هێندیک مەوزووعییەتیشی لا دەبینین . یـەکەم دیـوانی شیعری پرودۆم " Stances et Poémes ستانزا و شیعر "( ١٨٦٥) ، "سانت بوڤ" زۆری پـەسند کرد . بە دووی ئەوەدا چـەند دیـوانی تری شیعری هەبوون، چەند نووسینیش لەبارەی ئێستێتیک و فەلسەفە . ساڵی ١٩٠١، یـەکەم خـەڵاتی " نۆبل "ی ئەدەبیات بەو درا( کەسانێک لایان‌وابوو دەبوو بدرا بە تۆلستۆی) . ئێستا زۆرتر شیعرە کورتەکانی سەرنج رادەکێشن . شیعرێکی بەناوبانگی پرودۆم :

### گوڵدانی شکاو La vase brisé

گوڵدانی کە ئەم جاترە کێویلەی تێدا دەمرێت
بە لێدانی باوەشێنێک درزی تێکەوت
لێدانێک دەبێت بە حاڵ وێی‌کەوتبێت
کە هیچ دەنگێکی لێ نەبیسترا

بەڵام جێی ئەو لێدانە سووکە
رۆژ بە رۆژ لە بلوورەکەی دەخوارد
بێ ئەوە هیچ لە چاو دیار بێت
بە ئەسپایی خزییە هەموو دەوروبەرییەوە

ئاوە پاکەکەی دڵۆپ دڵۆپ لێ‌چوو
تەڕیی لە گوڵەکانی داچۆڕا

بەڵام هێشتا کەس گومانی لێ ناکات .
دەستی بۆ مەبە، شکاوە .

بە هەمان شێوە زۆر وادەبێت ئەو دەستەی کە خۆشمان دەوێت
لە دڵ دەدات و، دەیکوژێت
ئیتر دڵەکە خۆی تێکدەشکێت
و گوڵی ئەڤینی لەناودەچێت

هەمیشە لە چاوی دنیادا هەست پێنەکراو
بەڵام هەست بە گەورەبوون دەکات، بە هێواشی دەگریت
برینەکە ورد و قووڵە
ئیتر شکاوە، دەستی بۆ مەبە .

## کۆپێ François Édouard Joachim Coppée (١٨٤٢-١٩٠٨)

کۆپێ، شاعیر و نووسەری ڕۆمان و شانۆ . لە گەڵ دەستەی پارناسییەکان بوو، دوای نائومێدییەکی لە توانای ئەدەبیی خۆی، دیوانێکی شیعری بڵاوکردەوە Le Reliquaire (سندووقی ئێسکوپرووسکی ئەولیای مەسیحی) کە زۆر سەرکەوتوو بوو، پێشکەشی" لیزل "ی کردبوو . سارا بێرناردت خانم، بەناوبانگترین شانۆگەری ئەو سەردەمەی دنیا، کە لە پاریس لەدایکببوو بەڵام کچیخانمێکی قەحبەی هۆڵەندیی جوو بوو( کە نەزانرا ئەو کچەی لە کێ ببوو)، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە دەیتوانی شانۆ بنووسێت . شانۆیەکی یەک فەسڵی بۆ نووسی کە باسی ئەڤینی ناکامی قەحبەیەک بوو بۆ شاعیرێک، شانۆکە زۆر سەرکەوتوو بوو . کۆپێ، زوو لە " هونەر بۆ هونەر"ی دۆستەکانی

دووركەوتەوە و پتر رووی لە رۆمانتیک و واقیعییەت دەکرد، باسی چینەکانی شارستان، کرێکاران و خەڵکی هەژاری دەکرد، کە " لیزل"یش ئەوەی بە دڵ نـەبوو، پێی وابوو کـۆپێ بۆ خۆشـەویستیی خەڵک خۆی لە ئاستی ئاریستۆکراتی بەرزی هونەر دەهێنایە خوارەوە . ساڵی١٨٨٤بوو بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی .

## سیلڤێستر Paul Armand Silvestre (١٨٣٧-١٩٠١)

سیلڤێستر، نووسەر و شاعیر، لە سەر پارناسییەکان دەژمێردرا،"Les Renaissances"ی زۆر بە شـاعیری ناساند . شیعری بە گـۆرانی، بە ئـۆپێرا پێشکەش کراون . لە سەردەمی خۆیدا، زۆرتر بۆ پەخشانی چیرۆکە پانتاگرێلییەکانی (رابلێ)ی باوی هەبووە .

## کازالیس Henri Cazalis (١٨٤٠-١٩٠٩)

کازالیس، ناوی تریشی : Jean Caselli، Jean Lahor . بژیشک و شـاعیر، شیعری بە رووحی تەسەووفی رۆژهەڵات هەن، بەنموونە : L'Illusion وەهەم، رووی لە " رەمزییەت " بوو و، باسی مەرگ لای زۆر سەرنج رادەکێشێت، لەبەرئەوە ئەوسا پێیانگوتووە : " هیندووی پارناسی سـەردەم Hindou du Parnasse contemporain ". شـیعرەکانی لە دنیای مـووسـیـقا و گـۆرانـیـدا زۆر باویان هەبووە . شیعرێکی بە ناوی " سەمای مەرگ Danse Macabre "، مووسیقاری فەرەنسی " سان سانس Saint-Saëns" پارچە مووسیقایەکی زۆر نایابی بەناوبانگی بۆ دروستکردووە . شیعرەکە لە ئەفسانەیەکیفەرەنسی وەرگیراوە، کە شـەیتان نیوەشەوێکی دیارکراوی ساڵ ( یـەکەمی نوامبر، جێژنـی هەموو ئەولیا)، دێتە گۆڕستان و مەرگ بە ویلۆنێکەوە دێت و، تا دەنگی کەڵەشێری بەیان مووسیقا بۆ سەمای مردووەکان لێدەدات . شیعرەکە حەوت چواردێڕییە، ئەمە یەکەمەکەیانە :

Zig et zig et zig, la mort en cadence
Frappant une tombe avec son talon,
La mort à minuit joue un air de danse,
Zig et zig et zag, sur son violon.

زیگ و زیگ و زیگ، ئاهەنگی مەرگ
بە پاژنەی پێی، لە گۆڕێک دەدات
مەرگ بە نیوەشەو ئاهەنگی سەما دەگێڕێت
زیگ و زیگ و زیگ، بە وێلۆن

شەوێکیخۆش کە جیاوازییچینایەتیی تێدا نیە : ژنی نەجیبزادە لەگەڵ پیاوی هەژاردا سـەما دەکات، پـادشا لەگەڵ مەحکوومی زینداندا دۆستە و، هـەمووی لەگەڵ هەموویدا . تا دەنگی کەڵەشێر دێت و هەموو دیسان دەچنەوە دنیاکەی تری هەمان یەکسانییەکەی مەرگ .

## ماندێس Catulle Mendès (١٨٤١-١٩٠٩)

ماندێس، بە ئەسڵ دەچێتەوە سەر جووەکانی پۆرتوگال، لە تولووزەوە چووە پـاریس و، لە ژێـر باڵی "گۆتیێ"دا بوو و، کچی"گۆتیێ"ی هێنا؛ دوای ئەو، پێنج منداڵی لە ئۆگوستا ئۆلمێزخانمی مووسیقار بوون، دوای ئەویش" ژێن نێت" خانمی شاعیری هێنا . لە هەموو لقێکی ئەدەبیات : شیعر و رۆمان و شـانۆ و ئـۆپێرێت و کریتیک، بەرهەمی هەبوون . لە سەر بڵاوکردنەوەی" رۆمانی شـەوێک "ی هەم رۆژنامەکەی داخرا و، هەم بە مانگێکیش زیندان و ٥٠٠ فرانک سزا درا . چەند جار"دوێل"ی کردووە؛ هەرچەندە زۆر شارەزای شەڕە شمشیریش بووە، هەر جارێک زۆر خراپ بریندار بووە . بە رووداوێکی سەیر، کە دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی دەکردەوە، قەتار لێیدا و کوشتی .

شیعرێک کە بۆدلێر نووسی و، وەرگێرانێکیش کە هەر ئەو خۆی لە " ئێدگار ئەڵن پۆ"ی کرد، زۆر تەئسیریان بەسەر شاعیرانێک ( و هونەرمەندانێک)دا هەبوو، کە رێبازێکی نوێیان سەرەتا بە ناوی " Décadents "، ئەوجا بە "سیمبولیستەکان، رەمزییەکان"داهێنا. ڤێرلێن و مالارمێ دوو رابەری بوون . رێبازێک کە " مووسیقا "ی لە بەرهەمیدا بە گرنگترین شت دەدیت .

هەڵبژاردنی وشە تێدا بە مەبەستی مانای وشەکە خۆی نەبێت، بۆ ئەوە بێت بتوانێت بە تەئسیرێکی جادوویی موحیتێکی هەست و میزاجێک دروست بکات . وشە تێدا وەک شتی ماددی کێش و سنوور و قەوارەی نەبێت، لە هەوادا بتوێتەوە، دەست بۆینەگیرێت، تەماوی بێت، وەک چاوێک لە پشت پەچەیەکی تەنکەوە، وەک تاپۆیەک لە رۆژێکی تەماویدا لە کەنار دەریا، وەک بووڵێڵەیەک کە ئاسۆی بێسنووری لەو دیوییەتی . دیمەنەکان تێدا روون نین، بەڵام هەستێک دروستدەکەن کە لە قووڵایی چاڵاوی رووحی مرۆڤییەوە هەڵدەهێنجن و، بە بێ ئەوە کە ئەوساش ناوی بهێنن وا دەکەن تامی بکەیت . دنیای هەستی شاردراوەی ترس و نائارامی بە رەمز لە پشت پیوارەوە دەرچن(لەوە یەکەم ناوەکەی : Décadents پەست بوون، ئاوابوون، رۆچوون) .

## مالارمێ Stéphane Mallarmé (١٨٤٢-١٨٩٨)

مالارمێ، له پارناسییه چالاکه‌کان بوو و، زۆر هۆگری شیعری هوگۆ ببوو، به‌ڵام وا ئێستا رۆژانی سێ‌شه‌ممه دۆسته‌کانی ده‌چوون لێی کۆده‌بوونه‌وه ( پێیان‌ده‌گوتن سێشه‌ممه‌یسته‌کان)، فه‌ره‌نسی و غه‌یری فه‌ره‌نسی‌یش : ییتس، ریلکه، ستێفان گیۆرگه و ... له دنیای سیمبولیزمی خۆیاندا ده‌ژیان . به‌وه که مالارمێ ده‌یویست رووحی ئه‌ده‌بیات له ئه‌ده‌بیاتی وشه رزگار بکات، نه‌ده‌کرا مه‌گه‌ر هه‌ر شتی سه‌یری وه‌هامان لێ ببیستایه که نه‌مانزانیایه یانی چی، هه‌ر بۆ ئه‌وه بوونایه وه‌ک مووسیقا گوێمان لێ بگرتنایه . ئه‌مه شیعرێکی مالارمێ :

Brise Marine

La chair est triste, hélas ! et j'ai lu tous les livres.
Fuir ! là-bas fuir ! Je sens que des oiseaux sont ivres
D'être parmi l'écume inconnue et les cieux !
Rien, ni les vieux jardins reflétés par les yeux
Ne retiendra ce cœur qui dans la mer se trempe
O nuits ! ni la clarté déserte de ma lampe
Sur le vide papier que la blancheur défend
Et ni la jeune femme allaitant son enfant.
Je partirai ! Steamer balançant ta mâture,
Lève l'ancre pour une exotique nature !
Un Ennui, désolé par les cruels espoirs,
Croit encore à l'adieu suprême des mouchoirs !
Et, peut-être, les mâts, invitant les orages
Sont-ils de ceux qu'un vent penche sur les naufrages
Perdus, sans mâts, sans mâts, ni fertiles îlots...
Mais, ô mon cœur, entends le chant des matelots !

## شنەبای دەریا

لەش خەمبارە، داخەکەم، هەموو کتێبەکانیشم خوێندوونەوە
دە با راکەین، بۆ ئەو ناوە راکەین، وا هەست دەکەم باڵندەکان بەوە مەستن
کە لە نێوان کەفی غەریب و ئاسماناندان
هیچ شتێک نیە - تەنانەت باخچە کۆنەکانیش کە وێنەیان لە چاودایە -
ئەم دڵەی کە لە دەریادا دەخووسێت پێ راگیرێت .
هۆو شەوەکان، نە رووناکیی کە چراکەم جێدێڵێت
بۆ سەر کاغەزی بەتاڵی کە سپێتی دەیپارێزێت،
نە ژنی جەوانیش مەمک بە منداڵەکەی دەدات .
دەڕۆم! کەشتی بایەواکانت بلەرێنە
لەنگەرت هەڵگرە بۆ دوور لە تەبیعەتدا .
وەڕەزییەک، ماڵوێران بە دەست هیوایانی سەختەوە
هێشتا بڕوای بە ماڵئاوایی سەرووی دەسەسڕەکانە
لەوانەشە بایەواکان تۆفانان دەعوەت بکەن .
ئایا ئەوان ئەوانەن کە بایەک دادێتەوە سەر کەشتییە تێکشکاوەکان
دۆڕاو، بێ بایەوا، بێ بایەوا، بێ دوڕگە بەپیتەکان ...
بەڵام، هۆو دڵم، گۆرانیی دەریاوانان ببیسە!

روونە کە خەمبارە، وەڕەزە، کتێب چاری ناکەن، ئەی حەز لە چی دەکات ؟ حەز دەکات وەکو ئەو باڵندانە بفڕێت کە هیچ وێناچێت وەکو ئەو وەڕەز بن، کتێبیش ناخوێننەوە و لە نێوان کەفی سەر دەریا ( یەک هەوایی ئاهەنگی دنیا ) و ئاسماناندا بە مەستی دەسووڕێنەوە . دەریا، دوڕگەی دوور، کەشتی، دۆزینەوەی شوێنێکی حەسانەوەی رووح ... بەوجۆرە میزاجی هەست پێ دەکەین بە بێ ئەوە کە راستەوخۆ و بە روونی و بە شێوەی خەبەرێک لە حاڵی خۆیمان ئاگادار بکاتەوە . باسی هیچ رووداوێک نیە تا پێمان بڵێت، جگە لەوە کە بە ئاوازێک میزاجەکەی پیشان دەدات .

## ڤێرلێن Paul Verlaine (١٨٤٤-١٨٩٦)

ڤێرلێن وەزیفەیەکی سادەی هەبوو، لە زووەوە مەیلی شاعیریی هەبوو و هاتوچۆی سالۆنی ریکار خانم(ی مارکیز)ی دەکرد(کە یەکەم شیعریشی هەر لە گۆڤاری کوڕە شاعیرەکەی ئەو خانمەدا بڵاو-کرایەوە)، کەسانی گرنگی دنیای شیعر و نووسین و هونەری لەو سالۆنە ناسین : ئاناتول فرانس، لیل ئادا، بانڤیل، شابریێ و... ئیدی . ساڵی١٨٦٦ یەکەم دیوانی( شیعرە ساتورنییەکان) بڵاوکردەوە . ساڵی١٨٧٠ ماتیلدە خانمی هێنا . لە ئیدارەی کۆمونەی پاریسدا بوو . زۆر ئارەقی دەخواردەوە و لە دایکی و لە ژنەکەی دەدا . لە تەمەنی٢٧-٢٨ ساڵیدا نامەی " رامبۆ"ی تەمەن حەڤدە ساڵی شاعیری پێگەیشت کە پێیگوت هۆگری شیعرییەتی و دەیەوێت بیبینێت، دیتی و عاشقی یەکتر بوون و، ڤێرلێن بۆ ئەوە وازی لە ژن و کوڕی خۆی هێنا ولەگەڵ ئەو کوڕەدا چووە لەندەن (١٨٧٢) .

لەوێ هەڵیاننەکرد و، بە جیا گەڕانەوە پاریس، دیسان ساڵی ١٨٧٣ چوون لە بروکسێل ( بەلجیکا ) یەکتریان دیت و، لەوێ ڤێرلێن بە مەستی بە دەمانچە دوو فیشەکی بە رامبۆوە نا، برینداری کرد و لە سەر ئەوە ١٨ مانگ چووە زیندانەوە و لە زیندان دیسان بووەوە بە کاتۆلیک . لە دواییدا هەر لە پاریس ژیانی ناخۆشی بەدمەستی و هەژاری و بێ شوێنی ( کە لە مەیخانەکان و لای قەحبەکانی بەسەر دەبرد) کۆتایی هات .

تەئسیری بۆدلێر و بانڤیل و لیزل بە روونی بە سەر شیعری یەکەم دیوانەکانیدا دیارە . لە دواییدا، دوای زیندانەکەی، پتر بە رووحی تەسەووف و، بەڵام ئیتر زێدە لە ناڕوونیی رەمزییەت رۆدەچوو و ئەوە تەئسیری زۆری بەسەر کەسانێکی دوای خۆیدا هەبوو . لەجیاتی مانای وشە، مەگەر هەر بیر لای مووسیقای شیعری بوایە، وەک خۆی دەڵێت :" De la musique avant toute chose مووسیقا پێش هەموو شتێک " ( و بڕوانە : رامبۆ) .

## رامبۆ Jean Nicolas Arthur Rimbaud (١٨٥٤-١٨٩١)

رامبۆ، لە شارلڤیل( ئەوپەڕی باکووری فەرەنسا ) لەدایکبوو . باوکی رامبۆ ئەفسەری لەشکر بوو، یان لە شەڕ بوو ( قرم، گرتنی ئەلجەزائیر...) یا لە هەر سەربازخانەیەکی دوور، لە تەواوی ساڵدا سێ مانگیش لە ماڵ نەبوو . دایکی رامبۆ، دێهاتییەکی وشک و زێدە جیددی بوو، کە رامبۆ پێی-دەڵێت : دەمی سێبەر(تاریکی) Bouche d’Ombre ( لە ناوی شیعرێکی ڤیکتۆر هوگو : ئەوەی

دەمی سێبەر دەیلێت) . دایک و باوک، دوای حەوت ساڵ بە تەواوی لێک جیابوونەوە . رامبۆ لای دایکی بوو، لە خوێندگە زۆر زیرەک بوو و جگە لە ریازیات و هێندێک زانست، بۆ دەرسەکانی تر خەڵات لە دووی خەڵاتی وەردەگرت، دایکیشی مامۆستای تایبەتی بۆ باش فێربوونی بۆ دەگرت، لە تەمەنی ١٥- ١٦ساڵیدا یەکەم شیعری دانا : " دیارییەکانی سەری ساڵی هەتیوێک ". هەر ئەو ساڵە لە ماڵ رایکرد، بە بێ بلێت سواری قەتار بوو، چووە پاریس، لە سەر ئەوە کە بە بێ بلێت بوو، هێندێک خرایە زیندانەوە، تا مامۆستایەکی فریای کەوت و رزگاری کرد و بردییەوە لای دایکی .
نێوانی لەگەڵ " ڤێرلێن"ی شاعیردا ژیانی زۆر لێ ئاڵۆز کرد و تەنانەت ئەوەبوو جارێک ڤێرلێن دوو فیشەکیشی بە باسکییەوە نا و ماوەیەک بە برینداری لە جێگەدا کەوت . دوای ئەوەش جارێک لە ئەڵمانیا لەگەڵ ڤێرلێندا یەکتریان گرتەوە، ئیتر نێوانیان کۆتایی هات و، وازی لە شیعر هێنا و کەوتە سەر گەڕان و، هەوڵی بازرگانی و پارە پەیداکردنی دا : گەشتی چەند شوێنی ئەورووپا، قبرس، جاوە ( ئیندۆنیسیا)ی کرد و، لەوێ بوو بە سەربازی هۆڵەندییەکان و، لە لەشکر رایکرد، ئیدی ئارامیی نەبوو : چوونە میسر و، بازرگانیی پێستی حەیوان و تفەنگ لە ئێتیۆپیا و ... تا چۆکی لاقی راستی تووشی دەردێک بوو، ساڵی ١٨٩١ گەڕایەوە فەرەنسا، ئەو لاقەیان بڕییەوە و، دوای ئەوە هەر پەرێشان بوو و، لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد .


رامبۆ


شیعری " کەشتیی مەست"ی رامبۆ
لەسەر دیوارێک لە پاریس


ڤێرلێن

شیعری " کەشتیی مەست Le bateau ivre "ی کە رامبۆ لە تەمەنی ١٦-١٧ ساڵیدا نووسیویە، زۆر بەناوبانگ بووە : ٢٥ چوواردێریی کێشی ئالیکساندری . شاعیر تێدا کەشتییە و مەستی ئاوی دەریای ژیان بووە و، بە ئاوی رووباردا دەڕوات و لە دنیای مەستیی خۆیدا ئیتر ئاگای لە دەورو-بەری سەرقاڵ بە بار بردنی خۆیان ( بە پەتکی عورف و شتی کۆن و لە مێژینە) نیە، ئەوانە لەو مەستییەی ئەودا شوێنیان نیە :

Comme je descendais des Fleuves impassibles,
Je ne me sentis plus guidé par les haleurs :
Des Peaux-Rouges criards les avaient pris pour cibles,
Les ayant cloués nus aux poteaux de couleurs.

کە بە سەر ئاوی رووبارانی بێ هەستدا دەچووم
چیتر هەستم نەدەکرد پەتکی باربەران بە رێگەمدا ببەن
پێست سوورەکان بە هاتوهاوارەوە بە ئامانجیان گرتن و
بە رووتی بە داری رەنگاورەنگیانەوە کردن

وێدەچێت رامبۆ دوای خوێندنەوەی رۆمانی " بیست هەزار میل لە ژێر دەریا "ی ژول ڤێرن و، کتێبێکی تریشی ( دورگەی مەرمووز یا رازدار L'Île mystérieuse ) ئەو شیعرەی نووسیبێت . شیعرێکیشی، شیعری"ئیحساس Sensation "، لەسەر دیواریخانوویەکی لایدن(شارێکی زانکۆی بەناوبانگی هۆڵەندا) هەیە، یەکەم دێری بەمجۆرە دەستپێدەکات :

Par les soirs bleus d'été, j'irai dans les sentiers,...

بە ئێوارەی شینی هاوین، بە رێگەکاندا دەڕۆم ...



شیعری " ئیحساس Sensation "ی رامبۆ لەسەر دیوارێک لە لایدن

## شاعیرانێکی تری ئەو سەردەمە

### ریشوپا Jean Richepin (١٨٤٩-١٩٢٦)

ریشوپای شاعیر و نووسەری رۆمان و شانۆ، لە ئەلـجەزائیر لەدایکبوو(کوڕی بژیشکێکیلەشکری فەرەنسی بوو)، لە پاریس هێندێک خوێندی، ماوەیەک بوو بە سەرباز . لە پاریس لە گـەڕەکی لاتین Quartier Latin دەژیا،لەوێ شاعیرانێکیپارناسیی ناسین و لە ژێرتەئسیری"هونەر بۆ هونەر"دا لەگەڵ دەستەیەکدا بوو کە بە ناوی" Vivants "( ئەوانەی دەژین، زیندووەکان) دەناسران . دواتـر گەڕایەوە سەر رۆمانتیکی پێشئەوە: La Chanson des Gueux (گۆرانیی سواڵکەران-١٨٧٦)، Les Blasphèmes (کفرەکان- ١٨٨٤) .

### ساما Albert Victor Samain (١٨٥٩-١٩٠٠)

ساما، لە خێزانێکی فلاندەری (بەلجیک) بوو، لە " لیل"ی فەرەنسا لەدایکبوو و سـاڵی ١٨٨٠ چووە پاریس . سـەرەتا شیعری لە کابارێی" پشیلەی رەش Le Chat noir " دەخوێندنەوە(کە " رودۆلف سالی" ساڵی١٨٨١دایمەزراند و تا مردنی لە ١٨٩٧ هەبوو)، زۆر لە ژێر تـەئسیری بۆدلێردا بوو . زۆر لە شیعری بە گۆرانی گوتراون . ئەمە یەکەم پێنج دێڕی لە شیعرێکی شەش جار پێنج دێڕ :

Hiver

Le ciel pleure ses larmes blanches
Sur les jours roses trépassés ;
Et les amours nus et gercés
Avec leurs ailerons cassés
Se sauvent, frileux, sous les branches.

زستان

ئاسمان فرمێسکە سپییەکانی هەڵدەڕێژێت
بەسەر گوڵەباخی مردووی رۆژدا
و ئەڤینە رووت و قەڵشاوەکان
بە باڵە شکاوەکانیانەوە
رادەکەن، لە سەرما هەڵدەلەرزن، لە ژێر چڵەکان .

### ڕێنیێ Henri François Joseph de Régnier(١٨٦٤-١٩٣٦)

ڕێنیێ، شاعیر و نووسەر، لە پارناسییەکان بوو و زۆر لە ژێر تەئسیری" مالارمێ "دا بوو، لەو دەستەیە بوو کە ڕوویان لە ئانتیک ( کۆن) بوو . شیعری لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسا و بەلجیکادا بڵاودەبوونەوە . یەکەم دیوانی Lendemains (سبە- ١٨٨٥) بوو . ساڵی ١٩١١ بوو بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی .

### مۆرێیاس Jean Moréas(Ioannis) (١٨٥٦-١٩١٠)

مۆرێیاس، نووسەر و شاعیری خەڵکی یونان بوو، بە جەوانی بە یونانیی نووسیویە، ئەوجا چووەتە فەرەنسا، بووە بە فەرەنسی و، بووە بە شاعیر و نووسەر بە زمانی فەرەنسی . بۆ بەرهەمی شیعری فەرەنسیی، لە کاتی جیاوازدا لە پارناسییەکان و ڕۆمانتیک و ڕەمزییەکانیشدا بوو . دەبێت یەکێک بووبێت لەوانەی کە ناوی" سیمبولیزم"یان بۆ ئەو ئەدەبیاتە داهێناوە .

### ژام Francis Jammes (١٨٦٨-١٩٣٨)

ژام، نووسەر و شاعیرێکی خەڵکی مەڵبەندی پیرانێ(وڵاتی باسك) بوو . لە تاقیکردنەوەی خوێندنی ناوەندیدا، لە زمانیفەرەنسیدا سیفری وەرگرت! کەچی دوایی بوو بە شاعیرێکیناوداری فەرەنسی . لە پاریس دۆستایەتیی لەگەڵ نووسەران و شاعیرانێکدا هەبوو : مالارمێ، ڕێنیێ، لەگەڵ " ئاندرێ ژید"دا پێکەوە گەشتێکیان بۆ ئەلجەزائیر کرد . زۆر لە " ڕەمزییەت " وردبووەتەوە .

### بووشۆر Maurice Bouchor (١٨٥٥-١٩٢٩)

بووشۆری شاعیر (و پەیکەرتاش) لە پاریس لەدایکبوو ( براکەشی هونەرمەندێکی ناودار بوو) . شیعری ئیدیئالیزمی تەسەووفی هەبوو ( Les Symboles)  بەڵام لە حەفتەنامەی ناوداری ساتیری ئەو سەردەمە Le Courrier français شیدا دەنووسی .

دوای بنبەستی تراژیدیی رۆمانتیکی هوگۆ و، سەرنەکەوتنی هەوڵی پۆنسار بۆ زیندووکردنەوەی شانۆی کلاسیک، ئیدی رۆژی" واقیعییەت"ی رۆمانی بالزاک و شانۆی وەک ئەوەی سکریب بوو، سەردەمی " کۆمێدیی خوو و رەوشتان Comédie de Mœurs" کە لە خوو و رەوشتی ژیانی کۆمەڵگە بە هەموو دەرد و رەنج و خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بدوێت .

## ئالیکساندر دوما-ی کوڕ Alexandre Duma *fils* (١٨٢٤-١٨٩٥ )



ئالیکساندر دومای کوڕ

ئالیکساندر دوما- فیس ( کوڕ، بۆ جیاکردنەوەی لە باوکە رۆماننووسە بەناوبانگەکەی)، بە هۆی ژیانی تایبەتی خۆیەوە : باوک - دوای دادگایی - ملی دا کە بە کوڕی خۆی قەبووڵ بکات، چونکە دایکی بە رەسمی نەهێنابوو و، لەسەر ئەوە هەر لە منداڵییەوە بەر جنێوی منداڵان دەکەوت : هەتیوە زۆڵە؛ ئەوجا کە باوک قەبووڵی کرد، لە دایکی خۆشەویستی ئەستاند و هەر بۆخۆی برد . ئەو ناخۆشییانە هەموو و، داوای پرەنسیپی ئەخلاقیی ئینساف و دووری لە بەرەڵڵایی، لە کاردانەوەیدا لە بەرهەمیدا دەبینین . رۆمانی"خانمی کامێلیاکان La Dame aux Camélias"(١٨٤٨) سەرکە- وتوو بوو، ئەوجا ئەوەی ساڵی١٨٥٢ بە شێوەی شانۆ پێشکەش کرد کە ئیتر رێگەی درەوشانەوەی

لە دنیای شانۆدا بۆ کردەوە و بەدوودا : دنیای بچووک، مەسـەلەی پارە، هـەڤاڵی ژنـان و ... چەندی دی . ساڵی ١٨٨٤ بوو بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی .
دە خانمی کامێلیاکاندا، مارگێریت خانم، قەحبەیەکە گوڵی کامێلیای سپی یا سوور بەخۆیەوە دەکات، سـوورەکە واتە سـووڕی مانـگانەی ژنی هـەیـە و جنسی بۆ نـاکرێت و سپییەکە واتە دەتـوانن جنس بکەن، ئیتر ئەو ناوەی بۆ دەشکێتەوە . خانم نەخۆشیی" سیل"ی هەیە و، نێوانی لەگەڵ " Armand ئارما"ی جەوانی بۆرژوادا دەبێت بە ئەڤین و، ئارما دەیهێنێت بە مەرجێک واز لە قـەحبەیی بهێنێت و لەگەڵیدا بچێت لە دێ بژین . بـەڵام ئەو لەگەڵ ژنێکی بە ئەو رابـردووە لە دێ بژیت، ئـەوسـا کێ ئـامادەیە خـوشـکی ئـارما بهێنێت ؟ ئیتر بـاوک ئـەوە بە مارگێریت دەڵێت، مارگێریت دەڕوات و قـوربانی بە بـەختیاریی خۆی لەگەڵ ئـارمادا دەدات . دوای مردنی مارگێریت، ئارما و کەسێکی تر لە سەر شانۆ چیرۆکی رەنجی " مارگێریت "، کە کـۆتایی ژیانی زۆر لە تـەنیاییدا دەبێت و، رەنجی ئارما باس دەکەن .

## ئۆژیێ Guillaume Victor Émile Augier (١٨٢٠-١٨٨٩)

ئـۆژیێ، لە تەمەنی هەشت سـاڵیدا ماڵیان چووە پاریس، وەکو باوکی قانوونی خوێند، نـەوەی " پیگۆ لوبرا Pigault-Lebrun "ی نووسەری رۆمان و شانۆ بوو. سەرەتا بۆ شانۆ شیعرییەکانی لە ژێر تەئسیری دولاڤین و پۆنساردا بوو، لە ١٨٤٩ شانۆی شیعریی " گابریێل Gabrielle"ی نووسی کە لەوانەی رۆمانتیکی پێشتری جیاواز بوو، شـانۆی تریشی نووسین، بە شیعر و بە پـەخشان، کە تێدا زۆر لە دنیای واقیعیی کێشـەکانی ژیـاندا بوو . زۆر لە ژیانی کـۆمەڵایەتیی ئەو سـەردەمە لە کاریدا دەبینین : خەڵکی بە تـەماح بەدووی پارەوە، تەڵاق، بەتایبەتی زۆر دژی نێوانی جنسیی ژن یا مێرد لەگەڵ غـەیری هاوسـەریدا بوو . ئەو رێبازە ئـەخلاقییەی زۆریان خۆشەویست دەکرد و رێزی لێ-دەگیرا . لە دوای ١٨٧٨ ئیدی هیچی نەنووسی .

## لابيش Eugène Marin Labiche (١٨١٥-١٨٨٨)

لابيش، له سەردەمی خۆیدا زۆر باوی هەبووە، زۆر خۆشەویست بووە و هێندیک کەس بە جۆرە "مۆلییێر"ێکیان دیتووە . شانۆی"کڵاوی پووشی ئیتالی"ی بەنموونە، دواتر لە چەندین وڵاتان کراوە بە فیلم : تازەبووک و قەوم و قیلەی بۆ زەماوەند بە رێگەوەن بچنە لای زاوا، زاواش بە رێگەوەیە بەڵام ئەسپەکەی لە رێگە کڵاوێکی پووش دەبینێت بەسەر بنەدارێکەوە، پری دەداتێت و دەیخوات . تۆمەز کڵاوەکە هی خانمێکە کە پێشتر دۆستی زاوا بووە و، ئێستاش بە دزیی مێردی هاتووە لە پشت ئەو بنەدارە لەگەڵ پیاوێکی تردا لە ژوانداىە و کڵاوەکەی بەسەر ئەو دارەوە کردووە . خانم و هاوژوانەکەی وەدووی زاوا دەکەون و دەڵێن : دەبێت هەر ئێستا کڵاوێکی وەهامان بدەیتێ ئەینا مێردی خانم زۆر دڵپیسە و ئێستا پرسیار دەکات چۆن و لە کوێ کڵاوەکەت نەما ؟ چیی پێبڵێین ؟ زاوا دەڕوات کڵاوێکی وەهایان بۆ پەیدا بکات، بووکیش و دەستەی لەگەڵیدا لەو کاتەدا دەگەن، وا دەزانن وا زاوا دەیانباتە جێی زەماوەند، ئیدی وەدووی دەکەون . دوای گەشتێکی زۆری بێهوودە بۆ لای فلان و فیسار و ئەو خەلکەش بەدوویانەوە، لە دواییدا خاڵی زاوا دیارییەکەی دەهێنێت کە : کڵاوێکی پووشی وەکو ئەوەیە کە ئەسپەکە خواردبووی، ئیدی بەوە کێشە بە دڵی هەمووان چارە دەکرێت و کۆتایی دێت . شانۆی تریشی هەن کە لەو بابەتەن، بەڵام هێندێکیشیان لەوە جیددیترن و ئاستیان باشترە : La poudre Aux Yeux(خۆڵ دە چاوان) و، گەشتی مسیو پێریشۆPerichon .

## پایلێرۆن Édouard Pailleron (١٨٣٤-١٨٩٩)

پایلێرۆن، بە کۆمێدیی خوو و رەوشتانیکۆمەڵایەتی ناسرا. لە ماڵێکی بۆرژوا بوو، دکتۆری قانوون بوو و، خووی دایە شیعر و شانۆ . یەکەم شانۆی یەک ئاکتی" Le Parasite مفتەخۆر"(١٨٦٠) سەرکەوتوو بوو، بە شانۆی"Le Monde où l'on s'amuse دنیای کە مرۆڤ تێدا کەیف دەکات" زۆر ناسرا .

## ساردوو Victorien Sardou (١٨٣١-١٩٠٨)

ساردوو، لە رووی تواناى کارى شانۆیەوە دەکرێت بە میراتگرى سکریب دابنرێت . زۆر جۆر کۆمێدیى پێشکەشکردوون، بەڵام زۆرتر شتى لە بابەتى مێلۆ دراما، نەک لە شانۆى زۆر جیددیدا.

لە هەمان سەردەمى داهێنانى رۆمانى " **تەبیعى** **Naturaliste** "یدا ( بڕوانە : ناتورالیزم)، ئێمیل زۆلا خۆى و هەڤاڵانى هاوڕێبازى هەوڵی" **شانۆى تەبیعى**"-یشیان دا،بەڵام ئەم جۆرە شانۆیە بە شێوەیەکیسەرەکى پێوەندیى بە"بێک"ـەوەیە :

## بێک Henry François Becque (١٨٣٧-١٨٩٩)

بێک، شانۆنووس، بە لاساکردنەوەى لۆرد بایرۆن ئۆپێرایەکى نووسى ( ساردناپالوس- دوا پادشاى ئەفسانەیى ئاشوورى)، بەڵام بە شانۆکانى ناسرا : میشێل پۆپێر Michel Pauper (١٨٧٠)، باسى کیمیاناسێک و کێشەى لەگەڵ ئەڤینیدا بۆ کچى قۆڵبڕیک، کە کچ حەز لە کەسێکى تر دەکات و چیرۆک بە کارەساتى کیمیاناسى ئەڤیندار کۆتایی دێت کە دەبێت بە ئالکۆلیست و بەوە دەمرێت . ئەوجا : " لێ کۆربۆ Les Corbeaux "(١٨٨٢)، " لا پاریزیەن La Parisienne " (١٨٨٥) و چەندى تر . مەبەستى بێک لە " تەبیعى" رووتکردنەوەى کارى شانۆ بوو لە ئارایشتى کە باو بوو، بە تەواوى بیکات بە ئاوێنەى ژیانى واقیعى : هۆنینەوەى زنجیرەیەک لە کەمترین پارچە ئاکت بۆ چیرۆکى، بێ تەعلیق و فەلسەفە لێدان و خۆ دەرخستن،" tranches de vie قاشەکانى ژیان" وەک هەیە پێشکەش بکات، کە زۆرتر هەر بەدبین و خەمبارانە دەبێت .

## " تياتر ليبر Theatre Libre ی ئاندرێ ئانتوان André Antoine (١٨٨٧)

ئەو تیاترە بۆ پێشکەشکردنی شانۆی جیددیی ئەدەبیاتی دنیا بوو( تۆلستۆی، ئیبسن، هاوپتمان ...)، ئێمیل زۆلا و" تەبیعی"یەکان لەو رێگەیەوە زۆر ناسران و، تەئسیری زۆری بەتایبەتی بۆ دواتر، بۆ بازدان بەسەر شتی" ساردوو"یی لە شانۆگەریدا بوو .

لەو بەینەدا، لەدوای کارەساتی١٨٧٠و کۆمونەوە و، هەر وێرای ئەو" تەبیعی"یانە **شانۆی شیعر**یش زیندوو دەبووەوە :

**دو بۆمیێ Henri de Bomier** (١٨٢٥-١٩٠١) ی هەڤاڵ و هۆگری هوگۆ، ساڵی١٨٧٥ شانۆی شیعریی" کچی رۆلا"ی پێشکەش کرد( کە کوڕی گانێلۆی خاین عاشقی کچی رۆلا دەبێت)، ئەوە بۆ میزاجی ئەوسای جەماوەر زۆر لە شوێنی خۆیدا و زۆر سەرکەوتوو بوو . ئیتر بە دوویدا " **کۆپێ**" و" **ریشوپا** " ش بەرهەمیان هەبوون و، لە سەرووی هەموویانەوە :

## رۆستا Edmond Rostand( ١٨٦٨-١٩١٨)

رۆستا، شاعیر و نووسەر، لەو سەردەمەدا کە تەبیعییەکان باو بوون، ئەو رۆمانتیکی هێنایەوە، رۆمانتیکی نوێ . بە " سیرانۆ دو بێرژیراک Cyrano de Bergerac "ی (١٨٩٧) زۆر بەناو-بانگ بوو، لە شارۆچکەی " بێرژیراک"ی فەرەنسا پەیکەرێکیان بۆ ئەو "سیرانۆ"یەی رۆستا دروستکردووە (هەر لەبەرئەوەی ناوی ئەو شوێنە بەهۆی ئەو کتێبەوە بەناوبانگ بووە، ئەینا هیچ پێوەندییەکی تریان نیە . عارەبییەکەی " المنفلوطي : سيرانو دي برجراك)، ئەوجا L'Aiglon کە ئەو ناونانەی لە پێشنیاری" سارا بێرنارت" خانمی بازیگەری بەناوبانگ بووە : ناوەکە بچووک-کردنەوەی ناوی"هەڵۆ aigle "یە( گچکە هەڵۆ، هەڵۆی بچووک)، کە باسی کوڕی ناپلیۆنی یەکەمە و سارا خانم خۆی دەوری ئەو هەڵۆگچکەیەی تێدا دەبینێت .

له دوای کۆچیدوایی بـالزاک، کۆمەڵێک نووسـەرانی ریئالیسـت، کە دەیانویست درێـژە بە رێبازی بالزاک بدەن، زۆر چالاک بوون و، هەرە لەبەرچاوی ئەوانە :

## شانفلۆری (١٨٢١-١٨٨٩)

## Champfleury /Jules François Felix Fleury-Husson

شـانفلۆری ( لە ١٨٤٦ـەوە بە ئـەو نـاوەی دەنووسی) نـووسـەر و رۆژنـامەنـووس و رەخنەگـرێکی ریئالیسـت بوو . سـاڵی ١٨٣٨ بۆ جـاری یـەکـەم چووە پـاریس . لە رێگەی کاری لە حـەفتەنامەی "L'Artiste"دا، بۆدلێر و، گوستاڤ کووربێ Courbet و دێلاکروا Delacroix (دوو نیگارکیش - لە ریئالیستە بەناوبانگەکانی هونەر)ی ناسین - وێڕای کەسانێکی بێگانەش (سـویسری، ئـەڵمان) . نامەکانی بۆ جۆرج ساند لەو حەفتەنامەیەدا بڵاوبوونەتەوە . ساڵی دوای مەرگی بـالزاک، ماوەیەکی کەم نێوانی عیشقیی لەگەڵ بێوەژنی بالزاکـدا هەبوو .

وێڕای گوتاری زۆری لەبارەی ئەدەبیات و هونەر، کتێبی لە بارەی جۆرێک " چینی"(فەخفووری) و لە بارەی مێژووی پشیلە هەیە ( کە پێغـەمبەری ئیسلام و ریشـیلیو و شـاتۆبـریان چەندە پشیلەیان خۆشویستووە) ." بۆرژواکانی مۆلانشار Les Bourgeois de Molinchart (١٨٥٥) نموونەی رۆمانی واقیعیی جێباسە .

## فلۆبێر Gustave Flaubert ( ١٨٢١-١٨٨٠)

گوستاڤ فلـۆبێر، بە تـایبەتی بە رۆمانی " مادام بـۆڤاری"(١٨٥٦) ئێجگار زۆر بـەناوبانگ بوو و، گەورە نووسـەرانی سـەردەمی خۆی و دوای ئەوەش ددانیان بەوەدا ناوە کە رۆمانێکی زۆر بەرزی رۆمـانتیـکی ریئالیسـتە . مادام بـۆڤاری لە نێوان دێـر و کلیسـا و عیشـقبازان و هـەسـتی وەڕەزی لە

هـەموو شتێک و، هەر جارە راکردن بەدووی شتێکدا کە لای وایە گرنگ و خۆشـە و پێویستییەتی، مێردی بژیشکی نموونەیی بۆ کار و ئەرکی سەرشانی بـەڵام زۆر لە دنیای خـەیاڵ و میزاجی مادام دوور... تا لەدواییدا مادام خۆیدەکوژێت و مێردیش نامەکانی عەشیقانی مادام دەبینێت و لە تەنیاییدا دەمرێت و کچەکەیان، تـاقە منداڵیان، دەچێت لەگەڵ پـووریدا دەژیت، کە دەینێرێت کاری کـرێکاری لە شوێنێک (ئاشێکی پەموو)دا بکات .

ئەو رۆمانە زۆر وەرگێردراوە، پتر لە دە وەرگێڕانیئینگلیسیی هەیە و، پتر لە دە فیلمی لێ دروست کراوە . فلۆبێر گەشتی بۆ میسر کردووە، بۆ بەیرووت( لەوێ تووشی سیفیلیس بووە)، ئەستەمبووڵ، یونـان . بۆ نووسینی" سالامبۆ Salambô "چووەتە قرطاجەی تونس(کە رۆمانەکە لەبارەی سەدەی سێیەمی پێش زاینە). کۆمەڵێک نامە گۆڕینەوەشی لەگەڵ "جۆرج ساند" و"تورگێنیڤ" و کەسانێکی تردا بڵاوکراونەتەوە .

## ئێدمۆن گۆنـکوور (١٨٢٢-١٨٩٦) Edmond Louis Antoine Huot de Goncourt

## و براکەی : ژول گۆنـکوور (١٨٣٠-١٨٧٠) Jules Alfred Huot de Goncourt

برایانی گۆنـکوور، دە ساڵ پێکەوە کاریئەدەبییان کرد، شەش رۆمانیان پێکەوە نووسین، زانیارییان بە زمانی زۆر راشکاوانە دۆکومێنیت کردن . دوای مەرگی ژول، براکەی درێژەی بە کار دا .

ئێدمۆن گۆنـکوور، شێوەی کاری ئاکادیمیی فەرەنسیی بە دڵ نەبوو و، بۆ زیندوو راگرتنی ناوی برا خۆشەویستەکەشی،"ئاکادیمیی گۆنـکوور"ی دامەزراند و، هەموو میراتیشی بۆ ئەو تەرخان کرد .

ئاکادیمیی گۆنـکوور ١٩٠٣ یـەکـەم خـەڵاتی سـاڵانەی ئەدەبیی دەستپێکرد و، لەوساوە گرنـگترین خەڵاتی ئەدەبیی فەرەنسایە .

جیاکردنەوەی ناتورالیزم(تەبیعییەت) لە ئەسڵەکەی کە ریئالیزمە (واقیعییەت) رەنگە هەمیشە هاسان نەبێت . پێ داگرتن لەسەر زانست، دوورکەوتنەوە لە میتافیزیک و رەمزییەت، سەرنج راکێشان بۆ تەئسیرەکانی دەرەوەی هەڵبژار-دنی مرۆڤ( حەتمییەت) و، باسی کەسانی نەخۆش و پەشێو، قسە بە شێوازی کە لە خەڵکێک دەبیسترێت (لەجیاتی داهێنانی وشە)، شکاندنی قەفەسی عەیبە و حەرام و ئەو شتانە لە باسی زانستیی جنس(سێکس)دا، رەخنەی هۆشیارانە لە باسی کۆمەڵایەتیشدا، مەوزووعییەت و دوورکەوتنەوە لە " من..."( باسی شتەکە خۆی بکەن)؛ باسی شتان و شوێنانێک کە هەن، هەر بە لێنۆڕین نەوەستێت؛ هەر وەک چۆن کیمیاییەک لە ئەزموونگەیخۆیدا شت دەئەزموو-نێت، نووسەریش کەسەکانی رۆمان و شانۆی بخاتە بەر ئەزموونەوە .

## ئێمیل زۆلا Émile Zola (١٨٤٠-١٩٠٢)

زۆلا، یەکەم کەسێک بوو کە زاراوەی " ناتورالیزم"ی بەو شێوەیە لە رۆمان و شانۆدا بەکارهێنا و، چەند نووسینی بۆ روونکردنەوەی مەبەستی هەبوون. لە باوکێکی بەئەسڵ ئیتالی بوو کە لە فەرەنسا خەریکی پرۆژەیەکی ئاو بوو و، لەپڕێکدا مرد . ئێمیل زۆلا، سەرەتا کارێکی لە بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەناوبانگی"هاشێت"وەدەستهێنا، لەوێ زۆر فێر بوو و، گوتاری بۆ رۆژنامەکانیش دەنووسی . لەگەڵ مانێ Manetی تابلۆکێشدا بوو بە هەڤاڵ و، هەر لە رێگەی ئەوەوە نێوانی لەگەڵ "مالارمێ"شدا پەیدا کرد . ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، دوو منداڵی لە جلشۆرەکەیان بوو .

ساڵی ١٨٧١ رۆمانی" بەختی(/سامانی) رووگۆ La Fortune des Rougon"ی نووسی، کە بوو بە بناغەیەک بۆ زنجیرەیەک رۆمان کە بەناوبانگیان کرد . لە رۆمانی" کار(بەرهەم) l’oeuvrel" یدا، باسی ژیانی سەختی تابلۆکێشێک دەکات، کە دەبێت پێوەندیی بە ژیانی" سێزان"ی تابلۆکێشەوە

هەبێت . سێزان، کە هەڤاڵی جەوانیی ببوو، لەسەرئەوە هەموو نێوانێکی لەگەڵ زۆلادا بڕی . زۆلا، لە کێشەی تاوانبارکردنی درێفوس Drefus دا بە خیانەت ( جاسووسی بۆ ئەڵمان)، کە زوڵم بوو لەو ئەفسەرە جووە بێگوناهە دەکرا، زۆر چالاک و بە تەئسیر بوو، دژی ئەو زوڵمە بوو کە لەو ئەفسەرە دەکرا، گوتارێکی لە رۆژنامەیەکدا بۆ ئەوە بڵاوکردەوە کە لە کۆتاییەکەیدا ناوی چەند کەسان دەهێنێت و بۆ هەرکامەیان دەڵێت : " من تاوانبار دەکەم J'accuse…! " کە سەرنوو-سەری رۆژنامەکە کردی بە سەردێری نووسینەکە (١٨٩٨) و، ئەوە زۆر بەناوبانگ بوو، زۆلا لە سەر ئەوە سزا درا : سێ هەزار فرانک( کەسێک پارەکەی بۆ دا) و، ساڵێکیش زیندان کە زۆلا پێش پێداچوونەوەی حوکمەکە چووە لەندەن و، دوای ساڵێک ( کە ئیدی بەخشرا )هاتەوە و بە شێوەی قارەمانێک لەلایەن گەلەوە پێشوازیی لێ کرا . ساڵی ١٩٠٢، دووکەڵ خنکاندی، ژنەکەشی بەو دووکەڵە نارەحەت بوو بەڵام فریای خەستەخانە کەوت و چار کرا . بە گوێرەی " فیلیپ بلۆم " ( نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەڵمان)، کرێکارێک ددانی بەوەدا ناوە کە ئەو تەختەیەکی لە دووکەڵکێشی ماڵی زۆلا هاویشتووە، تا تۆڵەی ئەو هەڵوێستەی لە مەسەلەی" درێفوس"دا لێ بکاتەوە .

## گی دو مۆپاسا Guy de Maupassant (١٨٥٠-١٨٩٣)

گی دو مۆپاسا، رەنگە بکرێت ئەو و" چیخۆڤ " بە دوو دامەزرێنەر و گەورەترین نووسەرانی چیرۆکی کورت دابنرێن . لە چیرۆکەکاندا دەبینین چەندە زۆر لە ژێر تەئسیری شەڕی فەرەنسا و پرووسیادا بوو . زۆر هۆگری" فلۆبێر" و وەک شاگردێکی بوو، هەر لە لای ئەویش " زۆلا " و " تۆرگێنێف"ی دیتن . گەمییەکی خۆی هەبوو و، چەند سەفەری کردن، : ئەلجەزائیر و ئینگلستان و ئیتالیا، کە سەفەرەکانی هەمیشە سەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمی‌نوێی بوون. سێسەد چیرۆکی‌کورت و حەوت رۆمان و سێ گەشتنامەی نووسیون و، دیوانێکی شیعریشی هەبوو . یەکەم چیرۆکی کورتی زۆر سەرکەوتوو بوو و پێ زۆر بەناوبانگ بوو: " بوول دو سویف Boule de Swif "

واتە : تۆپی پیو، کە زۆر وا بووە بە " کفتە "وەرگێردراوە، تۆپە چەورییەکی چێشت و، لێرەدا ناوێکی" ئەلیزابێت " خانمێکی قەحبەیە . چیرۆکەکە ساڵی ١٨٨٠ لە بارەی شەڕەکانی ١٨٧٠ نووسراوە :

لە سەردەمی شەڕی نێوان فەرەنسا و ئەڵمان ( پرووسیا )، دە کەس لە عارەبانەیەکدا بە ڕێگەی سەفەرەوەن، نوێنەرانی چین و توێژە جیاوازەکانی فەرەنسان : چینی ناوەند، سەرمایەداری سەروو (خاوەن کارگە)، نەجیبزادە، راهیبە، دیموکراتی کۆمارخواز و ئەو پارچە خانمە کفتەیەش .
زۆر باس دەکرێنەوە، هەر کام لەوانە لە روانگەی بەرژەوەندی چینایەتیی‌خۆیەوە دەدوێت . سەرەتا هیچ گوێ بە کفتە نادەن، قەحبەیەکی سووکە و هیچی تر . بەڵام کە برسییان دەبێت و کفتە خانم سەبەتەیەک خۆراک دەکاتەوە و فەرموویان لێ دەکات، هەموو دەکەونە سەر خواردن و، جارێ هەڵوێست دەگۆڕن . دوای بڕینی ڕێگەیەکی زۆر، دەگەنە خانێک لەسەر ڕێگە، ئەوسا دەبینن کە بە هەڵە چوونەتە ناو قەڵەمڕەویی هێزی‌ئەڵمانەوە . سەرباز و ئەفسەری‌ئەڵمان لە خانەکەن . ئەفسەری ئەڵمان دەڵێت کە دەبێت ئەو کفتە خانمە جارێک خۆیم پێشکەش بکات، ئەینا ناهێڵم بڕۆن . کفتە، هەرچەندە کارەکەی بریتییە لە خۆپێشکەش‌کردن بە پیاوان، بەڵام لێرەدا پیاوەکە بێگانە و داگیرکەرە و، ئەو قەت ئامادە نیە خۆی بە بێگانە و داگیرکەر بفرۆشێت . یەک بە یەکی هاورێگەکانی تکای لێ دەکەن کە قەبووڵی بکات و خۆی لە پێناوی بەرژەوەندی سەلامەتیی هەموویان بۆ جارێک پێشکەش بە ئەو ئەفسەرە ئەڵمانە بکات، تەنانەت دوو راهیبەکەش و تاقە دیموکراتە کۆمارخوازەکەش هەمان ئامۆژگاریی کفتە خانم دەکەن، کە ئەویش ئیتر لەدواییدا ملیان بۆ دەدات و، دەچێتە لای ئەفسەرەکە . ئەفسەر ڕێگەیان دەدات بڕۆن، وە ڕێ‌دەکەون، ئەمجارە ئەوان بۆ خۆراکی خۆیان فەرموو لە کفتە خانم هیچ کە ناکەن، بە سووکی سەیری‌دەکەن . چیرۆک بە شین و رۆڕۆی کفتە خانم کۆتایی دێت .

گی دو مۆپاسا، یەکەم مانگی ١٨٩٢ بە چەقۆیەک لە ملی خۆی دا، پێی نەمرد بەڵام ئیفلیج بوو و ساڵ و نیوێک دوای ئەوە مرد ( بە سیفیلیس، رەنگە شیزۆفرینیش بووبێت) .
گی دو مۆپاسا یەکێک بوو لە ٤٧ نووسەر و هونەرمەندی ناودار(زۆلا، ئالیکساندر دوما و... ئیدی) کە بەشێک بوون لە کۆمیتەیەکی سێسەد کەسی(ژمارەی میترەکانی بەرزیی بورجی ئێفێل) کە دژی دەستپێ‌کردنی بینای ئەو بورجە (بە بۆنەی سەد ساڵەی یادی شۆڕشەوە) بوون .

## فابر Ferdinand Fabre (١٨٢٧-١٨٩٨)

فابر، زۆر لە باسی زێدی خۆی (سێڤێن) و موحیتی کلیسا(Mon Oncle Cilèstin)شیدا دەبینین . تیۆدۆر دوبوا ئۆپێرای Xavière ی بە ئیلهام لە رۆمانی بە هەمان ناوی نووسینی فابر داناوە .

## ویزما(هەوسمان) Charles-Marie-Georges Huysmans (١٨٤٨-١٩٠٧)

ویزما، لە دایکێکی فەرەنسی و باوکێکی هۆڵەندی، لە پاریس لەدایکبوو . سەرەتا لەگەڵ ئەو دەستەیە بوو کە بە " l'école de Médan" دەناسران، تاقمێک بوون لە ماڵی زۆلا لە شارۆچکەی "مێدا " کۆدەبوونەوە ( ئێستا مووزەیە) و چەند کتێبی نووسی کە هیچ سەرکەوتوو نەبوون، ئەوجا رووی کردە باسی ئەهریمەنناسی و جادووگەری و ئەو شتانە، ئیدی زۆر بە کتێبی " À rebours" ی ناسرا ( پێچەوانەی داهاتنەوەی ئاسایی، پێچەوانەی تەبیعەت ... ئیدی، وشەی ئینگلیسیی بۆ نیە)، کە دەیەوێت بڵێت چەندە بە دنیای ئەو خەڵکە "دەبەنگ و کەللە ئەستوورە " بەدبینە . لەدواییدا هەر بە لای تەسەووف و ئاین و ئەو شتانەیدا شکاندەوە .

## دۆدێ Alphonse Daudet (١٨٤٠-١٨٩٧)

ئالفۆنس دۆدێ ی شاعیر و رۆماننووس (" ژولیا "ی ژنی و، دوو کوڕی : لوسیا و لیۆ، ئەوانیش هەرسێکیان نووسەر بوون)، ماوەیەک مامۆستای خوێندگە بوو و، دوای ئەوە رۆژنامەنووس، ئەوجا بوو بە یەکێک لە سکرتێرەکانی مۆرنی ( نیوە برای زۆر بەدەسەڵاتی ناپلیۆنی سێیەم) و تا مەرگی مۆرنی(١٨٨٥) هەر لەسەر ئەو کارە بوو؛ پادشاییخواز و دژی کۆمار و دژی جوو بوو . رۆمانی " شتە بچووکەکە Le Petit Chose "(١٨٦٨) زۆرتر باسی ژیانی خۆیەتی، رۆمانی " فرۆمۆی جەوان و ریسلێری بەتەمەن Fromont jeune et Risler aîné"(١٨٧٤) زۆر بەناو-بانگی کرد . لە زۆر مەیدانیدا نووسیوە، زۆر لە ژێر تەئسیری" چارلز دیکنز "ی ئینگلیسدا بووە و بەو بەراورد کراوە . بە راست و چاپ،هەر لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە خەریکی کچان بووە،رەنگە یەکێکی لە دڵبەرانی هەڤاڵەکانی خۆی نەهێشتبێتەوە کە لەگەڵیدا جووت نەبووبێت، یەکێک لە

دەستەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی ئەو سەردەمە بوو کە بە دەست سیفیلیسەوە ناڵاندوویانە .

ئەوجا، هەر لە کۆتایی سەدەدا، نووسەرانێکی واقیعی بەڵام بە ڕێگەی تایبەتی خۆیان، وەک :

## فوییێ Octave Feuillet (١٨٢١-١٨٩٠)

فوییێ، حەساسبوونێکی زۆری لە باوکێکی کەم ئەندام بە میرات پێگەیشت، بە ڕۆمانی" پیاوێکی جەوانی هەژار"( دواتر بە شێوەی شانۆش) بەناوبانگ بوو، کە مارکیزێک تێدا دەکەوێتە سەر هەژاری و بۆ ماڵە دەوڵەمەندێک کار دەکات، مارگێریتخانم دەبێت بە تاقە میراتگری مڵک و ماڵی دەوڵەمەندەکە . دوای ئەوەش ڕۆمانی تری هەمان ئاریستۆکراتانە و ناوەرۆکی ئەخلاقیی نووسین .

## فرۆمانتا Eugene Fromentin (١٨٢٠-١٨٧٦)

فرۆمانتا، تابلۆکێش و نووسەر، بە ڕۆمانی" دۆمینیک"(١٨٦٣)ی زۆر بەناوبانگ بوو، کە زۆرتر هەر گێڕانەوەی چیرۆکی ئەڤینی خۆیەتی، چۆن لە منداڵییەوە حەزی لە مادلین خانمێکی دۆستی هەڤاڵێکیکردووە، کە دەبوو نێوانیلەگەڵدا ببڕێت . گەشتنامە(بۆ ئەلجەزائیر، میسر) و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی نووسیون .

## بوورژێ Paul Charles Joseph Bourget(١٨٥٢-١٩٣٥)

بوورژێ، شاعیر و نووسەری ڕۆمان و شانۆ،سەرەتا بە شیعری لە پارناسییەکان(هونەر بۆ هونەر) بوو . ئەوجا لە ژێر تەئسیری بالزاک بوو و، قووڵبوونەوەی سایکۆلۆجی لە ڕۆمانیدا دەبینین . لە ژێر تەئسیری" تێن"دا تەواو ڕووبەڕووی ناتورالیستەکان بووەوە . بە ڕۆمانی " شاگردەکە Le Desciple "ی زۆر بەناوبانگ بوو . چەند لێکۆڵینەوەی لە بارەی سایکۆلۆجی لە نووسینی بۆدلێر و ستاندال و... چەندێکی تردا هەبوون . لە هەرە دواییدا بووەوە بە کاتۆلیک و ئاینی و محافەزەکار و هێندێک شانۆی بەو ڕووحە نووسین . ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی بوو .

## ئاناتۆل فرانس (١٨٤٤-١٩٢٤)

## Anatole France (François-Anatole Thibault)

فرانسوا- ئاناتۆل تیبۆ، نووسەریگەورە، کوڕی کتێبفرۆشیک بوو کە دووکانەکەی ناوی" کتێبفرۆ- شیی فرانس ( فەرەنسا )" بوو، ئەویش دەچوو لە دووکانەکە یارمەتیی باوکی دەدا، ئیتر دوایی بەو جۆرە ناوی دووکانەکەی باوکی وەدووی ناوی خۆی خست . ساڵی ١٨٩٦بوو بە ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی و، ساڵی ١٩٢١خەڵاتی " نۆبل "ی بۆ ئەدەبیات وەرگرت و، ساڵی دوای ئەوە کلیسای کاتۆلیک کتێبەکانی حەرام کرد، چونکە جۆرێک گاڵتەپێکردنیعەقیدەی خۆی تێدا دەدیت .



ئاناتۆل فرانس

ئاناتۆل فرانس مرۆڤێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز بوو، جۆرێک ڤۆلتێری سەردەمیخۆی بوو و گاڵتەی بە " زوهد و تەقوا" و ئەو جۆرە قسانە دەهات( بەنموونەی ئەوە : من یەک - دوو لاپەڕەم لە " تاییس"ی وەرگێڕاوە، لەم کتێبەمدایە : هەڵدانەوەی چەند کتێب و گۆڤارێکیش- ٢٠١٧) تاییس کراوە بە ئۆپێراش . ئاناتۆل فرانس پتر لە بیست ساڵ نێوانی عیشقیی لەگەڵ مادام " ئارما دو کایاڤێ" دا هەبوو( کە لە سالۆنی ئەدەبیی بەناوبانگی مادام لیدی ئۆبێرنۆ Lydie Aubernon وە ناسیبووی) . سەرەتای ئاناتۆل فرانس بە نووسینی شیعر و رۆژنامەنووسی بوو(پارناسی سەردەم) .

ئەوجا رۆمانی " تاوانی سیلڤێستر بۆنار" زۆری بەناوبانگ کرد، ئاکادیمیی فەرەنسی بۆ ئەوە خەڵاتی کرد . لە کێشەی " درێفوس"ی جوودا، بە گەرمی پشتگیریی لە درێفوس کرد . بە رۆمانی " خوداکان تینوون Les dieux ont soif " رەخنە لە خوێنرێژیی سەردەمی رۆبسپێر دەگرێت .

ئاناتۆل فرانس، هەر جۆرێک " فەرەنسا "ی سەردەمی خۆی بوو بۆ دنیای دەرەوە، کەسێک باسی هەر کام لەو دووانەی بکردایە، ناوی ئەوەکەی تریشی لەگەڵدا دەهات . من خۆم " تاییس"م پێ جوانترین کتێبی سەرتاسەری ئەدەبیاتی فەرەنسییە ( کە زاهید تاییس خانمی سەماکاری کابارێکانی شەو قەناعەت پێدەکات ببێت بە راهیبە، کە بوو بە راهیبە، ئەوجا خۆی حەزی لێ دەکات و دەیەوێت ببێت بە عەشیقی!) . بە دەگمەن دێڕێک لەو کتێبەدا هەیە کە دوو مانای " ئیمان و کفر"ی وێکڕا تێدا کۆ نەکاتەوە، کە دەیخوێنمەوە دەبینم بە رواڵەت ئەوپەڕی ئیماندارییە بەڵام لە پڕێکدا لە پێکەنین‌دەدەم کە دەبێت کام دیوی قسەکەی مەبەست بێت، من ئەو وەستاکارییەیم لەوەدا لە نووسینی هیچ کەسێکی تردا نەدیتووە .

## پییێر لۆتی (١٨٥٠-١٩٢٣)

## Pierre Loti (Louis Marie-Julien Viaud)

پییێر لۆتی، نازناوێکی نووسەر کە لە " تاهیتی "یەوە هێناویە، گوایا بە شێوەی ئەوێ بە " رۆتی"ی بە مانای " گوڵی سوور"ە، لەوێ وایان گوتووە . ئەویش وەکو باوکی هەر لە سەر کەشتی کاری کردووە و دنیا گەڕاوە و، رۆمانەکان و چیرۆکەکانی لەو گەشتانەیەوە هەڵێنجاوە : تاهیتی، ژاپۆن، تورکیا، مەغریب... ئیدی . رۆمانی" زەماوەندی لۆتی Le Mariage de Loti" زۆری بەناوبانگ کردووە . مووسیقای"لاکمێ"(لە"لاکشمێ"ی ئالیهەی سامانی هیندوو)ی لیۆ دولیب لەو وەرگیراوە . " رۆمانی سپاهییەک Le Roman d’un Spahi" باسی سەربازێکە لە سێنیگال و، زۆر رۆمان و چیرۆکی کورتی هەن . کاتێک ئەندامێتیی ئاکادیمیی فەرەنسیی وەرگرتووە گوتوویە : لۆتی خوێند-نەوە نازانێت Loti ne sait pas lire " بەڵام دوایی دەرکەوتووە کە زۆر کتێب دە ماڵیدا هەبوون .

ماڵەکەی(خانووی میراتیباوکی) بە مزگەوت و حوجرەیەکی دێر و ژوورێکیعارەبیش رازاندووە-تەوە، کە ئیتر بووە بە مووزە .

## ژول ڤێرن Jules Gabriel Verne (١٨٢٨-١٩٠٥)

ژول ڤێرن، شاعیر و نووسەری رۆمان و شانۆ، بە نووسینی زنجیرەیەک " گەشتانی نائاسایی" : بە دەوری دنیادا بە هەشتا رۆژ( ١٨٧٢)، گەشتێک بۆ ناوەندی زەوی (١٨٦٤)، بیست هەزار میل لە ژێر دەریا (١٨٧٠)، دوورگەی مەرمووز(١٨٧٥) و ... ئیدی، زۆر بەناوبانگ بوو و ئێجگار زۆر وەرگێردراوە و بەرهەمی کراون بە فیلم . فەرەنسا ساڵی ٢٠٠٥ ی بە بۆنەی تێپەڕینی سەد ساڵ بەسەر مەرگیدا بە ساڵی ئەو (ساڵی ژول ڤێرن) راگەیاند .

## توریێ André Theuriet (١٨٣٣-١٩٠٧)

توریێ، شاعیر و نووسەر، بە وەسفی ژیانی دێ و دارستانی، زۆر سەرکەوتوو بوو . چەند خەڵاتی وەرگرتوون و، ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی بوو .

### مۆریس بارێس Maurice Barrès (١٨٦٢-١٩٢٣)

مۆریس بارێس، نووسەری رۆمان و رۆژنامەنووس و سیاسی(نەتەوەیی بوولانژیست لە دژی ئەڵمان)،" Les Déracinés لە ریشە هەڵکێشراوەکان"ی زۆر ناسراوە؛ هەڵوێستی سیاسیی بە پێچەوانەی زۆلا دژی درێفوس بوو .

نـاپلیۆن و" بارا Barras"ی- سەرەتا- بەکارهێنەری جۆزەفین (ژنی ناپلیۆن) و زۆر خانمی تر( بە پارە) و دەوروبەریان و تا دەگاتە سەربازێکی سادەی لەشکری فەرەنسا، لە لیبەرتین رۆچووبوون . ئەوانەی سـەروو، خـۆیان وخوشـک و بـرا و هـەموو دەوروبەریان، دەسـەڵاتیان بۆ ژیـانی جنسیی سـەیری خـۆیان بەکاردەهێنا : خوشـکی نـاپلیۆن - بەنموونە - بە ناوێکی ساختەی" ئـامێلی" کەیفی لەگەڵ پیاوی غـەریبدا دەکـرد و، کە لە پیاوەکە ئـاشـکرا دەبـوو، پیاو دەگیرا و شـکەنجـە دەدرا و لە پـایتەخت دوور دەخرایەوە . ئـەو خانمەی بە پـارە رازی نـەبوایە، بە زۆر دەیانـگرت و دەیانبـرد و بەکاریاندەهێنا . لیبەرتین لە دەوڵەتـداریی ئیدارەی وڵاتدا شـڵپەی دەهات . ئـەوانەی خـوارووش، لە سـەربازخانەکان و خێوەتانی لەشـکردا، کاتی زۆر خـەریکی " ئـۆرگی" بوون . حەتمەن ژمارەی قـەحبەکان لە فـەرەنسـا زۆر لەوەی پێش شـۆڕش پتر بوو . ئـەوەش هـەموو لە دنیای چـاپەمەنی و ئـەدەبیاتدا رەنگیدەدایەوە و، تا دەهات پتر دەبوو . سـەرچاوەیەک (لوی پێرسۆ) ناوی ٢٦ نووسینی لیبـەرتینی نیوەی یـەکـەمی ئەو سـەدەیە دەبات، بـەڵام بۆ نیوەکەی دووەمی نـاوی نیـزیکەی حـەوت ئەوەندە نووسین دەنووسێت . شیعر و گۆرانیی جنسی، بیرەوەرییە نهێنییەکان ( گوایە هی پـادشایان و ژنـەکانیان و نـەجیبزادانی تر بوون) و، زۆری تر، هەر بەنموونە : Madame Potiphar مادام پۆتیفار(کە ساڵی ١٩١١فیلمی لێ دروستکراوە) باسی ژیانی"مادام پۆمپادوور" دەکات .

هەڵبژاردەی چەند ناوێک لە ئەدەبیاتی لیبەرتینی ئەم سەدەیە هەر بە نموونە :

" منداڵی قـەحبەخانە"ی پیگۆ- لیبرا؛ " گـەوجـە ئیسـپانییەکە "ی" لو سیتاتۆر"ێـک، کە زۆر دژی کلیسا بوو و، لە کاتێکدا بوو کە نـاپلیۆن کێشەی لەگەڵ کلیسادا هەبوو، ئیتر ناپلیۆن بە ژمارەی زۆر بە چاپ و بڵاوکردنەوەی دا؛ " ئامێلی سان - فار یا هـەڵەیەکی کوشـندە " و" ژولـی یا گوڵەباخەکەم رزگار کرد"ی- رەنگە- ژان- پییێر بلانش؛ زۆر رۆمان و چیرۆکی کورت و شانۆی ڤیلار Henry Gauthier-Villars کە چەندین ناوی بەکارهێناوە و لەوانە زۆرتر"ویلی Willy"؛"سێریفێس"ی لوی پرۆتا Protat ؛ " تیاتری ئێرۆتیکی رو دو سانتێ " باسی شـانۆی چـەندین کەس؛ رۆمانەکانی شارل پۆل دو کۆک de Kock؛ " کچە ئامۆزاکانی ژنی کۆلۆنێل "( بە ناوی سـاختەی خـانمێـک - ١٨٨٠ )؛"رۆمانی ڤیۆلێت"ی "مانووری دێکتۆ d'Ectot"(هاوجنسگەرایی ژن)؛ نووسینی مارسێل پرێڤۆ Prevost ی ئەندامی ئاکادیمیی فەرەنسی؛ نووسینی " ژاک - ئانتوان دولۆر" Dulaure "ی مێژووناس لەبارەی ئامێری جنسیی پیاو لە ئاینە جیاوازەکاندا؛ " فیزیۆلۆژیی شەوی یەکەمی چوونە پـەردەوە "ی " ئـۆکتاڤ دو سانتئێرنێس "؛ " بیرەوەرییەکانی پیرەمێردێکی بیستوپێنج سـاڵان " .

# ئەدەبیاتی فەرەنسیی سەدەی بیست
# سەدەی سوریالیزم و وجوودییەت

زۆرتر وا بووە، لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، زاراوەی"سەردەمی جوان La Belle Époque"، بۆ ئەدەبیاتی فەرەنسیی ماوەی نێوان١٨٧٠ و ئەو شەڕە بەکارهاتووە .

ئەوروپا لەو ماوەیەدا بێ شەڕ بوو و، هەر گوڵیدەکرد، شار دەبووژانەوە، هەر لە " بورجی ئیفێلی لە ئەفلاکە " و میترۆی ژێر زەوی و پیشانگای جیهانییەوە تا ئەو هەمووە وێستگە گەورانەی قەتار، ئەو هـەمووە ئـاوەدانکردنەوەیە لە کەناری دەریا، ئەو هـەمووە کۆشک و تەلار و زنجیرە هوتێلانە، هەر وەک شارستانییەت پێشتر لە شوێنێک لە خەوی زستانیدا بووبێت و وا لە پڕێکدا بووبێتە بەهار و لە خەو هەستابێت، هەمووی لە هەموو کون و قوژبنێکەوە سەری دەرهێنا و دنیا ژیایەوە :

زانسـت بازی دەدا و هەر رۆژە داهێنانی نوێ هـەبوو، کامیرا و سـینەمای نوێ و جۆرەها مەکینەی نـوێ و هۆیەکانی هـاتوچۆ، زۆر وەرزش، مووسـیقا و یـەک دنیا مۆدەی نـوێ لە نیزیکەی هـەموو شتێکدا باوی پەیدا دەکرد، چینی ناوەند دەوڵەمەندتـر دەبوو و، سیاحەتگەری و دەوڵەمەندیی فەرهەـنگی وێـرا دەهات . بووژانـەوەی هونـەر و ئەدەبیاتیش نەدەکرا مەگەر هەر بەشێک بوایە لەو سەرـدەمە جوانە .

کێشەی سیاسی لە ئەوروپا هەبوون و، لە ژێرەوە دەکوڵین، بەڵام ئەو کێشانە لەو ماوەیەدا هێشـتا لە شـەڕی چـەکداری و تـەقـە و وێـرانکاری دوور بـوون و، پێشی ژیـان و ئـاوەدانــی و پێشکەوتنیان نـەدەگرت؛ وەک مێژوونـووسێکی فەرەنسی( پییێر گاکسـۆت) دەڵێت : سـەدەی نـۆزدە تا رۆژی ٤ی ٨ی١٩١٤(هێرشیئەڵمانیا بۆ سەر بەلجیکا) بوو، کە چوار رۆژیش پێش ئەوە، نووسەر و خـەتیبی سـۆسیالیستی فەرەنسیی دژی شـەڕ" ژان ژۆرێس" تیرۆر کرابوو . شـەڕی نگریس هات و هەموو شتی گۆڕی و بە زیانی هەموو لایەک شکایەوە .

**ئەدەبیاتی کە لەم سەردەمە جوانەدا** زۆر بەدەستەوە بوون : زۆلا، مۆریس بارێس، شارل مۆراس، رۆما رۆلا، شارل پێگی، ئاناتۆل فرانس، مالارمێ، ویزما(هەوسمان)، ئاندرێ ژید، ئێمیل فێرهارن ( شاعیری فەرەنسیی بەلجیکی )، پییێر لوویی ( شیعری هاوجنسگەرایی ژن)، مۆریس ماتەرلینک (شاعیر و نووسەریفەرەنسیی بەلجیکی- خەڵاتینۆبل بۆ ئەدەبیات١٩١١)، ڤیکتۆر سێگالین، بلێس

سێندرار، پۆل ڤالێری، ئالفرێد ژاری، ژۆرژ فێدۆ، ژۆرژ کۆرتولین، ئالا فوورنیێ، ڤالێری لاربۆ، لوی ئێمۆ( رۆمانەکەی لە کەنەدا)، ئۆکتاڤ میربۆ .

**لە شەڕی یەکەمەوە تا ساڵانی چلەکانی سەدە،** وێڕای هێندێک لەوانەی پێشتر، ئەمانە دەچوونە ئەدەبیاتی فەرەنسییەوە :
پۆل کلۆدێل، فرانسوا مۆریاک، ژولیەن گرین ( ئەسڵ ئەمریکایی )، ژۆرژ بێرنانۆس، ژان ئانوی، ژان ژیۆنۆ، رۆژێ مارتا دو گار( خەڵاتی نۆبل ١٩٣٧)، ژۆرژ دوامێل، ژان ژیرۆدوو، ئانری دو مۆنتێرلا، ئانتوان دو سان ئیکسوپێری، رایمۆ رادیگێ، کۆلێت، سان- جۆن پێرس (خەڵاتی نۆبل ١٩٦٠)، مارسێل پرووست، ئاندرێ ژید، سێلین، سارتر، ئالبێر کامو، ژان کۆکتۆ، تریستا تزارا ("زارا"ی رۆمانی)، ئاندرێ بریتۆ، بانژاما پێر، لوی ئاراگۆ، ژول سوپەرڤیێل(شاعیر ونووسەری فەرەنسیی ئوروگوای) .

**لە ساڵانی سییەکانەوە و تاکو شێستەکانیش** : وجوودییەکان : سارتر، دو بۆڤوار؛ فرانسواز ساگان و، ئالبێر کامو و، سوریالیستەکان؛ نوڤۆ تیاتر : ئانتوانا ئارتۆ، ئالفرێد ژاری ( بەلجیکی )؛ نوڤۆ رۆمان : ناتالی سارڕۆت ( بە ئەسڵ جووی رووس)، ئالا رۆب - گریێ، میشێل نوتور، مارگێریت دوراس، کلۆد سیمۆن، مارسێل ئێمێ .

**لە نیوەی دووەمی سەدەدا** : جگە لە بەرهەمی هەمان وجوودییەکان، نوڤۆ تیاتر، نوڤۆ رۆمان :
ئانری شاریێر، بێرنار کلاڤێل، ئانری ترۆیا (بە ئەسڵ رووس)، ژان- ماری گوستاڤ لو کلێزیۆ (خەڵاتی نۆبل ٢٠٠٨) ، ژان پاتریک مۆدیانۆ( خەڵاتی نۆبل ٢٠١٤)، میشێل تورنیێ، کریستیان رۆشفۆر، کلێر ئێتشوریلی، رایمۆن کونۆ، ، فێمینیست : دۆمینیک رۆلا، بینوات گرول؛ ئێمێ سێزێر( دوڕگەی" مارتینیک "ی فەرەنسی)؛ پۆست مۆدێرنیست : میشێل فووکۆ، رۆلا بارت؛ زۆر بەرهەمی دنیای زانست و فەلسەفە و مێژووو کۆمەڵناسی و زمانەوانی .

## پۆل ڤالێری (١٨٧١-١٩٤٦)

## Ambroise Paul-Toussaint-Jules Valéry

پۆل ڤالێری، شاعیر و نووسەری گوتار و فەیلەسووف . لە جەوانیدا دەبێتە دۆستی مالارمێ و ئاندرێ ژید و، لە ١٨٨٨-١٨٩١شیعری رەمزی دەنووسێت و لە رۆژنامەکاندا بڵاودەبنەوە .
لە وەزارەتی شەڕ دەستی لە کارێک گیر دەبێت، لە ١٩٠٠تا١٩٢٢ لە وەکالەتێکی دەنگوباسان کار دەکات و، ناو بە ناو شتێک لە دەفتەرێکدا دەنووسێت، کە ئەوانەشی دوای ژیانی خۆی چاپکراون ( کە زۆرتر باسی فیزیا و ریازیاتە، تێدا رەخنەی توندیش لە زمانی رۆمانی رۆماننووسەکان دەگرێت) . بە مەرگی مالارمێ (١٨٩٨) بۆ نیزیکەی بیست ساڵ وازی لە نووسینی شیعر هێنا، تا ساڵی١٩١٧ بە هاندانی" ئاندرێ ژید" دیسان دەستی بە دانانی شیعر کردەوە . ساڵی ١٩٢٥ بووە بە ئەندامی ئاکادیمییفەرەنسی و، هێندێک جار نوێنەری فەرەنسا بووە لە هێندێک کۆبوونەوەی نێونەتەوایەتیدا(کاری فەرهەنگی لە عوسبەی نەتەوەکان بەنموونە) . ساڵی١٩٣١ ئەنستیتویەکی خوێندنی فەرەنسی لە " کان Cannes " دامەزراندووە کە ئێستاش هەیە . لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، ئامادە نەبوو هاوکاریی حکومەتی فیشی (ی سەر بە ئەڵمانیای داگیرکەر) بکات و لە سەر ئەوە لە زۆر لە وەزیفەکانی دەرکرا. چەند حەفتەیەک دوای کۆتایی شەڕیجیهانی، کۆچیدوایی کرد و، بە فەرمانی شارل دوگۆل بە مەراسیمی رەسمیی ناشتنی گەورەپیاوێکی نەتەوە نێژرا .
شیعرێکی پۆل ڤالێری :
سیلف ( رووحێک دە هەوادا بەگوێرەی Paracelsus ١٤٩٣-١٥٤١)

نە دیتراو نە ناسراو
من عەترم
زیندوو و مردوو
لە "با"دا هاتوو

نە دیتراو نە ناسراو
بە رێکەوت یا بلیمەتی
هەر بە حاڵ هاتووم و
کارم تەواو بوو

نە خوێندراومەوە
نە لێم تێگەیشتوون
باشترین هۆش
چ بە هەڵە گفتیان دا

نە دیتراو نە ناسراو
کاتی مەمکێکی رووت
لە نێوان دوو کراسدا

# مارسێل پرووست (١٨٧١-١٩٢٢)

# Valentin Louis Georges Eugène Marcel Proust

مارسێل پرووست، نووسەری رۆمان و گوتار و کریتیک . باوکی، مامۆستایەکی ناوداری بژیشکی بوو و، زۆر کاری بۆ قەڵاچۆکردنی کۆلێرا لە فەرەنسا کرد . دایکی، لە ماڵێکی دەوڵەمەندی جوو بوو . لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە ئاسما( تەنگەنەفەسی، رەبو)ی هەبوو و، مەرگیشی هەر بە " نێمۆنیا" ( ذات الريه) بوو .



مارسێل پرووست ١٩٠٠

مارسێل پرووست، بە حەوت بەرگ رۆمانی" À la recherche du temps perdu گەڕان بە دووی کاتی لەدەستچوو" ( نووسین ١٩٠٦-١٩٢٢، چاپ و بڵاوکردنەوە ١٩١٣-١٩٢٧) زۆر بەناوبانگ بوو . هەر بەرگە ناوێکی هەیە، لە بەرگی دووەمی ئەو کتێبەیدا ( کە ساڵی ١٩١٩ خەڵاتی کۆنکووری بۆ ئەوە وەرگرت) باسی دێیەک دەکات کە بە منداڵی چووەتە ماڵی پووری لەوێ، دێی" ئیلیێ Illiers|، بەڵام ئەو لە رۆمانەکەیدا بە کۆمبرێ Combrayی ناو دەبات، ئیدی خەڵکی دێیەکە لە یادکردنەوەی سەد ساڵەی لەدایکبوونی نووسەردا ناوی دێیەکەیان کرد بە ئیلیێ-کۆمبرێ .

رۆمانەکە وا داڕێژراوە وەک نووسەر چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە : بە منداڵی، حەزی کردووە ببێت بە نووسەر، بەڵام ئیتر سەرقاڵیی ژیانی دنیا ئەوەیان لە بیربردووەتەوە . تا دوای ئەزموونی زۆری دەگەڕێتەوە سەر نووسین، دوا بەرگی : دنیای دۆزراوەوە، یا وەدەستهێنراوەوە . ویستوویە بە شێوەی کە خۆی جوانی دیتووە بژیت، نەک وەدوو کڵیشەی ژیانی خەڵک بکەوێت :

تۆ سەیری ئەو منداڵە بکە کە دەچێتە سەر جێگا، لە جیاتی ئەوە کە بەعادەتی ئاسایی درێژ ببێت، لە سەر جێگاکەی هەڵدەبەزێتەوە . ئەوەی کە ئێمە هیچ شتێکی تایبەتی لەو جێگەیە جگە لە رۆتینی لەسەرخەوتن لێ وەدەست ناهێنین، ئەو کەیفێکی تایبەتیشی بۆخۆی لێ دەخولقێنێت . بە هەمان شێوە، ئێمە کە بە رێگادا دەڕۆین، خۆمان لە چڵپاوی رێگا لادەدەین، بەڵام منداڵەکەمان بە چ کەیفێکەوە دەچێت تێدا هەڵدەبەزێتەوە ... ئێمە پێش ئەوە لە دیتنی شتی نوێ بگەڕێین پێویستمان بە لێنوڕین بە چاوێکی تر لەو شتانە هەیە کە لەبەردەممانن .

رەنگە درێژترین رۆمانێک بێت کە قەت نووسرابێت . نووسەر دەچێتە زۆر وردەکاریی رووحی کەسێکەوە کە دەڵێت " من "، بەڵام باسی رووحی مرۆڤە بەگشتی . هەرچەندە باسی کەسانێکی "هۆمۆ"ی دەوروبەریش دەکات، بەڵام ناڵێت کە خۆی هۆمۆ بووە، ئەوەی هەر لای چەند هەڤاڵێکی کەمی ( کە " ئاندرێ ژید " یەکێک بووە لەوانە) درکاندووە .

## رۆما رۆلا Romain Rolland ( ١٨٦٦-١٩٤٤)

رۆلا، لە ماڵێکی کاتۆلیک بوو، بەڵام زوو نێوانێکی ئەوتۆی لەگەڵ کلیسای کاتۆلیکدا نەما . حەزی دەکرد مووسیقا بخوێنێت و ببێت بە مووسیقار، بەڵام دایک و باوکی رێگەی ئەوەیان نەدا . مێژوو و فەلسەفەی خوێند بەڵام بەهۆی بیری ئازادی لەگەڵ دەوروبەری نەگونجا و، چوو دوو ساڵ لە رۆما مایەوە، لەوێ بە هۆی دۆستایەتیی لەگەڵ خانمێکی نووسەری ئەڵمان، " مالڤیدا ڤۆن مایزونبورگ" کەوتە ژێر تەئسیری دوو هەڤاڵی ئەو خانمە : نیتچە و ڤاگنەر . یەکەم شانۆشی هەر لە رۆما نووسی ( ئامپێدۆکل و ئۆرسینۆ) . ساڵی ١٨٩٥ لە فەرەنسا دکتۆراکەی لە بارەی تیاتر و ئۆپێرا وەرگرت . هەرچەندە بیرورِاشیان جیاواز بوون، بەڵام لەگەڵ " شارل پێگی"دا هەر زۆر دۆست مانەوە . لە نێوان ١٩٠٤ و ١٩١٢دا دە بەرگ ژیننامەی کەسێکی بە ناوی" ژان کریستۆف" نووسی، کە " بێتهوڤن" ی تێدا لەبەرچاو بوو . هەر لە یەکەم بەرگییەوە، ساڵی ١٩٠٥ خەڵاتی " فێمینا "ی ژنانی لەسەر ئەوە وەرگرت (خەڵاتەکە ساڵێک بوو دامەزرابوو) . زۆر شانۆی لەسەر شۆڕشی فەرەنسا نووسین . رۆلا زۆر دژی شەڕ بوو، دژی شەڕی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیش و هەر کام لەو دووانە ئەویان سەر بە لایەنەکەی دی دادەنا!. ساڵی ١٩١٣خەڵاتی ئاکادیمیی فەرەنسی ی وەرگرت . ساڵی١٩١٥ خەڵاتی" نۆبل"ی بۆ ئەدەبیات وەرگرت و، پارەی خەڵاتەکەی بە"خاچی سوور" بەخشی . لە سویسرا لێنین و ترۆتسکیی دیتن، ئەندامی" نێو- نەتەوایەتیی سێیەم" بوو و، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی لە شۆڕشی بۆڵشەفی کرد Salut à la révolution russe سڵاو لە شۆڕشی رووسی (١٩١٧) و، لە سەردەمی ستالینیشدا چووە مۆسکۆ و، نێوانی لەگەڵ گۆرکیدا هەبوو . هەرچەندە لایەنگری ئاشتی و دژی توندوتیژی بوو، بەڵام لەبەرانبەرخەتەری ئەڵمانیای نازیدا نەیدەویست ئاشکرا توندوتیژی لە سۆڤیەت مەحکووم بکا، هەرچەندە لە شانۆیەکیدا بە ناوی " رۆبسپێر" توندوتیژیی شۆڕشگێرانی مەحکووم کردووە . لە سویسرا جارێک" گاندی"ی دیت و، ژیننامەی گاندیی نووسی و، مەیلی بۆ دنیای رووحیی هیندوویی دەردەبڕی .

## مارسێل ئێمێ Marcel Aymé (١٩٠٢-١٩٦٧)

مارسێل ئێمێ، نووسەری ١٧ڕۆمان، زۆر چیرۆکی کورت، زۆر شانۆ، شیعر و گۆرانی و، پتر لە سەد گوتار، وەرگێرانیشی هەبوو . ساڵی ١٩٢٩ خەڵاتی " ڕونۆدۆ Renaudot ی ئەدەبیی بۆ ڕۆمانێکی ئەو ساڵەی وەرگرت، بە ڕۆمانێکی ساڵی ١٩٣٣ی ( مایینی سەوز) زۆر سەرنجی کریتیکی ڕاکێشا و، ئیتر بە ڕێکوپێکی بۆ سینەما و شانۆشی دەنووسی . لە شەڕی جیهانیی دووەم یشدا درێژەی بە کاری خۆی دا و، وا دەبوو لەگەڵ کۆمونیستێکی دنیای سینەمادا کاری دەکرد و، لە هەمان کاتیشدا نووسینی خۆی لە ڕۆژنامەکانی حکومەتی سەر بە ئەڵمانیای داگیرکەری وڵاتدا بڵاو دەکردەوە، وەک بڵێیت من هەقم بەسەر سیاسەتەوە نیە . لە دوای شەڕیش یەخەی نەگیرا، ناوی لە سەر هیچ لیستێکی ڕەشی خیانەت نەبوو و هەر خۆشەویست مایەوە .
بەرهەمی، بۆ بێتاقەتی هەتا بڵێیت خۆشە، پەیامێکی نیە، بەڵام بەوە کە تێر گاڵتە بە دنیا دەکات و، هەست بە شێتخانەی ژیان دەکات، ئەوەی هەست بە چەوسانەوە و ڕەنج و داماوی بە دەست دنیای سەیرەوە بکات، خۆی دە نووسینی مارسێل ئێمێدا دەبینێتەوە . بە فەرەنسییەکی زۆر دەوڵەمەند و جوانی وەها دەنووسێت کە شێواز و شەخسیەتی تایبەتی خۆی تێدا بە ڕوونی دیارە . بە نموونەی کاری، ساڵی ١٩٤١ئەم چیرۆکە کورتەی بڵاوکردەوە :

### بە دیواردا چوو Le Passe-muraille

وەها دەستپێدەکات :

لە نهۆمیسێیەمیخانووی ژمارە٧٥یدووەمی شەقامی ئۆرشا d'Orchampt لە مۆنتمارتر (پاریس)، پیاوێکی زۆر چاک هەبوو، ناوی"دوتیۆل Dutilleul" ئەفەندی بوو، تواناییەکی بێوێنەی ئەوەی هەبوو کە دەیتوانی بە دیواردا بڕوات . چاویلکەیەکی زەرڕەبینی دە چاودا و ریشێکی بزنانەی ڕەشی هەبوو، کارمەندی پلەی سێیەم بوو لە وەزارەتی تۆماری دارایی Enregistriment(سەردەمێک هەبوو، ئێستا وا نەماوە)، زستان بە ئۆتوبوس دەچووە سەر کار و لە وەرزی خۆشیشدا بە شەپقەیەکی ڕەشی خڕ بەسەرەوە ڕێگەکەی بە پێ دەبڕی . تەمەنی وا دەچوو ببێت بە ٤٣ ساڵ کە بەو توانایەی زانی (...)

کە چووە لای بژیشک، بژیشک گوتی ئەوە"ڕەقبوونی مارپێچیی دیواریخنکێنیی بەدەنیتیرۆئید"ە!

( له خۆیەوە دروستی کردوون و فەرەنسی بۆ گاڵتە لەبەریانکردووە و دەیڵێن! ئەوجا دەرمانێکی بۆ دەنووسێت کە ناوی ئەویش لەوەی نەخۆشییەکەی سەیرترە) .

ساڵێک دواتر، کارمەندی سەرووی دەگۆڕدرێت؛ کارمەندی نوێ، مسیو لێکویێ، ڕەزا قورس و بەدئەخلاقێک دەبێت کە ژیان لە دوتیۆل ئەفەندی دەکاتە ژەهری مار، ئیدی دوتیۆل ئەفەندی بڕیار دەدات شێتی بکات : هەر تەنیا سەری لە دیوارەکەوە بۆ دەردەهێنێت و بە دەنگێکی سامناکی وەک لە گۆڕەوە بێت پێی‌دەڵێت : مسیو، تۆ چەقۆکێشیت، خوێنتاڵیت و هێندێکیش گورگ!

هەر جارە مسیو لێکۆیێ - کە تەبیعی بەوە زەندەقی دەچێت - دەچێتە ژووری دوتیۆل ئەفەندی، دەبینێت ئارام دانیشتووە و کاری خۆی دەکات، ئیدی دەچێتەوە شوێنی خۆی، ئەو ڕۆژە ٢٣ جار ئەوەی بەسەر دێت، ڕۆژانی تریش هەر وەتر . ئەوجا دوتیۆل ئەفەندی قەوانەکەی دەگۆڕێت، هەر جارە سەری لێ دەردێنێت و پێی‌دەڵێت :

- گاروو گاروو ئە پوال دو لوو ( پێکەنینێکی دێو و درنج) -

ئیل ڕۆد ئە فریسۆ توو لێ ئیبوو! ( هەمان پێکەنینی سامناک) ...

کە قسەی قۆڕە و هیچ مانایەکی نیە، بەڵام فەرەنسییەکەی بە ئاوازی گۆرانییە : گاروو گاروو هێندێک لە گورگ، بە لەرز ملۆمۆدەکات بۆ ڕازاندنەوەی کوندەبوو! (گاروو لە ئەفسانەی ئەوروپا-ییدا : مرۆڤێک کە شەوانە دەبێت بە گورگ و مرۆڤی تر و حەیوانان دەخوات) .

بەوجۆرە ئامبولانس لە دواییدا فریادەکەوێت و مسیوی بەدبەخت دەباتە شێتخانە! ئەوجا دوتیۆل ئەفەندی دەکەوێتە سەر بڕینی بانک و دووکانی گەواهیرات و ئەو شتانە و کە دەڕوات، بە تەباشیر-ێکی سوور ناوی خۆی لە شوێنەکە دەنووسێت : گاروو گاروو!

ڕۆژنامە دەینووسن، هاوکاران دەیخوێننەوە و دەڵێن دەبێت ئەو گاروو گارووە کێ بێت ؟ ئیدی دوتیۆل ئەفەندی خۆی پێ ناگیرێت، دەڵێت : ئەوە منم . هاهاها پێی‌پێدەکەن، دوتیۆل ئەفەندی بەوە زۆر تووڕە دەبێت و، دەبێت بۆیان بسەلمێنێت کە ئەوە . ئیدی خۆی تووش دەکات و پۆلیس دەیبەن . بەڵام بە چی دەچێت ؟ بە دیواردا دەردەچێت . بیر دەکاتەوە بچێتە وڵاتی میسر و سەرێک لە ئەهراماتی بدات! بەلام خانمێکی کەژ سەرنجی ڕادەکێشێت . مێردی خانم شەوانە لە ماڵ نابێت و،

گاروو گاروو شـەوێک دەچێتە لای و لەگەڵیدا بە سەر دەبات . ڕۆژی دوای ئەوە، هـەست بە سەر-ێشـەیـەک دەکات، بـەیانییەکە حـەبێک و ئێوارەش حـەبێکی تری ئاسپیرین دەخوات و، شـەو دەچێتە لای خانمەکەی و کاتێک بەری بەیان دەیەوێت بە دیواردا بڕوات، دیوارەکە وەک جۆرێک بنێشـت هـەست پێدەکات کە تا دێت وشـکتر و رەقتـر دەبێت و، ئیدی تێدەگیرێت، ئـەوجا بە بیریدا دێت کە دەرمانی بژیشکەکەی خواردبێت، تـۆمەز بە هەڵە وایزانیوە ئاسپیرینە! ئیدی تەواو . مسیو دوتیۆل لەوساوە لەو دیوارەدایە و، کە با هەڵیدەکات، دەنگی شین و رۆڕۆی دەهێنێت و" ژێن پۆل"ی تابلۆ-کێشیش گیتارەکەی دەهێنێت و بە گۆرانی دڵی بەدبەختی دە دیوارگیراو دەداتەوە!

مارسێل ئێمێ، سـاڵی ١٩٤١ ئـەوەی نـووسی و بـڵاوکردەوە، سـاڵی دوای ئـەوە نـاوەکـەی کـرد بە " گاروو گاروو"، بەڵام لەدواییدا گەڕایەوە سەر ناوەکەی پێشووی .



" مۆنتمارتر" بەرزاییەکی کەناری پاریسە، سیاحەتگەران ڕوویتێدەکەن،هونەرمەندانی لێن و لە دیـواری خـانوویە-کیشدا لەوێ ئەم پەیکەرەی"مسیو دوتیۆل" دروستکراوە .

## ئانری شارییر Henri Charrière (١٩٠٦-١٩٧٣)

جینایەتکار و نووسەرێک کە بە کتێبی" پاپیۆن"(١٩٦٩)ی زۆر لە دنیادا بەناوبانگ بوو، بەتایبەتی کە کتێبەکەی ساڵی ١٩٧٣ کرا بە فیلم . پاپیۆن بە فەرەنسی واتە پەپوولە . لە فەرەنسا کە تێکەڵ بە دنیای جینایەتکارانی پاریس ببوو، رەسمی پەپوولەیەکی لەسەر سەرووی سنگی بە کوتان هەبوو و بەوە هەر پێیان‌دەگوت " پاپیۆن"، هێندێک جاریش بۆ جیاکردنەوەی لە کەسێکیتری بە هەمان ناو پێیان‌دەگوت : " پاپیۆن پووس- کووپێ" ( پەپوولەی قامکی گەورە بڕدراو)، چونکە بۆ خۆرزگار- کردن لە سەربازییەکەی کە دوو ساڵێک بوو لە هێزیدەریاییدا ببوو، قامکی گەورەی دەستی چەپی خۆی شکاندبوو.

ساڵی ١٩٣١ بە کوشتنی گەوادێک لە پاریس تاوانبار کرا و، حوکمی زیندانیی ئەبەد درا و ناردرا بۆ زیندانێک لە ئەمریکای باشوور . زۆر جار هەوڵی راکردنی لە زیندان دا تا لە دواییدا توانی بگاتە ڤێنزوێلا و ببێت بە ڤێنزوێلی . ساڵی ١٩٧٠ بەخشینی لە فەرەنسا بۆ دەرچوو .



ئانری شارییر

ئەو خۆی تا سەر نکوڵی لەوە کرد کەسی کوشتبێت . ئەوەی لەو کتێبەیدا نووسیوە، بە قسەی خۆی زۆربەی گێرانەوەی حەقیقەتی چیرۆکی ژیانی خۆیەتی، بەڵام لێکۆڵینەوە پیشانی داوە کە زۆری

قسـەکانی لە زیندانییانی تـر بیستووە و کردوونی بە هی خـۆی، تـەنانەت ناوی لە لیستی زیندانییانی " دوڕگـەی شـەیتان"یشـدا نـەبووە، دەبێت لە شـوێنی تـر زیندانی بـووبێت، لەکاتێکدا کە ئـەو دەڵێت لەوێ زیندانی بووە .

کتێبەکەی بە ملیۆنان دانەی بە زۆر زمانان لێ فرۆشراوە . لەدواییدا کە لە ئیسپانیا دەژیا، ریستۆرا-نێکی هەبوو، ساڵی ١٩٧٣ بە شێرپەنجەی قوڕگ لە پایتەختی ئیسپانیا مرد .

ساڵی ٢٠١٧ یش فیلمێکی تر لە کتێبەکەی دروستکرا .



لە فیلمی ٢٠١٧ی پاپیۆن



لە فیلمی ١٩٧٣ی پاپیۆن

ئـەدەبیاتی فـەرەنسی لەو ماوەیەدا هـەم لە ژێر تەئسیری ئەدەبیاتی زۆر وڵاتان بوو و هـەم تەئسیری دەکردە ئەو ئـەدەبیاتە . نـاودارانێکی ئـەوروپایی و ئەمریکایی ئەدەبیات ماوەیەک لە پاریس بوون و تەنانەت هێندێکیان بەرهەمیان بە زمانی " فەرەنسی" یش‌هەبوون .

ئەوەی مالارمێ و بۆدلێر و چالاکانێکی تری پارناسی بە ناوی " هونەر بۆ هونەر" و" سیمبولیزم" دایانهێنابوو، ئێستا تا دەهات خەستتر دەبۆوە و نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانێکی‌ئەوروپایی ساڵی١٩١٦ لە سویسرا کۆدەبوونەوە و" دادایزم"یان رادەگەیاند، لە هەمان کاتدا کە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەریی هاوتەریب لەگەڵ ئەواندا لە نیویۆرک ( گالەری ١٢٩) بە هـەمان جـۆر چـالاک بوون ( من ئەوانەم بە وردی و دوور و درێژی بە هەژدە لاپەڕەیەک لەم کتێبەمدا باس‌کردووە : " لار و لەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە و چەند باسێکی تر- ٢٠١٦)

## گیوم ئاپۆلینێر **Guillaume Apollinaire** (١٨٨٠-١٩١٨)

ئاپۆلینێری فەرەنسی(لە ناوێکی دوورودرێژ، بە ئەسڵ پۆڵەندی و بێلارووس)، شاعیر و نووسەری چیرۆکی کورت و شانۆ و کریتیک بوو . داهێنانی زاراوەی" کوبیزم Cubism" و خەستکردنەوە بۆ" ئۆرفیزم Orphism"( تەواو ئابستراکت) دەدرێنە پاڵ ئەو . دیوانێکی شیعری Alcools ساڵی ١٩١٣ بڵاوکردەوە . بـەرهەمێکی ئاپۆلینێر بە ناوی " مەمەکانی تیرێسیاس"، بە دەرهێنانی " پییێر ئالبێر- بیرۆ" و بە دیکۆرەکانی پیکاسۆ، ٢٤ی٦ی١٩١٧ لە شـانۆیەکی پـاریس پێشکەش کرا : ژنێک لە زەنجبار لە ژنێتیی‌خۆی وەڕەز دەبێت، مەمکەکانی بەردەدات،دەبن بە پزدان و هەڵدەفڕن، ئیتر دەبێت بە پیاو . مێردەکەی بەوە ئەوەندە دەپەشۆکێت بە یەک زگ ٤٠٠٤٩(چل‌هەزاروچل‌ونۆ) منداڵی دەبـن! ( بڕوانە " لار و لەنجەت...") . لە کـۆتاییدا ئـاپۆلینێر گـوتی : ئـەمـە " سـورریالیزم Surrealisme"ـە، سـەرووی واقیـع ( سـور= سـەر، ریئالیـزم = واقیـع، واقیـعییەت) . ئیتـر ئـەو زاراوەیە شوێنی خۆی گرت (جێی دادایزمەکەشی گرتەوە) . دوای ئـاپـۆلینێر، **ئاندرێ- بێرتۆ** ساڵی ١٩٢٤" مانیفێستی سورریالیزم"ی راگەیاند (بڕوانە هەمان سەرچاوە : " لار و لەنجەت ...") .

## ژان کۆکتۆ Jean Cocteau (١٨٨٩-١٩٦٣)

شاعیر و کریتیک و نووسەر و فیلمساز و سەماساز و زۆر شت بە رووحی شیعری سوریالی . تـەئسیری زۆری بە سەر چـەندین هـونـەرمەنددا هـەبووە، لەگەڵ پیکاسۆدا کاریان پێکەوە هەبووە . رۆمانی" منداڵانـی زۆر خراپ/ ترسناک Les Enfants terribles"(١٩٢٩) و شانۆی " دایک و بابی زۆر خراپ/ ترسناک Les Parents terribles"(١٩٤٦) کە هەر کۆکتۆ خۆی ساڵی ١٩٤٨ کردوویە بە فیلمی سینەما، لە بەرهەمە سەرکەوتوو و بەناوبانگەکانین .
کۆکتۆ سەردەمێک کەوتە سەر کێشانی ئەفیوون و، نەیدەشاردەوە کە دووجنسگەرا بوو .

نموونەی شیعری :

دەمی گۆڕی شێران
زەردەخەنەی پێچاوپێچی تیمساحان
لە نیزیک ئاوی
رووباری بە ملیۆنان
دوڕگەی ئاڵات

چەندە قۆزە کوڕی
شاژنی بێوەژن
و هی دەریاوان
...



ژان کۆکتۆ ١٩٣٧

## ئاندرێ ژید André Paul Guillaume Gide (١٨٦٩-١٩٥١)

ئاندرێ ژید، نووسەری رۆمان و شانۆ و گوتار . دانەری پتر لە پەنجا کتێب . ساڵی ١٩٤٧ خەڵاتی " نۆبل"ی بۆ ئەدەبیات وەرگرت . ژیانی خێزانیی شێواو بوو، لەماڵێکی پرۆتیستانتی وشک، کچی مامی خۆی هێنا بەڵام بە بێ نێوانی جنسی، کچێکی لە خانمێکی هونەرمەندی بەلجیکی بوو، کە خانمەکە مێردی هەبوو ومێردەکەشی هونەرمەند بوو(فان رەیسلبێرخە). ئاندرێ ژید ساڵی١٨٩٣ و ١٨٩٤یش چووە ئافریقا و تێگەیشت کە مەیلی جنسیی بۆ" کوڕ" بوو( لەتەمەنی ٤٧ ساڵیدا نێوانی عیشقی جنسیی لەگەڵ کوڕێکی پازدەساڵانەدا دەستپێکرد). لەگەڵ ئۆسکار وایلددا گەشتی ئافریقا-یان کردووە و، هەست و بیرکرنەوەیان زۆر لێک نیزیک بوون. یەکەم نووسینی ساڵی١٨٩١ بوو . سەرەتا لە ژێر تەئسیری" رەمزی "یەکان بوو و، رووی لە ئاسۆی شتی نوێ بوو : دادایزم و سوریالیزم و ئەو شتانە، ئەوە لە رۆمانی " Les Faux-monnayeurs ئەوانەی پارەی قەڵب دروستدەکەن"(١٩٢٥) یدا بە روونی لەبەرچاوە . ئاندرێ ژید هومانیست و چەپ بوو و، بۆ ئەوە دەعوەتی مۆسکۆ کرا (ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ شاعیر و نووسەری هۆڵەندی "یێف لاست"دا چوو) و، کە هاتەوە کتێبێکی نووسی : " گەرانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت "( جلال آل أحمد وەریگێڕاوەتە سەر فارسی : بازگشت از شوروی)، سۆڤیەت و چەپەکان بە دڵیان نەبوو و، جەوانانی کۆمونیستی فەرە-نسی لەسەر ئەوە زۆر جنێوی بازاڕییان بۆ نووسی، لە کاتێکدا کە هیچ هێرشێکی بۆ سەر سۆڤیەت تێدا نەبوو، بەڵام هەر ئەوە دەگێڕێتەوە کە بە چاویخۆی دیتوویە و، دەڵێت کە ئەوەی پێش چوونە-کەی بۆ سۆڤیەت لە بارەی سۆڤیەت لە سەریدا بوو و ئەوەی لەوێ دیتی وەکو یەک نەبوون .
(" لا سیمفۆنیی پاستۆرال"ـەکەی، یەکەم کتێبی فەرەنسی بوو کە لە من ژیانمدا خوێندمەوە) .



ئاندرێ ژید -١٩٢٠

# مالرۆ Georges André Malraux (١٩٠١-١٩٧٦)

مالرۆ، سیاسەتمەدار و نووسەر، لە زانکۆ وەرنەگیرا، بەڵام ئەو خۆی خەریکی پێگەیاندنی خوێندەواریی‌خۆی بوو و، لە تەمەنی بیست ساڵییەوە نێوانی لەگەڵ کەسانی ناوداری دنیای‌ئەدەبیاتدا هەبوو و نووسینیشی لە بارەی رەوتی نوێی کوبیزم و سوریالیزم و چیرۆکی لەسەر ئەو رێبازە دەنووسی . کاتێک " نیتچە "ی خوێندەوە، زۆر کەوتە ژێر تەئسیری و، لە سوریالیزم دوورکەوتەوە و، بە خوێندنەوەی " لۆرانس"ی عارەبستان، زۆر کەوتە ژێر تەئسیری ئەویشەوە . ویستی وەکو لۆرانس بکات . " لۆرانس " سەرەتا بە دووی شوێنەواری کۆنەوە چووبووە مەڵبەندی حەڵەب، مالرۆش بە لاساکردنەوەی ئەو، ساڵی ١٩٢٣ خۆی و ژنەکەی و دۆستێکیان چوونە شوێنێکی گەڕان لە کۆنەواران لە کامبۆجیا ( ژێردەستی فەرەنسا ) . کاتێک مالروا گەڕایەوە فەرەنسا، گیرا و ١٩٢٣-١٩٢٤ بە تاوانی دزیی شوێنەواری کۆن لە زینداندا بوو و، لە ئەزموونی ئەو زیندانەیەوە رۆمانی " رێگای پادشایی La Voie Royale"ی نووسی .

مالرۆ، لە کامبۆجیا رۆژنامەیەکی دەرکرد، دوای ئەوە بوو بە لایەنگری سەربەخۆیی ڤێتنام و، نێوانی لەگەڵ کۆمونیستەکانی چیندا پەیدا کرد و بە خەباتکارێکی چەپ ناسرا . لە شەڕی ئەهلیی ئیسپانیادا لە ریزی چەپەکان(بەرەی کۆمارییەکان)دا بوو و، لە شەڕی مقاوەمەتی فەرەنسی ی دژی نازییەکانیشدا بەشدار بوو .

چەند جار وەزیر بووە و چەندین میداڵی وەرگرتوون . ئەو و سارتر بە دوو گرنگترین نووسەرانی چەپی فەرەنسای سەدەی‌خۆیان دادەنرێن . دوا کتێبی، ساڵی دوای مەرگی چاپ کرا : L’Homme précaire et la littérature مرۆڤی ناپایەدار( لەرزۆک) و ئەدەبیات - ١٩٧٧ .

## سێلین Louis-Ferdinand Céline (١٨٩٤-١٩٦١)

## (Louis Ferdinand Auguste Destouches)

سێلین، بـژیشک و نـووسـەری رۆمان بوو . لە ١٩٣٧ ـەوە داوای یـەکێتیی سـەربازیی فـەرەنسای لەگەڵ ئەڵمانیای نـازیدا دەکرد تاکو پێکەوە جـووەکان لەناوبەرن! . کە ئـەڵمانیش فەرەنسایان گرت و تا پیادەبوونی کۆتایی هاوپەیمانانیش لە نـۆرماندی (١٩٤٤)، ئەو هەر هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی . دوای شـەڕ توانی رابکات ( " **شارل مۆراس**"ی شـاعیر و نووسـەری هاوکاری نـازییەکان گیرا و حـوکمـی زینـدانی ئـەبـەد درا) . سـێلیـن ماوەیـەک لە دانیـمارک بوو . فـەرەنسی ساڵی ١٩٥١ بـە " هـاوکاریی داگیـرکەر"یان مـەحکووم کرد، بـەڵام دوایی بـەخشینی بۆ دەرچوو و گـەڕایەوە و، لە فەرەنسا خەریکی هەم کاری بژیشکیی خۆی و هەم نووسینیش بوو، دوو رۆمانی تری بڵاوکردنەوە و سێیەمیشی هـەشـت سـاڵ دوای ژیانی خۆی (١٩٦٩) بـڵاوکرایەوە کە راکـردنی خـۆی و هـەڤاڵە نازییەکانی بە ئەڵمانیادا بۆ دانیمارک تێدا باسکردووە .

سێلین بە نووسینی رۆمانی " گەشت بۆ کـۆتایی شەو Voyage au bout de la nuit"ی (١٩٣٢) زۆر بەناوبانگ بوو، کە خەڵاتی ئەدەبیی رینۆدۆ Prix Renaudot ی پێ وەرگرت (خەڵاتی کە لە ١٩٢٦ـەوە دامەزرابوو) .

سێلین، لەو گەشـتەدا، کە زۆری بـاسی ئـەزموونی ژیـانی خـۆیـەتی، بە ناوی" فێردیناند باردامۆ"، بەدبینیی بە رەوشتی سەرلێشێواویی مرۆڤ، لە دنیایەکی نـامەنتیقیی پڕ لە زۆر شێوە چەوسانەوەدا، دڕنـدەیی رژێمی سـەرمایەداری و ئیسـتیعمار ... هەموو ئـەو خـەمانەی بیرکـردنەوەی مرۆڤ بە زمانی کرێکاران دەردەبڕێت و، بە شێوەیەک دایـدەڕێژێت( فەسڵی بە بێ ژمارە، زۆر نوختە نوختە ... ی کە دەبێت خوێنەر خۆی پڕی بکاتەوە و... ئیدی)، بەرهەمێکی زۆر نوێی بە زمانی فەرەنسی پێشکەش کرد، شتێکی کە هونەرمەندانی سوریالی هەوڵیان بۆ دەدا و جێمس جۆیز دە ساڵ پێشتر بە "یولیسیس"ی بە زمانیئینگلیسی پێشکەشیکردبوو . سارتر زۆر لە ژێر تەئسیری ئەو کتێبەدا بوو . سیمۆن دو بۆڤوار دەڵێت : ئێمە هێندە شـەیدای ئـەو نـووسینەی بووین، منیش یەکێک بووم لەوانەی کە هێندێک شتمان لەو کتێبە هەر لەبەرکردبوو! .

سەدەی بیستەم، لە پاڵ باسی " درێفوس"ی ئەفسەری جووی غەدر لێکراو (ی کۆتایی سەدەیپێشتر) و سوریالیزم، باسێکی تری زۆر هەراوی کردەوە، " وجوودییەت"، بە فەرەنسییەکەی : ئێکزیستانسیالیزم Existentialisme . " وجوودییەت " قۆناغێکی تری فەلسەفەی Kierkegaard ی دانیمارکی و "فێنۆمێنۆلۆجی"ی "هوسەرل" و"هایدئێگەر"ی ئەڵمان بوو و، بە زۆر شێوە لە زۆر رووی ژیانی پاریسدا، ساڵانێک، زۆر لەبەرچاو بوو . ژان پۆل سارتر و سیمۆن دو بوڤوار، دوو ئەستێرەی گەشی وەکو ئەستێرەکانی فیلمی سینەما و - لەم سەردەمەی ئێستادا- یاریکەرە ناودارەکانی تۆپی پێ دەدرەو- شانەوە؛ دەتدیتن لە گەڕەکیلاتینی پاریس بە ئەو هەمووە مریدانە بە دەورەوە لە گەرمەی باسدا بوون، ویزەیان دەهات، لە زۆر شوێنی تریش ئیتر مۆدە بوو، باس هەر باسی دوو شت بوو : سوریالیزم و وجوودییەت . جەوانی کە دەچووە کتێبفرۆشی، زۆرتر وابوو کە داوای کتێبی ئەو دوو باسەی دەکرد .

# ژان- پۆل سارتر (١٩٠٥-١٩٨٠)

# Jean-Paul Charles Aymard Sartre

سارتر، فەیلەسووف و سیاسی و نووسەری ڕۆمان و شانۆ و کریتیک، تەمەنی دوو ساڵ بوو کە باوکی مرد؛ کە بوو بە دوازدە ساڵ، دایکی مێردی کردەوە . لە خوێندگە منداڵی بێحەیا بە هۆی ئەوەشەوە کە چاوێکی خێل و قیچ بوو ناڕەحەتیان دەکرد . لە خوێندن زۆر سەرکەوتوو بوو و، هەڤاڵەتیی لەگەڵ کەسانێکدا پەیدا کرد کە دوایی بە نووسەر و فەیلەسووف دەناسرێن . لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا سیمۆن دو بۆڤوار خانمی ناسی و بوون بە هەڤاڵ، هەرچەندە هەر کامیان نێوانی عیشقیی تریشی هەبوون، بەڵام هەرهاوسەر مانەوە . ساڵانێک مامۆستای خوێندگەی ناوەندی بوو . لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا، کتێبی " گەشت بۆ کۆتایی شەو"ی" سێلین"ی خوێندەوە و، ئەوە- وەک لە باسی " سێلین "دا باسکرا - زۆر تەئسیری تێکرد .



ژان- پۆل سارتر

لە ١٩٣٠یەکاندا، وەکو زۆرانی تر، زۆر لە ژێر تەئسیری بیری" فینۆمێنۆلۆجی"دا بوو("فینۆمێنۆ- لۆجیی رووح"ی هیگل و نووسینی ئەڵمانەکانی تر) . ساڵی ١٩٣٩ بوو بە سەرباز، ئەڵمان گرتیان و نۆ مانگ زیندانییان بوو . لەو زیندانە، کتێبی" بوون و کات"ی هایدئێگەری خوێندەوە . بە هۆی

کێشەی لەش‌ساغییەوە لە زیندان بەردرا و، بۆوە بە مامۆستای خوێندگەی ناوەندی .
مانگی پێنجی ١٩٤١ لەگەڵ سیمۆن دو بۆڤوار و چەند فەیلەسووف و رۆشنبیرێکی تردا رێکخراو-ێکی‌نهێنییان بە ناوی"سۆسیالیزم و ئازادی" دامەزراند . سارتر لەو رێکخراوەدا پێشنیاری کوشتنی خائینێکی کرد، بۆ ئەوە لەگەڵ سیمۆن دو بۆڤواردا چوونە لای ئاندرێ مالرۆ و ئاندرێ ژید، بەڵام هاوکارییان نەکردن، ئیتر دوای ئەوە رێکخراوەکەش هەڵوەشا و، سارتر بڕیاری دا هەر تەنیا خەریکی نووسین بێت . لە رۆژنامەی نهێنیی " کۆمبا Combat "( شەڕ، رووبەڕووبوونەوە)دا دەینووسی (کە ئالبێرت کامو لە دیسامبری١٩٤١دایمەزراند و دوای ئەوەش تا ١٩٧٤هەر هەبوو) .
سارتر بۆ هەڵوێستی فکری سیاسی، حیزبی نەبوو، بەڵام نیزیکی مارکسیستەکان بوو و، کاتێک شەڕی کۆریا دەستی پێ‌کرد (١٩٥٢) لایەنگری سۆڤیەت بوو، لەکاتێکدا کە فەرەنسا هاوپەیمانی ئەمریکا بوو . ساڵی ١٩٥٤ گەشتێکی سۆڤیەتی کرد و کە هاتەوە زۆری بە سۆڤیەت هەڵگوت .
تا ١٩٥٦یش زۆر لایەنگری کۆمونیستان بوو و تا دەهات لە وجوودییەتەکەیەوە بەرەو " خەباتی کۆمەڵایەتی"ی مارکسیستەکان دەخزی و، لەوەدا شەڕە نووسینی زۆری هەبوو . ساڵی١٩٥٦ کە لەشکری سۆڤیەت دەستی بەسەر هەنگاریادا گرت، سارتر دژی ئەو داگیرکردنە بوو، مەحکوومی کرد و لە کۆمونیستان تەکییەوە . دوو ساڵ بوو کە شەڕی سەربەخۆیی ئەلجەزائیر دەستی‌پێکردبوو کە ژێردەست هێشتنەوەی ئەلجەزائیری مەحکووم کرد . کاربەدەستان ویستیان لەسەر ئەوە بیگرن، بەڵام جەنەراڵ دوگۆل گوتی : ناکرێت ڤۆلتێرێک بگرێت .
ساڵی ١٩٦٠ باسێکی لە بارەی دۆزینەوەیەکی نێوانی مارکسیزم و وجوودییەت نووسی، باسێکی " ئانتی- ئانتی کۆمونیزم" . ساڵی ١٩٦١ پێشەکیی بۆ کتێبی " نەفرەت لێکراوەکانی زەوی"ی ئەو ساڵەی" فرانتز فانۆ Fanon نووسی ( نووسەر و فەیلەسووفی پێستڕەشی مارتینیکی فەرەنسی ١٩٢٥-١٩٦١) کە کتێبێکی زۆر بەناوبانگی ئەو سەردەمەی باسی" پۆست کۆلۆنیالیزم" بوو .
ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ بێرتراند روسلدا سەرۆکایەتیی دادگایەکی مەحکوومکردنی شەڕی ڤێتنام کرد .
گوتی کە هۆی ئیرهابی " سێپتامبری رەش" ی فەلەستینی لە " مونیخ" تێدەگات، ئیسرائیل جگە لە هەوڵی ئیرهاب هیچی بۆ نەهێشتوونەتەوە؛ لە هەمان کاتدا کە لایەنگری مانەوەی ئیسرائیلیش بوو،

لەگەڵ سیمۆن دو بۆڤواردا سەردانی میسر( و دیداری عبدالناصر ) و ئیسرائیلیشی کرد . لە سەر داوای " ماینهۆف"ی ئیرهابیی ئەڵمانیش، چوو" بادەر"ی هەڤاڵی ( کە مانی لە خواردن گرتبوو) لە زیندان دیت . دوا ساڵانی، هێندێک کاری رۆژنامەنووسیی کرد .

وجوودییەت، تیۆری یا رێبازی فەلسەفی کە " تاکی مرۆڤ تێدا بە وجوودێکی ئازاد و بەرپرسیار دەبینێت کە بە ویستی خۆی پەرەسەندنی خۆی بڕیار بدات"، لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا زۆر باوی هەبوو و، هێندێک لەوانەش کە بە ناودارانی ئەو رێبازە دادەنران، ناوی " وجوودی"یان بۆ خۆیان قەبووڵ نەبوو، ناوەکە داهێنانی سارتر خۆی بوو و، هەر ئەویش بە باوکی فەلسەفەی وجوودی دەناسرا . ساڵی١٩٦٤ خەڵاتی " نۆبل"ی دراییێ، بەڵام قەبووڵی نەکرد . ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کرد، دەوری پەنجا هەزار کەس لە ناشتنیدا بەشدار بوون .

لە گرنگترین نووسینەکانی :

دڵتێکهەڵهاتن - La Nausée ١٩٣٨(رۆمان)؛

لێکۆڵینەوەی : بوون و عەدەم L'Être et le néan - ١٩٤٣؛

شانۆی : مێش( یا مێشەکان) Les Mouches - ١٩٤٣ و، دەستە پیسەکان

Les Mains Sales- ١٩٤٨؛

وشەکان Les Mots- ١٩٦٣(چیرۆکی ژیانی خۆی) .

## سیمۆن دو بۆڤوار (١٩٠٨-١٩٨٦) 

## Simone Lucie Ernestine Marie Bertrand de Beauvoir

سیمۆن دو بۆڤوار، نووسەر، فەیلەسووفی وجوودی، چالاکی سیاسی و زۆر بە تەئسیر لە دنیای " فێمینیزم"دا . چەند رۆمان و ژیننامە و بیرەوەری و زۆر گوتاری نووسیون .

پەروەردە و خوێندنی منداڵیی زۆرئاینی بوون، دوای تەواوکردنیخوێندنی لە سۆربۆن، لە خوێندنی " ئێکۆل نۆرمال سووپەریۆر"بوو بە هەڤاڵی سارتر و، ئیتر لە هەمان دنیای فەلسەفەی وجوودیدا پێکەوە زۆر چالاک بوون، گەشتیان دەکردن و دەیاننووسی . ژیانیجنسییان، دوور لەوە بوو کە بە نێوانی " بۆرژوا "یان دادەنا . بۆڤوار بە ئاشکرا ماوەیەک نێوانی لەگەڵ ئەمریکاییەک( Algren ئالگرن ناوێک)دا هەبوو . خانمێک نووسیویە کە بۆڤوار دووجنسگەرا بوو و کاتێک خوێندکاری بووم لە رووی‌جنسییەوە بەکاری‌هێناوم و، ئەوجا کە هەمان خانم نێوانی لەگەڵ سارتریشدا بووبێت .

کتێبی "سێکسی دووەم"(١٩٤٩)ی بۆڤوار بوو بە سەرەتای شەپۆلی دووەمی بزووتنەوەیفێمینیستی و تێدا رەخنە لە زۆر فەیلەسووفان و نووسەران ( بالزاک بەنموونە) دەگرێت . تێدا دەڵێت :

" تۆ بە ژن لەدایک نابیت، بەڵام دەبیت بەوە On ne naît pas femme, on le devient ".



سیمۆن دو بۆڤوار- ١٩٦٧

رۆمانی " ( ژن ) هاتووە بمێنێتەوە "(١٩٤٣) و،" ماندەریـن" (١٩٥٤)، " بیرەوەرییەکانی کچێکی جەوانی رێکوپێک"(١٩٥٨)ی نووسیون .

مەرگی سارتر زۆری شڵەژاند و"مەراسیمی خواحافیزی : ژان پۆل سـارتر"ی نـووسـی و، شـەش ساڵ دوای مەرگی سارتر، کە ئیدی زۆر شەکەت ببوو، کۆچیدوایی کرد .

بۆڤوار، چـەند خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتوون : گـۆنکوور(١٩٥٤)، ئـورشالیم (١٩٧٥) و، " خەڵاتی دەوڵەتی ئوتریش بۆ ئەدەبیاتی ئـەوروپایی"( ١٩٧٨) .



لە راستەوە : چی گیڤارا، سارتر، بوڤوار، خیمێنێث ـ ١٩٦٠ لە کووبا

## ئالبێر کامو Albert Camus (١٩١٣-١٩٦٠) 

کامو، فـەیلەسووفی فەرەنسی، نووسەری رۆمان و شانۆ و گوتاران و رۆژنامەنووس، ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی " نۆبل"ی بۆ ئـەدەبیات وەرگرت . لە ئـەلجەزائیر لەدایکبوو، سـاڵی ١٩١٤ باوکی مرد و، دایکی بە ژیانێکی هەژارانە گەورەی کرد، تا چووە زانکۆی ئەلجەزائیر . گۆڵچیی تیمی تۆپی پێی زانکۆ بوو . ١٩٣٠ تووشی سـیل بوو و، چووە ماڵی خاڵی، کە ئـانارشیستێک و فراماسـۆن بوو و، بۆ خـوێندەواریی کامو زۆر بەکەڵک بوو، لەوبەینەدا وردەکاریشی بۆ هێندێک پارە دەکردن . ساڵی ١٩٣٣ چووەوە زانـکۆ و دیپلۆمی لە فـەلسـەفە ( تێزەکەی لە بارەی فـەیلەسـووفێکی سەدەی سێیەم) وەرگرت . بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمونیستی فەرەنسا . کە حیزبیکۆمونیستی ئەلجەزائیر دامەزرا ئەو چـووە " پـارتی گەلـی ئـەلجەزائیر" و، زوو کێشـەی لەگەڵ هـەڤاڵانـدا بۆ پـەیدا بوو، بە بـوونـە " ترۆتسکیست"یان تاوانبار کرد و لە پارتەکەیان دەرکرد(١٩٣٧). شانۆیەکی دامەزراند، ماوەیەک گوتاریشی لە بارەی ژیانیهەژاران دەنووسی . ساڵی١٩٤٠ بۆ جاری دووەم ژنیهێنا و، لە رێگەی ئەوەوە کارێکیشی لە پاریس وەدەستهێنا و، بە چاوی خۆی دیتی چۆن ئەڵمان پاریسیان داگیرکرد . لە شـەڕی رزگاریی فەرەنسادا، ئـەندامی دەستەیەکی پارتیزانان بوو، دەستەی " کۆمبا Combat " ( شـەڕ، رووبەڕووبوونەوە) و رۆژنامەیەکی نهێنیشیان بە هـەمان ناو بڵاودەکردەوە .



ئالبێر کامو- ١٩٥٧

دوای شـەڕ، سـاڵی ١٩٤٧وازی لە رۆژنامەکەی " کۆمبا " هێنا، کەوتە نووسین و کردنەوەی باسی فەلسەفی لە پاریس و، گەشتێکیشی بۆ ئـەمریکا کرد کە گوتارەکانی باسی فەلسەفەی" وجوودییەت" بوون، هەرچەندە نـەیدەویست ئەو ناوەی" وجـوودی"ی پێ‌بڵێن . نێوانی لەگەڵ سـارتردا هـەبوو و، بیـری لە هێندێک شتدا جیاواز بوو و، بە تـوندی رەخنەی لە سـتالینیزم دەگرت، ئیتر کۆمونیستەکان خـۆشـیان‌نـەدەویـسـت و، سـاڵی ١٩٥٢ نێـوانی لەگەڵ سـارتریشـدا بـڕی، لە هـەمان سـاڵدا کـاری لە " یونێسکۆ"ش واز لێ‌هێنا، چونکە دەستگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئیسـپانیای فرانکۆیان بە ئـەندام قەبووڵ کرد .

کامو لایەنگری سەربەخۆیی‌ئەلجەزائیر نەبوو، ئەلجەزائیری بە بەشێک لە فەرەنسا دادەنا و، داوای ئۆتـۆنـۆمییەکی فـراوانی بۆ دەکرد . دژی حوکمی ئیعدام بوو و بۆ مافی مـرۆڤ زۆر چـالاک بـوو ( هەوڵی رزگارکردنی ئەلجەزائیرییەکانیشی لە ئیعدام لە فەرەنسا دەدا) .

لە رووداوێکی ئۆتۆمبیلدا خۆی و ئەو هەڤاڵەی کە ئۆتۆمبیلەکەی لێ دەخوڕی کوژران .

کـامو، بە فەلسەفەی Absurdisme( پووچگەرایی) ناسـراوە : ژیان یانی چی ؟ هیچ . ئەی چار ؟ هەر مـەرگ کـۆتایی بە پرسـیارەکە دەهێنێت . هێندێک بە " ئـاین " مانای بۆ دەدۆزنـەوە . رێـگەی سێیەم ئەوەیە کە بڵێین : هیچ مانایەکی نیە، پووچ و بێ مانایە بەڵام هەر دەمانەوێت بژین و، خۆمان بە شتێک سەرقاڵ دەکەین تا ئەوەندە ساڵەی ژیانی پووچی بێ مانا بەسـەربەرین . وەکو"سیسیفۆس" ی ئەفسانەی یونـان : سـزا درابوو، بـەردی هەڵدەگرت و دەیگەیاندە سەری چیا و رێک پێش کۆتـایی لێی گلۆر دەبووەوە و، دەبوو لەسەرڕا شانی بداتە بەر و بیباتەوە سەری چیا... ئیدی (چیرۆکێکی کە هایـدئێـگەر و نیتچـەش بەکاریان هێناوە) . ئا ئەمانەی دوایـین" پـووچگەرایان، بـێ‌مـانـاییسـتەکان" قارەمانن؛ یاخیبوو، دۆن جوان، هونەرمەند ... ئـەوانە دەزانن خـۆیان بە چی سـەرقاڵ بکەن . کامو " گـوتاری ئـەفسانەی سیسیفۆس"ی بە شـێوەی شـانۆش پێشکەش کرد . چەند شـانۆی تریشی هەن، لەوانە : کالیگولا . چەند رۆمان : پەتا، بێگانە، کەوتن . چیرۆکی کورتیشی هەن و زۆر گوتار .

# ژاک پریڤێر Jacques Prévert (١٩٠٠-١٩٧٧) 

ژاک پریڤێر، شاعیر و نووسەری سیناریۆ . بەتایبەتی بە سیناریۆی فیلمی " منداڵانی بەهەشت"ی ١٩٤٥ی زۆر بەناوبانگ بوو، وێرای ئەو هەمووە سیناریۆیانەی بۆ فیلمی تر و، لەوانە زۆر فیلمی کارتۆن .

ساڵانی بیستەکان، ماڵەکەی مەکۆی سوریالیستان بوو، بەڵام دوای ئەوە لێیان تەکییەوە . شانۆی بۆ پشتگیریی" بەرەی خەڵک"( سێ پارتی چەپ) و بۆ پڕۆپاگەندە بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە پاریس بەکار دەهێنا ( گرووپ ئۆکتۆبر) . ساڵی ١٩٣٣ بۆ کارێکی لە تیاترێکی مۆسکۆ خەڵاتی یەکەمی درایێ ( کە تێدا گاڵتەی بە رابەرانی دنیای‌سەرمایەداری کردبوو) .



ژاک پریڤێر

پریڤێر، کە چیتر لەگەڵ کۆمونیستانیش نەمابوو، پاسیفیست و دژی میلیتاریزم بوو و ساڵی ١٩٧١ شیعرێکی بۆ " ئانجێلا دێڤیز" خانمی کۆمونیستی گیراو نووسی .

پریڤێر، زۆر دیوانی شیعری هەن و، هێندێک لە شیعرەکانی لە کتێبی خوێندنی خوێندگەکانی فەرەنسا و وەرگێڕانیان بۆ خوێندن لە خوێندگەکانی تری دنیادا (ئەمریکا بەنموونە) هەن .

زۆر نووسینی پەخشانیشی هەن .

ئەمە شیعرێکییەتی، کە دیارە وەکو شیعرەکانی تری زۆر وەرگێردراوە، " نزار قبانی "ی شاعیری

عـارەب بە دەستـكـارييـەكی زۆر كـەمەوە وەريـگێـڕاوە و بە نـاوی خـۆی بـڵاوی كـردووەتـەوە و، خانمێكی گۆرانيبێژی عارەب بە ناوی ئەوە كە شيعرێكی " نزار قبانی "يە بە گۆرانی گوتوويە :




نانی بەيانی

قاوەی دە كووپ كرد

شيری كردە كووپی قاوەكەيەوە

شەكری كردە قاوەكەی بە شيرەوە

بە كەوچكێكی بچووك لێكیدا

قاوە شيرەكەی خواردەوە

كووپەكەی دانا بێ ئەوە سەيرم بكات

سيگارەيەكی داگيرساند

بازنەی دووکەڵی بە با کرد
سووتووەکەی کردە ژێرسیگارەکە
بێ ئەوە کە بمدوێنێت
بێ ئەوە کە سەیرم بکات
هەستا
کڵاوەکەی کردە سەری
پاڵتۆی بارانی دەبەرکرد
چونکە دەباری
بە بەر باران دەرچوو
بە بێ قسەیەک
بێ ئەوە کە سەیرم بکات
ئیدی سەرم خستە دەستمەوە
و گریام .

## فرانسواز ساگان Françoise Sagan (١٩٣٥-٢٠٠٤)

فرانسواز کوارێ Françoise Quoirez خانم، نووسەر و فیلمساز، لە ماڵێکی دەوڵەمەند، زۆر لە ژێر تـەئسیری خـوێندنەوەی رۆمانی " گەڕان بە دووی کاتی لەدەستچوو"ی مارسێل پرووسـت دا، ناوی " ساگان "ی بۆ خۆی هەڵبژارد، لە ناوی شازادەی " ساگان"ی کە دە ئەو رۆمانەدا هەیە .

کە لە تەمەنی١٧ ساڵیدا یەکەم رۆمانی دەرچوو : " رۆژباش خەمگینی"، ئێجگار زۆر سەرکەوتوو بوو و، وەرگێردرایە سەر ٢٥ زمانان، چوارساڵ دواتر فیلمی لێ ساز کرا .

نـاوی رۆمانەکە لە شیعرێکی شـاعیری فەرەنسی " گـراندێل Eugène Émile Paul Grindel " (١٨٩٥-١٩٥٢) وەرگیراوە، کە دێری یەکەمی بەمجۆرە دەستپێدەکات : " خوا حافیز خەمگینی/ رۆژبـاش خەمگینی ...Adieu tristesse/Bonjour tristesse" . چیرۆک باسی چوونی کیژێکە لەگەڵ بـاوکیدا بۆ بەسـەربردنی پشـووی هـاوین لە کـەنار دەریـا و، چۆن باوکی بە راسـت و چەپدا دەیەوێت هەموو ژنێک بکات و، چۆن دوو کچ هەوڵ دەدەن مێرد بە ئەو باوکە بێوەپیاوە دەوڵەمەندە بکەن . ئیتر ژیـانی کەسـوکاری دەوڵـەمەندی نـووسـەر لە نـووسـینەکانیدا دەبینیـن : ژیـانی خـۆش، کۆشک وسەرا، رابواردن و گەشت و ئۆتۆمبیلی گرانی خێرا و ... ئیدی



فرانسواز ساگان

ناوی ئۆتۆمبیلی گرانی جاگواری XK120 OTS و" رۆژباش"(رۆژباش ڤینیس، رۆژباش کاپری ئیدی لە گۆڤارێکدا)، کـۆکایین و باج نـەدان و کێشەی پـۆلیس و وەرگـەڕانی ئۆتۆمبیلی زۆر خێرای

و ... سەردێڕەکانی ژیانی بوون . دۆستی " فرانسوا مێتێران "یش بوو و، پارەیەکی لە شیرکەتێکی نەوت وەرگرتبوو تا وا لە مێتێران بکات سەرمایە بخاتە کاری نەوت لە ئوزبەکستان . پتر لە چل رۆمان و شانۆی نووسیون : " لە مانگێکدا لە ساڵێکدا "، " هێندێک هەتاو لە ئاوی ساردا " و ... ئیدی، بیرەوەرییەکانی خۆی و زۆر گوتاریش . چیرۆکی ژیانی کراوە بە فیلم :" ساگان"(٢٠٠٨) .

.

## سێزێر **Aimé Fernand David Césaire** (١٩١٣-٢٠٠٨) 

سێزێر، شاعیر و سیاسیی ڕەشپێستی فەرەنسیی مارتینیک(بە ئەسڵ نیجیری)، کوڕی کارمەندێک بوو، چوو لە پاریس خوێندی، ساڵی ١٩٣٥ لەوێ لەگەڵ دوو شاعیر و سیاسیی ڕەشپێستی تردا : " داماس"(ی گیانای فەرەنسی) و" سەنگۆر"( ی سێنیگالی) بزووتنەوەی" زەنگێتی Négritude" و ڕۆژنامەی " خوێندکاری ڕەش L'Étudiant noir"یان دامەزراند . سێزێر ٤٨ ساڵ نوێنەری مارتینیک بوو لە پەرلەمانی فەرەنسا، داماس سێ ساڵ نوێنەری گیانا بوو لەو پەرلەمانەدا، سەنگۆر بیست ساڵ سەرۆکێ سێنیگال بوو . گرنگترین کتێبی سێزێر، دیوانی شیعرێکە بە ناوی" دەفتەری گەڕانەوە بۆ زێدی خۆ Cahier d'un retour au pays natal" (١٩٣٩) کە : ئاندرێ بریتۆ"ی سوریالیست پێشەکیی بۆ نووسیوە و زۆری پێ هەڵگوتووە .

سێزێر، چەند شانۆشی نووسیون : و سەگەکان بێدەنگ بوون، تراژیدیی کریستۆف شا و... ئیدی . مێژوو: تووسا لووڤێرتوور(شۆڕشگێریهاییتیی کۆتایی سەدەی١٨ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەورو- پاییەکان، کە بە ناپلیۆنی ڕەش یا ئەفریقایی ناسراوە) : شۆڕشی فەرەنسی و کێشەی ئیستیعماری (١٩٦٢) . زۆر گوتار : بەندەگەری و ئیستیعمارگەری( ١٩٤٨)، باسێک لە سەر کۆلۆنیالیزم (١٩٥٠) .



سێزێر

Hełbijardeyek le

# MÊJÛY EDEBYATÎ FERENSÎ

Hełbijardinî : Şêrko Hejar

2021

